# هەگبەی دێرین

هەگبەیەکی فراوانە پڕە لە

## مەتەلی کوردەواری و پەندی پێشینان



هۆشیار نوری لەک







یەکەم چاپ
هەولێر ٢٠١٠


کتێبخانەی (PDF)
گروپێک بۆ خزمەتکردن بە خوێنەران و
خوێندکاران و کتێب دۆستان
لایک و کۆمێنت بۆ پۆستەکانمان بکەن و هاوڕێیانتان
بانگهێشت بکەن بۆ بەردەوامیمان

بسم الله الرحمن الرحيم

# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : هەگبەی دێرین

بابەت : فۆلکلۆری

ئامادەوکۆکردنی : هۆشیار نوری لەک

کۆمپیوتەر : نوسینگەی هیوا

چاپ : چاپی یەکەم/ ٢٠١٠

شوێنی بلاوکردنەوە: ((کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی))

بۆهەر راوبۆچونێك دەتوانن پەیوەندی بەنوسەرەوە بکەن بەم ژمارە مۆبایلە (٠٧٥٠٤٦٢٥١٦٩)

یابەم ئیمێلە(Hoshyar_Lak yahoo.com)

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ١٨٤ )ی سالی (٢٠١٠)ی پێدراوە.

بلاوکراوەی کتێبخانەی

حاجی قادری کۆیی

بۆ فرۆشتن و چاپکردن و بلاوکردنەوە

هەولێر – کوردستان – عراق

(٠٦٦٢٢٣٣٨٦٨ - ☎ / ٠٧٥٠٤٦٧١٢٩٤)

مافی چاپ پارێزراوە

# هەگبەی دێرین

## هەگبەیەکی فروانە پڕە لەمەتەڵی کوردەواری و پەندی پێشینان

ئامادەکردن و کۆکردنەوەی

**هۆشیار نوری لەک**

چاپی یەکەم

هەولێر ٢٠١٠

## بە ناوی خوای گەورەو بەخشندە

# پێشەکی

نەتەوەی کورد وەکوسەرتاپامیللە تانی تر، گەنجینە یەکی زۆروزەبەندی هەیە، خودان داب و نەریتێکی پاك ورەسەنەوکەبۆتە مایە یی شانازی پێکردنی گشت لایەك.

بۆزیاترناساندوزیندوراگرتنی کەلتووروکەلەپوورەکەمان پێویستە قۆلێ مەردایەتی لێ هەلکەین وبێنەمەیدانەکەوبوونی خۆمانی تێدابسەلمێنینێن وفولکلۆرە جوان وپیرۆزەکەمان بەنەوەکانی ئێستاوداهاتووئاشنابکەین.

من وەکودۆست وشەیدایەکی ئە ولایەنە بەپێویستم زانی کتێبی (هەگبەی دێرین) بخەمەبەردەست ودیدتان، کەهەگبەیەکە لە دوو بەش پێك دێت بەشی یەکەم بریتییەلە (١٦٣٥) مەتەڵ ، هەموومەتەلەکان بەوەلامەوە لە(ئەلف)ەوە تا(یا)ی تێدایەو بە پێتی (ئەبجەدی) دەست پێدەکات، بەشی دووەم پەندی پێشینانی بابو باپیرانمانە، پەندەکانیش شیکرونتەوەو ئەوانەی پەیوەستن بەژیان ودەروبەری مرۆڤی لەخۆگرتوە، بەئومێدم ببێتەجێگا یی رەزامەندیی گشت لایەك وکەلێنێك لەکتێبخانەی کوردی پربکاتەوە، هەرهیندەماوەبلێم وولات ئاوەدان وخۆشی وشادی بۆگشتان.

**هۆشیارنوری لەك**

## بەشی یەکەم

# مەتەلی کوردەواری

# بە ناوی خوای گەورەو بەخشندە

# پێشەکی

نەتەوەی کورد وەکوسەرتاپامیلله تانی تر، گەنجینە یەکی زۆروزەبەندی هەیە، خودان داب و نەریتێکی پاك ورەسەنەوکەبۆتە مایە یی شانازی پێکردنی گشت لایەك.
بۆزیاترناساندوزیندوراگرتنی کەلتوورەکەلەپوورەکەمان پێویستە قۆلێ مەردایەتی لێ هەلکەین وبێنەمەیدانەکەوبوونی خۆمانی تێدابسەلمێنین وفولکلۆرە جوان وپیرۆزەکەمان بەنەوەکانی ئێستاوداهاتووئاشنابکەین.
من وەکودۆست وشەیدایەکی ئە ولایەنە بەپێویستم زانی کتێبی (هەگبەی دێرین) بخەمەبەردەست ودیدتان، کەهەگبەیەکە لە دوو بەش پێك دێت بەشی یەکەم بریتییەلە (١٦٣٥) مەتەڵ ، هەموومەتەلەکان بەوەلامەوە لە(ئەلف)ەوە تا(یا)ی تێدایەو بە پتی (ئەبجەدی) دەست پێدەکات، بەشی دووەم پەندی پێشینانی باب و باپیرانمانە، پەندەکانیش شیکرونتەوەو ئەوانەی پەیوەستن بەژیان ودەروبەری مرۆڤی لەخۆگرتوە، بەئومێدم ببێتەجێگا یی رەزامەندیی گشت لایەك وکەلێنێك لەکتێبخانەی کوردی پربکاتەوە، هەرهیندەماوەبلێم وولات ئاوەدان وخۆشی وشادی بۆگشتان.

**هۆشیارنوری لەك**

## بەشی یەکەم

# مەتەڵی کوردەواری

# دەربارەی مەتەڵ

مەتەڵی کوردەواری... لایەنێکی گرنگی فۆلکلۆری کوردیەو پانتایەکی باشی داگیرکردووە.

مەتەڵ.. بۆ زاخاوی مێشكو کات بەسەربردن سوودێکی زۆری هەیە، کەسانی هۆشیارو ژیر جیا دەکاتەوە لەوانی تر، گەر یەکێ لەهەڵهێنانی (مەتەڵ) زیرەك بێ، ئەوە لەدوا رۆژ ئاسۆیی پڕشنگدار ی دەبێ.

هەرچەندە ئێستا سەردەمی تەکنەلۆژیاو ئامێرە پێشکەوتووەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا فۆلکلۆر لەبەردەوامی دەوڵەمەندی خۆی نەکەوتووە، بگرە زەوقو سەلیقەی خەڵك بۆ ئەولایەنە پاكو رەسەنە زیاترە لەلایەنەکانی تر، چونکە نەمری و راستی تێدایە، بەتایبەتی (مەتەڵ) لەزۆربەی رادیۆو (t.v)ەکان بەرنامەی تایبەتی بۆ دانراوە، گەر هەرنا گۆشەو بڕگەیەکی داگیر کردووە، جا بۆ ئەوەی نەوەکانی ئێستاو داهاتوومان شارەزاییەکی باشیان لە(مەتەڵ) هەبێ، من (مەتەڵ)ێکی بێ شومارم بۆ ئامادەو کۆکردونەتەوە کەبەپیتی (ئەبجەد)یش دەست پێدەکات، بەوەڵامەوە، بەئومێدم توانیبم خزمەتێکم گە یاندبێ.

## پیتی ئەلف

| ژ | مەتەڵ | وەڵام |
|---|---|---|
| ١ | ئاو دەروا ، بەرد دە ە سوریێ ؟ | ئاشی ئاوە |
| ٢ | ئە سپی تۆپیو، جۆدەخوا ؟ | ئاشی ئاوە |
| ٣ | ئاوی لەچومانە، ئەسلی لەچیایە، رسقی لەمالانە ؟ | ئاشی ئاوە |
| ٤ | ( ئەسپ )یش هەیە لە دەو زییە، ئالیك دەخوات بن بڕدەکا؟ | ئاشی ئاوە |
| ٥ | ئاوداری لەدار، داردای لەبەرد، بە ردی ووردکرد ؟ | ئاشی ئاوە |
| ٦ | ئاووخوێ دەخوا مرۆڤ نیە، دەی شێلی بەدەست ئاگایی لێ نیە ؟ | هەویرە |
| ٧ | ئەشکەوتی خورینە، تێدایە سەد پاڵەوانی زندنیە؟ | شارەمێروستان |
| ٨ | ئەشکەوتی سەد پاڵەوانان، بەقامکە پۆشەکی دەگیری؟ | شارە مێروستان |
| ٩ | ئەشکەوتێکی زۆر بچووکە، سەد پاڵەوانی تێدا دێو دەچێ؟ | شارە مێروستان |
| ١٠ | ئەشکەوتی سەد پالەوانی، بە چە پۆکی دەکیشم گیانی؟ | شارەمێروستان |
| ١١ | ئەوەچیە، ئاو هو رگی دەخورێ ؟ | گیپیە |
| ١٢ | ئەوە کێیە، ئەستێرە بەشان هەردەگرێ؟ | ئەفسەرە |
| ١٣ | ئەوەچیە، لەرانیە دەست پێدە کا، لەهەولێرکۆ تایێ دێ؟ | پیتی ر |
| ١٤ | ئەسپە ڕەشەی چە پەرخان، بەلاقان و بەجوتان، وەلام دەبا بۆ ئاسمان؟ | دووکەڵ |
| ١٥ | ئەگەر دێ گەدایە، دادەنیشی پاشایە، کەدەڕوا بێنەوایە؟ | بەفر |
| ١٦ | ئەوەچییە چییە دەستو بنی قەڵەم چییە، کەس نازانێ دەرێم چییە؟ | ژووژگ |
| ١٧ | ئەم مەتەڵە بزانیت، کە پێك هاتووە لەسێ پیت، ئاژەڵە مووکەی ڕەشە، عاشقی لا پاڵو تاشە گدەمەیکە لاساریی، بەسە واز بێنە هاری؟ | بزن |
| ١٨ | ئەوە چیە خۆی زەردە، گەرم بکرێ سپی دەبێ ؟ | گە نمەشامی |
| ١٩ | ئەولای تەختە، ئەولای تەختە، ناوەڕاستی زەرنەقوتە؟ | لانك و منداڵ |
| ٢٠ | ئەسپی شێی کەفەلپان، دەگەڕێ لەهەموو دیوان؟ | پارەیە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | ئەمری لەگەڵتایە، زیندووی لەگەڵتایە؟ | ناوە |
| ٢٢ | ئەسپێکم هە یەدووپێیە، نان نەخۆرەی لەرێیە ؟ | پاسکیل |
| ٢٣ | ئەروابەڕێوە پای نیە، هاوار دەکا زمانی نییە، فرمێسك دەرژێنی چاوی نییە؟ | هەورە |
| ٢٤ | ئەوەچییە، چییە چییە، گۆشتی خۆشەو مەئەوان چیە..؟ | ماسییە |
| ٢٥ | ئەوەچیە گۆشتی ناخورێ، پیسا یی دەخورێ ؟ | هەنگ |
| ٢٦ | ئەشکەوتێك هەیەدیواری چەرمە، سیودووەرتێدایەبێ هەراوگرمە ؟ | دەوددان |
| ٢٧ | ئە وەچیە ...دەخوریی وقوت نادریی ؟ | سوند |
| ٢٨ | ئەو تاقە دەکا، ئەو تاقە دەکا، چاو لەهەموو کەس دەکا؟ | ئاوێنەیە |
| ٢٩ | ئەولا تات، ئەولا تات، وەی بابە جیقم دەرهات؟ | ئەسپێ یە |
| ٣٠ | ئەوەی دەبڕم چاکە، ئەگەر چاك نەبێ چاکە، ئەگەر چاك بێ خرا پە؟ | ئیماندار |
| ٣١ | ئەگەر بیدەی تەسك دەبی، لێی وەرگری گەورە دەبی؟ | بیرە |
| ٣٢ | ئاردی خوساو ئەسولك ئەدیتوو؟. | بەفرە |
| ٣٣ | ئاردی بێژراو، هێلەگ ئەدیتوو؟ | بەفرە |
| ٣٤ | ئەوەی دروستی بکا بەکاری نainی، ئەوەی بەکاری بینی دروستی ناکا؟ | کفنە |
| ٣٥ | ئەوەچییە رادەکا هەنگاونانێ، دەوێ هەیە قسە ناکا، سەری هەیەو ناگرێ، جێگای خەوی هەیەناخەوێ؟ | رووبارە |
| ٣٦ | ئەگەرئازایی ئەوەچیە، دەوی هەیەددانی نیە، دەوی تیژەشت کورت دەکا، قامك لەچاوی نیێ گۆی قووت دەکا؟ | مقەس |
| ٣٧ | ئەوەچییە لەوشارە، ددان دارە وەك مشارە، هەردوو دیوی بەکارە، دەفرۆشرێ بە پارە؟ | شانە، شەیە |
| ٣٨ | ئاژەران و ماژەران، ئاشێك هەیە لەسەر دوازدە قۆتەران؟ | سال دوانزە مانگە |
| ٣٩ | ئەسپە رەشەی چل قەمتەرە، هەرقەمتەرەی یەك ئۆکەرە؟ | رەشمالە، چادر |
| ٤٠ | ئەوەچیە ..ئەوەچیە، شتی هیندەسەیرنیە، بەدوودیوکۆلەکێك تێدا، لاوەستاوەلەیەك جێدا؟ | لووت-کەپوو |

| | | |
|---|---|---|
| ٤١ | ئەوە چییە لەتەیراوە دەست پێ دەکا، لەقەرات کۆتایی دێت؟ | پیتی (ت) |
| ٤٢ | ئەوە چییە وەك پیاوی سپلە، ئەبەری هەیە، نە پشت؟ | نیسك |
| ٤٣ | ئەوەچییە چی چییە، بەدەستو پێ قامچییە، خوانەبی کەس نازانی چییە؟ | مندالْ ناوسکی دایکی |
| ٤٤ | ئەوەچییە، دۆستی خۆتە، دوژمنی خۆتە، هەرلە خۆتە؟ | زمان |
| ٤٥ | ئەوە کێیە، سەری لە پشت ئەستێرەیە؟ | سەربازە |
| ٤٦ | ئەسپەو ئەسپ نییە، دووپێی هەیەو سمی نییە، وەك ئەسپ دەڕوا گیانی نییە؟ | پاسکیلە |
| ٤٧ | ئێمە هەمانە، خودانیتی؟ | خودایە |
| ٤٨ | ئەو ولای سندوق، ئەو لای سندوق تێدایە گەورەو بچووك. | گۆڕە |
| ٤٩ | ئەوەندووکە، بەوەندووکە لە پێش میوان دەڵێی بووکە؟ | چـرایە |
| ٥٠ | ئەوەندووکە، بە دەندووکە.؟ | نـــۆکە |
| ٥١ | ئەو خواردنەی هەتا دووجار ئەکوڵێت، ناخورێت؟ | سـاوارە |
| ٥٢ | ئەو لای تانە، ئەم لای تانە تێدایە دوو پور مەرجانە؟ | چـــاوە |
| ٥٣ | ئەولای پەرژین، ئەولای پەرژین، تێیدایە کۆترێکی ئەخشین؟ | چـــاوە |
| ٥٤ | ئەستێرەی ناو مەنجەڵی، بە ڕۆژ لە دەرێ بەشەو لە غەرێ؟ | چـــاوە |
| ٥٥ | ئەستێرەی دراوشاوە، وەك ماسی ناوناوە، بەڕۆژهەڵدێت، بەشەوناوادەبێت؟ | چـــاوە |
| ٥٦ | ئەگرە مێنێ وەکو هەور فڕێ دەدات سپی چەور؟ | مەشکـــە |
| ٥٧ | ئەخزێ و ناخزێ هەڵمەت دەبا بۆکوزی، دانی نییە بیگەزێ؟ | مەشکەیە |
| ٥٨ | ئەولای دارە ئەولای دارە، ناوەندی خر خرەی گوێ بەگوارە؟ | بێژینگ |
| ٥٩ | ئاسنی بەبیونێ، داوێمە پشت ستونێ؟ | پێمەڕە |
| ٦٠ | ئاگری نییە ئەتسوتێنێ، گیانی نییە ئەتپشێنێ؟ | تیشکی خۆر |
| ٦١ | نیشت پێی بی فڕێ دەدەی نیشت پێی ئەبی هەڵیدەگرێ؟ | تۆری ڕاو |
| ٦٢ | ئەگەر بڕوا ناگەڕێتەوە؟ | تەمەن |
| ٦٣ | ئاڵدم دۆڵدم، شەش پێی دوو سم، پۆپییەت دەگرم، پێت دا دەفسم؟ | تەرازوو |
| ٦٤ | ئاسنی سەرزەق، لەسەر تەختی ڕەق، بەدارێکی ڕەق دەکاتن لەق لەق؟ | تەشی |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٥ | ئەوە چییە چی پێدەرێن، عەبا نارنجی پێدەرێن، پەپکە بەکونجی پێدەرێن؟ | تەماتە |
| ٦٦ | ئەگەر ڕەش بوو خاوێنە، ئەگەر سپی بوو پیسە ؟ | تەختە ڕەش |
| ٦٧ | ئەگەر عەقلت بێ عەقڵ بەهەشتە، شەش پەرو دووشاخ، پەپوولەی دەشتە؟ | پەپوولە |
| ٦٨ | ئاسنی دوولولە، پێی پیانێ لێیکەرە قولە؟ | فرۆکە |
| ٦٩ | ئەوەی دەیخۆی لەکێ دەردێ ؟ | زەوی |
| ٧٠ | ئەوەچیە لەئاسمان دەبیندرێ، لەزەوی نابیندرێ؟ | پیتی ( س ) |
| ٧١ | ئەرۆم لەئەبڕاوی، دێم لەئەڕواوی سوار بم لەئەزاوی ؟ | رێگە، خۆی، هێستر |
| ٧٢ | ئە گەرنە ئەیخۆی ناتوانی، ئە گەربیخۆی نابینی ؟ | با-هەوا |
| ٧٣ | ئەوەچیە لەقرنێك یەك جار دەبیندرێ، لەدەقیقەیەك دووجار؟ | پیتی ( ق ) |
| ٧٤ | ئەولای دار ئەولای دارە، ناوەکەی ئاسنی غەدارە ؟ | خەنجەر |
| ٧٥ | ئەولای دارە ئەولای دارە تێیدا دوو گوجیلەی هارە؟ | خەنجـەر |
| ٧٦ | ئاخور خوارەگای هـارە؟ | خەنجـەر |
| ٧٧ | ئالتان ماڵتان، زاوای خاڵتان، هاتە ماڵتان، چی دەدەیێ ؟ | دایـکم |
| ٧٨ | ئەتبەمە لانە کەحاسێ، دەکونێت کوتم لولیا داسێ؟ | دەستار |
| ٧٩ | ئەشکەو تۆکە، پڕ بەردۆکە؟ | دەم و ددان |
| ٨٠ | ئەگەربەرێدەیبەلایە، ئەگەربیگری زێری دونیایە؟ | زمان-نەفس |
| ٨١ | ئەولای دیوار ئەولای دیوار تێیدایە سەگێکی هار؟ | زمـان |
| ٨٢ | ئەولای کەلەك ئەولای کەلەك، ناوەراستەکەی چەرخ وفەلەك ؟ | زمان |
| ٨٣ | ئاسنێکم هەیە دەسکی دارە ؟ | مشارە |
| ٨٤ | ئاگری خۆری بەر سێبەر، سەرتا پای کفنی لەبەر؟ | زستانە |
| ٨٥ | ئاوی پێداکەی تەر نابێ، شیری لێدەی شەق نابێ؟ | سێبەر |
| ٨٦ | ئاوی پێدادەکەی تەڕ نابێ خەنجەری لێدەی شەق نابێ؟ | سێبەر |
| ٨٧ | ئەولای گلە ئەولای گلە، ناوەراستەکەی فێنکی دڵە؟ | شەربەی ئاو |

| | | |
|---|---|---|
| | لەسەر گیای چرایە؟ | قەننە |
| ٨٨ | ئەوە چییە ؟ چیایە، لەسەر چیای گیایە، لەسەر گیای چرایە؟ | کارگەی جۆلا |
| ٨٩ | ئاسن و بەن گلۆلە، تێم یەخست ڕەشی دوولا، لێم خوڕی کردیە قولە؟ | کارگەی جۆلا |
| ٩٠ | ئەو کونە ڕەشە بەتۆوەوە، ئەو مژانەی بە منەوە، خۆم تێکوتا بە گونەوە، زیکە زیکەی لە بنەوە؟ | کلاشی پەڕۆ |
| ٩١ | بەرهەسانی پشت خوری گەر نەزانی لەبەرم مری؟ | کیسەڵ |
| ٩٢ | ئەولای شاخ، ئەولای شاخ، پێیدا دێت چورچەی بەیداخ؟ | کاغەزو پێنوس |
| ٩٣ | ئەرزی سپی بەجۆ دەکەم، بەدەو دەیچینم، بەدەست دەیدوورم؟ | مانگ |
| ٩٤ | ئەنگوستیلەی محەمەدی حەنیفایە، هاویشتمەمەدنا یە، شەوقی لەدونیا یە؟ | مانگ |
| ٩٥ | ئەگەر پڕبێ ناتەواوە، ئەگەر ناتەواو بێ پڕە؟ | تەلەفزیۆنە |
| ٩٦ | ئەوە چییە، تۆ دەیبینی، ئەوتۆ نابینی ؟ ئەو قسە دەکا، تو قسەناکەی؟ | چرایە |
| ٩٧ | ئاڤە، ئاڤ نیە، ئاڤدا مارێ مرییە، سەروا قەسری زێرییە؟ | |

| پیتــــی (ب) | | |
|---|---|---|
| ٩٨ | بیبری درێژدەبی، بیتاشی گەورە دەبی ؟ | بیر-چال |
| ٩٩ | بەدەست و پیێ سەمادەکا، خواردنی ئاغا پیدادەکا ؟ | مەشکە-مێشهنگین |
| ١٠٠ | بەسەربەردەبە پیێ رێبوارە، بەنەفەس کافرە، بەدل موسلمان ؟ | مرۆڤ |
| ١٠١ | بۆخۆت دەرۆی دەتبینی، ئاشکێ تانەیشکێنی ؟ | ئاوێنیە |
| ١٠٢ | بە خۆی لەشارانە، خواردنی لەگوندانە ؟ | ئاش |
| ١٠٣ | بەشەوئاوسە، بەرۆژئەستەویر، لەمالی میروملاو مجێور؟ | لێفە |
| ١٠٤ | بە زستان کاکمە، بە هاوین حاکمە ؟ | باگوردان |
| ١٠٥ | بەندی کراوەوئازادی نیە خۆراك خۆرەومرۆڤ نیە ؟ | بولبول |
| ١٠٦ | بە زمانی درو ویشان، بزن لە سە رگامیشان ؟ | پیلاوی کالە |
| ١٠٧ | بار هەلگرە، سێ قاچە؟ | سێ کوچکە |
| ١٠٨ | بەسێ گیانلەبەر، سێ سەرو شەش چاوو دوولاقیان هەیە؟ | ماسی، مار، کەو |
| ١٠٩ | بانگ دەدا، بانگدەر نییە، ردینی هەیە سوفی نییە؟ | کەلە شێر |
| ١١٠ | بەسەر هەمووماندا دادێ، بەسەر خوادانا یێ؟ | مردن |
| ١١١ | بەدیوار هەلدەواسرێ، لەسەر نوسین دادەنیشێ، یەك سالی رێك دەژی؟ | رۆژ ژمێرە |
| ١١٢ | بنی سەوزەو گەلای دار نییە، چواردەوری سپییەو بەفر نییە، ئاوی زەردەو رۆژ نییە؟ | گولەنێرگز |
| ١١٣ | بەچوار لاقە، بەهەشتان گوێیە، لەسەرێی باری کەرێی کایە؟ | کە پر |
| ١١٤ | بنی قورە، سە ری درە ؟ | گەنم ولاسکەکەی |
| ١١٥ | بنی خۆلە، بالای پوشە، سەری زێرە ؟ | گەنم ولاسکەکەی |
| ١١٦ | بەهاران شینە، هاوینان وشکە، کەسیش بەبێ ئەو ناژی؟ | گەنم ولاسکەکەی |
| ١١٧ | بەدەرکێکدا دەچییە ژوورێ، بەدواندا دێیە دەرێ؟ | شەروال |
| ١١٨ | بەدەست دەچیندرێ، بەچاو هەلدەگیرێتەوە؟ | نوسین |
| ١١٩ | بارانی بێ با، چییە.. | فرمێسکی چاو |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٠ | بەهەموو شوێنێکت دا دەبات، هیچ مەسرەفت لێ ناکات؟ | خەون خەیاڵ |
| ١٢١ | باوکی پۆلایە، دایکی ئاسنە، بیچوو یان دەبێ وەك دەنکی هەنار؟ | تفەنگ |
| ١٢٢ | بەحری شینە، ئاوتێنینە؟ | ئاسمان |
| ١٢٣ | بەرد ەك لەسەر بەردەکی، تەیرەك دەخوێنێ لەقۆرتەکی، کونی قونی لە نێوەندی ؟ | دەستاڕ |
| ١٢٤ | بەرۆژکۆکە، بەشەو پەرش و بڵاوە؟ | نوێن |
| ١٢٥ | بەرۆژ دەنوی، بەشەو کاسبی دەکا؟ | شەمشەمەکوێرە |
| ١٢٦ | بەمردووی ژیان دەکا؟ | دوو پشك و قرژاڵە |
| ١٢٧ | بنی دەڕوا، سەری ناڕەوا؟ | ئاوو پردە |
| ١٢٨ | بەگولی لەنگە، لەبەژنی شەنگە، مێردی کوڵانی تەنگە؟ | هەرزنە |
| ١٢٩ | باوك پێچ پێچ ودایك لاروگێر، لەترش وشیرن لێی بارکە تێر ؟ | دارمێووتری |
| ١٣٠ | بەمندالی سپییە، بەگەنجی سوورە، بە پیری رەشە؟ | ترێی رەشە |
| ١٣١ | باوکی ئاوە، دایکی خوڵە، منداڵێکی خەپە تۆلە..؟ | دوومبەلانە |
| ١٣٢ | بازرگان هات بەلەنگە لەنگ، کوتالی هێنا لەهەموورەنگ؟ | بەهارو گوڵە |
| ١٣٣ | بێ رەنگو بێ بۆنە، مرۆڤ بێ ئەو لەچوونە..؟ | ئاوو هەوایە |
| ١٣٤ | بەدوو ئەشکەوت، دیوارێکیان هەیە؟ | لووت- کەپوو |
| ١٣٥ | بانی خورییە، بنی پەڕۆیە، رۆیشتنی لەسەرخۆیە؟ | کلاشی پەڕۆیینە |
| ١٣٦ | بزنە بێعار، لەسەر بەردی غار، هۆ هۆی لێدەکەی، هەرنا بێتەخوار؟ | هەورە |
| ١٣٧ | بەتەڕێ تێدەخەی، بەووشکی دەریدەکەی؟ | نانە |
| ١٣٨ | بە چلەی زستان بەدرێژای شەولەسەر بانە ؟ | باگووردان |
| ١٣٩ | بەگزادەی هەڵدەن، جووتێ خانی هالەگەردن؟ | باگووردان |
| ١٤٠ | بنی دارە، نیوەی تارە، سەری ئاگرە، بەزیانە؟ | جگەرەو دارجگەرە |
| ١٤١ | بەهاوین و بەزستان، بووکە بارانەی زستان؟ | کلاوە |
| ١٤٢ | بن هەسانی سەرخوری، ئەگەر نەزانی لەبەرم بمری؟ | کلاش |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٣ | بە دەیان هەڵیدەگری، بە پێنجان تێداوێی، بەسی و دوو دەنكێكی، بەیەكی مالوی دەكری؟ | پاروو |
| ١٤٤ | بشمری لێت نابێتەوە؟ | ناوە |
| ١٤٥ | بیهاوێیتە پشت حەوت شاخان ناشكێت، بیهاوێیە ئەشكەوتێكی تاریكەوە دەشكێت؟ | قەزوان |
| ١٤٦ | بانگی دەكەم مرۆڤ نیە، قاوی دەدەم مێوان نیە ؟ | سەگ |
| ١٤٧ | بانگی دەكەین تائامادەبێ، كەدێ لە پێشی رادەكەین ؟ | باران |
| ١٤٨ | بنی قیامەتە، سەری رەحمەتە؟ | سێری نانە |
| ١٤٩ | بانی تاوێرە، بنی تاوێرە، لێی مەترسە وپێی بوێرە؟ | كیسەڵ |
| ١٥٠ | بەبەرد دروست دەكرێت، بەبەردیش دەشكێ؟ | شووشەیە |
| ١٥١ | بەچاران دەخشێ، بەدووان دەڕوا، بەسێیان دەلەنگێ؟ | مرۆڤ |
| ١٥٢ | بنی لەخاك، سەری لەزەوی، خوارێژەهرە، سەری دەرزی، كابان لێیدەنێ بەكولاویش زمان دەگەزی ؟ | كەنگر |
| ١٥٣ | بەئاسن لێی دەدەن، لەخۆلی دەهێنە دەرێ، كابان سەری دەبری ولێی دەنێ؟ | كەنگر |
| ١٥٤ | باڵدارێكم هەیە، پێی مشار، دەفرێت لەوشاربۆنەوشار ؟ | كللۆ |
| ١٥٥ | بەرەو بایە، روو لەخوایە؟ | كۆلارەی منداڵانە |
| ١٥٦ | بەری هەسانە پشتی خورییە، بەرۆژ تێرە، بەشەوبرسییە؟ | كلاش پەڕۆیە |
| ١٥٧ | بنی قورە، قەدی زەردە، سەری زێرە ؟ | گەنم |
| ١٥٨ | بان گۆشتە، باگوردان ئاسن؟ | سەروگوێزان |
| ١٥٩ | باریكەلەیە، هەلبەزودابەزدەكا، خۆراك خۆرە ومرۆڤ نیە؟ | خامە، قەلەم |
| ١٦٠ | بەخۆی مردییە، هەموو دونیای لەبەردەستییە؟ | خامە، قەڵەم |
| ١٦١ | بێری چاركچی هەیە، هەركچەكی شەش كوونی هەیە، هەركونەكی مێردەكی هەیە؟ | كون و بزماری ناڵێ ولاغ |
| ١٦٢ | بێ قاچ و باڵە، كەدەمری گۆشتی حەلالە؟ | ماسی |

| | | |
|---|---|---|
| | ڕێگەیوشك نابڕێ؟ | ماسی |
| ١٦٣ | بالی هەیەنافڕێ، زاری هەیە ناقرێ، پاشی هەیە ناترێ، | ماسی |
| ١٦٤ | بالداری بێ قاچ چیه ؟ | پێڵاوە |
| ١٦٥ | بەدەوری پیرو پێشان، بزن لەسەر گامێشان؟ | تیشکی خۆر |
| ١٦٦ | بیهاو یە ناو ئاوی تەڕنابێ، بیهاویە ناو ئاگر ناسوتێ؟ | سەگ لەکاتی گەڕی |
| ١٦٧ | بە پیسی دەخورێ، بە پاکی ناخورێ؟ | گۆڕەستانە |
| ١٦٨ | بازێرە دەنگی ژێ ناهێت، سیکە بازاری ژێ ناهێت ؟ | هێلکەو مریشك |
| ١٦٩ | بەموو لەبێ موو پەیا دەبێ، بێ مووش لە بەموو پەیا دەبێ؟ | مانـگ |
| ١٧٠ | بەیەك شەو داسە، بە دوو شەو ئەلماسە، بەسێ شەوی خڕباشە؟ | خە نجەر |
| ١٧١ | بنی بیبە، سەری شاخە، ناوی ئاسنە پڕ لەزاخە؟ | باگووردان |
| ١٧٢ | بەگزادەی هەڵدنی، جووتێ خاڵی لەگەردنێ؟ | بۆق |
| ١٧٣ | بۆرە وکورتە، کلکی نیە، چوارپیێ هەیە وهێسکی نیە ؟ | بۆق |
| ١٧٤ | بەدەست شێرە، بە پێست پلینگە؟ | گۆرستان |
| ١٧٥ | بەسندوقی هەشت رۆخان، تێدایە لە پیرو جوان؟ | نۆکە |
| ١٧٦ | بەرەق وەك دارە، لووتی زۆر خوارە؟ | هەوجارو گاجووت |
| ١٧٧ | بەئەمری خودا، بەئەقلی بەندە بنچکە لەسەر بنچکە بەندە؟ | سیخوڕە |
| ١٧٨ | بەسەرپیرەژن، بەچەنگ منداڵە، بە پشت روستەم، ئەتەوەی زاڵە؟ | پانکە |
| ١٧٩ | بەسی برا قاچێکیان هەیە؟ | گوانی ئاژەڵە |
| ١٨٠ | بەچوار برایان تفەنگی داونە گۆمێکی؟ | کللـۆ |
| ١٨١ | بەخێشەوە بە مێشەوە، بەو خالیقی دەروێشەوە، پەنجە لە پشت پانی لە پێشەوە؟ | دار گوێز |
| ١٨٢ | بەرجوکەی قالب مەزن، ئەگەر نەزانی ببیە بزن؟ | ئاشی ئاوە |
| ١٨٣ | بە خۆی لە چەمایە، خەرجەی لە گوندایە؟ | ئاسمان و رۆژ و مانگ |
| ١٨٤ | بەحری شینە، دوو پا پۆڕی لێدابەزینە، یەك ئەسپە یەك مایـنە؟ | مانگ |
| ١٨٥ | بەدرێژای رۆژگار، هەرزۆردەبی وکەم دەبێتەوە ؟ | |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨٦ | بازێ هات هێدی هێدی، لایەکی سوورولایەکەی ترزەرد، هەرکەس ببینی دەترسێ ؟ | زەنگەسورە |
| ١٨٧ | بخەوی چاوی دەکاتەوە ؟ | کەروێشکە |
| ١٨٨ | بۆرە وەك ماری بۆقە پێت نارێم؟ | بۆق |
| ١٨٩ | باخی کەس نەخەملاندوو؟ | بەهەشت |
| ١٩٠ | باڵای وەك عامود سەر تا پای ڕەشە، سەریشی پانە، وەك سەری قەشە؟ | پەلکەدار |
| ١٩١ | باوك یەك وکورهەزار، دەولووس، دەولووس کلاو خوار ؟ | دارخورما |
| ١٩٢ | بنی خرە ، سە ری سە وزە، بێچوەکانی ووردە ؟ | سەلکەسیر |
| ١٩٣ | بە زەمانی پێغەمبەران، بیستوومە لە عەقڵ بەسەران، بابیش نیرە و دایکیش بەران؟ | ئادەم و حەوا |
| ١٩٤ | باوك ودایکی نیە، ناوی لە پێش خەرکیە ؟ | باوکە ئادەم |
| ١٩٥ | باوکی هەیە، دایکی نیە ؟ | دایکە حەوا |
| ١٩٦ | بەشەو وەك قیرە، تیژە وەك تەیرە، سپییە وەك شیرە؟ | چــاو |
| ١٩٧ | بە کرۆکەیەك چاوە هەموو ماڵان گەڕاوە؟ | دەرزی |
| ١٩٨ | بەبێ مێخ وگوریس، وەکورەشمال هەڵدراوە ؟ | تەونەجالجالوکە |
| ١٩٩ | بێ زمان ورووحدارە، بالندە نیە وبالدارە ؟ | ماسی |
| ٢٠٠ | برایەك هەیە لە دەشتێ سەد و سی و دوو کون لە پشتێ؟ | ڕەشکەکێشان |
| ٢٠١ | بەدەیان گێژەوی دەکەن، بەسیو دووان گێرەی دەکەن یەکیان دەچالێدەکەن؟ | نا نخواردن |
| ٢٠٢ | بە پیسی دەخورێ، بە خاوێنی نا خورێ؟ | سەری مرۆڤ |
| ٢٠٣ | بە پێخواسی هات وکەچی پێخواس نەبوو ؟ | گۆرەیەی لە پێ بو |
| ٢٠٤ | بە سەدو یەك برایەك ریخۆڵەیان هەیە؟. | تەزبیح |
| ٢٠٥ | بیریکم هەیە حەزیایەکی تێدایە گوڵێکی گەشی بە دەمەوەیە؟ | چــرا |
| ٢٠٦ | بەفرە ئاوی نییە، دارستانە داری نییە؟ | نەخشــە |
| ٢٠٧ | بەهاوین و بە زستان دایدەکوتن بە کۆڵەمستان؟ | هەویر شێلان |
| ٢٠٨ | بەشەوهیچی نیە، نیوەرۆهاورێیە کی بچووکە، سبەینان ونیواران | سێبەر |

| | | |
|---|---|---|
| | هاوریێ گەورەیە ؟ | |
| ٢٠٩ | بەرگی زەعفەران، نام لە ئیستران، بردم بۆ کافران؟ | توتن |
| ٢١٠ | بەسەر سەوزم، بەلەش رەشم لەناو دلدا سپی و گەشم دەبزانە لەکام بەشم؟ | باینجان |
| ٢١١ | بێ تەڕ تالە خۆی سوێرە داسی خوارە؟ | هەلبەتە وایە |
| ٢١٢ | بە سەرچوارە، بەلەش پێنجە، بە پێی هەشت، لەناوایی هەلی دەگرن بۆلای دەشت ؟ | تە رمی مردوو |
| ٢١٣ | بەسەر پێنجە، بە روح چوارە، بە پا هەشتــە؟ | تەرەیمردوو؛زیندوو |
| ٢١٤ | بە بەرخی سپییە، بەشەکی سورە، بەمەڕی ڕەشە؟ | ترێ |
| ٢١٥ | بەشەو دەڕوا مەندۆک، بەرۆژ دەڕوا مەندۆک، مەندۆکە لاق تیرۆکە؟ | رووبار |
| ٢١٦ | بەتەری وشاکی ئاوی خواردوە، بەوشکی دەلێن پیاوی خواردوە ؟ | دارعەسایی موسا |
| ٢١٧ | بە دایە پێك ناکەوێ، بەبابە پێك دەکەوێ؟ | لێوە |
| ٢١٨ | بە تۆبەرناکەوێ، بەمن بەردەکەوێ ؟ | لێوە |
| ٢١٩ | بەردی سپیم هەیە هەلدەپەری، لەئاسمان دێ لەزەوی دەمری ؟ | تەزرە |
| ٢٢٠ | بە جاحێلی ریشی سپییە بە پیری ڕیشی ڕەشە؟ | ترێ |
| ٢٢١ | بەگەرمایە جل دەکرێت بەسەرمایە رووت دەکرێت؟ | سێری نانکردن |
| ٢٢٢ | بە پڕی و بەبەتالی یەك کێشی هەیە؟ | شریتی کاسێت |
| ٢٢٣ | بێ ڕەنگە، بێ مەرگە، بێ دەنگە؟ | با ( هەوا ) |
| ٢٢٤ | بەڕی بەنە، پێت نارێم؟ | بەڕی بەن |
| ٢٢٥ | بەدەست شێرە، بە پێست پلێنگە، بەچاو بازە؟ | بۆقــە |
| ٢٢٦ | بەسەد و یەك برا، ڕیخولەیەکیان هەیە؟ | تەزبیح |
| ٢٢٧ | بەرمیلی کە پوو درێژ پێویستە لە بۆ دەست نوێژ؟ | مەسینە |
| ٢٢٨ | بەشەش لاق، بە لاقێکی دا شەرمی ولاتێکی دا؟ | تەرازوو |
| ٢٢٩ | بنی ڕەشە قیامەت، سەری مۆرە سەلامەت ؟ | تەندور |
| ٢٣٠ | بنی قورە قیامەت، سەری سۆرە عەلامەت، سەلی عەلا موحەمەد؟ | تەندوور |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣١ | بان لە بان دارە، ئاسن جلەو دارە؟ | تەشییە |
| ٢٣٢ | بنی دارەکە، لەسەر گۆڕەپانەکە، لە سەرویش گۆپارەکە؟ | تەشییە |
| ٢٣٣ | بازنی خوچە هەمینێ، کەوتە ژێر زەمینێ، دەنگی گەییە مەد ینێ؟ | تفەنگ |
| ٢٣٤ | بابی پۆلایە، دایکی ئاسنە، بێچویان دەبێ وەك دنکە هەنار؟ | تەفەنگ |
| ٢٣٥ | بە جاحێلی سپییە، بە پیری رەشە؟ | ترێ |
| ٢٣٦ | بیورەکم دالەدارەکی، هەمووی هەژان بەجارەکی ؟ | تەون |
| ٢٣٧ | بیگری خورمایە، بە ری دەی دوونیایەکە ؟ | چاو-نەوس |
| ٢٣٨ | بیگری قیچەکە، بەری دەی دنیایەکە؟ | چاو- نەوس |
| ٢٣٩ | بەگزادەی جلك بووزی؟ | چەڵتوك |
| ٢٤٠ | بەقەد مشتێکە، پڕ بەژوورێکە؟ | چرا |
| ٢٤١ | بای پولێکە، پڕ مشتێکە؟ | چرا |
| ٢٤٢ | بیرێکم هەیە، حەزیایەکی تێدایە گولێکی گەش، بە دەمیەوەیە؟ | چرا |
| ٢٤٣ | برایەکم هەیە لە دەشتێ، ژن دەهێنەوە بە پشتێ؟ | خرنوك |
| ٢٤٤ | بەکنی دا دەڕۆی کفرە، دەستی لێدەدەی کفرە، سەیری دەکەی کفرە؟ | دار کفرە |
| ٢٤٥ | بە هاوین پۆشتەو پەرداخ، بە زستان ڕووت و ڕەجال؟ | دارو دەرخت |
| ٢٤٦ | بەشەو وەك قیرە، تیژە وەك شیرە، سپیە وەك شیرە ؟ | چاو |
| ٢٤٧ | بڵندە وەك حوشتر، شیرینە وەك شەکر؟ | دار توو |
| ٢٤٨ | بێ تەرتاڵە؟ | دار بییە |
| ٢٤٩ | بەدەسکی حەمەدۆکی، لەهەموو دەرکان دەکۆکی ؟ | دیسك و دۆڵ |
| ٢٥٠ | بەرانێکم هەیە لە دەشتێ، پنۆك پنۆك لە پشتێ، هەرچی لێی نەدا ناچێتە بەهەشتێ؟ | دوو پشك |
| ٢٥١ | بەرۆژ دەڕوا عوولە پێ، بەشەو دەڕوا عوولە پێ، تەیری بەبار نایگاتێ؟ | ڕووبار ( ئاو )ە |
| ٢٥٢ | بیری بە پەڕۆ، کندری بە دەرزی، دۆلکی شاخ؟ | ڕەشمال |
| ٢٥٣ | برایەك هەیە لە دەشتێ سەدو سی و دوو کونی لە پشتێ؟ | ڕەشکەی کاکێشان |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٥٤ | باخی دری، ، بەرگی دڕی، دەستەکۆلەی ساردو سڕی؟ | زستان |
| ٢٥٥ | بەگەرما جلی دەکەن، بەسەرما رووتی دەکەن؟ | سێری نان |
| ٢٥٦ | بەسەر کافرە، بە پێ مندالە، بە تیروکەوان، ڕۆستەمی زارە؟ | سیخوڕ |
| ٢٥٧ | بەرۆژ لەگەڵت دەروات، بەشەو دادەنیشێت؟ | سێبەر |
| ٢٥٨ | بزنە گەڕێ، هەڵدەگەڕێ، دادەگەڕێ، نالەوەرێ؟ | سێبەر |
| ٢٥٩ | بەنیشەو بە مێشە، بەفەقێ و دەروێشە، قونپانی لە پێشە؟ | شێرە کلۆیە |
| ٢٦٠ | بەشەوچاوی لەچاوت تیژترە، ناوسەوودەفری ؟ | شەمشەمەکوێرە |
| ٢٦١ | بەرۆژکوێرەوچاوینابینی، بەشەوچاوساغەودەبینی ؟ | شەمشەمەکوێرە |
| ٢٦٢ | باڵدرەو شیردەرە؟ | شەمشەمە کوێرە |
| ٢٦٣ | بەشەوبەرۆژ هەرلێدەدات ولەکارە ؟ | کاتژمێرودلە |
| ٢٦٤ | بە دوازدە برا، سێ دڵیان هەیە؟ | کاتژمێرە |
| ٢٦٥ | بەدوازدە وولات، سێ بالۆزیان هەیە ؟ | کاتژمێرە |
| ٢٦٦ | بە زەمانی پێغەمبەری، شاخێکی لە تەوقی سەری؟ | کودی |
| ٢٦٧ | بەدەوری پێغەمبەری، کلك لە توقی سەری؟ | کودی |
| ٢٦٨ | بەخەت خەتێ، پشت خێوەتێ ؟ | کوارگ |
| ٢٦٩ | باڵی نییە دەفڕێ، گۆشتی نییە دەخورێ ؟ | کەنگر |
| ٢٧٠ | تۆوی لەبەردی ئاسنی لە شاخی زەوی لە گۆشت؟ | کلی چاو |
| ٢٧١ | بیرەکم هەیە لە پێستی غارا، لە باتی ئاو بەردی تێدایە، دولکی داری لۆ دروست کرایە، ئەوی زانی خەرات کرایە؟ | کل و کلدان و کلچوکە |
| ٢٧٢ | بە باڵ مەلە، بەشاخ گایە، ماسی پشتەو هەر بایە؟ | کوللە |
| ٢٧٣ | بلورمە، لە بن ئیسکان چەرمە؟ | کیسەڵ |
| ٢٧٤ | پشتی لەخوارێودەستی لەحەوا، هیچ ماڵێ نیە نەی بێ شتی وا ؟ | گێسکە |
| ٢٧٥ | بە سەد برایان، مێزەرێك؟ | گێسکە |
| ٢٧٦ | بە رۆژ کابانە، بەشەو میوانە؟ | گێسکە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٧٧ | بەرۆژ عەیارە، بەشەو بووکە؟ | گێسکە |
| ٢٧٨ | بەرۆژخزمەتی خزمەتکاردەکات، بەشەوبێ جولە وبێ دەنگ خۆیمات دەکات ؟ | گێسکە |
| ٢٧٩ | بانگدەرەوتاجی گۆشتی لەسەرە ؟ | کەلەشێر |
| ٢٨٠ | بنی قورینە، ناوی قەوی بەفرینە، سەری زێڕینە؟ | لاسک وگەنم |
| ٢٨١ | بە خوێ نوستیە، ئەسپی مردیە؟ | منداڵ و لانکە |
| ٢٨٢ | بارەکەی زیندووە، کەرەکەی مردووە؟ | منداڵ و لانکە |
| ٢٨٣ | برایەکم هەیە لە زووری، سەری گەورەترە لە هووری؟ | مێروستان |
| ٢٨٤ | بێلاق وبێباڵە، تیژڕەو بەغارە، هێلکەدەکابێ پارە ؟ | ما رە |
| ٢٨٥ | بێلاق و بێ بارە، لە ڕاکردنیش، بەغارە، هێلکە دەکات مارە؟ | مـــار |
| ٢٨٦ | بە چوار پەلان سەما دەکا، خواردنی میرو حاکم پەیدا دەکا؟ | مێش هەنگوینە |
| ٢٨٧ | بەکاری دێنی، فرمێسك دەڕژێنی؟ | مـۆم |
| ٢٨٨ | بەرخۆکەی سەرچیا، ناهێڵی قلەك گیا؟ | گێزانە |
| ٢٨٩ | بەناو ناو دادەڕوا، پێی تەڕ نابی ؟ | منال لەسکی داکی |
| ٢٩٠ | بە تەڕی تێدەکەن، بە ووشکی دەریدەهێنن؟ | نانی فرنـێ |
| ٢٩١ | بستێکە دوو سەد کیلۆ هەڵدەگرێ؟ | ناڵ |
| ٢٩٢ | بۆ خۆی سەنگینە و سەد سەنگ سوار یەتێ، گیان لەبەر نیەو گیان لەبەر سواریەتی؟ | ناڵ |
| ٢٩٣ | بە رۆژ ڕازاوە، بەشەو ڕووتاوە؟ | نوین |
| ٢٩٤ | بالای سەوزە، رووی سپییە، چاوی زەردە؟ | نێرگز |
| ٢٩٥ | بانی گۆشتە، قادرمە ئاسن؟ | هەسپ وزین |
| ٢٩٦ | بە دەوری ئەسحابان، کور گەورەترە لە بابان؟ | هێستر |
| ٢٩٧ | بەکەرێ، بە ماکەرێ، بە جاشکی لەبەر کەرێ، چەند قاچیان هەیە؟ | هەشت |
| ٢٩٨ | بەری هەسان، پشتی قورنان؟ | کوارگ |
| ٢٩٩ | بەتەواوی ناتەواوە، بەناتەواوی تەواوە؟ | مانگ |
| ٣٠٠ | بازنی ستی یێ، هاڤیت کانیێ، شەفقدا ئامایدیی؟ | مانگ |

| | | |
|---|---|---|
| | پیتی (پ) | تەمەن ومردن |
| ٣٠١ | پێی نیە دەرواناگرێتەوە، بەخۆت نازانی چۆن دە برێتە وە ؟ | ئاسمان |
| ٣٠٢ | پە ردەیەکی شینە ناوی کۆلکە زێرینە ؟ | کیسە لە |
| ٣٠٣ | پیرەمامێ لە دە شتێ، کۆنەسێری لە پشتێ؟ | سمی وولاخ |
| ٣٠٤ | پێچەنی پلوچەنی، سەرسمی قلیچەنی؟ژ | تەختەرەش |
| ٣٠٥ | پاکە کاتێك رەشە، پێویستی بە پاك کردنەوە هەیەکە سپییە؟ | حاجی لەق لەق |
| ٣٠٦ | پشتی رەشە دەرێی قیرە، بەرزەکی سپییە دەری شیرە، رێی دەکا دەرێ کورە وەزیرە..؟ | شانە |
| ٣٠٧ | پانکیلەی پانکیلانێ، دەچنە گردۆڵەکان، دەیهێنن گوڵەکەکان؟ | کیسەڵ |
| ٣٠٨ | پشتی ناجوڵێ، بەخۆی دەجوڵێ؟ | با، هەوا |
| ٣٠٩ | پێش مێوانی، دەچێتە بنەبانی؟ | کودی، شفتی |
| ٣١٠ | پەتکی ناو دەدەن، گوڵك مەزن دەبی؟ | گێسك |
| ٣١١ | پشتۆکەی لە پشتێیە، هەموو مالان ئیشی پێیە؟ | مێروستان |
| ٣١٢ | پێنجسەدژنی رەشپۆش، لەژورێکی بچوکدا خە وتون ؟ | دنکە شخاتە |
| ٣١٣ | پە نجا کەسی سپی لەژوورێك درێژ بوونە، سەریان زەردو سوورو قاوەییە؟ | سعاتی دەست |
| ٣١٤ | پیاوێك بەسعاتێك چووە حەج و گەڕایەوە؟ | خۆییە |
| ٣١٥ | پیرەمێردی کەلەشتی، دەرمانی هەمووشتی؟ | دەفە |
| ٣١٦ | پێستی مەڕە، بازنی خڕە، پە نجەی لێدەی دەنگی پڕە؟ | کەوە |
| ٣١٧ | پوورەکم هەیە لەکێوی، بەڕیان هێلکە دەپیووی؟ | بانگدانە |
| ٣١٨ | پێنج فەرزی، بێ بیسمیلا؟ | سۆبەی دار |
| ٣١٩ | پشتی رەش، ناوسۆرە؟ | گیپەیە |
| ٣٢٠ | پزوەکەی بکەوە، تێی بەربە؟ | دەستار |
| ٣٢١ | پانکی لەسەر پانکێ دەست بەلکێ؟ | سەگ |
| ٣٢٢ | پێت خۆشە، جاحێلی ماڵ بێت ؟ | |

| | | |
|---|---|---|
| ناو | پڕ بە بارە لەهەموو شوێن دیارە؟ | ٢٢٣ |
| باگووردان | پێغەفەو پێغەف نییە، پێیدا دەدەن ئاگای لێ ی نییە؟ | ٢٢٤ |
| بەفرە | پلەکە قازی، لەهەورازی، لۆ دەنازی؟ | ٢٢٥ |
| ئادەمە، عیسا | پیاوێك لەدایك نەبووە، مردووە، یەکێکیش لەدایك بووە نەمردووە؟ | ٢٢٦ |
| سیخور | پیرە مامی لە تەلانی، تیران داوێ بێ کەوانی؟ | ٢٢٧ |
| برنج | پێنج مانگ بە حرییە، بە خۆی حاکمە، بەرگی بووزی یە؟ | ٢٢٨ |
| پیاز | پڕ بەدەست دەیگری، دوای سەڕی دەبڕی، هەر بۆ خۆت لۆی دەگری | ٢٢٩ |
| پەنچەرچی | پینەچیەکی دەست ڕەنگین، هەشت پیتەو دەنوختە نوسین، دەزگایەکی پێویستە بۆ ئۆتۆمبێل و ماشێن؟ | ٢٣٠ |
| جاجم | پیرەژنێ گمە گمە، لێیهەڵدەن سەرە سمە، پیسکە ئەوە جاجمە؟ | ٢٣١ |
| چاو | پێکەوە دەگرێن، پێکەوە دەجولێن، لەیەکتری جوودان؟ | ٢٣٢ |
| مەشکە | پشتی لەخواروو دەستی لەحەوا، بزن هەی بزن، باری تەعەلا؟ | ٢٣٣ |
| دڵ | پڕ بەچنگێکە هەنارنییە، پیشەی هەیە لەبازاری نییە؟ | ٢٣٤ |
| دارو خەڵوزە | پایزێ دەیکوژنەوە، زستانێ خینی لێ دێ؟ | ٢٣٥ |
| سەگ | پاسەوانی بەکارە، لە پشت دەرگاو دیوارە، بەسەرمایێ زۆر هارە؟ | ٢٣٦ |
| ساج و برێشکە | پەچەی ڕەش و بزنی جیگای؟ | ٢٣٧ |
| دەهۆڵ | پیرەژنی ئاو دەلۆکی لە هەموو کۆلانان دەکۆکی؟ | ٢٣٨ |
| دەهۆڵ | پیستەی هەیە وناوسکی نییە، بە بێ تاوان لێیدەدەن ؟ | ٢٣٩ |
| سیقەتۆرە | پێستی لە ناو گۆشتی لە دەرە؟ | ٢٤٠ |
| شانەیە | پانکی لە پانەکان، نەچێتە گۆدۆلەکان، نەهێنی خارە گۆڵەکان؟ | ٢٤١ |
| شفتی | پەلکی لەوێ کەوتووە، تەرکی لەوێ کەوتووە؟ | ٢٤٢ |
| گوێ | پەم پای دووگوێ؟ | ٢٤٣ |
| فەرزەکانی ئیمان | پێنجە نابێ بە شەش؟ | ٢٤٤ |
| قولکاوەر | پێنج برا یەك کلاویان هەیە؟ | ٢٤٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٤٦ | پەریزی سپی، گوڵی سیاوە، ناودێری قامیش، وەزیری پیاوە؟ | کاغەزو قەڵەم |
| ٢٤٧ | پیرە بابی لە غەریْ، بەردێنی ئەریْ بەریْ؟ | کەڵەشێر |
| ٢٤٨ | پشتی تاتەوتات نییە، بەری سانەوسان نییە، گیا دەخوا مانگا نییە؟ | کیسەڵ |
| ٢٤٩ | پشتی ڕەقە بەرد نییە هێلکە دەکا مریشك نییە سەری درێژە مار نییە؟ | کیسەڵ |
| ٢٥٠ | پیستی هەیە مووی نییە، خواردنی هەیە، ریخی نییە؟ | قرنە |
| ٢٥١ | پینە کانی بکوشی، دەوی دەگەزی ؟ | گازو پلایس |
| ٢٥٢ | پیرەژنەی لورە لورە، لێیدەن بە بەرد زوورە، پیسکە ئەو مافورە؟ | مافوور |
| ٢٥٣ | پێتەوە دەنێنن، لێت نابێتەوە؟ | نـــاو |
| ٢٥٤ | پشتی سەوزە کەشیدە ی سپی؟ | نێرگز |
| ٢٥٥ | پاشازادەکەی کەچەی شار، لە گوڵ بووە و لەناو گوڵزارە بێ بۆنی گوڵ ناچێتە شار؟ | هەنـگ |
| ٢٥٦ | پیرە مێردی قون بەمشکی چییە؟ | سۆیەی دار |

## پیتـــــی (ت)

| | | |
|---|---|---|
| ٢٥٧ | تامی چەند مێوەوسەوزەی هەیە، تامی بەهۆی شتێکەوەیە ؟ | ئاو |
| ٢٥٨ | تا گەورەبی، بچووك دەبی ؟ | تەمەن |
| ٢٥٩ | تانە کەویی، دانامە زریێ؟ | تەلاقە |
| ٢٦٠ | تاجیی لەسەرە پاشانیە، کاتمان پێدەڵێ، کاتژمێرنیە ؟ | کە لەشێرە |
| ٢٦١ | تاسەری ئەبری نایێتەگوفتار، تاخوێنی ئەرژێ نایەتەووتار، لە گەر ئەوە شدا بێ هۆش و گیانە بەدەوی زانا قسەی ڕەوانە ؟ | قەلەم |
| ٢٦٢ | تولان داوی مێو نییە، پێوە دەدا مار نییە، هەرمێ دەگری دار نییە؟ | تەل و عەمودی کارەبا |
| ٢٦٣ | تا نجیە ڕەشی دەم هەراسی، خێوو خاوەنی ناناسی؟ | تفەنگ |
| ٢٦٤ | تەیرا زمزمێ، پڕ لەنانی گە نمێ؟ | گوێزە |
| ٢٦٥ | تەختە لەبن تەختە، حاجی بێ بەختە؟ | خە نجەرو کالانە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦٦ | تاسی زڕ زڕ، دای لەبڕبڕ، کۆلەکەنەو بەغدارەوی؟ | تەلەفون |
| ٢٦٧ | تاقە دارێکە، پڕ بەشارێکە؟ | قزناغە |
| ٢٦٨ | تانجییە زەردوو، لەکونا مردوو؟ | رۆنی ناوهێزەیە |
| ٢٦٩ | تشتی من تشتانە لەبەیانی تائێوارە خول بەسەر خۆی دادەکا، کەدێتەماڵ لەبووکی ماڵەکە جوانترە؟ | گێسکە |
| ٢٧٠ | تۆ سەرم بەچەقۆ دەبڕی، کەدەمرم لەتەکما دەگری ؟ | پیازە |
| ٢٧١ | تشتێ من تشتە، بێ بەرو پشتە؟ | نیسکە |
| ٢٧٢ | تشتێ من تشتانە هنگڤین شرنترە لەئاسن گرانترە؟ | خەو |
| ٢٧٣ | تانجی یە رەشی ئەلقە لەگوێ، دەوان دەوریە لەدەور دێ؟ | ساج ( سێر ) |
| ٢٧٤ | تێنانی سونەتە، لەقاندنی واجبە؟ | ئەنگوستیلەیە |
| ٢٧٥ | تەپ تەپ دەکا، رەپ، رەپ دەکا، لەمێوانم شەرمزاردەکا؟ | دلۆپەیە |
| ٢٧٦ | تەڕووە دەچتە سەربانی، گەرم دەبیتەوە، دێـەخوارێ؟ | نانی ساج |
| ٢٧٧ | تیژە وەك تەیر، رەشە وەکو ڤیر سپیە وەکو شیر؟ | چاو ( پەرە سیخور ) |
| ٢٧٨ | تالە شیرین نییە، پربەچنگە هەناری نییە، حەز ئەکا قازی نییە، حوکم ئەکا حاکم نییە؟ | دڵە |
| ٢٧٩ | تۆ دەیبینی، ئەوناتبینی، تۆ قسە دەکەی گێی لێنییە، ئەوقسە دەکا گێت لێیە؟ | تەلەفزیۆنە |
| ٢٨٠ | تویلە تەڕێ لەبن بەڕێ، هەڵدەپەڕێ، ئەروا زۆر بەخێرایی؟ | ماسییە |
| ٢٨١ | توکنە وگوشتیی نیە، شیردەرە مەمکیی نیە ؟ | گوێزی هندی |
| ٢٨٢ | تەختی شین، پاشای زێڕین؟ | ئاسمان |
| ٢٨٣ | تا کەرم بەستەوە، جاشك بەسەربانی کەوت؟ | ئاگرو دووکەڵ |
| ٢٨٤ | تا سەری نەبریت قسە ناکا؟ | پێنوس |
| ٢٨٥ | تا نیوەی دەست ڕەش نەبێت، تامی دەمت خۆش نابێت؟ | گوێزی سەوز |
| ٢٨٦ | تەتە کونکین تەتە نەکولکن تەتە زایە کولکن؟ | جووجك، هێلکە، مریشك |

| | | |
|---|---|---|
| | چـــاڵ | دەبێ؟ ...تا تێی دەکەی بچووک دەبێ؟ |
| ٢٨٧ | تالێ دەبڕی گەورە دەبێ، | ڕێواس |
| ٢٨٨ | ترشە وەك هەنار ناسکە وەك خەیار؟ | پاروی نان |
| ٢٨٩ | تەری دەکەی و بەلی دەکەی، لە خۆتی ڕادەکەی؟ | دەستار |
| ٢٩٠ | تەپ لەسەرتەپ، دارلەناوە، دەستی ژنی لەسەرووەستاوە ؟ | دەرگا |
| ٢٩١ | تا داینەخەی، ناخەوی؟ | دەم و ددان |
| ٢٩٢ | تاقێکە سی و دوو بەردی تێدایە؟ | ڕەمەزان |
| ٢٩٣ | تەیرەك هات بەهانە هان، شاقەل سپی گەردەن مل بە کەوان، گەورە گرتن کچە بەردان؟ | ڕەمەزان |
| ٢٩٤ | تەیرەك هات بەهانە هان، شاپەڕ سپی مل بەکەوان، ئەگەر گرتت بردتئیمان، ئەگەر نەتگرت نیتت ئیمان.؟ | ڕەمەزان |
| ٢٩٥ | تا نەچیتە زەردە، لە کوونا بەردە؟ | ڕۆنی کەرە |
| ٢٩٦ | تەنافێکم هەیە، ئەگەر بیگرم کز دەبم، گەر بەریدەم گوناهبار دەبم؟ | ڕۆژوو |
| ٢٩٧ | تولی تەڕ، تول بەندی تەڕ ناڵەی گەوهەر، شماشالی کەڕ؟ | هەورو بروسکە |
| ٢٩٨ | تیکەی قنگ دەخوا؟ | هێلکە |
| ٢٩٩ | تالێی ئەدەی، دەنگی نایە؟ | دەهۆڵ |
| ٤٠٠ | تێکردنی سوونەتە، لەقاندنی فەرزە؟ | ئەنگوستیلەیە |
| ٤٠١ | تەپ لەبان تەپ، دەستت بەرەپ؟ | دەستاڕ |
| ٤٠٢ | تالێك ئاوەڕیشم، بەغدای پێدەکێشم؟ | ڕێگـا |
| ٤٠٣ | ترشە و مزرە وەك هەنار بالاّی بەرزە وەك چنار لە لادێ دەبیەنە شار؟. | ڕێواس |
| ٤٠٤ | تا ببیەخشیت زیاد دەکات؟ | زانست |
| ٤٠٥ | تا تۆ نەڕۆیت ئەو ناڕوات ؟ | سێبەر |
| ٤٠٦ | تەپ گردیلەی گیا وردیلە؟ | سەرو پرچ |
| ٤٠٧ | تا ئەی دۆشی ئاوەڕێ ؟ | گوانی ئاژەڵ |
| ٤٠٨ | تەنەکەی ئەفتێ، قورفەی کەتێ، کەس نایگاتێ؟ | گوللە |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٠٩ | ترشە وەك دۆیە، خرە وەك گۆیە؟ | لیمویە |
| ٤١٠ | تیلاوی تاشراو، وەستانە دیووە، کەوای دوراو خەیات نەدیووە؟ | مارو کاژی مار |
| ٤١١ | تاقە سوارێ، دای لە دیوارێ، بوو بە هەزارێ؟ | هەنـار |
| ٤١٢ | تۆپیکی دارین هەیە، بیدەی بەدیوار دەبی بەهەزار؟ | هەنار |
| ٤١٣ | تویکلی دارە، نیوەی هەزارە، ئەگەرنازانی بلیێ هەنارە ؟ | هەنار |
| ٤١٤ | تاجی گۆشتین دووگوارەی پێوە | پۆپتەیکەلەباب |
| ٤١٥ | تالە وکالەکە مارانە نیە، ناشرینە ومرۆڤ نیە ؟ | قسەی خراپ |
| ٤١٦ | توولی تەڕ توول بەندی کەڕ، لە نالەی شێر حەیدەرە کەڕ؟ | هەور |
| ٤١٧ | تەیرێکەو بەحەواوە زنجیرەکەی پساوە، تەیرەکـــە پێی رشاوە؟ | بروسك |

## پیتـــی (ج)

| | | |
|---|---|---|
| ٤١٨ | جامێ ماستی، لەسەر دەستی، رەق رادەوەستی؟ | مانگە |
| ٤١٩ | جوال نیە، ناردی لەناوە، لەقورەو پەرۆیان تێناوە، لەژوورییەوقیت وەستاوە؟ | کەندوینارد |
| ٤٢٠ | جۆخینان لە پشت بانێ، جوان سپی یە، خەرمانی کایەکەی باشترە لەدانی؟ | لۆکە، پەمۆ |
| ٤٢١ | جگەرە دەکێشی و نەبەدەستی دەگیری، نەبەزار؟ | لوولەی زۆپای داران |
| ٤٢٢ | جگە لەخۆی سینگی بۆهەمووکەسێك دەکاتەوە ؟ | کتێب |
| ٤٢٣ | جانت و جانتای زەرە، پوزو دوولاین ؟ | دەرپێ-شەروال |
| ٤٢٤ | جانت و جانتای زەرە، تەری دوولاین، تەری دەکەی، پێدا دەکەی؟ | دەرزی و درومان |
| ٤٢٥ | جوان وقولەی بێ هەوسار، بەدوای کەوتسەدهەزار؟ | دەرزی ودورمان |
| ٤٢٦ | جاجمە سەوزە، لە گۆی حەوزە، نە قەوزەیە، نە پیرۆزە؟ | چیمەن، گیا |
| ٤٢٧ | جامێك هەیە، دووناوی تێدایە، سەروبنیشی بکەی لێی دەرنایە ؟ | هێللکە |
| ٤٢٨ | جامی زێر لەناو جامی زیو؟ | هێللکە |
| ٤٢٩ | جامی تەنگ، ئاوی دوو ڕەنگ؟ | هێللکە |

## پیتی (چ)

| | | |
|---|---|---|
| ٤٢٠ | چومە سەرکێوی روانیمە زەردێ، دارێ بەچێوی، دەیدا لە بەردێ ؟ | چەقەنەی ئاش |
| ٤٢١ | چومە دیوخانی میر، پرسیارم کردلە پیاوی پیر، چیە تەیری بەشیر ؟ | شەمشە مەکوێرە |
| ٤٢٢ | چاوی نیە گوێی بچوکە، باڵندەیە چەرمی توکە، دەرێ مندارشیردەدا، هەرخۆی لە مێچ گیردەکا ؟ | شەمشەمە کوێرە |
| ٤٢٣ | چوارلەرێیە، یەك لەسەر پشتێیە، هەشتی هەنگاوە، دووی وەستاوە ؟ | دارەبازە |
| ٤٢٤ | چواری تایە، خانوی تێدایە، شارێکە نەلەهەولێرە نەلەبەغدایە ؟ | چوارتا |
| ٤٢٥ | چوار پێی هەیە نارەوات؟ | کورسی |
| ٤٢٦ | چوار پەنجەو پەنجەیەکی گەورەی هەیە، گۆشتو نینسکی نیە؟ | پەنجەوانە |
| ٤٢٧ | چوومە باغی منەوەر، تێدابوو یەك جانەوەر، بەسینگ شێرو ئەسپ سەر؟ | کلۆ |
| ٤٢٨ | چەرمی خاوە لەناوناوە، قەد نەتواوە | مەشکە |
| ٤٢٩ | چوومە نواڵەکی، هەمووزاوان بەجارەکی؟ | رێواس |
| ٤٤٠ | چوار پێ لەعەردێ، دوولەتەنیشتی، قنگ لەبن کلکێ، کیر لەسەر پشتێ؟ | پیاوێك سواری ئەسپ بوو |
| ٤٤١ | چل تاق، چل نیوە تاق، چل حۆری پاژنە پان؟ | هەنار |
| ٤٤٢ | چەوتو چێلو چەمییە، وشك و رەق و بێدییە؟ | گۆپاڵ |
| ٤٤٣ | چەقماقە، چەقو لەقە، هەرچی دەست داتێ ئەحمەقە؟ | دوو پشك |
| ٤٤٤ | چوار پێ قوندەکە، لەبانان رادەکا؟ | بۆقە |
| ٤٤٥ | چشتێکی عاجباتیم دیت لەو دەشتە، رەوان (رۆح) چوارە، بەلەش پێنجە بەقاچ هەشتە؟ | دارەبازە |
| ٤٤٦ | چوار پێی چەقە، دووی لەقە، دوو لێ رەقە، دوولێ زەقە قیمانەقیت، قیت ؟ | بزن |
| ٤٤٧ | چشتەك هەیە هەموو چشتەکی بەبن دادەروا؟ | پرد |
| ٤٤٨ | چوومە سەرکانیەکی سەدوسی (١٣٠) سوار لەرەنگەکی؟ | ماسی |

| ژ | پرسیار | وەڵام |
|---|---|---|
| ٤٤٩ | چوومە هۆدەکی، سی و دوو بەرد لەرەنگەکی؟ | |
| ٤٥٠ | چەندی لێیٚ بدەی گەورەتر دەبی ؟ | ماسی |
| ٤٥١ | چوار زیندوو، یەك مردوو ؟ | هه ویر |
| ٤٥٢ | چوومە کانیەك ئاونا دەستم شوشت چاونا؟ | تابووت |
| ٤٥٣ | چار دەچەقی، سێی دەلەقی، دووی دەلەقی، دوو بەزەقی؟ | نەوت |
| ٤٥٤ | چارۆگەیە کی شینم هەیە، پری خورمایە، سبەی کە هەستام دنکی نمایە ؟ | ئاژەڵ |
| | | ئاسمان ونەستێرە |
| ٤٥٥ | چارۆگەیەکی شینی چوار گۆشە، پڕە لە کاری پرشە پرشە؟ | ئاسمان ونەستێرە |
| ٤٥٦ | چاو ئاسکی دەنگ دلێر، فیل گەردەنی جێگە شێر؟ | بۆق |
| ٤٥٧ | چاندم نۆك، شین بوویی، پەلك پانی بەهەرمیٚ؟ | پەمۆ |
| ٤٥٨ | چل ئاڵ، چل بزمار، چلچلۆکەی چل هەزار؟ | پشتە سەرە |
| ٤٥٩ | چومە ژووریك هەمووی گۆپال بوو، گۆپالیکم بەدل نەبوو؟ | شاخی بزن |
| ٤٦٠ | چواردەوری دارە، ئاسن لەناو، چالێکی خرە، مەترەق لەسەر ؟ | ربە |
| ٤٦١ | چوار دەورەی ئاوە ئاوی تەندوورە ؟ | سەماوەر |
| ٤٦٢ | چوار دەچەقن، دووی دەلەقن، دووی دەڕەقن، دووی دەزەقن؟ | بـــزن |
| ٤٦٣ | چوومە ناو نزارەکی بیوورمدا لە دارەکی داران لەرزی بە جارەکی؟ | تەون |
| ٤٦٤ | چەوت وچێل و چەمییە، وشك و رەق وبیٚ دییە؟ | تفەنگ |
| ٤٦٥ | چوومە سەربەردی روانیم لەزەردی، دار لەچە پۆك، بەربوو لەبەردی؟ | ئاش |
| ٤٦٦ | چوار باڵ وسەریٚ، دایم بەدەوە، جرو گەوهەری، مەکانی ئاوە؟ | ماسی |
| ٤٦٧ | چوومە هەردیٚ، لەبن زەردیٚ، داری بەچە پۆك،دەیدا لەردیٚ؟ | ئاشی ئاو |
| ٤٦٨ | چەماوەی چەماوە، مردی زیندووی تێکراوە؟ | قەفەزی کەو |
| ٤٦٩ | چاڵی قەوی، دووکونە رێوی دووچرای گەشی، دوومار ی رەش؟ | دەمو چاوی مرۆڤ |
| ٤٧٠ | چوومە لێرەوارەکی، بریم سەردارەکی، کردمە قازێی شارەکی؟ | تەبەق |
| | | جۆت کردنە |
| ٤٧١ | چاری گۆیە، هەشتی پییە، ناوەندی دارە، کلکی خوارە؟ | |

| | | |
|---|---|---|
| | | جۆت کردنه |
| ٤٧٢ | چاری گۆیە، هەشتی پییە، بووکی دەوەیٚ؟ | جۆت کردنه |
| ٤٧٣ | چاری گۆیە، هەشت شەقاوە، دار لەناوە؟ | چاو |
| ٤٧٤ | چوومە شاری شکاکان، گۆشتم دیت ناو مراکان؟ | چوار مەزهەبەکە |
| ٤٧٥ | چارە نابێ بە پێنج؟ | دەستار |
| ٤٧٦ | چوومە دەشتی زێری، مێم دیت لەسەر نێری؟ | ڕەشماڵ |
| ٤٧٧ | چیای ئەرزییە، مووی بزنییە؟ | زمان و دەوە |
| ٤٧٨ | چوار دەوری کولەکە، ناوەراستی چەرخ و فەلەکە؟ | ژووژگ |
| ٤٧٩ | چوار پەڵ دەڕوات لە ڕێیە، قالبی دڕك و زرییە، چاوی دەرێ ترییە؟ | قۆچی ئاژەڵ |
| ٤٨٠ | چوومە لێرەکی پەدار، بەدار قەت دارەکی، وانەبوو بیکەمە دەستاڕ؟ | کەرو عارەبانە |
| ٤٨١ | چواری چاوە، هەشتی هەنگاوە، پشتی دارە، پێشی پیاوە؟ | هەرزارەی نوین |
| ٤٨٢ | چواری پێیە، هەشتی گوێیە، باری حوشترەکی لێیە ؟ | کلاوی سەر ی مرۆڤ |
| ٤٨٣ | چیا لەسەر چیایە، یەك مردیە یەك مایە، یەکیان پرگیایە، یەکیان پەڕۆی بەربایە ؟ | کل لە چاوکردن |
| ٤٨٤ | چەرمم دەرینا، ڕەقی لەگەڵ هات، لەناو موّمم نا دووجاری پیا هات لەگەڵ دەرهێنان ئاوی لەگەڵ هات؟ | کورتان |
| ٤٨٥ | چشتەك هەیە لە دەشتێ، سی و سێ کندڕی لە پشتێ؟ | کونجی |
| ٤٨٦ | چل تاق چل نیم تاق، پریەتی لە برنجی پاك؟ | کەنگر |
| ٤٨٧ | چاڵێکم هەڵکەند چل کەزی، فاتمەخانی تێبەزی، سەری پڕە لە دەرزی؟ | کوندەی ئاو |
| ٤٨٨ | چوارپێ مردی لەحەوا، سەری نیە وملی ئاودەدا ؟ | گوانی ئاژەڵ |
| ٤٨٩ | چوار مامم هەیە لە دەشتێ نۆ سەد دەرزی لە پشتی؟ | گوانی ئاژەڵ |
| ٤٩٠ | چواری چێری، هەشتی دێری دووی مەرەکوێرێ ؟ | گوانی ئاژەڵ |
| ٤٩١ | چواری چێری، هەشت دێری، دوازدەی ڕەمەچێڕی؟ | گیپە |
| ٤٩٢ | چەرمە، گەرمە، نەرمە، دۆخینی بکەوە تێبەربە؟ | ماسی |
| ٤٩٣ | چوار باڵ و دوو چاوە، دووژمنی زەوی و هەتاوە؟ | |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٩٤ | چەنددەوران دەوریٚ، دووناوی جامیٚ، نەباریوەلەهەوریٚ؟ | هێللکە |
| ٤٩٥ | چوومەسەربانەکی، روانیمە چیایەکی، دەهات دەنگی شێرەسوارەکی؟ | هە ور |
| ٤٩٦ | چوومە شاری شکێنا، گۆشتم دیت هێسك تیٚ نینا؟ | مەمــك |
| ٤٩٧ | چوومە سەرگردەکی، فیتەم کردە شوانەکی، سی و حەفت بەران لەنەوعەکی؟ | هەنگوین |
| ٤٩٨ | چاری چاوە، هەشتی لاقە، ناوی دارە ؟ | هەوجارە |
| ٤٩٩ | چاری لە عەردی یە، دووانی لە قەدی یە، کونەکی لەسەر پشتی یە، کونەکی لە بن کلکی یە؟ | ولاخ و سوارە |

## پیتــــی (ح)

| | | |
|---|---|---|
| ٥٠٠ | حەوزی گۆشتی کەم ئاوە، چواردەوریپەرژین کراوە، ئەستێرەیگەشی لەناوە؟ | چاو |
| ٥٠١ | حەمەی لاونیو، هەشت لاقی هەیە بێ موو، گۆشتی ناخورێ بەسەری توو؟ | قرژاڵ |
| ٥٠٢ | حەی لەسەر حەی، لەنەرزی حەی، بەنەمری خودای؟ | قامیش |
| ٥٠٣ | حەلوای تەنکەنانی، هەتا نەیخوی نازانی؟ | شلکێنەیە |
| ٥٠٤ | حوشتر حایە، لە حەوایە، دایم لە دەشتە، کون لە پشتە؟ | ڕەشماڵ |
| ٥٠٥ | حەوزێکم هەیەخروسپی، دەرەوەیرەقەناوەوەی شلە، ناویدووجۆرە یەك زەردەویەك سپی ؟ | هێللکە |
| ٥٠٦ | حەوت نانی سپی و قودویەکی جەعفەران، گەر بیزانی خۆتی قارەمان؟ | گوڵە نێرگز |
| ٥٠٧ | حەواتێکە حەوا دەکات بەدەست و پێ سەما دەکات خواردنی پاشا پەیدا دەکات؟ | مێش هەنگوین |
| ٥٠٨ | حەفت بووك هی مارەکی، هەرحەفت هی سارەکی؟ | گوڵە نێرگزە |
| ٥٠٩ | حاکمە حوکمی نییە، دوو بەرخ دەخوا ئێسقانی نییە؟ | مناڵی شیرە خۆرە |
| ٥١٠ | حەوشە رەشەو چرتوفرت؟ | برێشکەی ناوساج |
| ٥١١ | حاجی بە ڕۆژووە، پیاز ناو دەخواتەوە، رۆژیشی ناشکیٚ؟ | پیازەکە ناو دەخوا |

## پیتی (خ)

| ژ | مەتەڵ | وەڵام |
|---|---|---|
| ٥١٢ | خواردنێك هەیە پیتی ( ی ) لۆ زیادکەی دەبێتە ناوی ئۆتۆمبێلێك؟ | لۆر+ی |
| ٥١٣ | خرە ی لە بە رزی، گەزەی لیدەم، ددانم دەلە رزی ؟ | گویزە |
| ٥١٤ | خوری پیرە مەڕێ، دەتنێم لەبن بەڕێ، لەبۆ ڕۆژی خێرو شەڕێ؟ | بەڕماڵ |
| ٥١٥ | خریلە حەفت کوون چیە؟ | سەری مرۆڤ |
| ٥١٦ | خانیەکم هەیە چارپێ، هەزار ماڵ لەوێ ؟ | مێش هەنگوین |
| ٥١٧ | خاڵخۆکەیە، دەستت بەساقی، جابێرە دیار گەمەو مەزاقی؟ | تەشی |
| ٥١٨ | خڕو رەقە، وەك کەلایە، چوار منداڵی لەزگی دایە..؟ | گوێزە |
| ٥١٩ | خوات لەگەڵ نەبی، میوانەکەش گوتی، ماڵت ئاوانەبی بۆ وایانگوت؟ | ناویان ( نەبی )یە |
| ٥٢٠ | خرناوی دارە، گێیی وی خولییە؟ | سوبەی دارە |
| ٥٢١ | خواردنم بدەی دەژیم، ئاوم بدەی دەمرم، من کێم ؟ | ئاگرە |
| ٥٢٢ | خڕنە ىبەداویی، پیستەی دراویی، مەلەی دە کاتن لە ئاوی ؟ | گیپە |
| ٥٢٣ | خەلکی داوای دەکەن ئەگەرنیَت لێ رادەکەن ئەگەر بێت؟ | باران |
| ٥٢٤ | خواردنێکە دووجار دەکوڵێ، بەئاسانی پێت ناخورێ؟ | ساوارە |
| ٥٢٥ | خەنەهەی خەنە، زەرد گوڵ خەنە؟ | گە نمە شامی |
| ٥٢٦ | خەنە زەرد خەنە سەد سندوقە لەسەر یەك سندوق بەندە؟ | گە نمە شامی |
| ٥٢٧ | خەڵکی کەیوانە ماڵی لە چۆمانە خواردنی لە ئاوەدا نیانە؟ | ئاش |
| ٥٢٨ | خانووی یەك کۆڵەکە؟ | کارك |
| ٥٢٩ | خانوویەکم هەیە پڕە لە بەردی سپیلکە؟ | دەم و ددان |
| ٥٣٠ | خۆی لە ماڵ کامزران دەکا، کوڕەکەی لە دەشت جایتان دەکا؟ | ئاگرو دوکەڵ |
| ٥٣١ | خردوك پرتەقاڵ، دەقلیشێ وەك هەنا ر؟ | پە مۆ |
| ٥٣٢ | خڕە وەك هەرمێ، سپییە وەکو بی؟ | پەمۆ |
| ٥٣٣ | خێ سورە، داس خوارە؟ | وەکوخۆیتی |
| ٥٣٤ | خواردنێکە هەتا خوێی لە پاڵ کەی تامی ناگرێ؟ | هێلکەی کولاو |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٣٥ | خانووی سپی بێ دەرگا؟ | هێلکــه |
| ٥٣٦ | خوشکی خارتە پورت نییە؟ | دایکت |
| ٥٣٧ | خالێکم هەیە لە دەشتێ سی ودوو کونی لە پشتێ؟ | ڕەشکەیە |
| ٥٣٨ | خەنجەری لێدەی کون نابی، ناوی پێداکەی تەڕ نابێ؟ | سێبەر |
| ٥٣٩ | خواردنی میرە، میر بۆی زەرووره، چوار دەوری بەحره، ناوی تەندووره؟ | سەماوەر |
| ٥٤٠ | خالۆیەکم هاتووە لەنهۆلییەوە، کیروگونی هابەکۆلییەوە؟ | چیغ |
| ٥٤١ | خالۆیەکم هەیە یارۆ یارۆ، دەرقنگ رەشی ناوچەوان مارۆ؟ | زەردەواڵە |
| ٥٤٢ | خانوویەکم هەیە بەبێ دەرك وبان، پرێتی لەخانمی شان لەبان شان؟ | هەنار |
| ٥٤٣ | خڕە وەك گۆ، سپی وەك گۆ؟ | هێلکە |
| ٥٤٤ | خالۆیەکم هەیە هونی هونی، دەست لەباخەل سەرلەقونی؟ | ژووژگ |
| ٥٤٥ | خەرکەوە، خەرِبەن کەوە، بەستمەبنچك، بنچکیشی کەوە؟ | شفتی |
| ٥٤٦ | خڕ شین، سەربەندی شین، بەستراوەتەوە لە مێرگی شین؟ | شفتی |
| ٥٤٧ | خڕە وەکی مازییە، شینە وەکی کودییە، سوْرە وەکی شفتییە؟ | شەفەلە |
| ٥٤٨ | خانوویەکی تەنگ و تاریکە، پڕی لە عارەبی مل باریکە؟ | مێروستان |
| ٥٤٩ | خالێکم هەیە لە زوورگی، سەری گەورەترە لە هورگی؟ | مێروستان |
| ٥٥٠ | خشت و مشت چوو، درا هەوانیشت؟ | گێسکە |
| ٥٥١ | خالێکم هەیە لەبن گلی، بەسمێلان دەلێ ولی ولی؟ | مشك |
| ٥٥٢ | خواری تەتەوتەت نییە، بانی تەتەوتەت نیە، خایەکەرەو مامزنییە؟ | کیسەڵ |
| ٥٥٣ | خڕە وەك گۆ، نەرمە وەك پەمۆ؟ | تەشییە |
| ٥٥٤ | خول خولەباقی، دەستم وەساقی، سەیرو سیاومەزاقی؟ | تەشییە. |
| ٥٥٥ | خڕیل خڕیلە، لەبن بەردیلە، ئەوەی هەلی نەهێنێ ناوی دەنێم گوجیلە؟ | یا پراغ |
| ٥٥٦ | خالێکم هەیە لە ژێر گلی یە، بە کونی خۆی دەلێ ولی ولی؟ | مشـك |
| ٥٥٧ | خۆشە گووشە، خۆشە مووشە؟ | هەنگوین، شەممە |
| ٥٥٨ | خالێ من یێ تێت ل دەشتێ، حەلا نەکێ ل پشتێ؟ | کیسەلە |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٥٩ | خالێ منێ ئەسکەندەر، حەفت کراسی لەبەر؟ | پیازە |
| ٥٦٠ | خالێ منێ ب لنگەکی، دەچیتە شەرێ گوندەکێ؟ | تەور |
| ٥٦١ | خەتی بێ خۆر، مێی بێ بەر، گوندی بێ سەر؟ | قورئان، هێستر، گۆرستان |

## پیتی (د)

| | | |
|---|---|---|
| ٥٦٢ | دە چە قێنی گۆپالە، هەلدە ستی رەشمالە ؟ | چەتر، سەیوان |
| ٥٦٣ | دادگەرێکی داد پەروەرەو پە نجەی نییە، خەڵکی رازی دەکات فەرمانی نیە | شایەن و تەرازوو |
| ٥٦٤ | دلۆپە ئاوە، نەلەزەویە نەلەئاسمانە؟ | فرمێسکی چاوە |
| ٥٦٥ | دەبینیت وناتبینێت | کۆرە —نابینایە |
| ٥٦٦ | دەرۆالەدەشتیی، رەشێیکون کونیی لە پشتیی ؟ | وولاخ ورەشکەی کا |
| ٥٦٧ | دەرۆازیندیە، جوانەئاوریشمیە ؟ | کرمی ئاوریشمە |
| ٥٦٨ | دەنووسێت و ناخوێنێتەوە؟ | قەلەم |
| ٥٦٩ | دەوی نیە، زۆربلێیە؟ | قەلەم |
| ٥٧٠ | دووپێی مامەلۆتێ، هەشت پێی حاتل حوتی ؟ | جوتیارو گایەکانیتی |
| ٥٧١ | دەفری بالندە نییە، دادەنیشی قونی نییە؟ | گەلاو رەگەکەیتی |
| ٥٧٢ | دندوك سوور باڵدارە، لەوشاخ دەچێتە ئەوشاخ، کەمتر دەچێتە ناو باخ؟ | باز |
| ٥٧٣ | دووکانی هەیە وەکوعەلامەت، نەبۆخواردن دەشێ، نەبۆزراعەت ؟ | چاوە |
| ٥٧٤ | دووحەوزم هەیە، پرلەئاوی گەش، لەناویان هە لکەوتوە، دووکەشتی رەش؟ | چاوە |
| ٥٧٥ | دبارێ باران نییە، سەری سپیە مەلانییە، هەڵدەپەری قاچی نییە، لە خۆی دەچێ گۆ نییە؟ | تەزرە |
| ٥٧٦ | دوخینم راکیشا، هورگی بە گۆریوەبو ؟ | گیپە |
| ٥٧٧ | ددو دە ناکاتە بیست، لەگەڵ پە نجا دەکات یازدە؟ | سعات ١٠و١٠خولك |

| | | |
|---|---|---|
| | دە زانی ونازانی ؟ | ٥٧٨ |
| مردنە | | |
| ژن وپیاوێك جمكیان بو | دووكەس بەندكرابوون، دوای سێ مانگ لەزیندان بەربوون بوونە چوار؟ | ٥٧٩ |
| مین ( نەلغام ) | دەگرمێنی هەور نییە، دار دەبڕێ مشار نییە، سوری دەكات بۆیاغ نییە، دوكەڵ دەكا ئاگر نییە؟ | ٥٨٠ |
| جاڵجاڵۆكە | دەفڕێ، باری نییە، دەتەنی ژن نییە، سجن دەكا حوكمەت نییە؟ | ٥٨١ |
| شەوو رۆژو شەیتان | دوو لەرێیە، یەك لارێیە؟ | ٥٨٢ |
| جوتیارو دوو ولاخ | دوو لەدووی، هەشتان دەچن..؟ | ٥٨٣ |
| ئاش | دەڕوا هەر لەجێگەی خۆیتی، قایشی زێری لە پشتی، شەو رۆژ رێی دەكا، وەستاوەلەشوێن خۆیدا؟ | ٥٨٤ |
| پە نجەو گووان | دەلەزگ، دووانن؟ | ٥٨٥ |
| قەننە | دەمت بەقنگی، دەستت بەكێری، خۆش خۆش هەڵدەستیت ئاگری بۆ دێنێ ؟ | ٥٨٦ |
| دەهۆڵ | دەچومەنۆكاران، دەمكوتا بەداران، گرمەی دەهات وەك هاران؟ | ٥٨٧ |
| بروسك | دوور هات دوورهات، قەلەمو كاغەزی سوور هات؟ | ٥٨٨ |
| دار مازی | داری حەفت بەر، خوشەی كوندەی، تیماری زمانی؟ | ٥٨٩ |
| مەشكە | دارم لەداری، چەرمم لەداری، ملە دابڕاو تۆبێیە دیاری.؟ | ٥٩٠ |
| مەشكە | دەنگی دوورە، شلقەی ژوورە، بازنەی سوورە؟ | ٥٩١ |
| ماسییە | دووچاووهەزاردەرزی هەیە ؟ | ٥٩٢ |
| ماسییە | دەوی هەیە ناقڕێ، بێ پێو بێ باڵە دەفرێ، گۆشتی دەخورێ سەرنابڕێ..؟ | ٥٩٣ |
| حاجی لەق لەق | دەوی سوورەبۆیە نیە، لینگی رووتە دەرپێی نیە، پشتی رەشەعەبا ی نیە، سەروملی سپییە سەرپۆشی نییە ؟ | ٥٩٤ |
| پەرەسێلكەیە | دندووكی قەلەم، سەركی مارە، ژێرسكی بەرخە، پشتی كارە..؟ | ٥٩٥ |
| بازو هەڵۆ | دەیكوژتەوە قەسباب نیە، گۆشتی دەخوا گورگ نیە؟ | ٥٩٦ |
| هە نجیرە | دارێكم هەیە بی گوڵە، میوەی هەتا بڵێ شیرین و بەدڵە؟ | ٥٩٧ |
| ئاوە | دەبارەدار هەڵدەگرێ، بزمارێك هەڵناگرێ..؟ | ٥٩٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٩٩ | دا پیرەکی رەق و هیشکە، تەونی دەکا بەبێ بیشکە؟ | دا پیرۆچکەیە |
| ٦٠٠ | دارە لەسەر داریٚ، ئاو ریشمی مرواریٚ، ئاسن بۆتە ئاساریٚ؟ | تەشییە |
| ٦٠١ | دوازە گوندۆرەی سالٚ یەک حەرامەو یانزە حەلال؟ | سالٚ ورەمەزان |
| ٦٠٢ | دەڕوا پێی نییە، دەبینێ گوێ نیە، تەڕە تووڵ نیە؟ | مارە |
| ٦٠٣ | دێوە رەشەی ئاسمانە، گورزی هەژدە باتمانە، چاوی پڕ لەگریانە؟ | هەورو بروسکوبارانە |
| ٦٠٤ | داری چەماوە، بە پیستە خۆش کراوە گیانداریکی لەئاوە؟ | قەفەزو کەوە |
| ٦٠٥ | دووباز لەقەد چیان، بەرامبەریەکن، بیانگرن دەمرن، بەریان دەی دەفڕن؟ | چاوە |
| ٦٠٦ | دوو لەخۆرە سێی لەسیبێرە، تۆ ئازابە ناوی بەرە؟ | نوێژەکانە |
| ٦٠٧ | داری چل ئاواز چیە؟ | رادیۆیە |
| ٦٠٨ | دایم سەرم دێشێ، بابم پشتی دێشی، منداڵەکان هەموو لەشی دێشی؟ | ساپیتەی خانوو. |
| ٦٠٩ | دارەکم هەیە لە موکری، بەری دینێ وەك شەکری، هەرچی بی خوات پێ دەمری؟ | توتن |
| ٦١٠ | دەڕوا پێی نییە، دەخورێ گۆشتی نییە؟ | ئاو |
| ٦١١ | دووژمنە لۆئاگری، بەتەن داری هەر دەگرێ، بەردەکێشی راناگری؟ | ئاو |
| ٦١٢ | دەنگی هەیە وڕەنگی نییە، شت فرێدەداو دەستی نییە؟ | باوئاوە |
| ٦١٣ | دەڕوا لەڕێ ڕێ، نەدەچیندرێ، نەدەڕوێ.؟ | هێسترە |
| ٦١٤ | دەنگی هەیە ڕەنگی نییە، بە مقاش بیگری گۆشتی نییە؟ | بـــا |
| ٦١٥ | دەچمە نێو نزارەکی دادەنیشم لە بن دارەکی؟ | ئەولادی بەرحمەت |
| ٦١٦ | دەمی شاخە، شاخی چەمە، دەنگی زلە، نوکی نەرم؟ | کەلەشێر |
| ٦١٧ | دووە ئابێ بەسێ؟ | شەو و رۆژ |
| ٦١٨ | درێژو پێی دەڵێن خڕ؟ | دۆلٚ |
| ٦١٩ | دەخە وی منداڵ نیە، کاردەکا پیاونیە، دەروا پێ نیە؟ | کاتژمێر |
| ٦٢٠ | دوانزە پاشاو سێ پاسەوان؟ | کاتژمێر |
| ٦٢١ | دەروابەرێوە، دوورناکەویتەوە؟ | چرکەژمێری کاتژمێر |
| ٦٢٢ | دارێکی سەوزوبێ گەلاوبێ گول، لەخواردنیشا نابینی تێوکل؟ | هەنجیر |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٢٣ | داری بێگوڵ، ئەسحابەی بێدڵ، خورادنی بێتوێکل؟ | هه نجیر، ماسی، خۆی |
| ٦٢٤ | دەوی سۆرە، بۆیەنیە، لینگی رووتە دەرپێی نییە، پشتی رەشە عەبای نییە، سەروملی سپیە سەرپۆشی نییە ؟ | حاجی لەق لەق |
| ٦٢٥ | دەنووکی قەڵە، سەلکی مارە، ژێر سکی بەرخە، بان پشتی کارە؟ | حاجی لەق لەق |
| ٦٢٦ | دەستەسرێکم هەیە چوار گۆشە پڕی لە کارێلەی دەپۆشە، پۆشە؟ | ئەستێرە |
| ٦٢٧ | دە لاق و شەش چاو نێو قەد دار و پشت پیاو؟ | جۆت کردن |
| ٦٢٨ | دوو ژوور گۆشت لە ژوورەوە نیسقان لە دەرەوە ؟ | گوڵە شیلان |
| ٦٢٩ | دار لەسەر داری، ئاوریشمی مرواری، ئاسن بۆتە ئاساری ؟ | تەشی |
| ٦٣٠ | دەخورێ گۆشتی نییە، دەشی کوژیەوە خوێنی نییە؟ | گەلای دار |
| ٦٣١ | دارەبەن سەوزە، کەرە بەسەریەوە؟ | وەکوخۆیتی |
| ٦٣٢ | دێنم لە ئەڕواوی بار دەکەم لە ئەزاوی دەڕۆم لە ئەبڕاوی؟ | خوێ، ئێستر، ڕێگا |
| ٦٣٣ | دایم سەر سوار و کەرە هۆی حەسانەوە سەرە هەم سەرهەم ژێر دەکەوێ گەر ئەو نەبێ کورد بێ وەیە؟ | سەرین – بالیف |
| ٦٣٤ | دەرخونە قونێ تامی چێشتێ؟ | دوونگی مەڕ |
| ٦٣٥ | دەڕوا لاقی نییە، دەگرێ چاوی نییە، هاوار دەکات زاری نییە؟ | هەوروبروسك |
| ٦٣٦ | دەخورێ گۆشتی نییە دەشیکوژیەوە؟ | دوونگی مەڕ |
| ٦٣٧ | دەیبڕی ئاشی بینی؟ | بـــا |
| ٦٣٨ | دار سولکی خاران، کەوتە پشت ماران؟ | بارگینی |
| ٦٣٩ | دەفڕێ باڵی نییە، سەری دەبڕی خوێنی نییە؟ | پەلکە گەڵا |
| ٦٤٠ | دەفڕێ باری نییە، دەنیشێ کلکی نییە، سپییە و شەکر نییە؟ | بەفر |
| ٦٤١ | دوو بەزەقی، دوو بەڕەقی، چوار دەچەقی، دوو دەلەقی؟ | بزن |
| ٦٤٢ | دەنگی هەیە، مرۆڤ نییە، لە ئاوو لە سەر زەوی یە، گۆشتی وەك گۆشتی مەڕییە؟ | بۆق |
| ٦٤٣ | دەنکە ناری ئامە چاری، بوو بە هەزاری؟ | پشکۆی ئاگر |
| ٦٤٤ | دەییەستیەوە دەڕوا، ئاییەستیەوە ئاڕوا ؟ | پێڵاو |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٤٥ | دوو بەندو بەنکە، دوو دەف و دارەکە؟ | تەرازوو |
| ٦٤٦ | دووکانی هەیە وەکوعەلامەت، نەبۆخواردن دەشێ نەبۆزراعەت ؟ | چاو |
| ٦٤٧ | دووشتن پێکەوە دەنوون، پێکەوە هەردەستن، پێکەوە دەگرین، پێکەوە پێدەکەنن، یەکتریش نابینین؟ | چاوە |
| ٦٤٨ | دووگام هەن هەموو گردان دەکێڵن؟ | چــاو |
| ٦٤٩ | دوو بران، لە قەد چیان، بەرانبەر یەك نابینان بیانگرین دەمرن، بەریان دەی دەفڕن؟ | چاو |
| ٦٥٠ | دارەکە لە دارەکە، ئاسنەکە لە دارەکە، پەتەکە هەوسارەکە؟ | تەشی |
| ٦٥١ | دار لە داری سوارە بی، ئارەقەی لێ بزماربی، پەتکی لێ هەوسارەبی؟ | تەشــی |
| ٦٥٢ | دار لە داری پیرە لۆکە و هەوساری؟ | تەشــی |
| ٦٥٣ | دەستت لەناو ورگیتی، ورگت بە وەرگیییەوە نایە؟ | تەندوور |
| ٦٥٤ | دەورە دەورەکەی دارە، ناوەندەکەی پڕ قوڕە، کە رەفام کە خشت بڕە؟ | خشت بڕ |
| ٦٥٥ | دارەك لەسەری ڕێدا، مۆر مەرجان دەبەردا، هەرچی گەیێ ودەست لێدا؟ | داری بەلاڵوك |
| ٦٥٦ | دا پیریکم هەیە لە دەشتێ، کەچە شیرەکەی لە پشتێ؟ | دوو پشك |
| ٦٥٧ | دەڕوات پێی نییە، جێی پێشی دیارە؟ | دەرزی دوورمان |
| ٦٥٨ | دەشتێکەو دوکانێکە، چوار مەڕو شوانێکە؟ | دەست و پەنجەکان |
| ٦٥٩ | دوویـان، دوو دوکان، هەشت مەڕو دوو بەران؟ | دەست و پەنجەکان |
| ٦٦٠ | دایك مردی بـاب مردی، فەرخولان سەر پێ کردی؟ | دەستەك |
| ٦٦١ | دارێکی قەوی، دوو کونی ڕێوی، دوو چرای گەش، دوومارى رەش ؟ | دەم و چــاو |
| ٦٦٢ | دوومارى ڕەش، دوو ئەستێرەی گەش، لێرەی پڕمووـ دوو کونە سووژن، بەچەی بێ بن؟ | دەم و چــاو |
| ٦٦٣ | دوو شت هەیە، دەڕواو سێبەری نییە؟ | دەنگ و نـاوبـانگی مرۆڤ |
| ٦٦٤ | دێت ودەچێت لەدەشت، بەکلکی منی گەست زەردی کلکی لەسەرپشت ؟ | دوو پشك |
| ٦٦٥ | دای دەنێم بێژینگە، هەڵی دەگرم قورینگە؟ | ڕەشماڵ |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٦٦ | دەكرێ ڕەشە، بەكاری دێنی سوورە، دەرێژی بۆرە؟ | ڕەژوو |
| ٦٦٧ | دەچیتە سەری چیاو ناروا؟ | ڕێگا |
| ٦٦٨ | دەڕۆم لە نەڕووی، دەچینم لە نەچیندراوی، لێ دەخورم لە نەزاوی؟ | ڕێگا، خوێیە، هێستر |
| ٦٦٩ | دارێكم هەیە دوانزە لكە، هەر لكەكی سی پەلكە؟ | ساڵ و مانگ و ڕۆژەكان |
| ٦٧٠ | دارێكم هەیە دوانزە لكە، هەر لكەی سی پەلكە دوو هێلانەو یەك هێلكە؟ | ساڵ و مانگ ڕۆژ جەژنی ڕەمەزان |
| ٦٧١ | داك ئاو، باب خۆر، كوڕ وەك خەبەتۆر؟ | دوونگی بەران |
| ٦٧٢ | دەستاری لە لێژی؟ | دونگی مەڕ |
| ٦٧٣ | دیزەی رۆنە، دەرخۆنەی قوونە، ئەگەر ئایخۆی بۆمنی بینە؟ | دوونگی مەڕ |
| ٦٧٤ | دەشتی ئاوە ئاوی تەندوورە ؟ | سەماوەر |
| ٦٧٥ | داسولكی خاران، كەوتە پشتی ماران؟ | سینگی ڕەشماڵ |
| ٦٧٦ | دووە نابێ بە سێ؟ | شەوو ڕۆژ |
| ٦٧٧ | دەوی نییە، ددانی هەیـە؟ | شانــه |
| ٦٧٨ | دەدە ئاكەم، بەبەو ئاكەم هۆردوو قاچی لە حەواكەم، جیڕو هۆڕی لێ پەیداكەم؟ | شەغرە |
| ٦٧٩ | دارەكم هەیە داری ماوێ، مردییەو زیندی لەناوێ؟ | قەفەزە كەوی |
| ٦٨٠ | دومبەران بە دومبەران، ئاشی لەسەر دوو قۆتەران، بەدەوری پیرو پێغەمبەران؟ | قەبر – گۆڕ |
| ٦٨١ | دەفڕێ باری نییە، سەری دەبڕی خوێنی نییە؟ | قەنگە لاشك |
| ٦٨٢ | دەخوا بێ قونە دەڕوا بێ شونە؟ | قڕنە |
| ٦٨٣ | دارێكم هەیە بەر دەگری، ئەوەی بیخوا پێی دەمری؟ | قورئان |
| ٦٨٤ | دەستووری هەردوو ژیانە، دادوەری یەكسانە ستایش و فەرمانە، خاوەنی خوای گەورەو میهرەبانە؟ | قورئانی پیرۆز |
| ٦٨٥ | دەبینی لەبەرت نییە، لەبەرتە نایبینی؟ | كفـن |
| ٦٨٦ | دەڕواو ڕا دەوەستێ، قاچی نیە؟ | كاتژمێر |

| | | |
|---|---|---|
| | ؟ سەر پێ کردی | کاریتەو شەقرە |
| ٦٨٧ | داك مردی باب مردی، فەرخۆکەی سەر پێ کردی | مندالْ لەناو سکی دایکی |
| ٦٨٨ | دەوی هەیە، خواردنی پێ ناخورێت؟ | کل و چووك |
| ٦٨٩ | دەچێتە جێیەکی بەموو، دێتە دەرێ ناو لە دوو؟ | کەپوو |
| ٦٩٠ | دەرێی گۆشتە، ناوی مووە، دەخورێ؟ | گۆڕستان |
| ٦٩١ | دانیشتوانی شارەك هەنە نەدەمرن، نەباراش دەهارن؟ | لغاوی ولاغە |
| ٦٩٢ | دوانت لێهەلکێشم دوانت لێڕاکێشم، بەوشکی تێت خەم، بەتەڕی لێت ڕاکێشم؟ | لووت – کەپوو |
| ٦٩٣ | دوو هۆدە و کول کەیێ لە بەینا ؟ | زورنا |
| ٦٩٤ | دارێکم هەیە لە نێو داران، سەری دەبڕن بە مشاران، هێرە هێری وەك کاران؟ | بەفر |
| ٦٩٥ | دێتە خوارێ مەلیکە، دادەنشێ وەزیرە، کاتی دەڕوا فەقیرە ؟ | مێش هەنگوین |
| ٦٩٦ | دارێکم هەیە لە نێو داران، دەیبڕنەوە بە مشاران ناڵەی دێ وەك بزن و کاران؟ | مقەس |
| ٦٩٧ | دەستی دەدەیە قونی، دەوی لێك دەکاتەوە؟ | مقەس |
| ٦٩٨ | دەستی لەچاوی رابکەی، دەوی دەکاتەوە؟ | تەرازوو |
| ٦٩٩ | دەنگلێ حەو دەنگلێ زەوی، شەش کەلە پاو دوولچی قەوی؟ | کەپووە |
| ٧٠٠ | دە هۆرە، بەکۆڵەکەکی راوەستاوە؟ | مقاشە |
| ٧٠١ | دوو پەنجەنە ( قامك ) لەناو ئاگری رادەکەم هیچی لێ نایێ؟ | نیشتمان |
| ٧٠٢ | دایکانە دایکانە، بۆ مرۆڤ ئاونیشانە؟ | مەڕ دۆشین |
| ٧٠٣ | دوو لە دەست، سەر لە قوون، قوون لە زەوی؟ | فرۆکە |
| ٧٠٤ | دە فریی دەنگیی هە یە، دەنیشیی سە نگیی هە یە ؟ | هەورە. |
| ٧٠٥ | دەفڕێ باری نییە، دەگرێ چاوی نییە، دەناڕێ زمانی نییە ؟ | تەزبیح |
| ٧٠٦ | درێژە وەکی ماری، جووت جووت دێتە خوارێ؟ | مێش هەنگینە |
| ٧٠٧ | دارا لەناڤ دارێ، لێتێ دەنگی برینداری؟ | ساڵەو رەمەزانە |
| ٧٠٨ | دارەکە دوانزە تالیدەچن، ئەو ژێ دینە سیهەتا، ئەو سیە تاژێ بنەچار؟ | |
| ٧٠٩ | داسکا مەلا ئەحیای، چوو سەرێ چیایی، نەهێلاداڤاگیای ) | مووس |

| | | |
|---|---|---|
| پیتـــی (ڕ) | | |
| ٧١٠ | ڕەگیی هەیە دارنیە، زۆرسپییە بەفرنیە ؟ | ددان |
| ٧١١ | ڕەنگی رەشە، لەگەڵ ئەوەش لەئاگرو رووناکییە، ئاراستەکەی بەرەو بەرزی دەڕوات؟ | دووکەڵ |
| ٧١٢ | ڕەش ورەشینێ، سێ تاینێ، جل تەڕینێ، بن ئاگرینێ، مەتەرەق لەسەرینێ؟ | سێلی نانکردن |
| ٧١٣ | ڕەشی رەشانە، لەسەرپوش ودارانە، تك تك لەگیدارانە ؟ | کوندەی ئاو |
| ٧١٤ | ڕەشی گەردنی سۆرە، قەدی دەڵێ بلوورە؟ | ماری نێرە |
| ٧١٥ | ڕەشە چاونیە، خرەکفتە نیە ؟ | قالۆچە |
| ٧١٦ | ڕەقەوەك بەرد، بەردنیە، بە رزەلەئاسمان تە یرنیە ؟ | گوێزە |
| ٧١٧ | ڕەقە وەك بەردی تارە وەك ژەهری، دەخورێ وەك شەکری | گوێز |
| ٧١٨ | ڕێزە بەڕێزە دار چەماوە، گەلا پشتی چەرمی خاوە، مردووە زیندووی لەناوە؟ | قەفەزو کەو |
| ٧١٩ | ڕۆژبەرۆژوسات بەسات کەم دەبێتەوە ؟ | تەمەن |
| ٧٢٠ | ڕاست وچەپ دەچیەکنی، ڕێگاو بانان هەڵدەچنی، دەچیە ماڵان دای دەکنی؟ | پێڵاوە |
| ٧٢١ | ڕاوەستام لەسەر گردەکی، بانگم کردە یەکەکی، هەزار هات بە جارەکی؟ | شوان مەڕەکانی. |
| ٧٢٢ | ڕەشە وەك بزن هوردە وەکو هەرزن، بە پێنج لۆی دەچن، بەدوان دەیگەزن؟. | ئەسپێ |
| ٧٢٣ | ڕەقەبەرەقەی دەکەوێ، سۆرە بەنەرمەی دەکەوی؟. | ئەستێ و بەردو قامە |
| ٧٢٤ | رەپی ســـەر خـــڕ.؟ | تیرۆگ |
| ٧٢٥ | ڕەش و سپی یەو خارخارە، مۆرکی کوردانە و کورد بەوە دیارە. | جەمەدانی |
| ٧٢٦ | ڕەشە وەك قیری سپییە وەك شیری لە ڕێ دەڕوا وەك وەزیری | حاجی لەق لەق |
| ٧٢٧ | ڕەشە کوری ڕووناکییە، بە بەرزیش نەبی ڕازی نییە . | دووکەڵ |
| ٧٢٨ | ڕۆڵەی شیرین و شەویلە، دایکی چوورچەو چەویلە ؟ | دارمێو |
| ٧٢٩ | ڕەشە لاوازە، بێ چاوگۆیە، کەچی نیشکچی بەردەرکەی تۆیە ؟ | قفل وکلیل |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٣٠ | ڕەشە گرێ گرێ، ئەگەر نەتزانی سەرت خورێ؟. | ڕەشکـە |
| ٧٣١ | ڕەشە وەك دێوی، خواردن لە كێوی؟ . | سۆبەی دار |
| ٧٣٢ | ڕەشی ڕەشالوو، دەتنێن؟ | سۆبەی دار |
| ٧٣٣ | ڕەشە گەرمە تەڕەو تاڵە لەگەڵ ئەو بەفرە یەك ساڵە هەموو جیهانی بۆی بێزارە؟. | چـای |
| ٧٣٤ | ڕەشە خەڵوز نییە، سپییە بەفر نییە، لەبەحردایە ماسی نییە؟ | چـــاو |
| ٧٣٥ | ڕەشەو شەو نییە سپییەو ڕۆژ نییە ؟. | چـــاو |
| ٧٣٦ | ڕەشەی بێ موو سواری دایكت بوو .؟ | عەبـــا |
| ٧٣٧ | ڕەشە بزن نییە، كفتەی دەكا ژن نییە؟ . | قالۆچە |
| ٧٣٨ | ڕایەڵی لە سپیلكی، تێوەردانی لە سوركی، بڕانەوەی لە شینكی.؟ | قەزوان |
| ٧٣٩ | ڕایەڵی سپیلكە تێوەدانی سوركە دەیبڕیەوە شینكە؟. | قەزوان |
| ٧٤٠ | ڕووی گەشە، هەناوی بۆشە.؟ | قامیش |
| ٧٤١ | ڕەشە وەك مەیمون، لووسە وەك سابوون؟. | قالوچە |
| ٧٤٢ | ڕەشە لە بنەبانێ هەر دێتە كابانێ ؟. | كوندە |
| ٧٤٣ | ڕەپ ڕەپ وەستاوە، پەڕۆی تیا گیرماوە؟ | كەنوو |
| ٧٤٤ | ڕەشی بەرموو، سواری دایكت بوو؟. | كوندە |
| ٧٤٥ | ڕاستە هیچ گومانی تێدا نییە، مشت و مری لەسەر نییە؟ | مردن |
| ٧٤٦ | ڕكت لێتیی، حەزیش ناكەی ببینی، هەردەم لێشی دەچییە پێش؟. | مردن |
| ٧٤٧ | ڕاستەوهەرەوات، بتە ویێونە تەویێهەردەت بات ؟ | مردن |
| ٧٤٨ | ڕەشە ڕشە موش، لەكەلانكتا دەخشێ.؟ | مێروو |
| ٧٤٩ | ڕەشە كار نییە، جۆ دەخوا ئاژەڵ نییە، دیوار كوون دەكا دز نییە؟. | مێروستان |
| ٧٥٠ | ڕەشەی دووگون، دەپەڕی لەژن؟ | كوندەیە |
| ٧٥١ | ڕەشەهەمبانێ، هەلدیتەكابانێ؟ | مەشكەیە |
| ٧٥٢ | ڕەگی لەبن هەردی، دان لەسەرهەردی، ئەگەر بزانی مەردی؟ | گولەگەنم |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٥٣ | ڕکت لەهەقی دەبیتەوە، لەبەر ڕەحمەتی خواش هەڵدنیی؟ | مردن، بارانە |
| ٧٥٤ | ڕەپ ڕەپ وەستاوە، پەڕۆی تێگیراوە؟ | کەندوو |
| ٧٥٥ | ڕەشەی ڕەش بەراز، دندووك ئالقەراز، چل گەزی کراس؟ | چادر |
| ٧٥٦ | ڕەشە شەڤ نییە، جەی دخۆت کەرنییە، دناڤ مالێ نێت ودچیت مشك نییە، دفڕیت بالندە نییە؟ | مێروولە |
| ٧٥٧ | ڕەشی لەساری، هەر دادەداتە کابانی؟ . | هێزەی ڕون |

## پیتـــــی (ز – ژ)

| | | |
|---|---|---|
| ٧٥٨ | زەردیلەی بەرۆژ میوان، شەوونبووی لەزیندان؟ | رۆژ |
| ٧٥٩ | زەردە وەك هێلکەی ڕوونی، کورە وەك داسی دوورنەیی؟ | مانگ |
| ٧٦٠ | زریزەی بەزەنگیان، تەڕە لەمێرگو کوێستان، هەمیشە لەدەو ئاوان؟ | بۆق |
| ٧٦١ | زەردە ڕۆژ نییە، بار هەردەگڕی کەر نییە، دەفڕی فڕۆکە نییە؟ | مێش هەنگوین |
| ٧٦٢ | زەوی گۆشتە، تۆی نیە، شین دەبی، پەلکی نیە؟ | کوتانی لەش |
| ٧٦٣ | زمانی نییە، گۆشتی دەخورێ؟ | ماسی |
| ٧٦٤ | زیندووهات بەفیل مردوەکی ناشت بەری دارەکەی ئادەمی لێ ناشت ؟ | گەنم |
| ٧٦٥ | زەوی سپی، تۆی ڕەش ؟ | قەلەم وکاغەز |
| ٧٦٦ | زیندوو مردووە ك رادەکێشێ، زیندوویێدەنگن، مردوو دەدوێتن؟ | قەلەمە |
| ٧٦٧ | زیندەوری بێ دایكو باوکن، لەبانەوە بانگدەکەن، خەلیکینە خرا پەی مەکەن؟ | فریشەکانی ئاسمانن |
| ٧٦٨ | زەمین لافاوە، شارێکە لەسەرئاوە، هەموو زیندووەرێکی لەناوە؟ | کەشتیەکەی نوح |
| ٧٦٩ | زگی پڕە، بێ سێبەرە؟ | چالی گەنم |
| ٧٧٠ | زەردی چوار پێیە، کانیەکی لێیە، ئاورگی پێیە؟ | سەماوەر |
| ٧٧١ | زارێ لە پشتێ بۆ خۆی لە بەردێ، هێزی لە ئاوەدانێ؟ | ئاشی ئاو |
| ٧٧٢ | زمانی لە پشتێ، کلکی لە تەنیشتی، ڕزقی لە دەشتی؟. | ئاشی ئاو |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٧٣ | زۆربەغارە، قاچی نیە، مالیشی لەبن عاردیە ؟ | مار |
| ٧٧٤ | زەردی زەردی، لە بن بەردی ئەلقەی شێرو گۆی نامەردی؟. | مـار |
| ٧٧٥ | زەردی زەعفەران، ئام لە ووشتران، ئاردم لۆناو کافران. ؟ | تووتن |
| ٧٧٦ | زستانێ خڕە، هاوینێ پڕە؟ | رەشماڵ |
| ٧٧٧ | زیندوویەك هات مردوویەکی ئاشت مردوویەکیش لە جێگای خۆی زیندویەکی ئاشت؟ | فـاڵ |
| ٧٧٨ | زیندو و مردوو ئەکا، مردوو زیندوو ئەکا .؟ | مریشك هێلکە |
| ٧٧٩ | زەردە دەردە، لەبن بەردە.؟ | دووپشك |
| ٧٨٠ | زەردیلەی لەدەشتێ، کلك لەسەر پشتێ؟ | دوو پشك |
| ٧٨١ | زەردی زەردی، لەبن بەردی، حوکمی رۆژی زراوی بردی؟. | دووپشك |
| ٧٨٢ | زەردی زەردان، لەبن بەردان، وەکی مەردان؟. | دووپشك |
| ٧٨٣ | زەنگەنە بۆم هەلکەنە.؟ | دلۆپە |
| ٧٨٤ | زەردە حاجی نییە، سەوزە سەید نییە، سپییە مەلا نییە.؟ | گولی نێرگز |
| ٧٨٥ | زەردی زەعفەران نییە، نووسەراوە قورئان نییە.؟ | لیرەی ئالتون |
| ٧٨٦ | زەردە زەرنیق نییە، سپییە پەنیر نییە، بۆشە بۆق نییە.؟ | لیرەی ئالتون |
| ٧٨٧ | زەدردە وەك زەعفەران، سپی وەك بەفری کەلان؟ | گوڵە نێرگز |
| ٧٨٨ | زۆر ڕەقە، دەبێ بەئاو.؟ | سەهۆل |
| ٧٨٩ | زەردی زەردی لە بن بەردی زاراوی بردی ؟. | مـــار |

## پیتـــی (ژ)

| | | |
|---|---|---|
| ٧٩٠ | ژوورێکی پاکو وسپی، خانمی جوانی تیادەژی؟ | دمو وددان |
| ٧٩١ | ژوورێکمان هەیە لەژووران، تێدایە سی وددوبەردی جوان ؟ | دەوددان |
| ٧٩٢ | ژوورێکمان هەیە تاریك، پرلەهووردەبەردی باریك ؟ | دەوددان |
| ٧٩٣ | ژوورێکمان هەیە، تاریك تاریك، پڕە لەزەنگە قلیشەی باریك؟ | دەوددان |
| ٧٩٤ | ژووری دوودەرگا چل سەربازی تێدا؟ | شخارتە |
| ٧٩٥ | ژێری سپییە، پشتی ڕەشە، سەد کلاوی لەسەرکە، دەیسوتێنی، بەچەند چرکە؟ | ساجی نان |
| ٧٩٦ | ژێری ئاگرە سەری ئاوە.؟ | سەماوەر |
| ٧٩٧ | ژێری ئاگرە، سەری ئاوە، سکی خەزینەیە.؟ | سەماوەر |
| ٧٩٨ | ژ بۆ ستێ پێترە – ژگەزێ کێمترە.؟ | قشقەلانگ |
| ٧٩٩ | ژهێڤە دار، ژویڤەدار، بێت ناڤدا سەیێ هار؟ | خەنجەر |
| ٨٠٠ | ژن نییە کولێرەکەرە مار نییە سەر بەکۆنە هەوریش نییە دەگەرمێنێ؟ | ( هەنگ ) |
| ٨٠١ | ژنی سك پڕ، سێبەری نییە؟ | مانگ |

## پیتـــی (س)

| | | |
|---|---|---|
| ٨٠٢ | سە ربە کونە مارنیە، دە کری هە ورنیە، کاردەکاکابان نیە ؟ | مێش هە نگوین |
| ٨٠٣ | سی سوارهاتن لە ریزە کی، هە مووم گرتنە نامێزە کی ؟ | مانکی رەمە زان |
| ٨٠٤ | سەری خورینە، بن دار ینە، خواردنی گیاییینە؟ | قەنەی جگەرە |
| ٨٠٥ | سەر قوتیلی دوشەڕیلی؟ | قەلەم |
| ٨٠٦ | سەری قژنە، ناوی شیرینە ؟ | ژنێك ناوی شیرینە |
| ٨٠٧ | سەری جاحێرە، بنی پیرە، سەردەمی نوری سەعیدی لەبیرە؟ | فانوسە |
| ٨٠٨ | سێ کەس دووسێویان خوارد، هەریەکە سێوێکیان بەرکەوت؟ | ژن ومێرد بون، ژنەکە دووگیانبوو |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٠٩ | سەری لەبن لەشیە، لەشێلە سە رزەویە، بەدەیان دادێنەدووان؟ | مەڕ دۆشین |
| ٨١٠ | سەر باریکی قون ئەستور، دەرکەم لێوەکرد چووە ژوور؟ | مێووژ |
| ٨١١ | سە ربە کونە مارنیە، دە کریێ هەورنیە، کاردەکاکابان نیە ؟ | مێش هەنکینە |
| ٨١٢ | سێ سفر لەسەر ڕایە، جیرانی ئەلف و بایە، بێ نوون مانایی نایە؟ | ژیان |
| ٨١٣ | سندوقی سەمەنی، تەقەمەکە دەیشکێنی؟ | قەزوانە |
| ٨١٤ | سەری تاش و بنی تاش، مام نۆمەری کلك جاش. | ملاك، کەوچەك |
| ٨١٥ | سەرتانە لووس، بن تانەلووس، قوڕی کەنی، قوڕمەنگەنوس؟ | کیسەڵ |
| ٨١٦ | سێ تاس، سێ بنەتاس، سێ بەربووك و سێ ڕەقاس | کاتژمێر |
| ٨١٧ | سەری پیسە، قوونی پاکە؟ | گێسك |
| ٨١٨ | سپی و لووس وزل وتاتە، راخەری کوردی و جێ تاتە؟ | حەسیری زل |
| ٨١٩ | سەر ماشەڕۆ، پێ خا پەڕۆ؟ | کەلەباب |
| ٨٢٠ | سۆفی سەحەری، مامی دووردێن، ئەو لادی قوونی؟ | کەڵەباب |
| ٨٢١ | سەری بەڕدێن، ڕدێنی بێ موو، چەرمە چەکاڵتە، هەیهوهەیهو؟ | کەڵەباب |
| ٨٢٢ | سپیە بەفرنییە، سەرزەردە زەعفەران نیە؟ | جگەرە ( جغارە ) |
| ٨٢٣ | سەری سوورە، نەفەسی بەرەو ژوورە؟ | جگەرە ( جغارە ) |
| ٨٢٤ | سەری تیژە، بنی کوونە گێژە بزانە، سووژنە؟ | شووژنە |
| ٨٢٥ | سواری کە پووە، دووگۆیە، چاوی لەتۆیە | چاویلکەیە |
| ٨٢٦ | سواری هەراش، سەگی نیو بەرداش..؟ | زمانە |
| ٨٢٧ | سینگ داکوتراو، کوتەك نەدیتوو؟ | کەنگرە |
| ٨٢٨ | سەگی هار، پریەباندار، پەل و پۆی هێنایە خوار؟ | تەورداس |
| ٨٢٩ | سەیری خەلکی دەکات، درۆلەگەڵ کەس ناکات..؟ | ئاوێنەیە |
| ٨٣٠ | سەری شاخە، بەری بییە، پیستەی بزنە تووکی نییە؟ | خە نجەرە |
| ٨٣١ | سەردەمێك بەچوار دەڕوات، ماوەیەك بەدووان، لە پاشان بەسێیان؟ | تەمەنی مرۆڤ بەمنالی و گە نجی و پیری |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٣٢ | سی سوار هاتە شارەکی، هەرسی چوونە هەموومارەکی | مانگی رمەزان |
| ٨٣٣ | سی تاق، سی بەرتاق، سی دەرگەیە، سی حوجرەیە؟ | سی جزمەی قورئانە |
| ٨٣٤ | سەرێکی راستەو سەرێکی خوارە، خۆی ئاسنە سەرەکەی دارە؟ | مشارە |
| ٨٣٥ | سەری هەبێ چاوی نییە، چاوی هەبێ سەری نییە؟ | دەرزی، دەمبوس |
| ٨٣٦ | سەری زلە و سەلامەت بنی قوڵەو قیامەت بە تەڕی تێدەنێ بە ووشکی دیهێنیە دەرێ. | تەندوور |
| ٨٣٧ | سوورە رەنگ ناکریی، شیرینە قوت نادریی، تالەفرینادریی، تەرەووشك نابی، لەلاتە وون نابیی ؟ | زمانە |
| ٨٣٨ | سۆر دەکرێتەوە، کەچی ناخورێ | ئاسن |
| ٨٣٩ | سەری سەوزە، لەشی رەشە، ناوی سپییەو دڵی گەش؟ | باینجان |
| ٨٤٠ | سپییەبەفرنیە، تامی هەیە شەکرنیە ؟ | خوییە |
| ٨٤١ | سەری لە زەویدایە، قاچی لە ئاسماندایە، دەخورێ بەو خوایە؟ | پیاز |
| ٨٤٢ | سەد قوتی ناویەك قوتی؟ | پیاز |
| ٨٤٣ | سەری سپییە ناوی شیرینە؟ | ژنێك ناوشیرینە |
| ٨٤٤ | سەری مارە، زگی بەرخە، پشتی کارە کلکی مقەسە؟ | پەرەسێلکە |
| ٨٤٥ | سمێل قیتی لۆتیانە؟ | پشیلە |
| ٨٤٦ | سەری سپییە و مووی نییە هەڵدەپەڕێ و پێی نییە؟ | تەزرە |
| ٨٤٧ | سەری یەکەو بنی دوو بەکنگی بابوو باپیردا چوو؟ | ڕانك و شەڕواڵ |
| ٨٤٨ | سپییە و زلە، قورمزی، کونی نییە، ئاو دەدزێ؟ | شووتی |
| ٨٤٩ | سەری پییە و پێی سەرە بە پێنج پیت ناوی بەرە؟ | قرژاڵ |
| ٨٥٠ | سێ پا ژوور زەمین چوار پا ژێرزەمین شلقی هەیەوپلقی هەیە وەرە سەیر شلق وپلقی کە؟ | مەشکە ژەنین |
| ٨٥١ | سپیە مەلا نییە زەردە حاجی نییە کەسکە سەید نییە؟ | نێرگز |
| ٨٥٢ | سپیە شیر نییە زەردە زەردێنە نییە شینە گیا نییە؟ | نێرگز |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٥٣ | سەری ئاسنە، بنی دارە، ئەگەر نازانی شێتە مشارە؟ | مشار |
| ٨٥٤ | سورە باوێ چۆنەڕاوێ کەوتە داوێ؟ | مشـك |
| ٨٥٥ | سندوقی دار دام لە دیوار بوو بە هەزار؟ | هەناری ووشك |
| ٨٥٦ | سەری سانە بنی قورئانە تۆ بیزانە؟ | کارگ – قارچك |
| ٨٥٧ | سەری نێمەیە، بنی ئومەیە، لەکن خوشکەیە؟ | کەوشی پێی ژن |
| ٨٥٨ | سەد حەنك لەبان سندوقێك؟ | کۆڵەکە |
| ٨٥٩ | سپییە وەکی کەشکی، گۆی وەکو گۆی مشکی، نە مشکە، نە کەشکە؟ | گۆی شیتانۆکە |
| ٨٦٠ | سەری گەورەترە لە هورگی؟ | مێروولە |
| ٨٦١ | سەری شاخە،ئیسمی شێرە، قنگی کێرە؟ | کەلەشێر؟ |
| ٨٦٢ | سپییە وەك کەشك، قوتە وەك مشك؟ | شەیتانۆکە |
| ٨٦٣ | سەریئاسنە، دەسکی دارە، زستان کەوتوە هاوین هارە، پێنج خەنجەری هەردەم سوارە ؟ | شنەی ئاسن |
| ٨٦٤ | سەرقاپی قونێ، تامی بزۆێشێ، هەر کەس نەیزانی چاوانی بێشێ؟ | دوونگی مەڕ |
| ٨٦٥ | سەری تەسکە وبنی بڵاوە، کەرە کلاوە کەرەکلاوە؟ | کڵاو |
| ٨٦٦ | سێ پایلکەی سەر رەش، کەرەی گیڤ گیڤ کەرە؟ | پەلەمێز |
| ٨٦٧ | سەری خڕە بنی بڵاوە، چ بزانی دەڵی کلاوە؟ | کلاوە |
| ٨٦٨ | سەوزە لەبازار، سورە لەدایکت؟ | خەنە |
| ٨٦٩ | سی و دوو گێرە دەکات سورەش وەرگێرێ دەکات؟ | ٣٢ دانە و زمان |
| ٨٧٠ | سێبەرە لە تێپەرە، دووی لە هەتاوە، ئەوەی بیزانی ئەقلی تەواوە؟ | ( ٥ ) رەکاتی نوێژ |
| ٨٧١ | سەری سپییە، حاجی نییە، لەشی کەسکە و سەید نییە؟ | تەڕە پیاز |
| ٨٧٢ | سەری سەوزە، بنی سۆرە؟ | توور |
| ٨٧٣ | سەد سوار لە دوای سوارەکی دەلەرزی؟ | تەسبیح |
| ٨٧٤ | سێ ژووری ئیعدامە، ئەو ئانەی دەخوا حەرامە؟ | تەڵە مشك |
| ٨٧٥ | سندوق سندوقی سلێمانی تێدایە پیریی و جوانیی؟ | گۆڕ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٧٦ | سەری لە کێوان بنی لە بەحران ڕسقی لە ئاوەدانیان؟ | ئاشی ئــاو |
| ٨٧٧ | سێیە نابێ بە چوار؟ | تەڵاق |
| ٨٧٨ | سەری چیایە بنی گیایە، ئەوە چییە چرایە؟ | چرا |
| ٨٧٩ | سێ بەی، سێ زەردی بەی، سێ هەنار، سێ ژەهری مار؟ | چوار وەرزی ساڵ |
| ٨٨٠ | سپی سێ پا؟ | خوانــــە |
| ٨٨١ | سێ پیتە بە ژمارە، کەوانیەکی خوارە، دەبڕی گیاو تەبارە پانە ڕەمزی جووتیارە؟ | داس |
| ٨٨٢ | سندووقی سولە یمانی، لە گۆرەکی پانی؟ | دارە بازە |
| ٨٨٣ | سەندوقی سەرانە، لە ڕێی گۆرستانە، منالۆی میوانە؟ | دارە بازە |
| ٨٨٤ | سەرێکی دارە، سەرێکی شیشە، کەرەفامکە دەریشە؟ | دەریشە |
| ٨٨٥ | سەری لۆ تووو، بنی لۆ کەری؟ | دەغڵ |
| ٨٨٦ | سەربانێکەو بن بانێکە چوار مەرو شوانێکە؟ | دەست و پە نجە |
| ٨٨٧ | سەد کەس لە ژوورێکا درێژ وسپین، کڵاوەکانیان قاوەیی و سورن؟ | دنکە شقارتە |
| ٨٨٨ | سەرپاك هی خوتە، نیوەت تێدایە؟ | ڕان و چۆغەر |
| ٨٨٩ | سێ نوختە و شەش پیتە، بێ دیواروسا پیتە، خوانەکی جوان و قیتە؟ | ڕەشماڵ |
| ٨٩٠ | سێ سەنگەرو نانێکی ئیعدامێ؟ | تەڵەی مشك |
| ٨٩١ | سەوزە وەك خەیار، بەرزە وەك چنار، ترشە وەك هەنار؟ | ڕێواس |
| ٨٩٢ | سێ سەد و شەست و شەش هێلکانە، دوازدە، بەچکە و یەك داکانە؟ | ساڵ مانگ و ڕۆژ |
| ٨٩٣ | سەری سپییە حاجی نییە، کەویێ شۆڕە مەلا نییە، گۆشتی دەخوا ئیسقانی نییە؟ | سیسارکە |
| ٨٩٤ | سێ چیا ئەو بەر ئەو بەرە، دێوی ڕەشی لەسەرە؟ | سێری نان کردن |
| ٨٩٥ | سوارێك هات بەهۆ هۆ، ئەسەری هەبوونەرا پۆ؟ | هەور |
| ٨٩٦ | سەگی هار لەبان دار، کلوو کلوو بەفردێتە خوار؟ | مەکینەی سەرتاشین |
| ٨٩٧ | سەری لووسە، وەك هەسانە، بنی لا پەرەی قورئان؟ | قارچك |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٩٨ | سواری ئەسپیٚ بووم، بیٚگیان بوو، دوومەریشم خوراد، بیٚ نیسقان بوو؟ | لانك وممكی دایك |
| ٨٩٩ | سەری گۆشتە، ناوەندی پیٚستە، ئەگەر نەزانی سقەدانی مریشكە؟ | سیقەدان |
| ٩٠٠ | سیٚ سەرە سیٚ سەرە، ئەحمەد پاشای لەسەرە، كلك دریٚژی نۆكەرە؟ | سیٚكوچكەو مه نجەڵ و مراك |
| ٩٠١ | سندوقی زەردی یەمەنی، تەقەمەكە دەشكیٚنیٚ تەقەمەكە كلیل دارە، لەهەموو شاریٚ خەبەردارە؟ | مانگی رمەزان |
| ٩٠٢ | سەی رەش نانی لەسەی سپی دەستیٚنیٚ؟ | سیٚرو فەرشە |
| ٩٠٣ | سەری هەسپە قونی قەسپە كلكی دارە پیٚ مشارە؟ | شیٚرە كلۆیە |
| ٩٠٤ | سپی سیٚ لاق؟ | فەرش |
| ٩٠٥ | سەری ئاگرینە بن دارینە، خواردنی و گیایی شینە؟ | قەنــە |
| ٩٠٦ | سیٚ یاریكەر و دوانزە سەیركەر؟ | كاتژمیٚر |
| ٩٠٧ | سیٚبرا هەن شەوو رۆژ رادەكەن، هەنگاوی گەورەو بچووك دەبەن، لە ئە نجامیش وەكیەك دەبن؟ | كاتژمیٚر |
| ٩٠٨ | سەری بەردە بەرد نییە، كار دەكا مرۆڤ نییە؟ | كاتژمیٚر |
| ٩٠٩ | سیٚ لۆریەكا . چییە؟ | واتە ٣٠ لۆریەكا |
| ٩١٠ | سینگ لەسەر پشتیٚ، بەقونیٚ هەنگشتیٚ؟ | كەئەبـاب |
| ٩١١ | سەر جلی بن جل خوری، ئەگەر هەر نەینی لە پیرەژنە بۆری؟ | كلاش |
| ٩١٢ | سەری تەسكە بنی بلاوە، ئەگەر ژیری بلیٚ كلاوە؟ | كلاو |
| ٩١٣ | سواریٚمە بەنیشانە، لەسەر ماینی بیٚ گیانە؟ | كورپە لەناو لانك |
| ٩١٤ | سەری بەتوو، بنی بەداكت؟ | مەمكە |
| ٩١٥ | سەری هەسانە، بنی قورنانە؟ | كوارگ |
| ٩١٦ | سەری شینە، موچك سپییە؟ | كوزەر |
| ٩١٧ | سیكەی دیٚت مار نییە، گونی هەیە بەران نییە، گیا دەخوا مانگا نی یە؟ | كیسەڵ |
| ٩١٨ | سەری دەبڕی بە فردیٚ؟ | گەلا |

| | | |
|---|---|---|
| ٩١٩ | سواری کەس نەبەزاندی، لانکی کەس نەژاندی؟ | گۆڕ |
| ٩٢٠ | سپییە و پانە، سێ مەمکی لە بنانە؟ | فەرش، خوان |
| ٩٢١ | سەرێکی ئاسنە، سەرێکی دارە، دەنوکێکی رێك دەنوکێکی خوارە؟ | مشارە |
| ٩٢٢ | سێ لنگ لە عەردی، چوار لنگ لە حەوای؟ | مەشکە و سێپێکە |
| ٩٢٣ | سی گرد بەرامبەرە، دێوی ڕەش لەسەرە، پە پلان هاو کەرە؟ | مە نجەڵ وناگر |
| ٩٢٤ | ساجی زل زل، کەوتە مەنزل، کۆلەکەم نەوی، بەخۆڕ ڕەوی؟ | هەورە تریشقە |
| ٩٢٥ | سییەو نابێ بە چوار؟ | تەلاق |
| ٩٢٦ | سەماکەرێك سەما دەکا، دیاری حاکمی پەیا دەکا؟ | مێش هەنگینە |
| ٩٢٧ | سەری عالمانە نافتەنگا زاهدانە، کونێت بالگێرانە؟ | مێروو |
| ٩٢٨ | سمۆرە سك سکی، لەسەر داری پەندکی، سەدو یەکی لە سکی؟ | هەنار |
| ٩٢٩ | سەری هێسك، بەدەن ناسك، چوار گوێی بێ پێچك؟ | هێلکە |
| ٩٣٠ | سەد قوتی سەمەن قوتی، هەر سەدی لەیەك قوتی؟ | هەنار |
| ٩٣١ | سوارەك هات هەر بەغار، دای لە دیوار، رمەی لێدا بوو بە هەزار؟ | هەنار |
| ٩٣٢ | سێ تێلن، سێ پێن، میرو حاکما سینگ لێنە؟ | سۆپە |
| ٩٣٣ | سەر گەلە، بن گەل گەلە، چاڤ زقو سمێل بەلە؟ | سفۆرە |
| ٩٣٤ | سێ برانە، چ جارا، چەجارانا گەهنەیەك؟ | پانکە |
| ٩٣٥ | سندرێك پاك سندریك، کلیل دەستێ بیکێ؟ | دەستار |
| ٩٣٦ | سەری وێ گوپالە، نێڤەکا وێ مەیدانە، بنێ وێ پیێندارە؟ | تەشییە |
| ٩٣٧ | سایەڤەی ساماڵ هەوری فەرهەنگی، دوو ئاو لە جامێ، هەر یەك لە ڕەنگێ؟ | هێلکـە |

## پیتی (ش)

| | | |
|---|---|---|
| ٩٣٨ | شەملەموت ومەملەمووت، لەباسکان هوت هوت، لاوك و حەیرانی دەگوت؟ | زەنگورە |
| ٩٣٩ | شەمولەی قوون پان، پێدەزانی هەموو ڕێگاوبان؟ | پارە |
| ٩٤٠ | شەوو ڕۆژ دەگەڕێت، بەلام ناگۆڕێت؟ | دەستارە |
| ٩٤١ | شەلەی کۆرەی ئەقوستان، دایدەگرمە بەرمستان، پێمکرد گەرمیان کوێستان؟ | خوانە، فە رش |
| ٩٤٢ | شەش پیتە، دوو پانینە، مل یەکە لەپانینە؟ | تەرازوو |
| ٩٤٣ | شەملوتو مەملەمووت، لەباسکان هوت هوت، لاوكو حەیرانی دەگوت؟ | زەنگور ە |
| ٩٤٤ | شتێکم هەیە سەر کراوانێ، لەبن پەڕ پەڕی قورئانێ؟ | کوارگ |
| ٩٤٥ | شواتەڕ، لەسەر گەوهەر؟ | مار |
| ٩٤٦ | شفتی شەترەقی، دام لەبەرد نەتەقی؟ | کیسەڵ |
| ٩٤٧ | شەشت بەشەشی، دوازدەت بەکونەرەشی، لەسەربیستو چواران دابەشی؟ | بزمارو ناڵی وڵاخ |
| ٩٤٨ | شتێکە بەزستان و بەهاوین، لەناو بەفرو لەکادین، هەرگەرمەوسارد نابێتەوە؟ | بیبەری تیژە |
| ٩٤٩ | شارێکم هەیە، خانووەکانی سوور، دانیشتوانی ڕەشی مل ئەستور، سەوزە وەك گەڵای دار، ئاسنە کلیلی شار؟ | شفتی |
| ٩٥٠ | شورەی سەوز، عەسکەری ڕەش، ڕووباری سوور، کلیلی ئەوشارە چەقۆە؟ | شفتی |
| ٩٥١ | شتێك هەیە لەچیایە، سپیاتی تێدایە، ناوی گێزەر تێدایە، جەرگم بووەکوون کوون کوندە لانم بێنەکن؟ | ژاژیە |
| ٩٥٢ | شیرینە هەنگوین نیە، تاڵەژەهری مارنییە، لەبەحرایە ماسی نییە؟ | زمانە |
| ٩٥٣ | شتێك هەیە ڕەحمەتە، خەڵك پێان زەحمەتە؟ | باران |
| ٩٥٤ | شتێك هەیە، بیخە سەر ئاگر نامینێ؟ | بەفر |
| ٩٥٥ | شیرین و شۆك لەدارلۆك داری لۆك لەگوێ بەلۆك گوێ بەلۆك وەپێش کەوێ پێپانۆك وەپاش کەوێ؟ | ئەو کەسەی کە دوای گوێ درێژێ کەوتووەو باری ترێی پێیە |
| ٩٥٦ | شینەو مزرە سوورە و ترشە ڕەشەو شیرینە؟ | ترێ ڕەش |
| ٩٥٧ | شتێکم هەیە لەشتان دەپێچرێ لە بۆخچەی سوڵتان هەتا سالێکی ئەو دەمان؟ | منداڵ |

| | | |
|---|---|---|
| ٩٥٨ | شوانێك هات لە كەندالی ودرە وردە مەڕان دادویلی؟ | شانەی قژ داهێنان |
| ٩٥٩ | شتێکم هەیە ئەوندووکە لە پێش میوانان دەلێ ی بووکە؟ | چــرا |
| ٩٦٠ | شتێکی پیسی بێ عار نالەبار، قاچت دەگەزێ وەك سەگی هار؟ | لوغم ( مین ) |
| ٩٦١ | شتێکم هەیە ئەلێرە ئیشێ دەکا لە ئاسۆس پێ پڕکێ دەکا؟ | چـــاو |
| ٩٦٢ | شەو لە بانێ گۆی هەمبانێ؟ | بـــا گوردان |
| ٩٦٣ | شارێکە باری دوو ولاخە؟ | چوارتـــا |
| ٩٦٤ | شتێك هەتاکو دەست بە قوینێ نەبەی، زار قرژ ناکات؟ | مقەس |
| ٩٦٥ | شتێکم هەیە لەو شتانە، هەلی ئەگرم بۆ رۆژی تەنگانە؟ | پارە |
| ٩٦٦ | شوانی چواربزنانە، گۆشتەولەلامانە ؟ | پە نجەیگەورە |
| ٩٦٧ | شیشی گۆشت، کەبابی ئاسن؟ | پە نجەو ئەنگوستیلە |
| ٩٦٨ | شتەکی سۆری قورمزی، کون نییە ئاویش دەدزی؟ | تەماتە |
| ٩٦٩ | شیرینە وەك شەکر دایکی چرچ و ریچە؟ | مێوژ |
| ٩٧٠ | شین وەشین، زەرد وەك زێری، سپی وەك پەنیر؟ | نێرگز |
| ٩٧١ | شەلی قولی بێ مووە، قرقرەی لەدووە؟ | بۆق |
| ٩٧٢ | شل و نەرم و بێ مووە، لەنێو ئاودا زیندووە؟ | بۆق |
| ٩٧٣ | شارێکە خانوەکانی سورە، دانیشتوانی ڕەش ملنەستوورە، دیواری سەوزەوەك گەلای تورە؟ | شفتی |
| ٩٧٤ | شتێکە هەر لەکارە، شەوو رۆژ دەکا بە ژمارە، لەبازار دەیکرن بە پارە؟ | کاتژمێر |
| ٩٧٥ | شەو تاریکە، کون باریکە، بەخۆم ناوێرم ئەتۆ دەنێرم؟ | تفەنگ |
| ٩٧٦ | شەش بەن و دەفەك، دوو دەف و دارەك؟ | تەرازوو |
| ٩٧٧ | شتێك هەیە، چوار مندالی لەسکی دایە؟ | کاکلی گوێز |
| ٩٧٨ | شەش پەڕوو دوو چاوە، دوژمنی رۆژو هەتاوە؟ | ماسی |
| ٩٧٩ | شتێکم هەیە لەم شتانە وا لە بوخچەی سولتانی خوا نەبێ کەس نازانێ؟ | مندال لەسکی دایکی |
| ٩٨٠ | شارەو خانووی نییە، بەحرەو ئاوی نییە، دارستانەو داری نییە؟ | نەخشە |
| ٩٨١ | شینە وەك شنگی، تالە وەك پونگی | ڕێحان، توتن |

| | پیتی (ف – ق) | |
|---|---|---|
| ٩٨٢ | قەفەزێکە ئەمرۆڤ، ئەناژەلی تێدا زیندانی نییە؟ | قەفەزی سینگ |
| ٩٨٣ | قیمەتی گرانە، وەزنی سووکە، ژن لۆی بەنووکە نووکە؟ | زێڕ |
| ٩٨٤ | قەسری من لەگێچینە، هیچ کون و دەرکەی تێدا نینە، ڕوح لەبەر تێدا زیندینە؟ | هێلکە |
| ٩٨٥ | فەقیر فڕێی دەدەن، دەولەمەند هەڵیدەگرن؟ | چلمی لووتە |
| ٩٨٦ | فڕنی فڕنی فڕناوی قیز بەرەی بەرهەتاوێ، دریشە لەگونی هەردە، هەوەست دەچیتە ماستاوی؟ | کەباب |
| ٩٨٧ | فڕنی فڕنی فڕناوی، سوژنی تیڕاکەی تەبیعەتت دەچێتە ماستاوی؟ | کەباب |
| ٩٨٨ | فافۆنە کون کونە دایمە بە دەستی ژنە؟ | کەوگیر |
| ٩٨٩ | قوندەکەی بێ موو لەبانان ڕادەکا، بۆقیشەو پێت نارێم؟ | بۆق |
| ٩٩٠ | قورسەو وەزنی نییە، دەڕوات ڕەنگی نییە؟ | رووح |
| ٩٩١ | قاسمی دیوار سم ئەگەر نەزانی لوتت تسم؟ | مشك |
| ٩٩٢ | قەلای گۆشتە، میحرابی ئاوە هەر لا ڕووی تێکەی قیبلەی تەواوە هەر چی بیزانێ ئەقڵی تەواوە؟ | ماسی |
| ٩٩٣ | قنگ بەدەمت، تسی بەلووتت؟ | جگەرە |
| ٩٩٤ | قەسری سپی ڕێ لە کاروانی دەگری؟ | بەفر |
| ٩٩٥ | قوپی بەلینەگەکی، چوو شەڕی گوندەکی؟ | بەفر |
| ٩٩٦ | قسە دەکات، دەمی نییە؟ | پێنووس |
| ٩٩٧ | قەسری سپی، سۆندەکی کەسك؟ | تەرە پیاز |
| ٩٩٨ | قەیسەری کراوی رەشی لەسەری؟ | سێ کوچکە |
| ٩٩٩ | قەیسەری لەسەر قەیسەری ( مەحمو پاشا )ی لەتەوقی سەری؟ | سەماوەر |
| ١٠٠٠ | قازیلەی یەك چاو؟ | سووژن |
| ١٠٠١ | قەراسە پسا خوێن ڕژا؟ | شفتی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠٠٢ | قافلەی سەر زەمین، كاسبكار بێ زمان هەرچی هەلیداسەد ( نافەرین ) نەوجەوان؟ | مێرووله |
| ١٠٠٣ | قەسری سپی، دەمانچە لەسەر؟ | برنج و ڕانە گۆشت |
| ١٠٠٤ | فا تمۆكەی سەركەزی سەری پڕە لە دەرزی؟ | كەنگر |
| ١٠٠٥ | قەلای گۆشتین پێلقەی ئاسنین؟ | مایـن و ئاوزنگ |
| ١٠٠٦ | قاسم دیوار سم؟ | مشكە |
| ١٠٠٧ | قەسری سپی بێ دەركە؟ | هێلكە |
| ١٠٠٨ | قەلاچیەكم هەیە گەچ گەچین، نە پای هەیە نە پاچین؟ | هێلكە |
| ١٠٠٩ | قەراتۆكەی گێچینە هیچ پێ بلقەی لێ نینە، مردی تێدا زیندینە؟ | هێلكە |

## پیتـــــی (ك)

| | | |
|---|---|---|
| ١٠١٠ | كوری خاكم، زۆربەناوم، نزیك ئاگرو ئاوم ؟ | چای |
| ١٠١١ | كوڵی بەردە، خواردنی گیایە، ڕەنینی بایە؟ | قەنەوتوتنی جگەرە |
| ١٠١٢ | كابرایەك لەنێو ڕەزی، دەیكوژیەوە وەك مەرزی، ئەوی بیخوا لەبەری دەلەڕەزی؟ | سوێند خوارد بەدرۆ |
| ١٠١٣ | كیلۆیە ئاسن یاكیلۆیە لۆكە گرانترە؟ | كیلۆ هەركیلۆیە |
| ١٠١٤ | كەلەناودەرچوو، ناگرێتەوە؟ | ماسی |
| ١٠١٥ | كەدەرت بری، هەلەیە؟ | وشەی هەڵەییە |
| ١٠١٦ | كەی لەسەر بزمار دەرۆی؟ | پێلاوی بزمارڕێژ |
| ١٠١٧ | كلكی دارە، ملی خوارە، دەوی هارە؟ | داس |
| ١٠١٨ | كلكی سەكۆیە، پێشی بەلایە ؟ | تفە نگە |
| ١٠١٩ | كەلەوەژی گیانكێشانی، دۆستو دوژمنی نازانی؟ | تفەنگە |
| ١٠٢٠ | كۆمی هوتك، تژە نۆتك؟ | هە نجیرە |
| ١٠٢١ | كەلەی خڕ، سمێل بابڕ، پەرچەم مەریوانی، ڕاوچی مالیە، كەس | پشیلەیە |

| | | |
|---|---|---|
| | بەهەستی نازانی؟ | |
| ١٠٢٢ | کلاوی قازی، لەناو رەزی، هەڵدەبەزی؟ | تەزرەیە |
| ١٠٢٣ | کەرێکم هەیە کەس نەیبەزاندووە،گۆمێکم هەیەکەس نەیشلەقاندووە؟ | شەیتان، ئاسمان |
| ١٠٢٤ | کانی چەرمە، ئاوی بەردە کندر دەرزی، دوولك شاخە؟ | کلدانو کل و دەزووکلچووك |
| ١٠٢٥ | کەلەدەر دەژی گیانی کێشانی، دۆستو دوژمن نازانی؟ | ( تفەنگ ) |
| ١٠٢٦ | کلافەی کەوە، مرغی بێزمان، هەرکەسێ هەلی بینێ ئافەرین جەوان؟ | ماسییە |
| ١٠٢٧ | کاسەشکاوە، بەحەواوە بەئەمری خوای راوەستاوە؟ | گۆی |
| ١٠٢٨ | کە ئام پێتەوە، لێت نابێتەوە؟ | ئاو |
| ١٠٢٩ | کانیەکم هەیە لە پیر مەنێ میرو مەلای دەست دەبەنێ؟ | لووت |
| ١٠٣٠ | کێوە خڕە کەرەگەتە بە گیا وردە؟ | سەری مرۆڤ |
| ١٠٣١ | کەبرسی بێت دەم دەکاتەوە، کەتێر بێ دەم دەچوقێنێ؟ | کەندووە |
| ١٠٣٢ | کلاوی هەمزە پاڵەوان نەکونی هەیە نە دوورمان؟ | هێلکـە |
| ١٠٣٣ | کەری مردوو باری زیندوو؟ | لانکەو منداڵ |
| ١٠٣٤ | کە هەناسەی وەرگرت زیندووە، کەئاوی خوارد مردووە؟ | ئاگـر |
| ١٠٣٥ | کاسەی کەوچك بە حەواوە؟ | گوێ |
| ١٠٣٦ | کراس یەك تەقەڵ، کلاوی رقە، بۆ خوردن هەقە؟ | بەڕوو |
| ١٠٣٧ | کوڕە ئاوە لە ئاو دەخنکێ؟ | بەفـر |
| ١٠٣٨ | کە لەدایك دەبێ، کلکی هەیە لاقی نییە، کە گەورە دەبێ لاقی هەیە کلکی نییە؟ | بـــۆق |
| ١٠٣٩ | کلکی مەقەس، ڕوو هەترەسە؟ | پەڕەسێلکە |
| ١٠٤٠ | کلکی مقەسە، سەری مارە، زگی بەرخە، پشتی کارە؟ | پەڕەسێلکە |
| ١٠٤١ | کلکی باریکە خۆی ئەستوورە، کەرە ئەوە تەندورە؟ | تەندوور |
| ١٠٤٢ | کلاوی هەمزە پاڵەوان، ئەتیکی هەیە نە درومان؟ | جـام |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠٤٣ | کانی نییە، ئاو دەدا، زۆریش قوت دەدا؟ | چـــاو |
| ١٠٤٤ | کێوێك دووبازی پێوە، قەت بەیەك ناگەن؟ | چـــاو |
| ١٠٤٥ | کانییەکم هەیە سی و دوو گەوهەری تێدایە؟ | دەم و ددان |
| ١٠٤٦ | کەلەخ لە دارۆکێ، ئاوەند لە چەرمۆکی، تلیل لە زریزۆکێ؟ | دەف |
| ١٠٤٧ | کوڕی کوڕمە، برای مێردمە؟ | دوو کوڕ ژن بە ژنیان بە دایکیان کرد بوك بە کورزاکەی دەرێ |
| ١٠٤٨ | کەللەی خڕە حەوت کونە، مامۆستا گەورەی منە ئەو کەسەی ئەوەی نەبێ، لەگەڵ خۆیا دوژمنە؟ | ســـەر |
| ١٠٤٩ | کونە گردەڵەی ئۆمەت باریەتی، روح دار نییە، روح دارسواریەتی؟ | ناڵ |
| ١٠٥٠ | کەری شین، کەری بەندی شین، دەت بەستمەوە بە گیای شین؟ | شوتی |
| ١٠٥١ | کوتکە دارێکە، دادگەری شارێکە؟ | قەنـــنـــە |
| ١٠٥٢ | کوشتمەوە خوێنی نییە، کەورم کرد چەرمی نییە؟ | قرژاڵ |
| ١٠٥٣ | کە دەچنە دەشت ڕوو لەماڵە، کە دەگەڕێتەوە ڕوو لە دەشتە؟ | قۆچی بزن |
| ١٠٥٤ | کا نۆکانە، کانۆکانە، هەرچی نەزانی نەزانە . | کانۆك |
| ١٠٥٥ | کێ بە هەموو زمانێك دەزانێ. | کەرو لال و قەلەم |
| ١٠٥٦ | کە نخونی دەکەیەوە پڕە، کە ڕووی لە ئاسمانی دەکەی بە تاڵە. | کڵاو |
| ١٠٥٧ | کەللەی خڕە، حەوت کونە | کەللەی سەر |
| ١٠٥٨ | کارە قوتەی مەلایە، بەرم دایتە ئەو چیایە، ئەی هێشتییە دەنکەگ گیایە. | گوێزان |
| ١٠٥٩ | کلافەی چین چین، چین لەسەر چین، هەر چی بیبینی بەهەمووان لێی دەچین. | مـــار |
| ١٠٦٠ | کەولی نێری شاخەدارە، هەڵدەواسرێ بەدارە ئاوو ماستی تێدەکەن، خواردنەوەیەکی سازگارە. | مەشکە |
| ١٠٦١ | کاوڕە ڕەشەی سەربانی، گیایی دەقرتێنێ. | مقەس |
| ١٠٦٢ | کڵاوی هەمزە پاڵەوان، نەتەقەری هەیە نە درومان. | هێلکە |

## پیتــی (گ)

| | | |
|---|---|---|
| ١٠٦٣ | گوێی هە یە، نابیستیی ؟ | جه رەیی ئاو |
| ١٠٦٤ | گیانەوەرنییە روحی هەبێ، مرۆڤیش نییە، راودەکا؟ | تەڵەی مشکە |
| ١٠٦٥ | گیاندارێکە گۆشتی، لەناوەوەیە، ئێسکی لەدەرەوەیە، | کیسەر |
| ١٠٦٦ | گۆلکی سەر ئاوی، نە پێی هەیە، نە پێلاوی، لۆمان دینێ ئاوێ؟ | مەکینەی ئاو |
| ١٠٦٧ | گردەڵەی بێ شۆو بێ جوتیارە، بۆخۆی بویتەتەبارە؟ | مووسی سەر |
| ١٠٦٨ | گیانلەبەرێکە، قەت ئارەقەناکات؟ | سەگ |
| ١٠٦٩ | گۆشتی بێ هێسك ؟ | مەمك و کرم و دۆمبەلان |
| ١٠٧٠ | گوزەڵەی شەش کون، شەشی تەن بارییە خۆ ئادەم نییە، ئادەم سوارییە؟ | ئاڵ |
| ١٠٧١ | گوێدرێژی ئاقڵ هیچ، دەنگ ناخۆشی یا پراخ پێچ، هەورازبڕی بە پێچ پێچ؟ | گوێدرێژ |
| ١٠٧٢ | گاقوولەی مەیدانێ، کلکی هەڵنا بۆ ئاسمانێ | ئاگرو دووکەڵ |
| ١٠٧٣ | گارەشی مام وسەمانی، دەنگی دەگاتە ئاسمانی؟ | تفەنگ |
| ١٠٧٤ | گچکەو خڕە پێیناوێرێ، فرمێسك لەچاوان دێنێ؟ | پیازە |
| ١٠٧٥ | گێسکی گۆڕێ، لەسەر ئاڤێ ئەڕێ؟ | ماتۆری ئاوە |
| ١٠٧٦ | گایان کوشتەوە بە پایزێ، کەوڵیان کرد بە بەهارێ. | ژنێك ئاوی بەهارە |
| ١٠٧٧ | گۆپکەی زێرینە، ئاو تەنگی شینە، بنکی، ئاخنینە؟ | نێرگز |
| ١٠٧٨ | گەرمۆکەو نەرمۆکە پێستۆکەو چەرمۆکە.؟ | پێستەی ژاژی |
| ١٠٧٩ | گای سوورەی حەوت چەرم، لۆی گریایی بەبێ شەرم؟. | پیاز |
| ١٠٨٠ | گا گێرەوەیە، با گێرەوە نی یە؟. | چیغ |
| ١٠٨١ | گۆمەکی ئاو گورەکە سۆر لە هنداو.؟ | چــرا |
| ١٠٨٢ | گەرۆکی ئاو مالان، کلك درێژترە لە دانان.؟ | دووپشك |
| ١٠٨٣ | گۆلکی پورە ئامانێ بە قۆرە قۆڕ چووە ئاسمانێ؟. | دووکەڵ |
| ١٠٨٤ | گای رەش لە پێشەوە، گای سوور لە پشتەوە.؟ | دووکەڵ |
| ١٠٨٥ | گلۆرە بایە تێم هەڵدایە قەت نەبڕایە؟ | رێگــا |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠٨٦ | گەردەن کۆتری، لەناودەغران، دەکاتن لۆندەری ؟ | داس |
| ١٠٨٧ | گـــای ڕەش بـــار نەقیـــزە. ؟ | ژووژك |
| ١٠٨٨ | گـــای ڕەش جلـــی سپی. ؟ | سێری نان |
| ١٠٨٩ | گوڵێکم بینی پیتی هەڵگەڕابو سەری کافەکە ولامی نەما بوپیتی دال و ڕای لۆ دانرا بوو؟ | کورد |
| ١٠٩٠ | گا بۆری ئەو وولاتە، زۆر کەس بۆی بێ تاقەتە؟. | جگارە |
| ١٠٩١ | گەرمیشە، نەرمیشە، بەنەخوێنەکەی؟ | گیپە |
| ١٠٩٢ | گایەکم هەیەگاباری، نەگۆشتی دەخووڕێ نەباری؟ | قالۆچەیە |
| ١٠٩٣ | گیزەگیزێتی، خەڵك بەتەمای خۆشەی میزێتی؟ | چایی‌سەماوەر |
| ١٠٩٤ | گولێك لەباخادەرکەوت، نەفەری سی بەرکەوت؟ | مانگی ڕەمەزان |
| ١٠٩٥ | گای بە کلك ناچێتە ژوورەوە ؟. | مێوژ |
| ١٠٩٦ | گۆمی کەسی نەشلەقانوو لانکی کەسی ڕانە ژاندوو مەلای کەس نەبەزاندوو؟. | هێلکە، قەبر، شەیتان |
| ١٠٩٧ | گـــای کوێری یـــەك چـــاو؟ | سوژن |
| ١٠٩٨ | گۆشتی لە دەر پێستی لەناو، بەردی مەڕ مەڕ وردەکا بەناو؟. | سیقەتۆرە |
| ١٠٩٩ | گاڕانەکی پێوە دەچێ، پە نجەی مرۆڤ پێوەناچێ. ؟ | شارە مێروستان |
| ١١٠٠ | گوندی بـــێ کســـۆك؟. | گۆرستان |
| ١١٠١ | گای ڕەش تەنك تەنك، گە نمی دەخوارد دەنك دەنك. ؟ | مشك |
| ١١٠٢ | گالەم ڕانی پەچەم دۆشی. ؟ | هەنگ |

| | | |
|---|---|---|
| | پیتی (ع) | |
| ١١٠٣ | عەبدە رەشی ناوخوێنی، عەبا کەسکی مەدینێ؟ | شووتی |
| ١١٠٤ | عەبلە پان و عەبلە پان، کوڕی پیرو بابی جوان؟ | گوڵی پەمۆ |
| ١١٠٥ | عەسکەری رێزە، رێزە، هەمووم کردە نامێزە؟ | چیخ |
| ١١٠٦ | عەبایەکم هەیە لە دەشتە، حەود سەد کونی لە پشتە. | رەشکەیە |
| ١١٠٧ | عالەم نەخەوێ، قیتە ناخەوێ. | قۆچی ئاژەڵ |
| ١١٠٨ | عەبارەشە وماچت دەکا ؟ | مێش |
| ١١٠٩ | عەشیرەتێك هەن ناوچەوانیان زەرد، هەموویان سۆرن وەك گوڵی بێگەرد. | مێش هەنگوین |

| | | |
|---|---|---|
| | پیتـــــــی (ل) | |
| ١١١٠ | لەخودا بچووکترە، لە پێخمبەرگەورەترە ؟ | قورئان. |
| ١١١١ | لەشی بیێ روحە، دەدوێ وزمانی نیە ؟ | رادیۆ |
| ١١١٢ | لەدەستان خۆش وداماوە، پێم بلێ کە چیم ناوە ؟ | تەزبیح |
| ١١١٣ | لەهەموو شت رەقترە، لەهەمووشت نەرمترە؟ | زمان |
| ١١١٤ | لەسەرەوە لۆ خوارێ دەست پێدەکا؟ | بیر لێدان |
| ١١١٥ | لەبەیانیەوە تانێوارە دیارە خانم و خانەندان، شەوبزرە، نابیندرێ لەگەرمیان و لەکوێستان؟ | رۆژ |
| ١١١٦ | لەکاتی رۆیشتن لە دواتە؟ | سێبەر |
| ١١١٧ | لەفیل گەورەترە، لەسێو بچووکترە، لەروون چەورترە؟ | گوێزە |
| ١١١٨ | لەسەدویەك خەڵکیدا، مەلایەك و دووحاجی تێدا؟ | تەزبیح |
| ١١١٩ | لەرووخسار بێگانەیە، کاتیشت بۆ دەست نیشاندەکا گیانە؟ | کاتژمێرە |
| ١١٢٠ | لە هەفتەسێ هەیە، لەمانگ یە ك هە یە، لەساڵ هیچ نیە ؟ | خاڵ، نوقتە |
| ١١٢١ | لە پێنجان دووبڕوا، دەمینێتەوە پازدە؟ | دوو رکاتی نوێژە |
| ١١٢٢ | لەشوێنێکە دەگوازرێتەوە شوێنکی تر بێنەوەی بجولێ؟ | رێگایە |

| | | |
|---|---|---|
| ١١٢٣ | لەئاسمان دێت ودەچێت، پێدەوەستێت راناووەستێت؟ | زەنگە سوورە |
| ١١٢٤ | لوسێکی خڕە، پڕبە لەپی کوڕە، بەددان بیبڕە، لەبەریشت خۆگرە؟ | سێوە |
| ١١٢٥ | لوسێکی زۆر جوانە، بیگریی و بیکەوانە، لۆ خۆت بیکە مژانە؟ | ئەسپێندارە |
| ١١٢٦ | لەیەك سالان رەفیقم پەیدا بوو، لەروح و گیان شەریکم بوو، هیچ رۆژێك بەرامبەرم نەبوو، هەتا روحی لەبەر دەرچوو؟ | ددان |
| ١١٢٧ | لەپەنجەرە دەچێتە ژووری، لەدەرگا دێتەدریَ؟ | نامەو پۆستە |
| ١١٢٨ | لەسامالی بەفر دەباری؟ | هێلگ و ئاردە |
| ١١٢٩ | لەشی رەشە عەبدنیە، کلاوەکەی سەوزە سەیدنیە ؟ | باینجان |
| ١١٣٠ | لەسەری رەشە، لەناودا گەشە؟ | باینجان |
| ١١٣١ | لەبابەیی دەگا، لەدایە ناگا ؟ | لێوە |
| ١١٣٢ | لەلامەو دیاریش نییە؟ | ئاوە |
| ١١٣٣ | لیفە شڕێك بەحەواوە، بەهەزاران پینەی لێدراوە؟ | ئاسمان وئەستێرە |
| ١١٣٤ | لەگەڵ تۆمە وەستای حەوش، بۆم دروست کە جووتی کەوش نەدەرزی کاری لیَ بکا نەدەروێش. | ئاوزەنگی |
| ١١٣٥ | لەبەفر سپی ترە لەخەلووز رەشترە لەچۆلەکە گەورەترە لەحوشترگچکەترە | قەلەڕەشە |
| ١١٣٦ | لەپاش قڕە قڕو شەڕە شاپ، پێمان دەکا قڕو قەپ؟ | خەو، نووستن |
| ١١٣٧ | لەحەوایە، لەحەوایە، لەپشتی پیرەگایە؟ | کولانکەو دوکەڵکیشی |
| ١١٣٨ | لووتەی لەمال تۆراو؟ | سنگی رەشمال |
| ١١٣٩ | لەداری چیا، لەمووی بزن، ئافەرین ژن؟ | چیغە |
| ١١٤٠ | لەناو دەردیَ، لەکابانی ( باوکت ) هەلَدیَ؟ | کوندەیە |
| ١١٤١ | لێرە تیرم وشاند لەحەلەبدەرچوو؟ | بروسکە |
| ١١٤٢ | لەباخدا سەوزە، لەماڵەوە سوورە؟ | چەوەندەرە |
| ١١٤٣ | لەقورئاندا نییە، خوێندنیشی لەنوێژدا واجبە؟ | ئەتەحیاتە |

| | | |
|---|---|---|
| ١١٤٤ | لووسی دوو کوون، دولکی دوو گوون، سەری پێ چاکەن، بن پێ خۆشەبن.؟ | باگووردان |
| ١١٤٥ | لە مانگەشەو سەگی سپی لەسەر بەفر، بەچی دەوەڕن.؟ | بەزار دەوەڕێ |
| ١١٤٦ | لە دایکتە لە باوکتە، نە خوشکتە، نە براتە.؟ | بەخۆتی |
| ١١٤٧ | لە تەیراوە دەست پێ دەکات، لە قەلات کۆتایی دێت.؟ | پیتی (ت) |
| ١١٤٨ | لە ئاسمانان تەبەق تەبەق دێتە خوارێ رەق و تەق ماندی نەبی حەبا بەرەك.؟ | تەزرە |
| ١١٤٩ | لەسەر بەرداشی گۆچانە، لەبنی بەرداشی خەرمانە؟ | تەشی |
| ١١٥٠ | لە بنی سپێندراوە، لە ناوەندی جۆخینە، لەسەری گۆپارە.؟ | تەشی |
| ١١٥١ | لە حوشتی برنترە لەشەکر شیرنترە لە کونجی وردترە.؟ | توو |
| ١١٥٢ | لە دوور دێ لە دوور دێ قەلەم و کاغەز سووردێ.؟ | هەورە بروسك |
| ١١٥٣ | لە دێشەوە لە پێشەوە لە خانەقای دەروێشەوە کێ دیویەتی، پاژنە پێ لە پێشە. | کوللە |
| ١١٥٤ | لە حەوایە لە حەوایە لە پشتی پیرەگایە.؟ | کونی زۆپای دار |
| ١١٥٥ | لە مێژەوە لە پێشەوە بە بەرگی حەوت دەروێشەوە؟. | کوللە |
| ١١٥٦ | لە حەریر لوسترە لە تەیر خێراترە؟. | ماسی |
| ١١٥٧ | لەکل وردترە لە شاخ بەرزترە؟. | هەور |
| ١١٥٨ | لە هەورازی پلۆی توندە لەسەر مو ژێری بەرسنگی توندە؟ | پێدۆ |
| ١١٥٩ | لە بازار دەیهێنی رەشە لە ماڵەوە سوورە فرێ دەدەی سپییە.؟ | خەلووز |
| ١١٦٠ | لە شارێکەوە هاتم، خانووی تیانەبوو سواری ئەسپێ بووم، گۆشتی تیانەبوو، دوو بەرخم خوارد، ئێسکانیان پێوە نەبوو. | سکی دایك، لانکە، مەمکی دایك |
| ١١٦١ | لە بنی سپی دارە، لە سەرەوەی تەختانە لەسەر تەختان گۆچانە. | تەشی |
| ١١٦٢ | لێی دەروانی رەنگی نیە نەملاونەولای پێدەکەی بۆنی نیە، دەیخۆی تامێنیە؟ | ئاو |
| ١١٦٣ | لە ئاسمان تەبەق و تەبەق لە زەوی کوچك و کەلەك بەخێرهاتی عەبا بەلەك | حاجی لەق لەق |
| ١١٦٤ | لە سەر رادێ، بە نارۆکە، خۆی پێچاوە بە چارۆگە، نەمریشکە نە بارۆکە | کەو |
| ١١٦٥ | لە حەوزی کوچك و کەلەك. | گندۆرە |
| ١١٦٦ | لە ئەسپینداری بەرزترە، لە تاڵێشکەی تاڵترە، لە هەموو شتێ خۆشتر؟ | گوێز |

| | | |
|---|---|---|
| ١١٦٧ | لەدوورەوە، دەوی لۆ دەکەیتەوە؟ | خواردن |
| ١١٦٨ | لەدار دەکرێ، لەبەرددەکرێ وەکو ئەسپ زین دەکرێ ؟ | پرد |
| ١١٦٩ | لە نیوەی پڕە لە پڕی نیوەیە ؟. | مانـگ |
| ١١٧٠ | لیفە شڕێك بەحەواوە، بەملیۆن پینەی پیادراوە؟ | ئەستێرەو ئاسمان |
| ١١٧١ | لەوشتر بڵندترە، لەکەکرەی تاڵترە، لەزۆرشت خۆشترە؟ | گوێزە |
| ١١٧٢ | لەسەگ بەبۆنتر، لەتوولە رەشتر؟ | قالۆچە |
| ١١٧٣ | لەتەناڵی، خستمە چاڵێ هەتاساڵی ؟ | جۆ |
| ١١٧٤ | لە حەوت ئاوان دەپەڕێتەوە قاچی تەڕ نابێت .؟ | منال لەسكی داكی |
| ١١٧٥ | لە حەوایە وەکو نیسك لە حەوزییە وەکو گیسك .؟ | قازو قولینگ |
| ١١٧٦ | لەسەرزێیە، دانەوێلەی لە پشتێیە، حەزیی لەئاوێیە دەویی لەئاوێیە ؟ | ئاشی ئاو |
| ١١٧٧ | لە ئاسمان نرمۆکە دەباری بە فرۆکە .؟ | ئارد وهێڵەك |
| ١١٧٨ | لە هەنگینی شیرنترە، لە ئاسن قورسترە.؟ | خەو |
| ١١٧٩ | لە هەموو کەس بێ کەسترە، لە هەموو کەسیش بە تواناترە.؟ | خـــوا |
| ١١٨٠ | لە ئاو دروست دەبێت، بە ئاویش کۆتایی دێت.؟ | خوێ |
| ١١٨١ | لەدایك دەبی داکی خۆی دەخوا ؟ | دوو پشك |
| ١١٨٢ | لە باخان کەسکە لە بازاڕی ڕەشە لە ماران سۆرە.؟ | دەرمان چای |
| ١١٨٣ | لێو دارۆکەی ئاو چەرمۆکە تیتل و پیتل و زرزرۆکە.؟ | دەف |
| ١١٨٤ | لە سکی دایکی دێتە دەێ پشتی بابی دەخورێنێ.؟ | دەنکە شقارتە |
| ١١٨٥ | لەو بانی بۆ ئەو بانی، ئە پێی هەیە نە پانی، بە هەموو ماڵان دەزانی. | دووکەڵ |
| ١١٨٦ | لەدایك دەبی سە وزە، کە پیربوو زەردە ؟ | گەنم |
| ١١٨٧ | لە بنی گلینە، لە ناوەندی گیاییینە، لەسەری زێڕینە.؟ | گەنم |
| ١١٨٨ | لە سەری دڕی، لەبن خۆری، هەتا دەزانی پێوە دەتڕی.؟ | ژوژگ |
| ١١٨٩ | لەبەر دەستە پێت ناگیرێ.؟ | سێبەر |
| ١١٩٠ | لە ئاگری دەم ئاسوتێ لە ئاوی دەم تەر نابێ؟ | سێبەر |

| | | |
|---|---|---|
| ۱۱۹۱ | لەسەری یەکە لە بنی دووە بەلاقی باوو باپیرت دا چووە. | شەروالْ |
| ۱۱۹۲ | لێرە هەتا شام، هەموو ترێ و تەعام، مال لە مال خوی حەرام. | کـــچ |
| ۱۱۹۳ | لانكی كەس ڕاهاژاندووە بەرخی نەزاو، مەلای نەبەزاو . | گـــۆر |
| ۱۱۹٤ | لانكی كەس ڕای نەژاندووە؟. | گۆرستان |
| ۱۱۹٥ | لێو تەڕە دوونە چییە؟ | لێوە |
| ۱۱۹٦ | لەدەوموە دەخوات، لەدەووەوەفرێ دەدات ؟ | مەشكە |
| ۱۱۹۷ | لە ژووری دەژێ، لە دەرێ دەمری .؟ | مـــاسی |
| ۱۱۹۸ | لۆ خۆم چوومە سەربانی، بەرم دا عاسمانێ، دیتم پارچەیەك نانی.؟ | مانگ لە چواردە |
| ۱۱۹۹ | لە نەوەل چوار قاچ، لە ناوەراست دوو قاچ، لە كۆتایی سێ قاچ.؟ | مرۆڤ |
| ۱۲۰۰ | لە حوشتر برنترە لەساوار هوردترە لە شەكر شیرنترە.؟ | هە نجیر |
| ۱۲۰۱ | لەو دیو لەو دیو پارەكی سەد مەر لەبەرانەكی؟ | هەویرو هەنگوتك |
| ۱۲۰۲ | لە سەرە وێژی، تیران داوێژێ، بێ كەوان.؟ | سیخوڕ |
| ۱۲۰۳ | لوت چرچی چل كونی تێدایە.؟ | كالـــــە |
| ۱۲۰٤ | لە سێ پیت پێك هاتووە، بیست ویەك خانی تێدایە .؟ | زار |
| ۱۲۰٥ | لەنێوان نەرز و نـاسمان چی هەیە؟ | پیتی (واو) |

## پیتـــــی (م)

| | | |
|---|---|---|
| ۱۲۰٦ | مردوویی كفن شیرین چییە ؟ | قەسپ |
| ۱۲۰۷ | میوەیەك دەرنێم بەتوێكلْ نـاخورێ، نـاو دانەدانە، تۆیەكەی نـاگیرێ؟ | هەنار |
| ۱۲۰۸ | مامێكم هەیە لەقوونەوە، ریش دەردەكا؟ | پیازە |
| ۱۲۰۹ | مەڕە كۆرە هەڵدەگەڕێ، دەلەوەڕێ؟ | مقەسە |
| ۱۲۱۰ | مردوودەنێژێ، زیندوو دەگرێ ؟ | تەلە-داو-فاق |
| ۱۲۱۱ | مردووی دەنگ گەورە، بروسك وهەورە | تفەنگە |
| ۱۲۱۲ | - مامێكم هەیە لكاولك، یەك هیلانەو دووهێلك؟ | نـاسمان ومانگ ورۆژ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢١٣ | مەلایە مەلانیە، ئاقلە ئاقل نیە، بێ رۆحە، رۆح نینە؟ | کتێب |
| ١٢١٤ | مانگا پیری ئالانێ ئەشیری هەیە ئەگوانی ماستە لە پێش میوانێ. | هێلکـە |
| ١٢١٥ | مانگا پیری چۆپانی ئەگەلی هەیە ئە گوانی دەژێنی لە گولکانی. | مریشك |
| ١٢١٦ | مەلێ هەیە، مەلی نێرە، سەری شاخە، نیوەی شێرە؟ | کەلەشێرە |
| ١٢١٧ | مەڕی شاخە دەنگی دلێر ناوی شێرە.؟ | کەلە شێرە |
| ١٢١٨ | مەڕی مالآن لەبەر دلآن نە دەدەۆشرێ نە دەفرۆشرێ؟. | مێرووله |
| ١٢١٩ | مامێکم هەیە لە دەشتێ سەدوو سی کونی لە پشتی؟. | رەشکەی کاکێشان |
| ١٢٢٠ | مردی بە پینوە، پەرۆی شە پلتەی بەقوونیوە؟ | کەندووە |
| ١٢٢١ | مامێکم هەیە لەسەر گەلێ بە سمێلان دەلێ بەلی بەلێ.؟ | سمۆرە |
| ١٢٢٢ | مەلێکی زۆر بچووکە، خاوەن باڵەو دندوکە؟ لەبۆناسانکاریتان، پێدەلێ، شوانووکە؟ | کێشکەیە |
| ١٢٢٣ | من کێم، ئەگەر نێم داوام دەکەن، ئەگەربێم لەبەرم رادەکەن؟ | بارانە |
| ١٢٢٤ | مێردی بووکی ئەنکت،هاتە ماڵتان چی دەدیێ؟ | دایکم |
| ١٢٢٥ | میوانێك چووە لای خانەخوێیێك، میوانەکە پێغەمبەری نەبوو، خانە خانە خۆیەکەش خودای نەبوو؟ | شەوی میعراجە کەخوا میوانداری پێغەمبەری کرد. |
| ١٢٢٦ | مامێکم هەیە لە کێوی بەڕبان هێلکان دەپێوی. | کـــەو |
| ١٢٢٧ | مانگا لە خوارێ دزێ گۆلك لەسەر بانێ هەلدەپەڕێ. | دووکەڵ |
| ١٢٢٨ | مەتەڵ مەتەڵ بایزە کەچەڵ هەلی بینەو خوات لەگەڵ. | بایزە - ناوی پیاوە |
| ١٢٢٩ | مارێك هەیەدووسەرە، لەناوقەدی باب وباپیرت ئالاوە؟ | دۆخین و نیفۆیە |
| ١٢٣٠ | مار د تۆپیو لەدووکونەوە، سەر دەردەهێنی بەبەژنەوە؟ | دۆخین و نیفۆیە |
| ١٢٣١ | مارێکم هەیە سەر بە دووکوندا دینێتە دەرێ.؟ | دۆخین و نیفۆیە |
| ١٢٣٢ | مریشکە قولی گارگار دەکا دانیی ناخوا، هێلکەی دەکا؟ | کیسەل |
| ١٢٣٣ | مەڕی مالآن، لەبەری دالآن نە دەفرۆشرێ، نە دەدۆشرێ.؟ | مێرووله |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٣٤ | مەلیکم هەیە مەیلانێ لەناو بوخچەی سوڵتانی خوا نەبێ بێ کەس نازانێ.؟ | منالی سک دایک |
| ١٢٣٥ | مەڕەکەڕەی بن گەوڕێ، هەڵدەپەڕێ و ناڵەوەڕێ. ؟ | بـــۆق |
| ١٢٣٦ | مردی دوو قوون؟. | باگوردان |
| ١٢٣٧ | مارە تۆ پیوویی لە دوو کونەوە سەر دەردەهێنێ بە بەژنەوە.؟ | بەنەخوێن |
| ١٢٣٨ | مردی زیندی ڕادەکێشیتە کەندی.؟ | پیسایی |
| ١٢٣٩ | مەنجەلی جەفتێ، قولپەی کەتێ، کەس ناگیاتێ.؟ | تفەنـگ |
| ١٢٤٠ | مانگا ڕەشی مامم سلێمان، ئەگەلی هەیە ئەگووان، ئەڕەی گەیشتە ئاسمان.؟ | تفەنگ |
| ١٢٤١ | مامێکم هەیە لە نێو گلێ، بە سمێلان دەلێ ووری ووری.؟ | جـــورج |
| ١٢٤٢ | مامکم هەیە هێری هێری، گردەك نەبێ هەموو دەکێری.؟ | چـاو |
| ١٢٤٣ | مزگەوتی گۆشتە، میحرابی ئاوە، ڕوو لە هەرکێ بکا قیبلەی تەواوە؟. | حەزرەتی یونس لەناو دەوی حوتەکە |
| ١٢٤٤ | ماڵێك هەیە لە نێو ماڵان، خۆشتر لە ماڵی خاڵان هەر کەسێ ببیتە میوان، وەك مردی بێ ئیمان.؟ | خــەو |
| ١٢٤٥ | مریشکێکم هەیە زەنگی زەنگی، هێلکە دەکا پڕ بەچنگی ؟ | کەرەی ناومەشکە |
| ١٢٤٦ | مردی گوو ڕەش؟ | دار جگەرە |
| ١٢٤٧ | مامەکم هەیە لە دەشتێ، کەچە شیرەکی لە پشتێ.؟ | دوو پشك |
| ١٢٤٨ | مەتەڵ پێنج پیتە، هۆیە بۆ ژیان، نە بەدەم دەخورێ نە ئەشکێ بە ددان.؟ | دینار |
| ١٢٤٩ | مەیلەکم هەیە لە ناو مەیلان، وا لە دەشت و دەران ڕەشە وەك بزنان، بۆ کارە بۆ کا کێشان.؟ | ڕەشکەی کاکێشان |
| ١٢٥٠ | مەتەڵ مەتەڵ بەتێزە، باری کەرەکەم ئەقیزە.؟ | ژوورك |
| ١٢٥١ | مامەکم هەیە لە دەشتێ، حەفسەد کونی لە پشتێ.؟ | ژوورك |
| ١٢٥٢ | مریشکمان هەیە ١٢ هێلکە دەکات، هەر هێلکەی ٣٠ جوجەکی هەیە.؟ | ساڵ، مانگ، ڕۆژ |
| ١٢٥٣ | مامریەکم هێلکە دوازدە جووجەلە سێ سەدوو پەنجاو پازدە.؟ | ساڵ، مانگ، ڕۆژ |
| ١٢٥٤ | مامەکم وا لە لێڕێ، گولکۆکان دادەگێڕێ.؟ | شانــە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٥٥ | مامەكم هەیە، هێلی هێلی، دەشت و پەنای دەكێلیٚ، خۆی بە كولانی دا دیلیٚ؟. | تیشكی خۆر |
| ١٢٥٦ | مامەكم هەیە لەسەر بانیٚ، پەلۆی دەخوا بەبیٚ نانی. ؟ | باگوردان |
| ١٢٥٧ | مامەكم هەیە لە دەشتیٚ، سەری ریغت لە پشتیٚ. ؟ | قالۆچـە |
| ١٢٥٨ | ماسی بەحرە، ناوی نییە، شەر م دەكا مەلا نییە، حوكم دەكا قازی نییە. ؟ | قەلەم |
| ١٢٥٩ | مەتەل بەكوردی تەواو پێنج پیتە، وەكو بروسكە لەغاروجلتە، لەئاسمان دەڕوا نەك لەقوڕلیتە لەكاتی شەڕدا، دەلیٚ عیفریتە؟ | فرۆكە |
| ١٢٦٠ | مەیلەكم هەیە مەیلانیٚ، حەوت پیتە گەر بیزانیٚ، هەلم دەستێنیٚ بەیانی، خودام لیٚ ناكات نیگەران؟. | كەلەشێر |
| ١٢٦١ | مەلای نا مەلا، ردێن دولیسكە، چاو ناسی شەویٚ ئەولادی قونیٚ. ؟ | كەلەشێر |
| ١٢٦٢ | مل نەخشینی لە چیایی زۆرە، دوژمنی گەل و خۆخۆرە قاچی سوورەو ڕەنگی بۆرە؟ | كـــەو |
| ١٢٦٣ | ملی هەیە سەری نییە، پشتی هەیە زگی نییە، دەستی هەیە پیٚی نییە؟. | كـــراس |
| ١٢٦٤ | مامەكم هەیە لە دەشتیٚ، كەچە سێرەكی لە پشتیٚ. ؟ | كیسەلٚ |
| ١٢٦٥ | مەلێك هات بەسیسی، عیسا لەمووسای پرسی، ئەومەلە بۆچی رۆی بەبرسی؟ | مانگی رەمەزان |
| ١٢٦٦ | مرۆڤ دەبیینی، خوانابیینی؟ | خەون |
| ١٢٦٧ | مامێكم هەیە لەدەشتیٚ، دەمانچە قولێی لە پشتیٚ | دووپشك |
| ١٢٦٨ | مەلێكمان هەیە مالەخاتۆرە، قاچ وقوول باریك سەربالی بۆرە؟ | كوللە |
| ١٢٦٩ | مل باریكە، قول باریكە من ناوێرم، تودەنێرم؟ | گوللەتفەنگ |
| ١٢٧٠ | مەرە رەشی موكری، ئەمووی هەیە، ئەخوری؟ | كێچ |
| ١٢٧١ | مەیلیكم هەیە لەناو مەیلان، شیری هەیە وەك بزنان، ئەگونی هەیە نە گوان | گویزی هیندی |
| ١٢٧٢ | مردوو زیندوو لە باوش دەگریٚ. ؟ | لانك |
| ١٢٧٣ | مەریٚ دەردەكەم، حەوشیٚی دەدەۆشم. ؟ | هەنگوین |
| ١٢٧٤ | مەلاو قەشەو سالە، گۆشتێك دەخۆن، بۆ هەموویان حەلالە. ؟ | ماسی |
| ١٢٧٥ | مردوو دەخۆم، بەخۆێنەوە ؟ | ماسی |
| ١٢٧٦ | مالی بیٚ دەرگا، مزگەوتی بیٚ میحراب. ؟ | مالی خوا |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٧٧ | مردوودەنێژی، ساغ دەگری ؟ | تەلە -فاق |
| ١٢٧٨ | مێرگی کەس نەچاندووم، لانکی کەس ڕانەژاندووم، ئەسپی کەس نەبەزاندووم؟ | بەهەشت، قەبر، باوك |
| ١٢٧٩ | ماتی ماتێ، کلکی رەپ کرد، چووە جەماتێ.؟ | مەقری |
| ١٢٨٠ | مامە هورمزە، ردێنی قورمزە سوفی سەحەرە، خواردنی پاشە رۆکە ؟ | کەڵەشێرە. |
| ١٢٨١ | منداڵێك لە سکە دایکی دێتە دەرەوە، پشتی باوکی دەخورێنێ.؟ | دنکە شقارتە. |
| ١٢٨٢ | مردی دەو بەش.؟ | مەشکە |
| ١٢٨٣ | مردی گو وسپی.؟ | مەشکە دۆ |
| ١٢٨٤ | مەیلەکم هەیە مەیلانێ، لەناو بوخچەی سوڵتانێ، خوا نەبێ کەس نازانێ؟. | مندال لەسکی دایکی |
| ١٢٨٥ | مەڕی خارە، لەشت مارە، نە دەدۆشرێ نە دەفرۆشرێ؟. | مێرستان |
| ١٢٨٦ | منارە لەسەر منارە، سەری ئاگرە بنی ئاوە؟. | نێرگەلە |
| ١٢٨٧ | ماڵی ئەحمەد پاشایە، بەبێ پەنجەرەو دەرگایە؟. | هێلکـــە |
| ١٢٨٨ | ماینی شێ یە لە حەوشێ یە، دەحیلینێ خین دەرژێنێ . | هەور |
| ١٢٨٩ | مەتەل حەوت پیتە، زەنگی گلاو سەوز، ئەو ناخواتەوە ؟ | باینجان |
| ١٢٩٠ | مەتەل شەش پیتە، لەدەشتی بە پیت گردوو منارە راوەستاوە قیت؟ | قەلاو منارە |
| ١٢٩١ | مەتەل چوارپیتە، مەرجەبۆژیان، نەبەدەوودەخورێ، نەدەشکێبەددان؟ | دینار |
| ١٢٩٢ | مە تە ل چوارپیتە مەرجە بۆژیان نە بە دەوودەخوری، نەدەشکێبە ددان ؟ | پارە |
| ١٢٩٣ | مۆزتەڕەلینجە، چیە ؟ | مـــۆز |

| | پیتی (ن) | وەڵام |
|---|---|---|
| ١٢٩٤ | ئەناشە ئەباراشە، دنکە دنکی خاشە، بیخۆی ونە یخۆی ماشە، بزانی باشە؟ | ماش |
| ١٢٩٥ | نایچێنی شین دەبێ، دەیبڕییەوە بەکەڵك هیچ نایێ؟ | مووی سەر |
| ١٢٩٦ | ئەمریشکە ئەبارۆکە، بەسەری خۆی دادەسپی چارۆگە؟ | هێلکەیە |
| ١٢٩٧ | ناوی ئاسنە، دەرێێ گۆشتە؟ | کەبابە |
| ١٢٩٨ | نانەخۆرەی پێنج ئەنگوست..؟ | مرۆڤ |
| ١٢٩٩ | نە لەعەردی، نەلە ئاسمانی، دەخوات روحانینسانی؟ | خەم و غەفت |
| ١٣٠٠ | نە پێی هەیە نە پانی بە خۆ دەچێتە سەربانی؟ | دووکەڵە |
| ١٣٠١ | ئەڕە ئەڕە شێرە، شەش باڵی لوژێرە، ئەوەی هەلی هێنی عەجەب شێرە؟ | کوللە |
| ١٣٠٢ | ئەکەندە، ئەلەندە، کەندولەندە، بەکەندی دەڵێ لەندە، بزانە چی یەو چەندە؟ | گوێو دەموچاو |
| ١٣٠٣ | نیوەی لە هەورە، نیوەی لێرە .؟ | وشەی ( هەولێر ) |
| ١٣٠٤ | نیوەکەی چوارە دەورەکەی دارە .؟ | گوێـز |
| ١٣٠٥ | ئەملی هەیەو ئەباڵ کە مردیش گۆشتی حەلالّ؟ | ماسـی |
| ١٣٠٦ | نە پێی هەیە نە پانی، بەدەرگای هەموو ماران دەزانی .؟ | بــا |
| ١٣٠٧ | نە دارە نەدیورە، پێج پێچۆکەی چل هەزارە.؟ | چیـغ |
| ١٣٠٨ | نە پێی هەیە نە پانی بە هەموو ماران دەزانی؟. | دەستار |
| ١٣٠٩ | نە پێی هەیە نە پانی بە خۆی دەچتە سەربانی؟. | دووکەڵ |
| ١٣١٠ | ئەشیرە،ئەشەکرە، بەبێ هەوێن دەمەیت؟ | سەهۆڵە |
| ١٣١١ | نە ئاڵە نە بزمارە پێج پێچۆکەی هەزارە.؟ | سەبەتە |
| ١٣١٢ | نە دارە نە دیوارە، پێج پێچی سەد هەزارە؟. | رووبار |
| ١٣١٣ | ئەدارە ئەگەلایە، ئەحەسیرە، خەیمیەك دروست دەکات، روم لەبەریکی بچووکە؟ | جالجالۆکەیە |
| ١٣١٤ | نە بایە ئەبارانە چك چکە لە دارانە.؟ | کوندەلان |
| ١٣١٥ | نە کەرە ئەهێسترە، باریلەلەشی قورسترە ؟ | مێروستان |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣١٦ | نە دەمی هەیە نە ددان فیکەی لیٚ دەدا وەك شوان. ؟ | مـازوو |
| ١٣١٧ | نە لەسەر زەویە و نەلە ئاسمان، نە لە سەر زیٚ یە، لەنەبن زیٚ یە دەخواو دەخواتەوە لە ژیان. ؟ | منداڵە لە سکی دایکی. |
| ١٣١٨ | نە مەمکی هەیە نە گوان، شیر دەدا بە هەمزە پاڵەوان. ؟ | مێش هەنگوین |
| ١٣١٩ | نە نێرە نە مێیە کاریشی بە جیٚ یە. ؟ | نێرەمووك |

## پیتــــی (هـ)

| | | |
|---|---|---|
| ١٣٢٠ | هە ردەخوا ، تێرنابی ؟ | ئاش-مقەس |
| ١٣٢١ | هەلزن ومەلزن، بزنی سەرقۆتەران، بەدەوری پێغەمبەران؟ | ئاش |
| ١٣٢٢ | هێزی لەئاوە، زاری لە پشتە، بۆخۆی لەبەردە، رزقی لەدەشتە ؟ | ئاش |
| ١٣٢٣ | هەلێنە مەلێنە، داروکی بچە قێنە، ئاردەکی هوردبینە، وەك کل بەچاوتی دبینە؟ | ئاش |
| ١٣٢٤ | هەشت سەربازی مردی، بەیەکەوە هێرش دەکەن؟ | شانەیە |
| ١٣٢٥ | هیلکە ی قەتیٚ، لە دەولە تیٚ، خوا نەبی کەس نایگاتیٚ؟ | گوللە |
| ١٣٢٦ | هەموو شتێك دەبینی، چاویشی نیە؟ | ئاوێنەیە |
| ١٣٢٧ | هێلانەی پەل پەلەی خوارە، لەناو کیفو گیڤاری، قلە خورمات بەزاری؟ | حەسیری خورما |
| ١٣٢٨ | هە لتدەگریی، هەلیدەگریی ؟ | پێلاوە |
| ١٣٢٩ | هاوینان دەخەوی، زستانان لەسەر پێیە؟ | باگووردان |
| ١٣٣٠ | هەتاشان ومەتاشان، توتنە سەوزەی گەلا پان، لەگوییٚ دەکری قولابان، بە دەستی دایە وبابان ؟ | توتن پیوەکردن |
| ١٣٣١ | هەبوو نەبوو، سیٚ مانگ هەبوو، گیاندار لەناو کونابوو، چییە ئەو ئەوەت رۆژە، تیا ئەوەستێندریٚ پرۆژە؟ | وەرزی زستان |
| ١٣٣٢ | هەمبانۆکە، بی دەرکۆکە، پڕ داندۆکە؟ | هەنار |
| ١٣٣٣ | هەلمەت دەبالۆپێشیٚ، دووبەشە، ددانی نیە بیکیشی ؟ | مەشکەیە |
| ١٣٣٤ | هەرچوار پەلم لەحەوا کرد، چەپو چۆپم لیٚ پەیدا کرد؟ | مەشکەیە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣٣٥ | هێندەی پاروەوە، یەکە نەك دووە، نەرمی بێ مووە، لەگشت دیزان ئەسکوە؟ | زمان |
| ١٣٣٦ | هەرلێرە هەتا مزور، هەموو چەتەی کلاو سوور؟ | زەنگە سوورە |
| ١٣٣٧ | هوردە وەك هەرزن، رەشەوەك بزن، مەلاو حاکم لەبەری دەلەرزن؟ | کێچ |
| ١٣٣٨ | هەر دەڕوا پشتی دەبەستی؟ | قامیش |
| ١٣٣٩ | هەرلێرە هەتا کەرکوك، هەمووی رووومەت سوور سپی وەك بووك ؟ | کلووك |
| ١٣٤٠ | هەموو رۆژێ، دایکت، عەرەبە رەشەکی داوێتە سەرەخۆی؟ | کوندە |
| ١٣٤١ | هەتا بیجوڵێنی، هەردەرژێ ؟ | بێژینگە |
| ١٣٤٢ | هەتا لێی نەدەی گەورە نابی؟ | هەویرە |
| ١٣٤٣ | هەموو کەس جوان و بەبەرەگ دەکا، بەخۆشی بەرووتی دەگەڕێ؟ | دەرزی |
| ١٣٤٤ | هەلزان و مەلزن بزنی سەر قوتەلان، بەدەوری پێغەمبەران؟ | ئاش |
| ١٣٤٥ | هەتاکەر دەزێ، جاشك چوە سەربانی؟ | ئاگرو دووکەل |
| ١٣٤٦ | هەرواو هەراو، قنگ لەقوراو، کە پەنگ لەشان نوقلە لەناو ؟ | مەرەزو چەلتوك وبرنج |
| ١٣٤٧ | هەموو نووستن، گزنگ بە پێوە؟ | شاخی بزنە |
| ١٣٤٨ | هەتا نخونی نەکەیتەوە، پڕ نابێت؟ | کلاوە |
| ١٣٤٩ | هەتەکان و مەتەکان، کەویی شاخی قوتەکان؟ | پیازە |
| ١٣٥٠ | هانیەو مانیە، پەڕەسێلکەیی کانییە، رێگری کاروانیە؟ | بەفر |
| ١٣٥١ | هەتابابی دەی، قورس دەبی؟ | تەشییە |
| ١٣٥٢ | هلندەو بلند، کوڕ ژ بابی بلند تر؟ | هێسترە |
| ١٣٥٣ | هەموو بەهاران جحێلە، پایزان نوێرە؟ | دار گەلاوە ریوە |
| ١٣٥٤ | هەمووکەس هەیتی، کەسیش نایبینی | ناوە |
| ١٣٥٥ | هەیڤەك ل سەر هەیڤەکێ، تیرەکێ ل سەر شیڤەکێ، کوتەك یادنیڤکێ؟ | ئاش |
| ١٣٥٦ | هە پلە پان و هە پلە پان، گیلیێ شین وپەنگا پان کوڕی پیرو بابێ جان؟ | پەمۆ |
| ١٣٥٧ | هەرتیتەکونەی، مەتیتەکونەی، قاچ باریکەی مل توکنەی ؟ | تەشییە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣٥٨ | هەردەم لەماڵە، گەهە شەکرە، گەهـ تاڵە؟ | زمان |
| ١٣٥٩ | هەمووشتێك دەخوا ناونەبێ، کەناو دەخواتەوە دەمری؟ | ئاگرە |
| ١٣٦٠ | هەتا چێری سۆرمان دۆشی چێری ڕەش چووە سەربانی.؟ | ئاگرو دووکەڵ |
| ١٣٦١ | ها نەکا هودە کا، لەقەرە تە پە گوو دەکـا .؟ | هەور |
| ١٣٦٢ | هەلاران مەلاران و هێلکە دەکا لەداران ؟ | حاجی لەق لەق |
| ١٣٦٣ | هە رلەمێژە تاهەنووکە، کورلەباوك بەرزترە ؟ | هێسترە |
| ١٣٦٤ | هەر لێرە تا شارەزوور، ترك ترکی سمێڵ سوور .؟ | زەنگە سوورە |
| ١٣٦٥ | هاوینان پاشایە زستانان نۆکەرە .؟ | با گوردان |
| ١٣٦٦ | هێلکە ماتیێ بای ناگاتیێ .؟ | گوللە |
| ١٣٦٧ | هەموو شتێکی پێدادەچێ؟ | گۆێ |
| ١٣٦٨ | هی دایکت مستێکە و هی باوکت بستێکە؟ | کاتی نوێژ کردنە |
| ١٣٦٩ | هەتا سەری کۆت نەکا، نیش ناکا؟ | قەلەمە |
| ١٣٧٠ | هەمیشە، بەنیشە، بە فیشە ؟. | قۆپچە |
| ١٣٧١ | هەشت لاقەی دوو سەرە بە پێنج پیت ناوی بەرە.؟ | قرژاڵ |
| ١٣٧٢ | هلوای تەنکە نانی هەتا نە یخۆی نازانی؟ . | شلکینە |
| ١٣٧٣ | هەتا کەردکەم بەستەوە جاشکەکە گەیشتە سەربان .؟ | دووکەڵ |
| ١٣٧٤ | هەندی گۆیەکە، سکی سپیەودڵی زەردە ؟ | هێللکە |
| ١٣٧٥ | هەساری سامان دەوری فەرەنگی، دوو ئاگر کرانەوە هەریەك لە ڕەنگی.؟ | هێللکـە |
| ١٣٧٦ | هەر لێرەو کە هەتا مەککە بەخێرینگو هورداسان دەکا.؟ | هـەور |
| ١٣٧٧ | هەتا نەیەستیەوە ناڕوا .؟ | پێڵاوە |
| ١٣٧٨ | هوشتر نییە و گیا نەخوات مریشك نییەو هێکە دەکات بەرد نییەو رەقە؟ | کیسەڵ |
| ١٣٧٩ | هەتا گا سور ڕاوەستا گاردش لەسەربان نامادەیە.؟ | دووکەڵ |
| ١٣٨٠ | هەر ئێرە هەتا شام، هەمی تریێ بەتام، بوو دایكو بابایێ حەرام بوهالەمن یێ حەلال؟ | کچ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣٨١ | هەرلێرە هەتامەکە، هەمووشەکی چاوەبەرەکە، گشتی بەقەسری گوان دەکا؟ | کچ |
| ١٣٨٢ | هێلکەی ماتێ، کەس نایگاتێ؟ | گوللەیە |
| ١٣٨٣ | هەرلێرە هەتا دا رگەزێن، هەمووی سۆفی سەرلەرزێن؟ | شەکرۆکە |
| ١٣٨٤ | هەر لێرە کە هەتا مەککە هەموو تەکی پێ بەلکە، بەقسری گوانان دەکا؟. | کـچ |
| ١٣٨٥ | هەشت هەنگاوە، ناوی دارە چواری چاوە، پشتی پیاوە؟. | جووت کردن بە گا |
| ١٣٨٦ | هەتاشان و مەتاشان جێگای هەژارو پاشان.؟ | لانـــك |
| ١٣٨٧ | هەلینکە و مەلیکە شەریفۆکەی شەش لینگە.؟ | تەرازوو |
| ١٣٨٨ | هەتاتێینیٚ، پێت خۆشە.؟ | کەوچـك |
| ١٣٨٩ | هەتا بیخۆی، زۆر دەبێت .؟ | توێکلی گوڵە بەرۆژە |
| ١٣٩٠ | هارم بە کولکنت.؟ | گوێزان |
| ١٣٩١ | هێری، هێری، لە بن دەستی بێری.؟ | بـــزن |
| ١٣٩٢ | هە پلە مچە هە پلە مچە، هەزار مێرد دەکا هەر کچە.؟ | پـــارە |
| ١٣٩٣ | هەموو شتێکی بەبن دادەڕوا.؟ | پێنووس |
| ١٣٩٤ | هەتا نەییەستیتەوە ناڕوا.؟ | پێلاو |
| ١٣٩٥ | هێلکەی قازان، لە هەورازان، کەوتە بازان.؟ | تەزرە |
| ١٣٩٦ | هەر دەپەڕی پێی نییە سەری سپییە مووی نییە زگی دەچی گووی نییە؟. | تەزرە |
| ١٣٩٧ | هەزار سوار لەبەر یەك سوار دەلەرزی.؟ | تەون |
| ١٣٩٨ | هێلکەی دەکا مریشك نییە، گیای دەخوا کەریش نییە.؟ | جللـە |
| ١٣٩٩ | هەتا رۆك و مەتە رۆك، سەری بابت کە چەرۆك.؟ | جۆنی |
| ١٤٠٠ | هەر لێرە هەتا کنەتوو، کووتە کوت ناگاتە توو.؟ | چـــاو |
| ١٤٠١ | هینی مینی لە بن گوینی نەز دەبینم تۆ نابینی.؟ | چـــاو |
| ١٤٠٢ | هەندووکە بندووکە لە پێش حاکمان دەڵێی بووکە؟. | چـــرا |
| ١٤٠٣ | هەندی هەناردکییە پڕ بەخانیەکییە.؟ | چـــرا |
| ١٤٠٤ | هەلەق و مەلەق دووندوك لەق لەق، کیسەو کەمبەر یا پێغەمبەر.؟ | حاجی لەق لەق |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٠٥ | هەلۆترو مەلۆتر سەری قازە مل کۆتر.؟ | داس |
| ١٤٠٦ | هەلۆترو مەلۆتر سینگ سپی گاکۆتر لە هەموو زەویان دەگۆتر.؟ | داس |
| ١٤٠٧ | هەنوکەو بەندوکە، دەخورێت بزانە زووکە؟. | دنکی نۆک |
| ١٤٠٨ | هەستی هەسپە، بنووی قەسپە.؟ | ڕەشماڵ |
| ١٤٠٩ | هەر دەستی چیایە دادەنیشی گایە.؟ | ڕەشماڵ |
| ١٤١٠ | هەرم کردە مەڕەکێ سەد مەڕ هات لە ڕەنگەکێ ؟. | زەردەواڵە |
| ١٤١١ | هەرلێرە هەتا شارەزوور، هەموو قەشەی ردێن سوور.؟ | زەردەواڵە |
| ١٤١٢ | هەڵدەچێت ودادەچێت، بەباب‌و باپیر تێدەچێت ؟ | شەرواڵ |
| ١٤١٣ | هەڕاو هەڕاو، قنگ لەقوڕاو، کە پنەك لەشان، نوقڵە لەناو ؟ | چەلتووک |
| ١٤١٤ | هەردەڕوا لێی بەردەبێ؟ | شوێن پێ |
| ١٤١٥ | هەر چوار دەورێ ئاوە، ئاوەندی تەندوورە، ئازداری دیوەخان و ژوورە؟. | سەماوەر |
| ١٤١٦ | هەر چوار دەوری ئاوە ئاوەندی ئاگرە.؟ | سەماوەر |
| ١٤١٧ | هەموو گردێ دەبینی گردێك نابینی.؟ | سەری خۆت |
| ١٤١٨ | هەتا بڕۆی لە دواتە.؟ | سێبەر |
| ١٤١٩ | هەشتەق مەشتەق، ئاسنی سەر زەق دای لە تەبەق.؟ | شەکر شکێن |
| ١٤٢٠ | هەنوسە، نوسە، نوسە، هەرچی هات پێوەی نووسا.؟ | ناو |
| ١٤٢١ | هەر لێرە هەتا عەزە، هەموو عازەب تۆ بزگزە.؟ | شەکرۆکە |
| ١٤٢٢ | هەردە پەڕی قەلانی، حیلم قوتی دەزانی.؟ | کێچ |
| ١٤٢٣ | هەر لێرەوە هەتا مەکە هەموو مەڕی سۆربەلەکە ئەستەوێرەو گۆانان دەکا؟ | کچ |
| ١٤٢٤ | هێلکە قەتێ لە کونان دەردێ، کەس نابینی و کەس نایگاتێ.؟ | کلۆیە |
| ١٤٢٥ | هوە هوە هوی نییە چەرمۆکەیە مووی نییە خواردنی هەیە گووی نییە.؟ | گەنە |
| ١٤٢٦ | هێلکەی ماتێ لە دەرواتێ، خودانەبی گەس نایگاتێ.؟ | گوللە |
| ١٤٢٧ | هەتا پەتك ئاوی نەخۆتۆ گولك ئاوی نا خۆتۆ.؟ | گندۆرە |
| ١٤٢٨ | هاشان و ماشان، جێی میرو پاشان.؟ | لانک |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٢٩ | هەڵدەبەزێ و دادەبەزێ، قەپ دەبا بۆ گەڵ، نای گەزێ.؟ | مەشكە |
| ١٤٣٠ | هۆ هۆ خرە وەكو گۆ، نەنارنجە نە لیمۆ.؟ | مەمك |
| ١٤٣١ | هەر دەمری و زیندوو دەبێتەوە.؟ | موو، ریش |
| ١٤٣٢ | هەر دەخوا و تێر نابێ؟ | مقەس |
| ١٤٣٣ | هەرچی چی پەو مەرجی چییە، بە دەست و پێ كەلەمچەیە.؟ | منداڵ |
| ١٤٣٤ | هەر لێرە هەتا مەككە بەخێری گۆ هۆر داسان دەكا.؟ | هەور |
| ١٤٣٥ | هەتا كلكی لێنەكەیەوە، ناچێتە ژوورێ.؟ | مێوژ |
| ١٤٣٦ | هەتا دوو پلای نەبەنێ ناكەوێتەوە كار.؟ | مقەس |
| ١٤٣٧ | هەتا لێی دەی گەورەتر دەبی.؟ | نـــان |
| ١٤٣٨ | هەلاّ رۆكە و مەلا رۆكە خۆی دا پۆشی بە چارۆگە نەمریشكە نەبارۆكە؟ | كەلەم |
| ١٤٣٩ | هەندۆكەو مەندۆكە، تێدایە سەد مرواری گچكە.؟ | هەنار |
| ١٤٤٠ | هەندی پیازێكە، لە هەوارزێكە.؟ | هەنار |
| ١٤٤١ | هەندی پشكە، پڕی ڕشكە.؟ | هە نجیر |
| ١٤٤٢ | هەموو شتێ بە گەرمی شل دەبێ تەنها شتی توند دەبێ.؟ | هێلكە |
| ١٤٤٣ | هەورۆكە لێی دەباری بەفرۆكە.؟ | هێلەگی ناردبێشتن |
| ١٤٤٤ | هێلكەی قازێ لە هەورازێ.؟ | هێلكە - گلۆپ |

## پیتی (و)

| ژمارە | مەتەڵ | وەڵام |
| --- | --- | --- |
| ١٤٤٥ | وەکو گوڵی کراوەوایە، کەباران دەبارێ دەکرێتەوە؟ | چەترە |
| ١٤٤٦ | وورگن دووکن، چییە..؟ | بالیف |
| ١٤٤٧ | وەکی دەبن مردیە وحەرارە، هەرمردیەو حەرام دەبێ، لە پاشان حەرار دەبێتەوە ؟ | هێلکە- جوولەی ناوهێلکە، بارۆکە |
| ١٤٤٨ | وەستایی زەنوور، دەورەکەی بەفرو ناوەکەی تەنوور؟ | سەماوەر |
| ١٤٤٩ | وەزن سووکی قیمەت گران؟ | ئالتوون |
| ١٤٥٠ | وەچەت چێل وچەمەندە، لاشەی بێنسقان سەری پێنج پێچە؟ | گۆچان |
| ١٤٥١ | ووردیلە وردیلە لەبن بەردیلە، هەرکەسی نەیزانی ناوی دەنێم بەچکە پشیلە؟ | یا پراخ |
| ١٤٥٢ | وەستای ناوەستا، وەستای سەمبورە قەراغی ئاوە، ناوی تەندوورە؟ | سەماوەر |
| ١٤٥٣ | ویلای پەرجان، وی لای پەرجان، دنیڤەکێدا مووی ومرجان؟ | چاڤ |
| ١٤٥٤ | وانیە، وایە، دواتریش درۆیە ؟ | شەیتان پێکەنین |

## پیتی (ی) (یا)

| ژمارە | مەتەڵ | وەڵام |
| --- | --- | --- |
| ١٤٥٥ | یەك و یەك دووهەوایە، دوو دەرپێی لە پێدایە، ئەوەی بیخوا زەرەرمەندی هەردوو دونیایە؟ | جگەرە |
| ١٤٥٦ | یەکەم شت کەلەخەو هەر دەستێ چی دەکەی؟ | چاو دەکاتەوە |
| ١٤٥٧ | یەکت لێدەم، دووت پێ هەڵواسم، ئاووت دەربێنم مام قاسم، لە هەموو سەربانێك دەتناسم؟ | باگوردان |
| ١٤٥٨ | یەکەو پێی دەڵێن دوو.؟ | دوونگی مەڕ |
| ١٤٥٩ | یەك پولی بچووك، ژوورێکی گەورە پڕ دەکات.؟ | چرا |
| ١٤٦٠ | یەکە نابێ بە دوو.؟ | خوا |
| ١٤٦١ | یەك لینگی لە دەشتێ، دوو لینگی لە پشتێ، بەبێ یەك و دوو خستیە سەر پشتێ؟ | شەنەی دار |
| ١٤٦٢ | یەکە بنکەو دوانزە لکە هەر لکەکێ سێ پەلکە.؟ | ساڵ و مانگ و رۆژەکان |
| ١٤٦٣ | یەك پای دارین، کێوێك پتەوناسن ؟ | تەشی |
| ١٤٦٤ | یەك سەری هەیە وەهەزار پێی .؟ | گێسك |
| ١٤٦٥ | یەکە دەبێ بەهەزار، دەچێنرێ لە دەشتی بەیار، بە کاروان دەبیەنە شار؟ | گەنم و جۆ |

# مەتەڵ و شوێنەکان

| | مەتەڵ | وەڵام |
|---|---|---|
| ١٤٦٦ | ناوی ( ٧ ) شوێن بێنە ژمارە( ٣ )ی تێدابێ؟ | سێکانی، سێگردکان، سێ قوچان، سێ بەردان، سووسێ، سێ نارە، سێتاقان |
| ١٤٦٧ | ناوی ( ٧ ) شوێن بێنە ناوی (گیانلەبەر)ی تێدابێ؟ | کلك مشك، کەردز، مامزاوە، ریوییە، شێراوە، پڵینگان، تیمار |
| ١٤٦٨ | ناوی ( ٦ ) شوێن بێنە کە( فەقێ، مەلا، حاجی، سەید، شیخ سۆفی تێدابێ | فەقێیان، مەلا نۆمەر، حاجی یاوە، سەید سادق، شێخ شەڕوان، سۆفی برایم |
| ١٤٦٩ | ناوی ( ٦ ) شوین بینە کەووشەیگردی تیدابی ؟ | گردمەلا، گردەمەند، گردە پان، گردەرەشە، گردلانکە، گردەشین |
| ١٤٧٠ | ناوی ( ٦ ) شوێن بێنەکە ( رەنگە )کانی تێدابێ؟ | گردەسور، گومەزەرد، کیلەشین، شیوەرەش، گردەبور، .بەردەسپی |
| ١٤٧١ | ناوی ( ٥ ) شوێن بێنە وشەی ( بەرد )ی تێدابێ؟ | بەردەسپی، بەردحوشتر، بەردەرەش، بەردەباز، بەردەقارەمان |
| ١٤٧٢ | ناوی ( ٥ ) شوێن بێنە وشەی ( کانی )ی تێدابێ؟ | کانێسکان، کانی قرژاڵە، سێکانی، کانی بزرە، کانی ژنان |
| ١٤٧٣ | ناوی ( ٥ ) شوێن بێنە ( خواردنی )ی تێدابێ؟ | گوێژە، سماقە، قەرەهەنجیر، بەستە پیازە، گۆرەتوو |
| ١٤٧٤ | ناوی ( ٥ ) شوێن بێنە ( قەرە )ی تێدابێ؟ | قەرەسالم، قەرە تەپە، قەرە هە نجیر، قەرەناو، قەرەچوغ |
| ١٤٧٥ | ناوی ( ٥ ) شوێن بێنە ووشەی ( سەر )ی تێدابێ؟ | سەرسەنگ، سەردەشت، سەرچنار، سەربەشاخ، جل بەسەر |
| ١٤٧٦ | ناوی ( ٥ ) شوێن بێنە ناوی هۆزەکانیش بێت | گۆران، لکاوە، جافان، بارزان، تالەبان |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٧٧ | ناوی ( ٥ ) شوێن بێنە لەژمارە( یەك )تا ( پێنج )ی تێدابێ؟ | یەك ماڵە، دووگردەكان، سێكانی، چوارتا، پێنجوێن |
| ١٤٧٨ | ناوی ( ٥ ) چیێ بێنە ناوی مرۆڤیش بێت | هەلگورد، قەندیل، سەفین، قەرەچوغ، هەندرێن |
| ١٤٧٩ | ناوی ( ٥ ) شوێن بێنە وشەی ( دار )ی تێدابێ؟ | دارەڕێ، دارەتوو، دار بەسەر، دارەسماقە، دارەبەن |
| ١٤٨٠ | ناوی ( ٤ ) شوێن بێنە ( سماق )ی تێدابێ؟ | سماقولی، سماقە، كلكە سماق، لێرە سماق |
| ١٤٨١ | ناوی ( ٤ ) شوێن بێنە ناوی مرۆڤی تێدابێ؟ | گەلی عەلی بەگ، سۆلاڤ، لەتیفاوە، رەسول بچكۆل |
| ١٤٨٢ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە( توو )ی تێدابێ؟ | دارەتوو، گۆرەتوو، تووی مەلیك |
| ١٤٨٣ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە ( تە پە )ی تێدابێ؟ | قوشتە پە، قوڵتە پە، گۆپتە پە |
| ١٤٨٤ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە ( رەنگی سپی )ی تێدابێ؟ | سپیلك، بەردەسپی، تر پە سپیان |
| ١٤٨٥ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە ( بەست )ی تێدابێ؟ | بەستە پایزە، بەستی شەرغە، بەستە سێن |
| ١٤٨٦ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە وشەی ( تامەكانی )ی تێدابێ | سوورێژە، گۆمەتاڵ، قەسری شرین |
| ١٤٨٧ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە وشەی ( باز )ی تێدابێ | بازیان، خالۆبازیانی، بەردەباز) |
| ١٤٨٨ | نای ( ٣ ) شوێت بێنە ووشەی ( مار )ی تێدابێ؟ | تیمار، زەمار، كونەمار |
| ١٤٨٩ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە ووشەی ( گا )ی تێدابێ؟ | گامێش تە پە، سەنگاو، گاوەران |
| ١٤٩٠ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە ووشەی ( نۆمەر )ی تێدابێ؟ | مەلانۆمەر، نۆمەراوە، نۆمەرمەندان |
| ١٤٩١ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە ووشەی ( شێخ )ی تێدابێ؟ | شێخ شەروان، شێخ محێدین، شێخەشەل |
| ١٤٩٢ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە ووشەی ( لەك )ی تێدابێ | لەكاوە، جەدیدەی لەكان، ئەسحابەلەك |
| ١٤٩٣ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە مانای ( لادێ ) بێ | قەریەتاخ، دێـمەكا، كۆنەگوند |
| ١٤٩٤ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە ژمارە ( سی )ی تێدابێ؟ | سیدەكان، سیساوە، سیروان |
| ١٤٩٥ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە ژمارە ( دوو )ی تێدابێ؟ | دووگردكان، دووستە پە، دووشیوان |
| ١٤٩٦ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە وشەی ( كەر )ی تێدابێ | كەركووك، كەردز، كەر زۆر |
| ١٤٩٧ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە رەنگی ( شین )ی تێدابێ؟ | گردەشین، كیلەشین، شیناوە |
| ١٤٩٨ | ناوی ( ٣ ) شوێن بێنە رەنگی ( رەش )ی تێدابێ؟ | گردەڕەشە، بەردەڕەش، شێوەڕەش |
| ١٤٩٩ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە رەنگی( زەرد )ی تێدابێ؟ | گۆمەزەرد، زەردگەتە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥٠٠ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە ڕەنگی( سۆر )ی تێدابێ؟ | گردەسۆر، سورێژە |
| ١٥٠١ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە ناوی( پارە )ی تێدابێ؟ | کونەفلسە، دینارتە، دۆلاراوە |
| ١٥٠٢ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە ووشەی ( ناو )ی تێدابێ؟ | ناودەلۆك، ناومار |
| ١٥٠٣ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە ووشەی ( کار )ی تێدابێ؟ | دێمەکار، کاریتان |
| ١٥٠٤ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە ووشەی ( بزن )ی تێدابێ؟ | ماخۆ بزنان، بزن دز |
| ١٥٠٥ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە ناو ژنان بێ؟ | هەیبەت سوڵتان، فاتیلێ |
| ١٥٠٦ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە وشەی ( مام )ی تێدابێ | مامەیارە، مامە رووتە |
| ١٥٠٧ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە وشەی ( خاڵ )ی تێدابێ | خاڵ خالان، بێ خاڵ |
| ١٥٠٨ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە ژمارە ( نۆ )ی تێدابێ | نۆکان، نۆغەران |
| ١٥٠٩ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە وشەی ( بیر )ی تێدابێ | بیرکوت، بیریڤان |
| ١٥١٠ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە وشەی ( پیر )ی تێدابێ | پیرداود، پیرەمەگرون |
| ١٥١١ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە وشەی ( شار )ی تێدابێ | شاربازێر، شارەزوور |
| ١٥١٢ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە وشەی ( ڕێ )ی تێدابێ | دارە ڕێ، ڕێ دار |
| ١٥١٣ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە وشەی ( بان )ی تێدابێ | بانی ماران، بانی مەقام |
| ١٥١٤ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە وشەی ( میر )ی تێدابێ | میراوە،میرناودەل |
| ١٥١٥ | ناوی ( ٢ ) شوێن بێنە ووشەی ( بەگ )ی تێدابێ؟ | حەسەن بەگ، گەلی عەلی بەگ |
| ١٥١٦ | ناوی ( ٢ )شوێن بێنە وشەی ( گەر ) تێدابێ | گەڕاو، سەرگەڕان |
| ١٥١٧ | ناوی ( ٢ )شوێن بێنە وشەی ( عەرەب )ی تێدابێ | عەرەب کەند- بیرەعارەبان |
| ١٥١٨ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( کۆ )ی تێدابێ | کۆیە |
| ١٥١٩ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( مەقام )ی تێدابێ | بانی مەقام |
| ١٥٢٠ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( مەلیك )ی تێدابێ | تووی مەلیك |
| ١٥٢١ | ناوی شوێنێك بێنە ووشەی کۆنی تێدابێ؟ | کۆنە گوند |
| ١٥٢٢ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( شا )ی تێدابێ | شا قازی |
| ١٥٢٣ | ناوی شوێنێك پێنە ناوی کوڕو باوکێك بێت ؟ | دیار بەکر |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥٢٤ | ناوی شوێنێك بێنە ئامێرێكی فێنك كەرەوەی تێدابێ؟ | گۆزەپانكە |
| ١٥٢٥ | ناوی شوێنێك بێنە كە دوو خواردنی تێدابێ؟ | دووز خورما توو |
| ١٥٢٦ | ناوی شوێنێك بێنە داستانی عەشقی تێدابێ | مەم و زین |
| ١٥٢٧ | ناوی شوێنێك بێنە یەكێك لەتامەكانی تێدابێ؟ | سوێرە |
| ١٥٢٨ | ناوی شوێنێك بێنە ووشەی ( شە )ی تێدابێ | شەمامك |
| ١٥٢٩ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( چێر )ی تێدابێ | چێر بەش |
| ١٥٣٠ | ناوی شوێنێك بێنە نەخۆشیەكی تێدابێ | سیلەكان |
| ١٥٣١ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( نێر )ی تێدابێ | نێرە گین |
| ١٥٣٢ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( چەغە )ی تێدابێ | چەغەمیرە |
| ١٥٣٣ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( تەور )ی تێدابێ | تەورێز |
| ١٥٣٤ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( كەور )ی تێدابێ | كەور گۆسك |
| ١٥٣٥ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( زاوا )ی تێدابێ | تۆبزاوا |
| ١٥٣٦ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( مەڕ )ی تێدابێ | مەڕانێ |
| ١٥٣٧ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( كەو )ی تێدابێ | كەوڕەبەن |
| ١٥٣٨ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( ڕەق )ی تێدابێ | تورەق |
| ١٥٣٩ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( سار )ی تێدابێ | سارتك |
| ١٥٤٠ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( ناو )ی تێدابێ | دەرماناو |
| ١٥٤١ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( تەندوور )ی تێدابێ | تەندوورە |
| ١٥٤٢ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( ماسی )ی تێدابێ | كانی ماسی |
| ١٥٤٣ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( ژن )ی تێدابێ | كانی ژنان |
| ١٥٤٤ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( نان )ی تێدابێ | ماخۆی بزنان |
| ١٥٤٥ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( لەمرۆڤو ئاژەڵ )ی هەبێ | سپیلك |
| ١٥٤٦ | ناو شوێنێك بێنە وشەی ( چەم )ی تێدابێ | چەمە زەردەرە |
| ١٥٤٧ | ناو شوێنێك بێنە وشەی ( پاشا )ی تێدابێ | پاشای كۆرە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥٤٨ | ناو شوێنێك بێنە وشەی ( کەم )ی تێدابێ | کەموسك |
| ١٥٤٩ | ناو شوێنێك بێنە وشەی ( کارێزە )ی تێدابێ | کارێزە ووشك |
| ١٥٥٠ | ناو شوێنێك بێنە وشەی ( نۆك )ی تێدابێ | نۆکان |
| ١٥٥١ | ناوی شوێنێك بێنە ( کورتان )ی تێدابێ؟ | کورتان دوور |
| ١٥٥٢ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( قوتە )ی تێدابێ | دارەقوتە |
| ١٥٥٣ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( خڕ )ی تێدابێ | شەمسەخڕ |
| ١٥٥٤ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( پان )ی تێدابێ | گردەپان |
| ١٥٥٥ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( بەرز )ی تێدابێ | کانی بەرزە |
| ١٥٥٦ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( بەن )ی تێدابێ | دارەبەن |
| ١٥٥٧ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( لاو )ی تێدابێ | شەقلاوە |
| ١٥٥٨ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( شاد )ی تێدابێ | شادی |
| ١٥٥٩ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( چیا )ی تێدابێ | چیارسورخ |
| ١٥٦٠ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( شاخ )ی تێدابێ | سەربەشاخ |
| ١٥٦١ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( هەنار )ی تێدابێ | هەنارە |
| ١٥٦٢ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( گویز )ی تێدابێ | گویزە |
| ١٥٦٣ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( هە نجیر )ی تێدابێ | کانی هە نجیر، قەرەهە نجیر |
| ١٥٦٤ | ناوی شوێنێك بێنە وشەی ( کچ )ی تێدابێ | کچان |
| ١٥٦٥ | ناوی هۆزێك ( عشیرەتێك ) بێنە وشەی ( ناو )ی تێدابێ؟ | خۆشناو |
| ١٥٦٦ | ناوی هۆزێك ( عشیرەتێك ) بێنە وشەی ( مام )ی تێدابێ؟ | مامەسینی |
| ١٥٦٧ | ناوی هۆزێك ( عشیرەتێك ) بێنە وشەی ( تاڵ )ی تێدابێ؟ | تاڵەبان |
| ١٥٦٨ | ناوی هۆزێك ( عشیرەتێك ) بێنە وشەی ( سوور )ی تێدابێ؟ | سوورچی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥٦٩ | ناوی هۆزێك ( عـشیرەتێك ) بێنـە ژمـارە ( سـێ )ی تێدابێ؟ | سێیان |
| ١٥٧٠ | ناوی هۆزێك ( عشیرەتێك ) بێنە وشـەی زەنـگ )ی تێدابێ؟ | زەنگەنە |
| ١٥٧١ | ناوی هۆزێك ( عشیرەتێك ) بێنە وشـەی ( بـاس )ی تێدابێ؟ | بلباس |
| ١٥٧٢ | نـاوی گونـدێك بێنـە ( شـار ) ێکـی کوردسـتانی تێدابێ | بانەمورد |
| ١٥٧٣ | ناوی شوێنێك بێنە ( باینجان )ی تێدابێ | باینجان |
| ١٥٧٤ | ناوی شوێنێك بێنە ( گۆزە )ی تێدابێ | گۆزەبۆر |
| ١٥٧٥ | ناوی شوێنێك بێنە ( برا )ی تێدابێ | براکە |
| ١٥٧٦ | ناوی شوێنێك بێنە ( ترشی )ی تێدابێ | ترشاوگە |
| ١٥٧٧ | ناوی شوێنێك بێنە ( میروو )ی تێدابێ | میروولان |
| ١٥٧٨ | ناوی شوێنێك بێنە ( قوڕ )ی تێدابێ | قوڕیتان |
| ١٥٧٩ | ناوی شوێنێك بێنە ( قەڵا )ی تێدابێ | قەڵادزێ |
| ١٥٨٠ | ناوی شوێنێك بێنە ( شان )ی تێدابێ | گەنم وشان |
| ١٥٨١ | ناوی دوو شوێنێك بێنە ( پلنگ )ی تێدابێ؟ | ( قەلینگە، پەلینگان ) |
| ١٥٨٢ | ناوی دوو شوێنێك بێنە ( قەسر )ی تێدابێ؟ | قەسرۆك، قەسرێ |
| ١٥٨٣ | ناوی دوو شوێنێك بێنە ( دۆ )ی تێدابێ؟ | دۆغان، دۆلانە |
| ١٥٨٤ | ناوی دوو شوێنێك بێنە ( پرد )ی تێدابێ؟ | ناوپردان، پردێ |
| ١٥٨٥ | ناوی دوو شوێنێك بێنە ( حەسار )ی تێدابێ؟ | حەسارۆك، حەسار |
| ١٥٨٦ | ناوی دوو شوێنێك بێنە ( نان )ی تێدابێ؟ | ماونان، بنان |
| ١٥٨٧ | ناوی دوو شوێنێك بێنە ( دیان )ی تێدابێ؟ | هاودیان، دیانان |
| ١٥٨٨ | ناوی دوو شوێنێك بێنە ( خۆر )ی تێدابێ؟ | خۆران، خۆرەسان |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥٨٩ | ناوی دوو شوێنێك بێنە ( دۆڵ )ی تێدابێ؟ | دۆڵەبەکرە، دۆڵەتوو |
| ١٥٩٠ | ناوی شوێنێك بێنە ( کۆر )ی تێدابێ؟ | هەمزە کۆر |
| ١٥٩١ | ناوی شوێنێك بێنە ( گەڕ )ی تێدابێ؟ | گەڕاو |
| ١٥٩٢ | ناوی شوێنێك بێنە ( جن )ی تێدابێ؟ جن | بیرەجن |
| ١٥٩٣ | ناوی شوێنێك بێنە ( جمك )ی تێدابێ؟ | جمکە |
| ١٥٩٤ | ناوی شوێنێك بێنە ( تکە )ی تێدابێ؟ | مورتکە |
| ١٥٩٥ | ناوی شوێنێك بێنە ( گۆرگ )ی تێدابێ؟ | کونە گۆرگ |
| ١٥٩٦ | ناوی شوێنێك بێنە ( پۆڕ )ی تێدابێ؟ | پۆڕیجە |
| ١٥٩٧ | ناوی شوێنێك بێنە ( ناز )ی تێدابێ؟ | ناز ماوە |
| ١٥٩٨ | ناوی شوێنێك بێنە ( باش )ی تێدابێ؟ | باش تەپە |
| ١٥٩٩ | ناوی شوێنێك بێنە ( شیو )ی تێدابێ؟ | دووشیوان |
| ١٦٠٠ | ناوی شوێنێك بێنە ( مین )ی تێدابێ؟ | مینا |
| ١٦٠١ | ناوی شوێنێك بێنە ( بیستان )ی تێدابێ؟ | بیستانە |
| ١٦٠٢ | ناوی شوێنێك بێنە ( بای )ی تێدابێ؟ | بای حەسەن |
| ١٦٠٣ | ناوی شوێنێك بێنە ( چرا )ی تێدابێ؟ | چراغ |
| ١٦٠٤ | ناوی شوێنێك بێنە ( برا )ی تێدابێ؟ | برادۆست |
| ١٦٠٥ | ناوی شوێنێك بێنە ( سیخوڕ )ی تێدابێ؟ | کونەسیخوڕ |
| ١٦٠٦ | ناوی شوێنێك بێنە ( پۆلیس )ی تێدابێ؟ | پۆلیساوە |
| ١٦٠٧ | ناوی شوێنێك بێنە ( مامۆستا )ی تێدابێ؟ | مامۆستایان |
| ١٦٠٨ | ناوی شوێنێك بێنە ( گۆی )ی تێدابێ؟ | گۆی مەدێ |
| ١٦٠٩ | ناوی شوێنێك بێنە ( ووشك )ی تێدابێ؟ | کارێزە ووشك |
| ١٦١٠ | ناویشوێنێك بینە ( کاوە )ی تێدابی ؟ | عەنکاوە |
| ١٦١١ | ناوی شوێنێك بینە ( چە م )ی تێدابی ؟ | چەمچەمال |
| ١٦١٢ | ناوی شوێنێك بینە ( مێرگ )ی تێدابی ؟ | مێرگەسۆر |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦١٣ | ناوی‌شوێنێك بینە ( دز )ی تێدابێ ؟ | كەر دز |
| ١٦١٤ | ناوی شوێنێك بینە ( شەر )ی تێدابێ ؟ | شەر ناخ |
| ١٦١٥ | ناوی شوێنێك بینە ( خوا )ی تێدابێ ؟ | خوا كورك |
| ١٦١٦ | ناوی شوێنێك بینە ( تا )ی تێدابێ ؟ | چوارتا |
| ١٦١٧ | ناوی شوێنێك بینە ( كەند )ی تێدابێ ؟ | كەندیناوە |
| ١٦١٨ | ناوی شوێنێك بینە ( سن )ی تێدابێ ؟ | سنە |
| ١٦١٩ | ناوی شوێنێك بینە ( قاسم )ی تێدابێ ؟ | قاسمە رەش |
| ١٦٢٠ | ناوی شوێنێك بینە ( موسەك )ی تێدابێ ؟ | كاموسەك |
| ١٦٢١ | ناوی شوێنێك بینە ( یانە )ی تێدابێ ؟ | ئازیانە |
| ١٦٢٢ | ناوی شوێنێك بینە ( قین )ی تێدابێ ؟ | خانەقین |
| ١٦٢٣ | ناوی شوێنێك بینە ( بەش )ی تێدابێ ؟ | سۆربەش |
| ١٦٢٤ | ناوی شوێنێك بینە ( پیر )ی تێدابێ ؟ | پیرمام |
| ١٦٢٥ | ناوی شوێنێك بێنە ( بەڕوو )ی تێدابێ؟ | داربەڕوو |
| ١٦٢٦ | ناوی شوێنێك بێنە ( كەس )ی تێدابێ؟ | كەسنەزان |
| ١٦٢٧ | ناوی شوێنێك بێنە ( جوان )ی تێدابێ؟ | جوانرۆ |
| ١٦٢٨ | ناوی شوێنێك بێنە ( هەور )ی تێدابێ؟ | هەورەمان |
| ١٦٢٩ | ناوی شوێنێك بێنە ( تەڕ )ی تێدابێ؟ | تەڕوار |
| ١٦٣٠ | ناوی شوێنێك بێنە ( سوڵتان )ی تێدابێ؟ | سوڵتان مزەفەر |
| ١٦٣١ | ناوی شوێنیك بینە ( خراپ ) ی تێدابێ ؟ | خراپە یاسین |
| ١٦٣٢ | ناوی شوێنیك بینە ( ناو )ی تیدابێ ؟ | ناوپردان |
| ١٦٣٣ | ناوی شوێنێك بێنە ( قەبر )ی تێدابێ؟ | قەبری عوسمان |
| ١٦٣٤ | ناوی شوێنێك بێنە ( قەند )ی تێدابێ؟ | قەندیل |
| ١٦٣٥ | ناوی شوێنێك بێنە رانی تێدا بێت؟ | رانیە |

# بەشی دووەم

# گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی

# پێناسـەی پەنـد

پەندی پێشینان.. فەلسەفەی کۆمەڵایەتی خەڵکە، هەموو لایەن‌و چەمکەکانی ژیان دەگرێتـەوەو دیاریـیـان دەکـات، گەنجینەیـەکی بـێ هاوتـاوو دەوڵەمەنـدی سـەدەکانی رابردووە، پڕێتی لەتاقی کردنەوەو زانیاری بەکەڵکی ئەم نەتەوەیە.

وەك دەزانین پەندی کوردی.. کورتە ئاخاوتنێکە بەرجەستەی دیدو بۆچوونی ئەم میللەتە دەکات، ئێمەی کورد لەم رووەوە پەندی پێشینانی پڕ بایەخ‌و گرینگمان هەیە، کەهەقە بەئاوی زێر هەموویان بنوسرێنەوە، چونکە هەندبەجوانی‌و رێکی‌و وەستایی ووتراوە، کەبونەتەمایەی شانازی پێکردنی هەموولایەکمان.

پەندی پێشینانیش..یەکێکە لەژانرەگرنگەکانی ئەدەب‌و فۆلکۆری کوردی، شاکارێکی زۆر جـوان‌و بەسـوودەو دەربـڕی هەسـتی پـاکی بـاب‌و باپیرانـە لەگـەڵ ئەوەشـدا خـاوەنی راستەقینەیی نادیارە، کەکێ‌و چۆن‌و کەی سەری هەڵداوە.

پەند.. کات‌و شوێن‌و سەردەم رۆڵیان هەیەلەسەرهەڵدان‌و درکاندن‌و گوتنیدا،هەر پەندێك بۆخـۆی رۆمـان‌و چیرۆك و بابـەتێکی گرینگـەو دەکـرێ (شانۆ،فیلمی سینەما) لـێ دروست بکرێ، لەراگەیاندنەکان سوودی لێ ببیندرێ.

پەنـد سەرچـاوەیەکی کارایـە بـۆ نـەوەی نـوێ وکـۆڕو مەجلیـسی پـێ گـەرم‌و گـوڕ دەکرێ،هەرچەندە دەربڕێکی کورتە،بەڵام زۆرپڕماناو سودبەخشەو شێوازی ئامۆژگاری لەخۆ دەگرێ.

پەندی کوردی ... هەمیشە لەگشت بوارەکانی ژیاندا رەنگی داوەتەوە، کە چەندین پەندی لێکچومان هەیـە تایبـەت بەیەکلایـەنی ژیـانـدا، منـیش هـەوڵم داوە، ئـەو پەندەکوردییانـە بەشێوەیەکی (پیتـی ئەبجـەدی) بهێنمـە لای یـەکتر بەتایبـەتی ئەوانـەی پێوەسـتن بـەژیان وەدەوروبەری ئادەمیزاد وباری کۆمەلایەتی مرۆڤ، لەدوماهیدا هێڤی خوازم پەندەکانی نێوئەم پەرتووکـە خزمـەتێك بکـات بەنەتەوەکـەم‌و پەرتووکخانـەی کـوردی بزرائێنێتەوەولایـەنی فۆلکۆری دەوڵەمەند بکات.

# (ئـــاو)... لە پەندی کوردیدا

ئاو. سەرچاوەی ژیانەو هەموو شتێ لەئاوەوە دروست و پێکدێت، شتە پیسەکانیش بەئاو پاک دەبنەوە، لەمێژە گوتراوەش ئاوو ئاوەدانی کەواتە گرینگیو سوودی ئاو بێ شومارەو نایێتە ژماردن، من لێرەدا نامەوێت باسی هەموو ئەو سوودو زیانانەی ئاو بکەم کەدێتە بوون، بەڵکو ئەوەی گەرەکمە رۆشنایی بخەمە سەر ئەو پەندە کوردییانەیە کەسەبارەت بە(ئاو) گوتراون.

بۆیە ئەمانەی خوارەوە زۆربەی زۆری ئەو پەندە کوردییانەیە کەوشەی (ئاوی) تێدایە، بەئومێدم سوودی هەبێ، نابێ ئەوەش لەیاد کەین کەپیرۆزی ئاو لەوەشدایە کەلەقورئانی پیرۆزیش باسکراوە، لای کوردیش بەپیرۆزو مەزن سەیرکراوە بۆیە ئەو هەموو پەندەیان دەربارەی گوتووە:

*** ئاوێ هەوێ یان دەڕوا، هی هەوگیانان ناڕوا:**

– واتە بۆی هەیە هەوێ لەگەڵ یەکتردا بگونجێن، بەڵام دووهەو گیان ناگونجێن.

*** ئاو شێلوو بوو، رۆن نابێتەوە:**

واتە کارێك تێکچوو وەك خۆی نایێتەوە، یا ناوێك بەخراپ رۆیی زەحمەتە ناوی بەباش بهێنن.

*** ئاویش زۆر بمێنێتەوە بۆگەنی دەبێ:**

واتە هەموو شتێ لەکاتی خۆی، زیاتر ئەمە بۆ کاری خێر بەکاردێت کەزوو ئەنجامی بدەیت، بۆ میوانیش بەکاردێت کەلەشوێنی زۆر بمێنێتەوە.

*** ئاو ودجەودنەی ئیمام حوسێن ناکا:**

–واتە کاری چاکە ئەنجام نادا، بڕوای بەچاکەو چاکەخوازی نییە.

***ئاو بەنەرمی خۆی شاخ کون دەکات:**

– واتە مرۆڤ بەهەوڵی بێ ویچان بەئەنجام دەگات، یا بەنەرمو نیانی هەموو شتێ دێتە بەرهەم.

*** ئاوی زۆر ئاوی کەم دەبات:**

واتە: پیاوی دەسەڵاتدار بەخەڵکی زۆر کەسی بێ هێزو کەم لەناو دەبات.

***ئاو بتبا لە پردی نامەرد مە پەڕەوە:**

واتە هەندێ جار مردن هەڵبژێرە، بەڵام پشت بەمرۆڤی نامەردو سپڵە مەبەستە.

*** ئاو بەئاگریدا کرا:**

واتە شەڕو ئاژاوە نەماو کۆتایی بەکێشەکە هات.

*** ئاو بڕوا بۆ ڕۆخانە خوێش (خزم) بیخوا نەك بێگانە:**

واتە: خزم بەهەر شێوەیەك بێت لەبێگانە باشترە.

*** ئاو بێنە دەست بشۆ:**

ئەمە لەکاتێکدا دەگوترێ کەکۆتایی بەشتێك هاتبێ.

*** ئاو تا قووڵ نەبێ مەلەوانی لێ خۆش نییە، یا دەڵێن( ئاو چەندی قوڵ بێ، مەلەوانی خۆشە ):**

واتە: ئەمانەیی لەشتێ شارەزان حەز دەکەن بچنە ناخی شتەکانەوەو، تا تەواو تێی بڕوانن.

*** ئاو دەبیا دەست بەکەف وەدەگرێ:**

—واتە ئەوەی پاشەڕۆژی تازە بەتازە خۆی بۆ شتی تر ئامادە دەکا تازەش سوودی نییە.

*** ئاو کەزیاد بوو لەسەری دەرژێ:**

— واتە: هەر شتێ لەقەوارەی خۆی دەرچوو بێ ماناو بێ تام دەبێ.

***ئاو لەشوێنی لێژ ناوەستێ:**

واتە: کەبەرەو لێژی ڕۆی بەکەس ناوەستێ، وەك تەمەنی مرۆڤ وایە کەتوانای گەنجێتی نامێنێ.

*** ئاو لەناو جۆنی دەکوتێ:**

—واتە کارێکی بێ مانا دەکا کەشیاو نەبێ.

***ئاو لەناو دەستی ناتکێ:**

—واتە: سوودی لێ نابینرێو چی لەدەست دەرنایێ.

*** ئاو هات ئاو ماڵك خۆت لادە:**

—واتە: مرۆڤی شیاو بۆ شوێنی شیاو دابندرێ، کەسانی شارەزا لەشوێنی کەسی نەشارەزا دابنرێ.

*** ئاوو ئاوەدانیان گوتووە:**

— واتە: ئەو شوێنەی ئاوی هەبێت ئاوەدانیش دەبێت.

***ئاو کەڕژا کۆناکرێتەوە:**

— لەکاتێکا دەگوترێ کە کار لەکار بترازێ وەکو خۆی لێ نابێتەوە.

*** ئاوی دەکاتە ناو بێژینگ؛**

واتە: کارێکی ناشیاو دەکات و هیچ سوودی نییە.

*** ئاوی هەمیشە بەجۆگەیە؛**

واتە: کاری بەرێ و جێ دەکا.

*** ئاوێ کەبەجۆگەیەکدا رۆیشت هەمیشە دەبێ بڕوا؛**

واتە: هەنگاوی باش سەرکەوتنی لەدواوەیە.

*** ئاوی کانی لەئاوی رووبار پاکترە، کەچی رووبار ئاوی زۆرترە؛**

– واتە مەرج نییە هەموو زۆرێك باشی بێ، جاری وا کەمیش رۆڵی خۆی دەبینێ.

*** ئاو مردوو و زیندوو پاك ئەکاتەوە، گڵ گڵاویان لێ ئەشواتەوە؛**

–واتە: ئاو هەموو شتێ پاك دەکاتەوەو بۆ هەموو شتێ بەکاردێت.

*** ئاوەکەی شەتولەعەرەب بەخیلی بەکانیاوەکەی سەرچنار دەبات؛**

–پیاوی دەوڵەمەندو خواپێدراو جاری وا بەخیلی بەکەسی هەژار دەباتن یا بەشێوەیەکی تر کەسی دوڵەمەند هەندێ جار پێویستی بەیارمەتی و هاوکاری هەژار دەبێ.

*** ئاوی پایزان دەڵێی بەفراوە، ئەوی تێر ئەخوا چی لەئاوە؛**

واتە ئەوەی ئەتوانێ سوود لەشتێ ببینێ کە لەکاتی خۆی، ئەی کەی سوود دەبینێ.

*** ئاوو گڵە هەڵیگرت؛**

–واتە: ئەماو بزربوو لەبەر چاوان وون بوو.

***ئاوی شیرین لەخاکی سوور (سوێر) دەرناچێ؛**

واتە لەکەسی خراپ، چاوەڕوانی کاری چاکەی لێ مەکە.

*** ئاوت شیرین بێ، نانت گەنم بێ، ژنت هەر بووك بێ؛**

ئەمە لەکاتێکدا دەگوترێ کە یەکێك کارێکی باش بکات ئەم (دوعا)یەی بۆ دەکەن.

# (ئاگــر)... لە پەندی کوردیدا

ئاگر.. پاش پەلیەکی گەرمی دێتە بوون، سوودو زیانێکی زۆری هەیە بۆ مرۆڤ گەر ئاگرنـەبێت، هیچ شتێ بەخاوی ناخورێت، بەڵام ئەوشتانەی کەپێویستیان بـەکولان و بـرژان هەیـە، بـەهۆی ئاگرەوە ساز دەکرێت، لێرەدا باس لەو پەندە کوردییانە دەکەین کەووشەی ئاگری تێدایە.

*** ئاگر تێبەردەی، بۆن سۆی لێ نایێ یادەڵێن( ئاگرلەماڵی بەربێت، بۆن سۆی لێ نایەت ):**

– بەیەکێك دەوترێ، کەزۆر هەژارو رووتو قوت بێ.

*** ئاگرە سورێ، لەخۆم دوورێ یادەڵێن ( ئاگرە سوورە لەخۆ دوورە ):**

– واتە یەکێك دەیلێ، کە ئاژاوەیەك قەومابێو خۆی تیانەبێ.

*** ئاگر لەکای کۆن بەرنەبێ، یا دەڵێن( ئاگر نەچێـە کای کۆن ):**

– بەکۆنەی عشاقێك یاخەفە تبارێك ئەوترێ، کەعەشقەکەی یاخەفەتەکەی تازە بووبێتەوە.

*** ئاگر لەچاوی ئەبارێ، یا دەڵێن ( ئاگر لەچاوی ئەبێتەوە ):**

– بەیەکێك ئەوترێ، کەئەوەندە تورە بووبێ، چاوی سوور هەڵگرابێ.

*** ئاگر کەتەوە، ئاگر بڕ ئەکرێ:**

– واتە تەڕو وشك پێکەوە ئەسوتێ

*** ئاگر ئەکاتەوە:**

– واتە زۆر تورەیەو شەڕاویە

*** ئاگر لەکولکی داری دەمینێ:**

– واتە کەسانی پیرو بەناوساڵان چوی تاقیکردنـەوەو ئاقـل وزانسـت زیـاتر لـەلای ئـەوان ئـەبێ، چونکە زۆر شتیان بەسەر هاتووەو بەتەجروبە زۆرشتیان بۆ روون بووەتەوە

*** ئاگر نەگەیشتە جێگا، دوکەلی لێ هەڵستا:**

– یانی لەژێر ئەم کاسەیە شتی تری تێدایەو بۆ فروفێل بەکاردێت.

*** ئاگر ئەگەر وڵاتی داگرت تەڕو هیشك دەسووتێنێ:**

– زۆر جار وادەبی لەناو رووداوێك خەڵکی بێ تاوان تێ دەچێ، ئەوە لەوکاتەدا دەگوترێ.

*** ئاگر دامانا، مرۆڤی بەر بێتە مرۆڤی:**

– ئەگەر مرۆڤ لەدەست و پێوە دەوروبەرو نزیکانی خۆی زەفـەری پـێ نـەبردێ، کـەس نـاتوانی

زەفەری پێ ببا.

*** ئاگرەکی وامەکەوە، پێت نەکوژێتەوە:**

– واتە شەرو شۆڕمەنێوە، یاکارێك مەکە پێت تەواونەبێ.

*** ئاگری بەسکە چیلێ:**

– واتە : بەکارێکی سادە دەگوترێ.

*** ئاگری کە رەدنیان، لەشکری فەقێیان:**

– واتە زۆرو و زەبەندە.

*** ئاگر لە سەفێن، مەنجەلی ئاولێرە:**

– بەکارێك دەگوترێت، بەهیچ جۆرێك نەکرێت و لێك دووربن.

*** ئاگری نێوارە لەهی بەیانی بە پیت ترە:**

– واتە شتی دوایی بەپیتترە.

*** ئاگری دیزە خۆش دەکات:**

– واتە: هەولی ئاژاوە وشەڕ دووبەرەکی دەدات.

*** ئاگری بە پاوەنەوە:**

– واتە بەزمێکی ساز کرد

*** ئاگربێ دووکەل نابێ:**

– واتە هیچ شتی بێ بەرو بووم نابێ.

*** ئاگروبایان نەگۆتییە:**

– واتە دووشتی پێچەوانەی یەکترین.

*** ئاگری بن کایە:**

– بەیەکێکە ئاژاوە گێر دەڵێن، کەلەژێرەوە شەڕ خۆش بکا.

*** ئاگری لەماڵێ بەردا:**

– واتە ماڵی خراپ کرد.

*** ئاگر نیشانەی وێرانییە:**

– مەبەستیان لەشەڕو شۆڕە

*** ئاگر بەئاوی پیسش دەکوژێتەوە:**

– واتە پیاوی مەرد هەندێ جار بەپیاوی نامەرد لەناو دەچێ.

# ئاش لە پەندی کوردیدا

ئاش ئەو ئامێرە سوود بەخشەیە کە لە کۆنەوە بۆ باراش لێکردن و هاڕینی دانەوێڵە بەکارهاتووە بەپێی گۆڕانکاریەکانی سەردەم بەکار هاتووە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە دەربارەی ئەو پەند کوردییانەیە کە ووشەی (ئاش)ی تێدایە کەئەوانەن:

***ئاشی بەبا دەگێڕێ:**

-زیاتر بە کەسێکی خەیاڵاویی دەگوترێ، کە هیچی لەبەر دەست دانەبێ، بۆ خۆی وای دانبێ کارێکی پێ دەسوڕێ.

***ئاش بە نۆبەتە:**

-واتە هەموو شتێی بەرێزبەندووبەنۆبەتە، هەمووکارێ رۆژی خۆی دێ.

***ئاش گرمەی دێت و ئارد دیار نیە:**

-بەکارێك دەگووترێ کە هەریەکەیان بەجۆرێ بیریکاتەوەو پێچەوانەی یەکتربن.

-ئاش لەخەیالێك، ئا شەوان لەخەیالێك.

-بەدوو کەسی جیاواز دەگوترێ، کە هەریەکەیان بەجۆرێ بیربکاتەوەو پێچەوانەی یەکتر بن، وەك ئەو پەندەی سەرەوەیە.

***ئاشی لەکێ ئاشەوان لەکێ:**

-ئەمەش هەمان مەبەستی پەندی سەروەیە کە دووو کەسی بیروڕایان جیاوازبێ.

***ئاش نەزان خوا دەیگرێ:**

-بەکەسێکی نەشارەزاو نەزان دەگوترێ کە ئیش و کارێکی بۆ هەڵکەوتبێ وجوان بۆی بەرێوە بچێ.

***ئاش هار درشت و هورد دەهارێ:**

-بەکەسێکی زاڵم و ستەمکار دەگوترێ جیاوازی چاك و خراپ نەکات، گەورەو بچووك و تەڕو ووشك لەناو ببات.

***ئاشێك لەمێژتن بوو هەر دەمیزێ:**

-واتە کەسێك بەتەمایی کارێکی خراپ بوو هەر دەیکات.

# (ئیش و کار)... لە پەندی کوردیدا

لەوتەی ئادەمیزاد کەوتۆتە کۆشی ئەم جیهانەو خول دەخوات لەسەر ئەم زەمینە پانو پۆڕەدا، ئەوە هەردەم هەوڵی داوە ئیش‌و کاربکات بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی پەیدا بکات. کار کردن دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی ژیان لەهەموو روویکەوە، دەبێ ئەوەش بزانین لەهەموو کات‌و سەردەمێکدا جۆرو شێوویە کارکردن وەکو یەك نەبووەو نابێ، بەڵکو لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەم ئەویش گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە قۆناغ بەقۆناغ پێشکەووترە بووە.

کارکردن: دڵ‌و دەروونی مرۆڤ ئاسوودەو فراوان دەکات، هەر چەندە بەجەستە ماندوو دەبێ، مێشکی هیلاك‌و جەنجاڵ دەبێ، بەڵام پاشان خۆشیەك ئاوێتەی ناخی دەبێ، کەبە خۆشی نازانێ چییەو چۆنە، ئەم مرۆڤانەی کارناکەن هەمیشە بەزەخەڵ‌و زەنتە و تەمبەڵ‌و هیچ ناسراون‌و بەرچاو و دڵی خەڵکی ناکەون.

من نامەوێت هەمووسوودو مەرامەکانی کارکردن شی بکەمەوە ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم دەربارەی (ئیش‌و کار)ە لەپەندی کوردیدا، کورد لەدێر زەمانەوە نەوەکانی بەئازاو چاونەترس‌و ئیشکەر ناسراوە بەرهەمی رەنجی خۆی خواردووە، بەئارەقەی نیوچەوانی بژێوی ژیانی دابین کردووە، سەربەرزانە ژیاوە،باب‌و باپیرانمان لەزووەوە دەرکیان بەم راستییەکردووە کەدەبێ کاربکەی بۆ ئەوەی بژی ئەم پەندە کوردیانە وشەی ئیش‌و کاری تێدایە.

***(ئەوەی کارنەکا ناخوا)؛**

– واتە دەبێ مرۆڤ کاربکات‌و چاوی لەدەست ئەم‌و ئەونەبێ، گەر رەنج‌و نەدەی و کارنەکەی ئەوە بەروبوومەکەشی ناخۆی.

***ئیشکەری خۆتی خۆشەویستی خەڵکی؛**

– واتە هەر چەند ئیش بۆ خۆت دەەی‌و سوودو بەرهەمەکەی بۆ خۆتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

خۆشەویستی خواو خەڵك دەبێ کەواتە باهەموو لایەکمان ئیش بکەین هەول دەین تابەئاوات وئامانجەکانمان دەگەین.(کاری بەوەختێ، پاشای سەر تەختی): واتەمەبەستیان ئەوەبووە ئەوانەی کاری خۆیان گورج و گۆڵ و لەکات و ساتی خۆی بەئەنجام دەگێنن، ئەوە وەکو پاشا وانەو هەمیشە خەڵك کاریان بەئەوە نەك بەپێچەوانەوە.

لەپەندێکی تردا هەر بۆمەبەستی پەلەکردن لەکارکردندا دەڵێت

***ئیشی ئەمڕۆ مەخەرە بەیانی بەبینێ:**

– واتە نابێ تەمبەڵی بکەی لەئیش و کاردا، مەڵێ دەی دەی کاتێکی تر دەیکەم، نەخێر دەبێ هەموو کاتێ ئیش و کارەکان نەخرێتە بەیانی.

*** دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە:**

– واتە هەر چەند کارکردن هیلاك و ماندووت دەکات، بەڵام زگت تێر دەکات، واتە نان پەیدا کردن ناخۆشە، بەڵام بەرهەمەکەی بەتامە حەسانەوەی لەدوایە.

کورد لەمێژە دەرکی بەوەکردووە کەنابێ هیچ کەسێ بێ کار دانیشێ و لێی پاڵ داتەوە.

***گەرهیچ نازانێ، گۆپار هەرگرە لۆشوانی:**

– واتە شتێ هەرفێر دەبێ گەرهەول دەی و بێ هۆیش نەبووەو نابێ بۆ زیاتر هەوڵدان تا مرۆڤ کاربکات، باب و باپیرانمان ووتویانە.

# پەندی کوردی و ئەگەرەکانی

مرۆڤ ئەو بوونەوەرە هۆشدارەیە کە توانای ئاخاوتن و دەربڕینی هەیە، زۆر رکات لەکاتی گفتو گۆدا لە نێوان دوو کەس،یا دوو شتی جیاواز بوون و نەبووندا ووشەی (ئەگەر) بەکاردێت، لەنێو پەندی کورددیشدا ئەم ووشەیە رەنگی داوەتەوە، لێرەدا ئاماژە بەم پەندانە دەکەین کە ووشەی(ئەگەری) تێدایە.

***ئەگەر بایەو ئەگە ربۆرانە، بۆ بەفر هەر زیانە:**

–یەکێك ئەو پەندەدەڵێ کەلەکارێك لە هەموو سەرێکەوە زەرەرمەند بێت.

***ئەگەر برا شوانە، خوشك هەرچاوەڕوانە:**

–واتە خوشك هەمیشە چاوی لەدەست برایە، با شوانیش بێ.

***-ئەگەر بەد نیت، مەبە بایاری بەد:**

–واتە هاوڕێ پیاوی خراپ مەکە

***ئەگەر بەدووعا دەبوو، قەشپل بەخورما دەبوو:**

–واتا دوعا دەبێ لەگەڵ کرداربێ، نەك هەر بە گوفتار.

***ئەگەر بەماڵی، بەمام و خاڵی، ئەگەر بێ ماڵی بێ کەس و کاری:**

–واتە گەر پارەت هەبوو هەموو کەسێك خزمتە، کە پارەشت نەبوو بێ کەس و کار دەبی.

***ئەگەر پشیلە لەماڵ نەبێ، مشکان تلیلی تلیانە:**

–بە چەند کەسێك دەوترێ، کە ئەو گەورەیی شەرم و ترسی لێ دەکەن لەلایان نەبێ.

***ئەگەر تۆ نەبیت بەیارم، خوا دەسازێنی کارم:**

–چونکە خوا کەسی بێ کەسانە.

***ئەگەر حوشتر باڵی ببوایە، ئەو خەڵکە چی بکرادیە:**

–واتە ئەگەر کەسی خراپ کار بەدەست بابن، خراپ دەقەوما.

***ئەگەر خانەدانیت، لەخانەدانان خەبەرداریت:**

–خانەدانێکی لێ قەوماوە، بەخانەدانێکی تر دەڵێ.

***ئەگەر خەو چاك دەبووە كەروێشك بەگادەبووە.**

-چونکە کەروێشك زۆر دەنوێ

***ئەگەر دەستی بڕوا، لە پشتی ملەوە پیاو سەردەبڕێ:**

-بەیەکێکی دڵ ڕەقی قین ئەستور دەوترێ .

***ئەگەر ڕێوی بنوێ، خەو بەمرشیك خواردنەوە دەبینێ.**

-چونکە هەمیشە لەبیری ئەو دایە.

***ئەگەر زانی ئەزم، ئە گەر نەیازانی دزم:**

- بەیەکێك دەوترێ کە بەناوی سەردان بێتە ماڵەکەت، ئینجا ئەگەر ماڵ چۆڵ بوو، وا دزەو شتێك دەدزێو دەڕوا، ئەگەر مەردومیش دیاربوو ئەوە میوانەو دادەنیشێ.

***ئەگەر زمان بیلێ، سەر ڕەحەتە:**

-واتە هەموو دەردە سەرییەك کە تووشی مرۆڤ دەبێت بەهۆی قسەو زمانەوەیە، کەواتە تادەتوانی ئاگاداری زمانت بە.

***ئەگەر زەمانە هێناتیە پێکەنین ساتێك، وریابە نەتگرێنێ سالێك:**

-واتە ئەگەر توشی خۆشیەك بووی، یاخی مەبە لەخۆت بایی مەبە، با تووشی ناخۆشیەك نەبیت کەخۆشییەکەت لەبیر بباتەوە.

***ئەگەر سەگ نەبێ، گورگ ئە تخوا:**

-بەستەم کارێك دەوترێ، کە ستەم کارێکی تر بێدەست بکات.

***ئەگەر شتێك نەزانی، مەیلێ، ئەگەر زانیت نیوەی بلێ:**

-واتە هەمیشە قسەنەکردن لەقسەکردن باشترە.

***ئەگەر فیل هەیە، کەرکەدەنیش هەیە:**

-واتەدەست لە بانی دەست زۆرە، واتە: هەر زالمێك، زەوارێکی هەیە.

***ئەگەر قاز نیت، هێلکەی قازی مەکە:**

-واتە هەرگیز لاسایی پیاوی گەورە مەکەروە.

***ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە:**

-واتە گەر قازانجت نییە، با زەرەریشت نەبی.

***ئەگەر لووت نەبێ لە بینا، چاو چاو دەخوا:**

-بەهێزێك دەلێن، کە دوو هێزی تری شەرمی لی بکەن.

*ئەگەر لەکین، هەموو یەکین؛
–یەکێك بەیەکێك وەك خۆی دەڵێ.
*ئەگەر موو بەخت دەبوو، بزن لەسەر تەخت دەبوو؛
–چونکە بزن لەهەموو گیاندارێك مووی زیاترە.
*ئەگەر مەرم نەدیبێ لەهەویێزی، قوشپلم دیتیە لە پەریێزی؛
–بەیەکێك دەڵێن کە بەژیرت نەزانێ.
*ئەگەر ناتوانیت بگەزیت، هەرگیز دانت دەرمەخە:
–واتە گەر دەسەڵاتت نەبوو، هەڕەشە مەکە،
*ئەگەر هاتت بوو هەی هەیە مەکە. ئەگەر نەهاتیش بوو، وەی وەی مەکە:
–واتە دەبێ پیاو بەرگەی (بوون و نەبوون) یان خۆش و ناخۆشی بگرێ.
* ئەگەر هەر هیچ نازانی، گۆچان هەڵگرە بۆ شوانی:
–واتە دانیشتن و بێ ئیشی بۆ کەس دەست نادات، پیاوی هەرچۆنێك بێ دەتوانێ بەئیشێکی شیاو خۆیەو خەریك ببێت.
*ئەگەر هەوەسە بەسە:
–واتە چیتر بەگاڵتە مەم شکێنە.
*ئەگەر ماڵت هەیە، کەفیل بە، ئەگەر نشت نییە، شاهێدبە:
–واتە بە هەر جۆرێك بێت خزمەتی کۆمەڵەکەت بە چ بە ماڵ چ بەقسە.
*ئەگەر قەسە لەداری ئاو دەباری:
–واتەقەسە لەزار راناوەستێ.
*ئەگەر دەنگی دەکەم دەنگم دەچی، ئەگەر دەنگی ناکەم رەنگم دەچی:
–بەکارێك دەگوترێ سەرت لێ سورمابێ و نازانێ چی بکەی.
*ئەگەر دەغڵ و کڕی گەنم کڕبە، ئەگەر دەکڕی هیشك کڕبە:
–واتە هەرشتی باش بکرە، تخونی خراپە مەکەوە.
*ئەگەر دەرۆزەکەر بێ بێ کەشکۆڵ نابێ:
–واتە هیچ کارکردنێ بێ خۆماندو کردن نابێ.

*ئەگەر جوتیار جوتیاربێ، لەسەر شاخیش بێ جوتی خۆی دەكا؛
-واتە یەكێك لەكارێكی شارەزابێت هەوڵی خۆی دەداتو كارەكەی جێبەجێ دەكات.
*ئەگەر جكت نەبوو، مەچووە جگانێ؛
- واتە: توانای كارێكت نەبێت تێكەڵی مەبە.
*ئەگەر شوان نەبی، مەر نالەوەرێ؛
-بێكار گێر، ئیش ناڕوات.
*ئەگەر باز هەیە، خەرتەلیش هەیە؛
-واتە توانادار هەیە، بێ تواناش هەیە.
*ئەگەر بزن هاتە مردنی، چەقۆكێش زۆر دەبن؛
-لەكاتی خواردندا زۆر كەست لێ پەیدا دەبێ.
*ئەگەر برسیت بێ، بیخۆری ناوێ؛
-واتە كاتێ برسێتی لەوە ناپرسی چێت لەبەر دەستو دەستدایە.
*ئەگەر كەر رابگری، دەبێ بۆنی قەرسە قولیش بكەیت؛
-واتە گەر دۆستایەتی كەسی خراپت كرد، هەلەو خراپەت تووش دەبێ.
*ئەگەر دزو ماخۆماڵ یەك بن گای لەكولانكە ئاوادەكەن؛
-لەكاتێك دەگوترێ لەرێزەكانی خۆت،یا لەناو ماڵی خۆت كەسانێك هەبن بۆ بەرژەوەندی دوژمنوناحەز كار بكەن، دەتوانن تووشی زیانی زۆرت بكەن.
*ئەگەر كردت نانو نمەكی، لەگەڵی مەكە بێ نمەكی؛
-واتە ئەگەر یەكێك نانی پێدای یا چاكەی لەگەڵت كرد، نابێ لەبیری بكەیو بەرامبەری بێ وەفابی.
*ئەگەر بەرپیش بوایە، نێری دەبوو بە سەردار؛
-مەبەست ئەوەیە روخسار شتێكە، ناوەڕۆك شتێكی ترە، كەواتە گرینگی ناوەڕۆكە.
*ئەگەر بەردیش لەئاسمانی بباری بەسەرئەوە هەر دەكەوێ؛
-بۆ كەسانی بێ شانسیو بێچارەو بەخت رەش دەگوترێ.
*ئەگەر چویتە شاری كوران، ئەتۆش چاوی خۆت ببەستەوە؛
-واتە چویە ناو هەر میللەتێك لەسەر دابو نەریتو زمانی وان خۆت لێ ربینە باشترە.

# ( بــرا )... لە پەندی کوردی

ئەوپەنـدە كوردییانـە كـەدەربارەی(بـرا) گـوتراون بەئومێـدین سـودیی هـەبێتو هەمیـش نەتەوەكەمان براو تەبابن لەوانەیە هەندێ لەم پەندانەبەشێوەیەكی تـر بێـت، بـەڵام هەرچۆنێك بێت ئێمە بەچاكو خراپ دەیخەینە روو:—

*** برا حەز لەمردنی برا ناکات، بەڵام حەز بەنەبوونی ئەکات:**

— واتە:بۆحەز لەمردن نەكردنەكـەی تـەواوە، بـەڵام بـۆ حـەز لەنـەبوونی كردنەكـەی باوەڕناكەم هەمووبرایەك وابێ، مەگەر خراپو خۆپەرستەكاینان نەبێ.

*** برا حەز ناکات برای لەخۆی پیاوتربێت، بەڵام حەز ئەکا کوڕی لەخۆی پیاوتر بێت:**

—واتە مردن نەمانو لەناوچونە، بەڵام لەتەماعو ماڵی دونیا حەزدەكات خۆی لەپێش برای بێ.

*** برا شەرئەکا ئەبلە باوەڕئەکا، یان دەڵێن: (براو برا شەڕ دەکا، قەڵتەبان، باوەڕ دەکا):**

— (ئەبلە — نەزان) ئەمە تاردەیەك وایە، چونكە هەمووكەس نرخی دوایی هەرئاشت دەبنەوە.

*** برا گەورەی سوڵتان بە:**

— كـەبووی بەبراگـەورە یانبەرپرسـیاریەكت درایـە دەسـت یاخودئەگـەر كـرای بـەدەم سـپی ودەمراستی كۆرو كۆمەڵێك ئەبێ كردەوەی چاك وداد پەروەرانە بكەی بەدڵی هەمووڵایەك بێت.

*** براو بەشیان وتووە، براوبەش:**

— واتە برایەك یان هەر كەسوكارێك كەبەكەلكت نەهات چی لێدێ باڵێی بێ.

*** برابەبرادەر دان مەکە رۆژێك لەرۆژان:**

— واتە هەرچۆنێ هـەبێ بـرا باشـترە لـەبرادەر، چونكە بـرادەر لەوانـەیە پـشتت لـێ بكاو لێت دوركەوێتەوە، بەڵام برا لەرۆژی تەنگانە دێتە مەیدان..

*** برا برایە، کیسەی جودایە:**

— مەبەست ئەویە ئەگـەر دووسـێ بـرا لـەباوك و دایكێـك بن هاوبەشن لـەماڵی باوكیـان و ئـەبێ

هەریەکە مافی خۆی بدرێتێ هەر چەندە براشن بەلام کیسەیان جیایە، واتە برایەتی جیایە، سەوداو مامەڵەش جیایە.

*** برا لە پشت برابێ، مەگەر قەزا لەلای خودابێ:**

– ئەگەر یەکێتی و تەبایی لەناو هەر کۆمەڵو حیزب ومیللەتێك دابێ سەرکەوتن مسۆگەرە مەگەر خوا قەزاو بەرا دروست بکات.

*** برا گەورە بەو، گووی زیاد مەخۆ:**

– واتە: بەیەکێك دەوترێ، کەبەئامۆژگاریی‌و قسەی برایەکی گەورەی خۆی نەکا.

*** برای دایك جیاوازە، وەك ماری بێ ئینجازە:**

–بەبەکێك دەڵێن کەخزمایەتیەکی دووری هەبێ، قسەی ناشرین، یاکارێکی خراپی دەربارەی کردبێ.

***برایەتی بەزۆر ناگیرێ:**

– بەیەکێك دەڵێن بەزۆر خۆی بکاتە برات، یا خود لێی نزیك بکاتەوە لەو لەوەش وانەبێ

# (بووكو زاوا)... لەپەندی کوردیدا

بووكو زاوا.. بەو (نێرەو مێ)یە دەگوترێ کەپرۆسەی هاوسەرێتی تازە پێکدەهێنن. لەکۆنەوە (بووك) لەرۆژی بووکینیدا تا رای (سپیو سوور)یان لەسەردانا‌وە بەجوانترین شێوە دەیانرازاندەوە، ماڵی زاواش زەماوەندیان بۆ ساز دەکرد، کاکی زاواش خۆی لەپۆشتەو پەرداخ دەکرد، لەهەر قۆناغو سەردەمێکدا بەجۆرێ ئەم (مەراسیمە) بەڕێوە چووەو دەچێ، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەم پەندانەی ووشەی (بوكو زاوای) تێدایە کەئەمانەن:

*** بووك نیتی شیوی شەوێ، ئەنگوستیلەی دەستی دەوێ؛**

–واتە: بەیەکێك دەڵێین، کەلەخۆی بەرزتر بڕوانی، پەلپێك بگرێ لەکارێکدا.

***بووکی پلکی، جێی لەجێی گۆلکی، یادەڵێن بووکی پوور، جێگای لەسەر تەندوور:**

–واتە: (پلك) کەبووە خەسوو، پلکایەتی نامینێ، زیانیش دەبەخشێو خۆشەویستی نێوانیان نامێنێ.

***بووکەکەمان جوان بوو، بالووکەشی دەردا، یادەڵێن بوکەکەمان زۆر جوانە بالوکەشی لەلێوانە؛**

–واتە: بەیەکێکی ناشرین دەوترێ، کەعەیبێکی تریشی لێپەیدابێ.

***بووکەکەی پەنا دیواریت، ڕۆژ هەموو ڕۆژ بەتالێت، بەشەو ناومال دەمالێت؛**

–واتە: بەیەکێك دەوترێت لەناوەخات ئیش بکا.

***بووکێکمان هەیە ناشیی نەزان، تاوێ هۆڕ دەکا، تاوێ خویدان، یادەڵێن (بووکێکمان هەیە ناشیی نەزان، تاوێ تووڕ دەکا، تاوێ هەمانە؛**

–واتە: بەکەسێك دەگوترێ کاری نەشازو کرێت بکا.

***بووکێکمان هێنا بێ بارگەو بنە، کوتەك هەڵدەگرێ ئەڵێ نۆرەمە؛**

–واتە: بەبووکێکی هارو هاج دەوترێ کەزەبرو زەنگی هەبێ.

*بووکی نزیک باوان، بەکەڵکی چیدێ؛

–واتە: هەمیشە دەچێتەوە ماڵی باوانی، بەکەڵکی چیدێو سودی لێ نابیندرێ.

*بووک لەسەر زینی، یارزاق و یانسیب؛

–واتە: ئیش لۆی هەیە، لەکۆتایشدا هەڵ بوەشێتەوە.

*بووکی ساڵێ بەریدە ماڵێ، ئەگەر نەیکرد، بیهاوە چاڵێ؛

–واتە: بووک هێنان بۆ بارسووکی ماڵە، کەنەیکرد ئازاردانی ڕەوایە.

*بووکی لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێ؛

–واتە: یەکێک دەیڵێ، کەقسە لەگەڵ یەکێك بکاو یەکێکی تری مەبەست بێ.

*بووکەکەی ماڵی مەتی، سەری سوورە پای پەتی؛

–واتە: بەبووک یان یەکێکی نەزان دەوترێ، کەجل و بەرگێکی ناڕێك دروست بکا، واتە سەرقۆزی بن ئاڵۆزە

*بووك بۆ دڵی زاوایە:

–واتە: لەکاتێك دەگوترێ، کەبووك دێت هەریەکە قسەیەك دەکا، بەڵام یەکێك دەڵێ کورە بابە (بووك بۆ دڵی زاوایە) واتە مادام ئەو بەدڵیتی ئێوە کەیفی خۆتانە.

*زاوا نیتی داندۆك، بووك دەیەوێ گۆیەرۆك:

–واتە: پیاوەکە هەژارە، کەچی ژنەکەی داوای شتی زۆری لێدەکات.

*زاوا کەری، خەزوریتی:

–واتە: گوێ ڕایەڵی ماڵی خەزووریتی، هاوکاری و یارمەتی دەریانە بەهەموو شێوەیەك.

# بێوەژن.. لەبەندی کوردیدا

بێوەژن.. ئەو ئافرەتەیە کە شوو دەکات، پاش ئەوەی بەهەر هۆیەکەوە بێت، هاوسەرەکەی (دەمرێ و لەدەست دەدات، نرخی لەکچ کەمترە، بەداخەوە، لە کۆمەڵگای ئێمە بێوژن زۆر بووەو بەهۆی ئەو شەڕشۆڕانەی لەناوچەکە روویانداوە جگە لەوەش ناتوانی بە دڵی خۆی رەنگی ئاڵ و واڵاو رەنگاو رەنگ بپۆشی، یا زۆر پێبکەنێ، بۆیە جوانی و سەرنج راکێشی خۆی لەدەست دەدات، زۆرجار توانیویەتی هەردوو رۆڵ بۆ منداڵەکانی ببینێ، شوێنی باوک بۆیان بگرێتەوە، لای ئێمە بیوەژن بەلێقەوماو هەژارسەیر کراوە، من نامەوێت باس لەهەموو سیفەت و خاسیەتەکانی بێوژەن بکەم، ئەوەی گەرەکمە دەربارەی ئەو پەندە کوردییانەیە کە وشەی (بێوەژن)ی لەخۆ گرتووە پەندەکانیش ئەوانەن:

* **بێوەژن نەستەوونی ماڵیشی زێڕبێ، خێری پێ دەشێ:**

– واتە هەر چەند هەبوونیش بێ، بەڵام هەر پێویستی بەیارمەتی خەڵکی تر دەبێ،توانایی وەك پیاونابێ.

***بێوژنی شاڵ کرمانی بێ، هەزار گەورە کچ بەقوربانی بێ:**

– واتە بێوژەنی وا هەیە لەکچ جوانترو تەڕترو قسە خۆشترە، ئەم پەندەش لەوکاتە گوتراوە کەبەشان و باڵی بێژوژندا هەڵدرابێ.

* **بێوژن بەیار حیساب ناکرێ:**

– واتە وەکو کچ سەیر ناکرێ، گۆرانکاری لەژیانیدا دەکرێ.

* **بێوژن بەتەمای شووکردن نەبوو:**

– واتە بەتەمانەبوو مێردبکاتەوە،کچەی دوایی لەکچی خراپتر کرد کەشووی کرد، ئەم پەندەش بۆ توانج گرتن بەکاردێ.

***بێوەژن کۆشی دەکا:**

- واتە: بەوەستانی کۆ دەکاتەوە

*** مەکری بێوەژنان، ڕێوی دەکاتە کونان:**

-واتە هەندێ بێوەژەن هەن زۆرزان و فێربازن، دەبێ ئاگادارییان بیی لەهەڵسوکەوتیان.

*** بەبێوەژنی کۆشی منداڵەکانی پێگەیاندن:**

- واتە بەهەوڵدانێکی زۆرو ماندووبوونێکی بێ وچان توانی پێیان بگێنێ.

*** ئەوەی بەبێوەژەنی ئەیکا، بەگەورە کچی بیکردایە:**

- واتە دەبایە زوو هەوڵی دابایە، تازە کار لە کار ترازا.

*** بێژەون بەتەمایی مارەیی نەبوو، داوای هەشت یەکی دەکرد:**

- واتە پاشان خراپتر بوو

*** کیژ مێردیان دەکرد، بێوەژنان سەمای دەکرد:**

- واتە کارێك کەسێك بیکات یەکێکتر خەنی بێتو خۆشی پێبگات.

***وەنیە وەنابێ کوڕی بێوەژەن بە من چانایی:**

-واتەکەسێکی خراپە وتازە ڕاستەرێ نابێو ئامۆژگاری لەگۆی ناکرێ.

*** لەناو بێوەژن ئەچمە سەرداریێ، پلارم تێ ئەگرن ئەم خەنە خوارێ:**

- واتە پەلارو قسەیان کاریگەرە دەبی بۆیان بسەلمێنێ.

*** کوڕی بێوەژن یە.**

- ئەم پەندە بەتوانج لێدان بەکاردێ کەیەکێکیان بەدڵ نەبێ.

# پیرو پیربوون لە پەندی کوردیدا

مرۆڤ هەمیشە بالاو تەمەنی بەرەو هەڵکشانو گەورەبوون دەچێ، کەبەسەرسێ قۆناغی جیا دابەش دەبێت ئەمش(منداڵیو گەنجیو پیری) یە، لە پیریش بو مردنە ئەوە ئێمە باسی دەکەین دەربارەی ئەو پەند کوردیانە کەووشەی (پیرو پیربوونی) تێدایە:

* پیر کەوچکی ماڵی ؛

–واتە زۆر پێویستە لەماڵ پیر هەبن، وەك مراك گرینگە.

* پیر تانەکات تەگبیر، نابێتە میر:

–واتە ئەگەر پرسو را نەکات بەکەلك نایێ.

* پیریو هەزار عەیب، وە یادەلێت پیریو هەزار عەیب؛

–واتە کە پیاو پیر بوو تووشی عیبو عار وی هێزیو ناخۆشی دەبێ.

* پیر لە پیری مەڕوانە، لەهەوڵو داوی بڕوانە ؛

–واتە سەیری کارو کردەوەو جێ پەنجەی بکە، یەك تەمنی.

* پیر لە پیر نیە لەسەرگوزشتیە ؛

–واتە تەمەن گرینگ نیە، شارەزایی هەوە:....

* پیرو تەرپۆش، هانونەتە جۆش:

–واتە بەمەنەکانیش دڵیان خۆش بووە، ما کەیفیان بەو بەزمەی دێ.

* پیرە بۆیە وەگێرە:

–واتە دونیا دێتەیەو بەرگیە سەرماو گەرمادەگرێ

* پیر خەنی، پیران دەکا خەنی:

–پیرخەنی: جۆرە شیوێکە کە لە ساوار وورترە، بۆ پیرزۆر باشە.

* پیرەدارە عەیب دارە، ناچار بەرگی هەژارە؛

–واتە پیرو هەژاری ناچاریە بەدەست مرۆڤ نیە.

* پیر بووم قەدرم نما، ددانم بۆنە شەمە، قسم بونە گەمە:

–کەسێکی بەساڵاچوو ئەوقسەیە دەکات، کە دەمو ددانو هێزی نەمابێ، راوتەگبیری وەرنەگریو لەگەڵ ئەوەشدا گەمەی پێ بکرێ.

* پیرەکی باوێ خۆشیان، گەنجی باوێ تالیان، تا سەر بینی عەجاییان:

–واتە خۆشو ناخۆشی رولەتی مرۆڤ.

# ( پیاو ) ... له‌ په‌ندی كوردیدا

یه‌زدانی دلۆڤان‌و مه‌زن یه‌كه‌م گیانله‌به‌ری كه‌ دروست كردبێ بۆ سه‌ر ئه‌م زه‌مینه‌ پان‌و به‌رینه‌، ئه‌وه‌ مرۆڤ بووه‌، له‌مرۆڤیشدا پیاو بووه‌، كه‌واته‌ گرینگی‌و تایبه‌تمه‌ندی خۆی هه‌یه‌، ده‌بێ ئه‌و راستیه‌ بزانین هه‌موو نێرێك پیاو نییه‌، به‌لام هه‌موو پیاوێك نێره‌ كورده‌ هه‌ر له‌دێر زمانه‌وه‌و له‌ به‌ره‌به‌یانی مێژووه‌وه‌ پیاوی مێرخاس‌و جوامێرو قاره‌مان‌و چاونه‌ترس‌و ئازای لێهه‌ڵكه‌وتووه‌، كه‌توانیویه‌تی به‌ره‌نگاری سه‌رجه‌م كێشه‌ لابه‌لاكان‌و كۆسپ‌و ته‌گه‌ره‌ ناخۆشه‌كان بێته‌وه‌ به‌سه‌ریان زاڵبێ، باب‌و باپیرانمان به‌هه‌موو كه‌سێكیان نه‌وتووه‌ پیاو، به‌ڵكو ئه‌وانه‌ی پیاوه‌تیان له‌ده‌ست هاتووه‌ وسه‌خاوه‌ت‌و دڵفراوان‌و چاكه‌ كه‌رو نان ده‌ربوونه‌ ئه‌مانه‌ به‌پیاو له‌قه‌ڵه‌م دراون، ئه‌وه‌ی ئێمه‌ گه‌ره‌كمانه‌ لێره‌دا باسی بكه‌ین ده‌رباره‌ی ئه‌و په‌نده‌ كوردییانه‌یه‌ كه‌ ده‌رباره‌ی (پیاو) گوتراوه‌ به‌چاك‌و خراپه‌وه‌ یا به‌ هه‌ر جۆرێ بێ، په‌نه‌ده‌كانیش ئه‌مانه‌ن:

***پیاوی بێ چاره‌، به‌دۆستی داكی ده‌ڵێ بابه‌:**

– واته‌: یه‌كێك بۆی نه‌گونجێت تا هه‌لی ب ۆده‌ركه‌وێت به‌خراپه‌كار ده‌ڵێت هاوڕێ.

*** پیاوی بێ غیره‌ت خۆی به‌قوربانی ژنان كا:**

– واته‌ ژن له‌پیاوی ده‌ست نه‌كه‌ره‌وه‌ باشتره‌.

*** پیاوی فه‌قیركوفربكا، خوانانی ده‌بڕی، پێغه‌مبه‌ر دۆ:**

واته‌: هه‌زار له‌دڵی به‌زار له‌شتێكی كه‌م‌و بدوێت دونیای لێ ده‌بێ به‌ئاگر و په‌نگر.

***پیاوان ده‌برد لۆ ئیعدام كردنێ،ژنی ده‌عوای مۆری‌و مه‌رجانی ده‌كرد:**

– واته‌ : ژنی خراپ له‌ناو چوونی مێردی ناپێچێته‌وه‌، له‌به‌رژه‌وه‌ندی خۆی ده‌دوێ.

*** پیاوی له‌كاتی رق هه‌ڵسان ركی نه‌گری:**

– واته‌ئه‌گه‌ر مرۆڤ هه‌ڵساو تووڕه‌بوو هیچ كارێكی ناشایسته‌نه‌كات‌و خۆی بگره‌ پاش ماوه‌یه‌ك دێته‌ سه‌رخۆ، له‌كه‌ل شه‌یتانی دێـه‌ خوارێ، تووڕه‌ییه‌كه‌ی له‌ناو ده‌چێ‌و تووشی به‌لا نابێ.

* پیاوی قەرداز زمانی کورتە:
– واتە پیاو ئەگەر قەرداری کابرایەک بی لەبەر روویەکەوە، هەمیشە چاوپۆت و زمان کورت دەبی بەرامبەری.
* پیاوکەمرد لاقی رادەکێشێن:
– واتە: زۆر راستەو جاروایە لەکاتێك دادەڵێن کەپیاو ئەگەر گیروگرفتێ روویدا شتی تریش روودەدات.
* پیاو کە ناچار بوو سەربەمالی دوژمنی دادەگرێ:
واتە لەکاتێکدا دەگوترێ کابرایەك رووڵەکابرایەك و ئەمەش دەڵێ لەلای برادەرانی خۆی.
* پیاو ئەو پیاوەیە بەبالی خۆی بفرێت نەك بەبالی خەڵکی:
واتە: پیاو پێویستە بەدەست و قامی خۆی پێبگات و تێبکۆشێ و بگاتە خۆی پێبگات و تێبکۆشێ و بگاتە ئەنجام نەك بەئەم و ئەو.
* پیاو ئەو پیاوەیە بەچاکە پیاوبێ، نەك بەوەزیفە ناوی بەناوبێ:
– واتە: پێویستە پیاو چاکە بکات و پیاوەتی بنوێنێ، نەك بەکورسی و کاری شانازی بکات.
* پیاو ئەو پیاوەیە کەڵك لەبەسەرهاتی خەڵك وەربگرێ نەك لەبەسەرهاتی خۆی وەربگرێ نەك لەبەسەرهاتی خۆی:
–واتە: پێویستە سوود لەهەڵەو کارەکانی کەسانی تر وەرگری نەك بەسەرخۆشی بێ.
* پیاو ئەو پیاوەیە لە پشت وروویەك بێت:
–واتە نابێ بەرامبەرت جۆرێك بێت و لەپاش ملەش جۆرێکی تر.
* پیاو نەمرێت ب هەموو ئاواتێك دەگات:
– واتە: پیاو بەهەوڵ وتێکۆشان دەتوانێ بەئاوات و ئامانجەکانی شادبێ.
* پیاو سەردەدۆرێنێ، بەلام قسە نادۆرێنێ:
واتە: پیاو پێویستە خودان قسەو بەڵێنی خۆی بێ و پاشگەز نەبێتەوەز گەرسەریشی تێ بچێ.
* پیاوەتی بەئیشە نەك بەریشە:
– واتە: سیماو روخسار پیاوەتی و جوامێری ناسەلمێنێ، بەڵکو ئیش و کرداربوونی پیاو پیاوەتی دەسەلمێنێ.
* پیاوی پیاوانە هی مەیدانی شێرانە:
–واتە مرۆڤ پیاوانەو شەرم لە خۆکەرەوە هی ئەوەیە لەرۆژگاری تەنگانە پشتی پێ ببەستی لە

هانات دێت.

*** پیاو بێ کەس بێ هەژار دەبێ، ژن بێ کەس بێ هار دەبێ؛**

-واتە: زۆر راستە ئافرەت بێ کەس و خاوەن بێ تووشی زۆر شتی خراپ دەبێ، پیاویش تەنیا هەژاردەبێ، بەڵام کەمتر تووشی ئیشی خراپ دێت.

***پیاو ئەگەر تفی رووکردە عەردی هەڵی ناگرێتەوە؛**

واتە: پیاو ئەگەر بەڵێنی دا نابی پەشیمان بیتەوەو دەبێ یەك قسەبێ.

***پیاوی پیاوکوژ گوێچکەی قیتە؛**

-واتە یانی ئەوەی دەست بکاتەوەو زەلام بکوژێ گوێیەکانی قیتن و هەمیشە کابرا وشیارو ئاگای لەخۆیە وەك پشیلەی جووچکە خۆر.

*** پیاوی بێوەفا کە پری بۆبکەی، یا کە پری لێ بسوتێنی هەروەك یەکە؛**

- واتە پیاوی بێ وەفا هەرچی بۆبکەیی و هەرچی لەگەڵ بکەیت هەروەکی یەکە.

*** پیاو ناقڵ بێ تەمەنی کەمە، پیاو راست بێ تەمەنی کەمە؛**

-واتە: لەبەر ئەوە تەمەنی کەم دەبێ چونکە لەلایەك غەم زۆر دەخوات، لەلایەکی تریش لەوانەیە بیکوژن و لەناوی ببەن، چونکە ژیرو راستە.

*** پیاوی بێ ژن هەسپی بێ هەوسار؛**

- واتە تەواوکەری ژیانی تەواونیە، بەتەنیا هەمووشتێ پێناکرێ.

*** پیاومان پۆپنن، تیرە نگێون ژنن؛**

-واتە هەردووکیان بەیەکەوە جوانن.

*** پیاوی بێ کەڵك بەنەبووی حیسابە؛**

-واتە: پیاوێك سوودنەبوو، هەرنەبێ باشترە.

*** پیاوی پیاو، پیاوەتی لەبیر ناکا؛**

- واتە: گەر یەکێ: پیاو بوو، ئەوەچاکەی لەبەرچاودەبێ.

***پیاوی ترن، داری بێ بەر؛**

- واتە هیچ سوودی لێ نابینی

*** پیاوی عەوڵلا سرێمانم، گێلمە گێلمە نازانم؛**

- بەیەکێ دەگوترێ بەیەکێکی تر خۆی هەڵکێشێ و بێ منەت بێ.

* پیاوی نەگبەت بەرامبەر خێر کوێرە:

– واتە: چاکەی لەدەست نایێ

* پیاو پیاوی دەخوارد:

– واتە کەس بەکەس نەبوو.

* سەگ نان بدە پیاوی سپلە نان مەدە:

– واتە: چونکە سەگ وەفایی دەبالّبەلاّم پیاوی سپلە وەفایی نیە.

* پیاو ئەو پیاوەیە لەتەنگانە خۆی نەگۆڕی:

– واتە لەخۆشیو ناخۆشی لەیەك ئاست دابێ.

* پیاو قسەی خۆی بەجێهێنا شێرە، بەجێی نەهێنا چێرە:

– واتە پیاو بەقسە بەلێنەکانی بوونی خۆی دەسەلێمنێ

* پیاو ئەو پیاوەیە لەقسەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە:

– واتە کەقسەی کرد تەواو

* پیاوی مەرد خەنجەری دەبان نایبڕێ:

– واتە لەهیچ شتی باکی نییە.

* پیاوبەو قسەکیش بۆ خودا بکە:

– واتە چی راستە ئەوەبلێ.

* پیاو لغاوی بۆولاّغ داهێنا. ئافرەتیش بۆ پیاو:

– واتە: پیاو بەقسەی ئافرەت دەبەسترێتەوە.

* پیاو دلّسۆز بێ بۆ هەمووکەسیش دەرگای کراوە بێ لەدز ناترسێ:

– واتە: کەس دژایەتی ناکا.

* پیاوەتی پیاوی پیاو بێ بەش دەکا:

– واتە: دەولّمەند نابێو پیاوەتی بەماڵەکەی دەکا.

* پیاوەك بەگەورەیی فێرە پلاو خواردن، بوبێت دەست بۆ کە پووی دەبات:

– واتە: شارەزانابێ

* پیاوەك گورگ خواردیتی باوکیشی دیارنییە:

– واتە: کەلێ قەوما کەس بەهانای نایت

*** پیاوی باش ئەوەیە بەسەر ئارەزووەكانیدا زاڵ بێت؛**

-واتە بتوانێ كۆنترۆڵی خۆی بكا

*** پیاوی بچووك لای وایە كەشتی بچووك بایەخی نییە؛**

- واتە كەس عەیبی خۆی نابینی

*** پیاوی درێژ عەقل لەچۆكیتی؛**

- واتە درێژی باش نیە

*** پیاوی زۆربلێ بۆ دۆزەخ بەرە. لەوێشدا دەڵێ دارەكەی تەرە؛**

- واتە: هەرقسەی خۆی دەسەلمێنێ

*** پیاوی زانا یەك قسەی بەسە؛**

- واتە زوو تێدەگات.

*** پیاوی عاقڵ كاغەزی سپی دەخوێنێتەوە؛**

- واتە ژیر لەهەموشت تێدەگات

*** پیاوی قەردار بە پەلە لەبازاڕ تێدە پەڕێ؛**

- واتە: خۆی دەدزێتەوە

*** پیاوی ماندوو بۆگیرو گرفت دەگەڕێ؛**

- واتە: دەوێت خۆی دەربازكانو بیانو دەبینێتەوە

***پیاوی هەیە لەئافرەت ئاوس ببێت ؛**

- واتە: ئافرەتەكە زۆر دەردی دەداتێو غەمی لێ دەخوات.

*** پیاوی وام دیوە بۆنانو كەباب، كەوتۆتە زەمی مام و خاڵ باب؛**

-واتە پیاو هەیە بەماڵی دونیا دەگۆڕێ و خزمو كەس بەلاوە دەنێ.

***پیاو ئەو پیاوەیە، شیرین بخواو تاڵیش بخوا، یا پیاوە دەبێ شیرنو تاڵی بچێژێ؛**

-واتە پایو دەبێ بە خۆشی و ناخۆشی رازی بێ.

***پیاو ئەو پیاوەیە بە رگەی سەرماو گەرما بگرێ؛**

-واتە مرۆڤ دەبێ بەرگری خۆشیو ناخۆشی بگرێو لەئیشو كاردا گوێ بە سەرماو گەرما نەدا.

* پیاو چاوی دەرچێ ناوی دەرنەچێ؛
-ئەوەیە کە یەکێکی ناودار دەڵێ کە ناوبانگت بەخراپ نەڕوات..
* پیاو شانسی نەبێ لەسەر ئەسپیش بێ مار پێوەی دەدات؛
-یەکێك دەیلێ کە لەئەنجامی هەموو ئیش و کارێکدا نوشوستی هێنابێت.
* پیاو کەوتە سەر دونیا خۆی بۆ هەموو شتێك ئامادەبکات؛
-واتە هەر مرۆڤێك هاتە دنیاوە، لەژیانیدا خۆشی و ناخۆشی دەبینێت.
* پیاو لغاو بۆ ئەسپ دانەهێنێ و ژنیش بۆ پیاو؛
-واتە پیاو بیەوێ ئەسپ دەوبەست بکا زاڵ بێ بەسەریا ئەو لغاوی دەکا، بەڵام ژن لە ڕێگای نەرم و دوو قسەی خۆشەوە دەتوانێ پیاو دەمبەست بکات.
* پیاوی ئازا دەبێ پشت بە چیاش ببەستێ؛
-واتە :مرۆڤ دەبێ پاڵ بدا بە گەورەکەیەوە، کە لەرۆژی تەنگاندا بەفریای بکەوێت.
* پیاوی بێ ئاقل قەت پیر نابێ؛
-بەپیاوێکی نزان و دەگوترێ کە بیر لە هیچ شت نەکاتەوە و غەم لەهیچ نەخوات.
* پیاوی جوامێر چ لە گەرمیان چ لە کوێستان؛
-واتە : پیاوی ئازا لەهەموو شوێنێکدا هەڵدەکەوێت.
* پیاوی دانا دانامێنێ؛
-واتە زۆر زانە و لەقسە دا دادەمێنێت.
* پیاوی گەورە بۆ کەفالەت، پیاوی بێکار، بۆ شەهادەت؛
-واتە هەر مرۆڤێك بەگوێرەی پلە و پایەی خۆی کاری پێدەکرێت.
* پیاوی نەگبەت سەگیشی ناوەڕێ؛
-واتە پیاوی نەگەبەت بەختە و هەمیشە بۆی نایێ.
* پیاوێك لە ژنەکەی ترسا، داخوزای کچەکەی لەدایکی نەکرێ؛
-بەپیاوێك دەوترێ ژنەکەی بەسەریدا زاڵ بووبێ و نەوێری بەبێ رای لەماڵەوەهیچ بکات.
* پیاوی مەردو دووجار دەست بە کونێکانا کا؛
-واتە مرۆڤ مەردوو زانا جارێ هەڵەی کرد ئیتر دووبارەی ناکاتەوە.

# ( پـــارە )... لە پەندی کوردیدا...!!

پارە... پێوستیەکی، خۆشی بەمرۆڤ دەبەخشێ، پێداویستیەکانی بۆ دەستەبەردەکات، بەڵام نابێتە سەرچاوەی بەختەوەری، لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەوپەندانەی لەسەر پارەگوتراوە بخەینە ڕوو:

*** پارە بەرد نەرم دەکا:**

واتە بەپارە هەموو کەس نەرم‌و نیان دەبێ، واتە پارە ڕێ خۆشکەرە بۆ ئەنجامدانی هەموو کارو کردەوەیەکو ڕازی کردنی دڵی بەرامبەر گەر ڕەقیش بێ، جگە لەوەش ئێستا بەهۆی پارەوە شاخەکان وێران دەکرێ، مەبەست ئەوەیە کاری زۆر گران هەیە بەپارە پێکدێت.

*** پارە بدەو مەلا لەمزگەوت دەربکە:**

واتە، یانی مەلا هەرچەندە مزگەوت بەماڵی خواو خۆی دەزانی ئاسان نییە دەرکردنی لەمزگەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پارە کاریگەری خۆی هەیە، لەوانەیە دڵی بگۆڕیو بەدەرکردنی بداتو زۆر شتی لەبیر بچێت، ئەمە وەنەبێ هەر بەقسە بێ، بەکرداریش ڕووی داوە.

*** پارە دین دەرە، دین بەرە:**

واتە بەپارە چاکەش دەکرێ هەر بەپارە خراپەش دەکرێ کەواتە ئەگەر چاکەت کرد ئەوە دین‌و ئیمانت بڕوات پتەو دەبێ خراپەش پێچەوانەکەیەتی.

*** پارەت هەبێ کەس ناپرسی کوڕی کێی:**

واتە پارە عەیب‌و عارت دادەپۆشێ‌و کەس ناکەس بەچەش دەکا بەکەسی‌و کەس لەئەسڵ‌و نەسەبت ناپرسێ کەم‌و کوڕیەکانیشت دادەپۆشێ، خەڵك لەدەورت کۆدەبێتەوە

*** پارە بۆ نامەرد، ڕوو زەردیی دێنێ:**

- چونکە لەوشێن خۆی خەرجی ناکا.

*** پارە پارە دەهێنێ:**

- واتە بەبێ پارە کەسابەت ناکرێ

# ( دایك ) لە پەندی کوردیدا

دایك ئەوە بوونەوەریە، کە هەموومانی تامردن قەرزارینە، یەکەم قوتابخانەیە لەژیاندا، ئەوەی باس دەکەین دەربارەی ئەو پەندە کوردیانەیە کەووشەی (دایك–داك)ی تێدایە.

***دایك بناغەی چاکەو خراپەی مندالیە:**

–واتە دایك زۆر گرنگە و لەژێر دەستی ئەو پەوەردە دەبێ.

***دیكو دۆتان بەشەرهاتن، چوکل نەیاران کەیف پێ هاتن:**

–واتە هەندێ کەس حەز بە شەرو شۆڕ و زەرەر مەندی کەسی تر دەکەن.

***دایك لای ئەو لاد قەت کۆن نابێ:**

–واتە دایك زۆر شیرینە.

***دایك مە تحی کچ بکات مەگەر خوارزا بخوازیی:**

–واتە کەس عەیبی خۆی نالّی.

***دایكو باوك لە قازییە، مندالْ لەوازییە:**

–واتە مندالْ بێ ئگایەو بێ دەسەلاّتە لەشەری نێوان دایكو باوك.

***دایك بگرەو کچ بەدەست خۆتەوەبە:**

–واتە دایك رازی بێ، تەواو کچەش وەك ئەوە:

***دایکی دز یا سینگ دەخوا، یا سنگ دەکوتێ:**

–واتە چاکەو خراپەی بۆ ئەوە.

***دایکی خوم کابانە، تێر دەخۆم لەنانە:**

–واتە منەتی بەکەس نیە و دایکی لە پشتیتی.

***دایکە هیلە هێلْ دەکات، کیژ بیلە بێلْ دەکا:**

–واتە کیژ سەیری دایکی دەکا.

* پارە چڵکی دەستە:

– واتە: خەرج دەبێ و دەڕوا

* پارەی خەڵك، کیسە دەدڕێنێ:

– واتە: شتی خەڵکی چ سوودی نییە، وەك دەڵێن سواری خەڵکی پیادەیە.

* پارەی زۆر سەر شۆڕیی دێنێ:

– واتە پارە دار لەبەرناگاداری پارەکەی، ناوێری لەشوێنی خۆیا نەقسەیەکی پیاوانە بکار نەکارێکی مەردانە بنوێنێ.

* پارەی چەرمگ، بۆ رۆژ رەش:

– وەك ئەوە پەندەوایە کەدەڵێ (ماڵی سپی، بۆ رۆژی رەش) واتە بۆ کاتی لێقەومان باشە

* پارەی چەرمگی پێداوە، جق بکە خق هەر دەیخوات:

–واتە یەکێك بەشتێك زۆر ماندوو ببیو کۆسپی زۆر دروست بیو خەڵك پێی بڵێن وازی لێبێنە، ئەویش وازی لێناهێنی ئەو مەسەلەیە دەڵێ.

* پارە لەتازە کیسە قەرز مەکە، گەر قەرزت کرد خەرجی مەکە:

–تازە کیسە: تازە دەوڵەمەند: واتە چونکە تازە پیاکەوتووە، زۆر زوو داوات لێ ئەکاتەوە، وەدەبێ بیدەیتەوە.

* پیرەمێردی شاعیریش لە پەندێکی خۆیدا دەڵێ:

**ئەگەر لە پارەی خەڵکی بپرسی**

**چاوت تێر نابێ تائەمری برسی:**

–واتە نابێ چاوت لەپارەو ماڵی خەڵکی بێ، گەر وابی هیچ ئیشو کارو کردەوەیەکی باشت پێ ناکرێ، وای لێدێ لەداخانا دەمری، دەبێ مرۆڤ سوپاسگوزاری یەزدان بی بەوبەشەی کەپێی دەدا رازی بێ.

# جوانی لە پەندی کوردیدا

مرۆڤ جوانترین دەستکردی یەزدان، جوانیو ناشیرنی ئادەمیزاد بە دەستی خۆی نیە. ئەم پەندانەی خوارەوە (جوانی) تێدایە.

***جوان و بەردەوەر ..، هۆگریَ چاکان بوو، نوقیەت پیبیێ:**

-واتە هەر کەس دەچێتەوە بنو بێچکەو رەچەڵەکی خۆی.

***جوانێك بخیتە ترش، پیرێك بخەیتە خۆش:**

-لەکاتێك دەگوتریَ کە پیاوێك بەساڵاچوو، کچێکی گەنجی هێنابێ، یا بە پێچەوانەبێ.

***جوانیو هەرزەیی:**

-واتە لەو کاتە جوان دەبێ، لێك جیا نابنەوە.

***جوانی بەدەست، کەس پێ ی ناوەستێ:**

-جوانی سروشتی باشتر،لەهی تر.

***جوانی بەدەن بزردەبێ، جوانی نەفس دەمێنێ:**

-واتە ناخی جوان دەمێنێ بەس هی رووالەت دەرزێ.

***جوانی خۆشکە خەلاتە، زەحمەت هەموو کەس دەدەریاتە:**

-واتە هەموو کەس دەرەقەتی نایێو خۆی پێ ناگیرێ

***جوانی بەنان ناخورێ:**

-واتە جوانی زۆر گرنگ نیەو ناخورێو سوودی نیە تا سەر،

***جوانی هەموو درۆیە، شەرتی چاوو برۆیە:**

-واتە چاوو برۆی جوانی بێ، ئەندامانی تریش جوان دەبێ.

***جوانی ماڵو خێزان بەژنەوەیە:**

-واتە ژن رێکخەری ماڵو پاك کە رەویتی.

***جوانی گەرمو گوڕ و پیری ساردو سڕ؛**

–واتە جوانی خۆشو بەرچاوە، بەڵام پیری پێچەوانەیە

***جوانی بەجوانی، پیر بەنانی؛**

–واتە هەر شتێی بەشتی خۆی.

***جوانی خێرو خۆشیدە، پیری توندو شوییە؛**

–واتە گەنجی باشە، بەڵام پیری دەردەسەریە.

***جوان لەناو ناشرینەکان بەغەمترن؛**

–واتە جوان زوو تووشی کێشە دەبنو غەم زیاتر ئازاراین دەدا.

***جوانی ژن لەبەر چاوانە، حەیاو ناموس لەبەردلانە؛**

–واتە حەیا باشتر لەجوانی.

***جوانی تا نەتوانی؛**

–واتە تاگەنجی هەوڵ دە پاشان کەپیر بووی بەکەلك نایێ.

***جوانی ژن زەردەخەنەیە، جوانی پیاو گفتو گۆی شرینە؛**

–واتە ئافرەت بەزەردەخەوە جوانە، پیاویش بە قسەی نەرمو نیان.

***جوانی سێ رۆژ باسی دەکرێ، مەعریفەت هەتاهەتایە؛**

–واتە جوان کاتی یە، بەڵام حەیاو نامۆس تا هەتاهەتایە دەکەوێتە دلان.

***جوانی وەکی بەیانی هاوینە، پیری وەکو بەیانی زستانە؛**

–جوانیو گەنجی باشترە، لەپیریو ناشیرنی .

# (چـــاو)... لە پەندی کوردیدا

چاو راستگۆترین زمانەو مەزنترین سەرچاوەی دڵی مرۆڤـەن هەرچاوە پڕیـەتی لـەرق و کینـەو گوناهو توانج، یا پڕیەتی لەئەڤین و خۆشەویستی.

دەکرێ بڵێین.. چاو پەرتووکێکی کراوەیەو دەتوانین ناخی ناوەوەی خاوەنەکەی لـەدوو توێیدا بخوێنینـەوە، چـاو ئەنـدامێکی سـەرەکییەو بەهۆیـەوە، رەش و سپی و تاریك و رووناکی لێـك جیادەکەینەوە، هەموو شتێ بەهۆی چاوەوە دەبیندرێ و بەدی دەکرێ.

من لێرەدا نامەوێ سوودو زیانـەکانی (چاو) بژمێرم ئـەوەی گەرەکمە لێـی بـدوێم ئـەو پەنـدە کرودییانەیە کەدەربارەی (چاو) گـوتراوەو نوسـراوە، بەئومێـدم سـوودی هـەبێ و چاوەکانتان رۆشەن بکات.

- **چاوی برسی بەخۆڵ نەبێ چاوی تێر نابێ:**

– واتە تەماعکار بەمردن نەبی چاوی تێر نابێ.

- **چاو هەموو شتێك ئەبینێ تەنیا خۆی نابینێ:**

– مرۆڤ بەم شێوەیە عەیبی خەڵك دەبینێ تەنیا خۆی نابینێ.

- **چاو هەڵێنە، دونیا ببینە:**

– واتە لەخەڵك سوود ببینە، ئەزموونیان لێ وەرگرە.

- **چاوی رەشم کاڵ بووە:**

– واتە یەکێك کەزۆر چاوەڕوان بکات و چاوی هێڵ بێتەوە.

- **چاوی سۆر بوەتەوەدو شتێکی لەچاوییە:**

– بەیەکێك دەووترێ کەزۆر تورە بێ و چاوی سۆر ببێتەوە.

* **چاوی حیز لەخۆیەوە پووت دەبێتەوە:**

– ئەوەی کاری خراپی کردبی لەچاوانی رادیارەو چاوی پووت و مات دەبنەوە.

* **چاو بازدو بەکەس ناگیرێ:**

– واتە: تەماشاکردن بەم لاو بەولا بە هەموو کـەس ناکرێ و ئـەم جۆرە تەماشاکردنانەش هیچ عەیبی تێدانییە، چونکە بەدەستی خۆت نییە.

* **چاوی دەران، خۆڵی سەران:**

– واتە: ئەوەی بەتەمای خەڵکی بی هیچ بەهیچ ناکا

* **چاو ئەگەر لووتیان لەبەین نەبوایە، یەکتریان دەخوارد ئەم دووبارییە:**

– واتە: دوو برا ئەگەر گەورەیان نەبن گیروگرفت لەنێ، انیان دروست دەبێ.
*** چاو لەرێی خەڵك خێڵ دەبێ:**
– واتە ئەوەی چاوی لەدەستی خەڵکی بێ خۆی تێر ناخوات و کاری بەرێکی ناڕوات بەڕێوە.
*** چاو بەچاوان دەکەوێ، ناهەق بەبن دەکەوێ:**
– واتەمرۆڤ پێویستی بەیەکتر دەبێو یەکتر دەبینن، ئەوەی ناهەقیش بی ژێر دەکەوی.
***چاولەچاو شەرم نەکا، بەرتیلیش بەرد نەرم دەکا:**
– واتە : بێجگە لەوەی کەهەر ئیشکێت خۆت بیکەی باشترە، بەلام دیاریو ئەرخە (واسیتە) یش دەرویان هەیە بۆ ئەوەی کەئیشەکەت زووتر بۆ بکرێن
*** چاوی پەڕییە تەوقی سەری:**
– واتە زۆر رقی هەڵسا.
*** چاوی هارومار دەردێنێ:**
– واتە: ئازاو جەربەزەیە
*** چاو یەك و فرمێسك هەزار:**
– بەیەکێك ئەوترێ کەبەکوڵ بگرێو فرمێسك هۆن هۆن بەچاوو رووومەتیا شۆڕبێتەوە.
*** چاو لەچاوی پیاو ژێر ماڵە نەکا:**
– واتە: (ژێرماڵە) کرێچی ئەم رۆژەیە چونکە هەمیشە سەرکزو چاولەبەری خاوەن خانووەو ‌احەسێتەوە.
*** چاوێ لەدەریان، خۆی بەسەریان:**
– خۆر (خۆڵ) واتە ئەوپیاوو ژنانەی کە چاوبرکێ ئەکەنو خەریکی چاو لەوەراندن لەگەڵ خەڵك ‌مەرەمدا باکوێرای یان دابێ.
**چاو ببیتە گیسکی هەباسی، نابینی بابی ئەلیاسی:**
– بەکراێك دەوترێ بەهیچ جۆرێ جێبەجێ نەکرێت.
**چاوت لەدەرکەی بی، قونت لە گۆرکەی بێ:**
واتە(گۆرکە: ئاگردان): لەژووریش بیت ئاگاداری دەرەوەی ماڵێ خۆت بە.
**چاو تەلییە تیزا بەگیزا دەکا:**
بەیەکێك دەڵێن گەمە بەشتێك بکات کەلێوەشاوە نەبێت.
**چاو وراو نیوەی دەست هەڵینانە:**
– واتە: نەترسیو زانایی نیوەی سەرکەوتنە.
**چاوی نییەو چاوو رووشی نییە:**
بەیەکێك دەڵێن کوێر بێو ئاخاوتنەکانی دڵشکێن بن.

# (ژمارە حەفت)... لە پەندی کوردی

هەرمیللەتو نەتەوەیەك بەجۆرێ بیردەکاتەوە لەژمارەکان، ژمارەش کاریگەری خۆی بەجێ هێشتووە لەهەموو رووێکەوە، ئەوەی من گەرەکمە ئەمجارە باسی بکەم دەربارەی ئەوپەندە کوردییانەیە کەژمارە (حەفت یا حەوت)ی تێدایە، بەئومێدم سوودی هەبێ پەندەکانیش ئەمانەن:

***حەفتی بمری لەباوان، کلی نابڕێ لەچاوان:**

- واتە: ئەوپەندە بۆ ئافرەتێکی دڵ تەڕو لەخۆخەفتی بەکاردێت، واتەگوێی لەپرسەو ناخۆشیەکانی رۆژگارنییە، گرنگینك بەجوانی روخساری دەدات، بەتایبەتی چاوەکانی.

*** حەفتت بێ بەبوونێ، یەکت نەبێ بەچوونێ:**

- واتە: ئەم پەندەش هەربۆژنان بەکارهاتووە، واتە ژن بەمنداڵ بوون تێك ناچێ، گەرحەفت منداڵیشی ببێ، گوێی لێ نیە، بەڵام یەك منالی لەبار بچێ، پێوەی دیارە.

*** بەحەفت ساران کوڕەك ئەویش بۆرە جرەك:**

- واتە: ئەوە بەکارێك دەگوترێ کەپاش چاوەڕوانیەکی زۆرو هیلاکیەکی بێ شومار، کەچی کارەکە ئەنجامەکەی پوچو بێ ماناو هیچ بێ، واتەشتێکی بێ سوودی لێ بێتە جێ.

*** حوشتر بشمرێ، باری حەفت کەر هەردەگرێ:**

- واتە: کەسی بەتوانا وژیرو بەهێز، هەرچۆنێ بێ لەکەسی ناژیرو ناتێگەیشتیو بێ هێزو گێل باشترە، واتە مرۆڤێکی سوودبەخشی مردوو لەکەسێکی بێ دەسەڵات باشترە.

*** ژنیان کردە کوێخا، ساڵێ حەفت جار بزنی بڕیوە:**

- واتە: ئەم پەندە هەمووژنێ ناگرێتەوە، بەڵام هەندێ ئافرەت هەن کە دەسەڵات وەردەگرن چ لەماڵ یا لەشوێنی کارەکە تێك دەچێ، ئەم پەندە لەوکاتە دەگوترێ کەکارێکی نەشیاو بکرێ.

*** یاخوا لەحەفت چیایان ئاوا دەبوو:**

واتە:ئەو پەندە بۆکەسێکی شەڕانگێزو خراپەکار دەگوترێ، رەنگە ئەوکات حەفت چیا

بەشوێنێکی دوور وترابێ.

*** حەفت جیران لەهەردوو لای ماڵەکەت میراتگرە:**

– واتە: هاوسێی باش لەبرای خراپ باشترە.

*** کاری حەفتە، بەختی چەقتە:**

–واتە: ئەو پەندەبۆ کەسێکە کەهەرکارێك دەکات تێدا سەرکەوتوو نابێ، چونکە دوودڵو ڕاڕایە لەسەرکارێك بەردەوام نابێ، یاهەند بێ بەختە دەست بۆ زێڕ دەبات لێی دەبێتە خۆڵ.

*** ئامادەبوو جوتێ کەوشی نەبوولە پای، کەمرد حەفت بوو لەسەرینای:**

– واتە: بۆ کەسێك بەکاردێت تاڵەژیاندا بوولەبەر دەست کورتی کەسی نەبوو بەڵام کەمرد بۆمیراتی خزمی لێ پەیدابوو.

*** گندۆرەی حەفت مانگییە:**

– واتە: بەیەکێك دەگوترێ کەوا هەردەم پۆشتەو پەرداخ بێ.

*** کافری حەفت دنیای پێ موسلمان دەبوو:**

– واتە: بۆ کەسێك بەکاردێتن کەتووشی کارەسات و نەهامەتیەکی کوشندەوزۆر هاتبێ، نەتوانێ خۆی لێ بگرێ.

*** لەحەفت کانیان چاوی دەشوا:**

– واتە: بۆ کەسێکە کەکاروباری بەرێك و پێکی بڕوا.

# ( خـــودا ) .. لە پەندی کوردیدا

خوای مەزنو دلۆڤان کەدروستکراوی ئەم بونەوەرەیە، بەجوانترین شێواوەو شێوازیش مرۆڤی دروستکردووە، لەهەمووکەس بێکەسترەو لەهەموانیش بەتواناترو بەخشندەترە، هەرچی مەیلی لێ بی بەخێراترین و چاکترین جۆرو شێواز دەیهێنێتە بوون، هەر ئەو دەتوانی لەنەبوونەوە گیان بەبەخشێو بیهێنێتە بوون، لە بوونەوەش، نەیهێلیو لەناو ببات.

خوای پەروەردگار ئاگەداری هەموو کەونو کەلبەرێکی ئەم جیهانەیە، بەچاکو خراپ، رەش و سپییەوە، ئێمە هەرچەند باسی مەزنی خوای بەخشندە بکەین مافی تەواوی خۆی پێنادەین، ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا باسی بکەین دەربارەی ئەو پەندە کوردییەانەیە کەوشەی (خودا)ی تێدایە، بە هیوایین سوودبەخش بێت بۆ گەشت لایەك:-

* **خودا بەسەبرەو بەزەبرە:**

- واتە خودا لەسەرخۆیەو دەست وەشێنە.

* **خودا بەردی گەورەو گچکەی دانایە:**

- واتە گەورەو گچکەیی هەر هەبووە.

* **خودا دەدا، خوا گیر لێ ناگەرێ:**

- بەشتێك دەڵێن باش بۆت بسورێو کەسانی تربینەکۆسپ.

* **خودا دەدا، نازانی بخوا:**

-بەیەکێك دەڵێن باشی بۆ بێتو نەزانی بیخواتو لەخۆی تێکبدات:

* **خودا دەزانی و خواداش دەزانی:**

- بەکارێکی چەوت دەڵێت لای هەموو کەس ئاشکرابێت.

* **خودا دەلیلی، لۆ زەلیلی پەیدا دەکا:**

- واتەکەس پەکی ناکەوێت

* **خودا هێلانەی لۆدەعبای کۆرەش دەکا ( خوا هیلانە بۆتەیری کۆرەش دروست نەکات ):**

- واتەنابووتانیش شێوەی خۆ ژیاندنیان هەیە.

* **خوایاربێ، بادوژمن هەزاربێ؛**
– کەبۆت هات دوژمنی زۆر گلۆر دەبێت.
* **خودا یاربی، باشیرت داربی؛**
– کەکەسێتیت بوو، هەرسەرکەوتووی.
* **خودایە دووپێن دیت، چارپێن نیشان نەدەی؛**
– بۆکارێکی نارەواو نالەبار بەکاردێت.
* **خودایە ئەوی زەمانی، هەرکە پیاو دەچنە کاروانی ژن دەگێرن دیوانی، منداڵ دەداتەوە جوابی میوانی؛**
– کەتان و پۆی کۆمەڵ لێك بچڕا، هیچ نەزان دەبنەدەم راست.
* **خوا گوێز دەداتە، بێ ددانان؛**
– یانی زۆرشت هەیە بەپێچەوانەوە دروست دەبێ.
* **خوا غەزەبی لەداری گرت، دەیکاتە چەقنەی ئاشی؛**
– واتە مرۆڤ ئەگەر تووشی بەلابی هەر هەنگاوێکی باویژی لەوی تر خراپترە وئاخیری تووشی دەردێکی خراپ دێت کەحەیای پێوە بچێ.
* **خوا ئاگای لەمارو مێرووی هەیە؛**
– واتە خوا ئاگەداری هەموو ئەوانەیە کە دروستی کردوونە لەسەر ئەم زەمینە .
* **خوا پیرت کا، لەبیرت ناکا؛**
– واتە گەر پیرو رەزیلیش بیت،بەلاّم بێ رزقو رۆژیت ناکا.
* **خوا نایێ ببێتە کێخوای تو؛**
–واتە خوا رێگای راستی بەتۆنیشانداوە، تۆ سەربەستی جاچی دەکەی.
* **خوا هەموو دەرگەیەکی لەعەبدی خۆی پێوەنادا؛**
– واتە گەرتووشی بەلاو کێشەونسیەت بی، بەلاّم هەرنەجاتت دەدا.
* **خوا یەکەو بێ شەریکە، پیاوی دووژن هەردەم خەریکە؛**
– واتە خوا تەنیایە، بەلاّم پیاوی دووژن هەردەم کێشەی هەیە.
* **خوا نینوکی درێژنەکا؛**
– واتە نەبێتە دەسەلاّتدار ئەو کەسە ئەگەرنا خراپ دەقەومێ.
* **خوا مالی خۆی کاول ناکا؛**
– واتە تامرۆڤ لەخۆی نەگۆری خوالێ ناگۆری، مالی کەسیش تێك نادات.

* **خوا رەگی بەدکار لەبن دەردینێ، تۆڵەی کارژۆلەی بێ شاخ ئەسێنێ؛**

– واتە حەقی کەس لەسەرکەس ناهێڵی، چ زوو چ درەنگ.

* **خوا بکەم قەت نەبوونی نەبینی؛**

– ئەمەیەکێك دوعا بۆ یەکێکی تر دەکا، چونکە نەبوونی زۆر خراپە

* **خودا راستەو راستی خۆشی دەوێ؛**

– واتە خوا هەردەم لەگەڵ راستی وپاکی دایە.

* **خوا ئاسمان نەبینی، بەفری ناهاوێتێ؛**

– هەندێ کەس هەن تووشی بەلادێن‌و مستەحق بوونە بۆ ئەم بەلایە، ئەوجا ئەم مەسەلەیە دەگوترێ.

* **خوا حەقی بزنی بێشاخ، لەسەر بزنی بەشاخ ناهێڵی؛**

– واتە خوا حەقی کەسانی بی چارەو بێ دەسەلات لەدەسەلاتداران وەرئەگرێتەوە.

* **خوا بۆ بەرۆش، کلاوی دروستکردووە؛**

– واتە خوای گەورە هەموو کەس دەبینی، ئەمەش لەکاتێك دا دەگوترێ کەپیاوێك لێی قەومابی‌وپێویستی بەهاوکاری بن.

* **خوا رازیقە، بەلام بێ نحم نابێ؛**

– واتە هەرچەندە خوا رازیق بی، بەلام کارو جولانەوەشی هەر دەوێ هەروەك گوتراوە (لەئاسمان بۆ کەس نەباریوە).

* **خوا دەردی داوەو دەرمانیشی داوە؛**

– واتە ئەبێ لەکاتێکدا کەتووشی نەخۆشی ئەبێ بەدوای چارەسەر بگرێت.

* **خوای فەقیرانیش هەیە؛**

– ئەوە لەکاتێکدا دەگوترێ،کابرایەك لێی قەومابی ئەمە دەڵێ.

* **خوا ئەگەر دەرگایەکت لێ بگرێ، سەد دەرگای تر دەکاتەوە؛**

– واتە لەکاتی لێ قەومانی مرۆڤ نائومێد نەبێ وەئەگەر دەرگایەك بگرێ، سەد دەرگای تر دەکاتەوە.

* **خوا ئەگەر قاچی بەماردەدا، دونیایی دەخوارد؛**

– واتە زۆر کەس هەیە دەسەلاتی ببی دونیا دەخوات.

* **خوا ئەگەر شانسی بردی، سەی بەرد دەرگاشتی ناقڵ دەکات؛**

– واتە ئەگەر پیاوشانسی چوو، سەگی بەردەرگاشی نارەوی ولەبەرسەگی خۆری هەڵدێ.

* خواشتی دەویٚ وخورماشی دەویٚ:

– واتە دەیەویٚ دووشتی باش لەیەك ئاندا دەستی بکەویٚ کەئەم دوشتەش لەوکاتەدا ئاسان نەبی.

* خوا گەورەیە، گەورە بەزینیشە:

– یانی هەرچەند خوا خۆی گەورەیە،بەڵام زۆر گەورانیش لی دەخات، واتە خوا دووسیفەتی هەیە لەلایەك بەزەیی وروحمی زۆرە ولەلایەکیترەوە تورەیی‌و تێدا هەیە وتۆڵە لەزۆرداران وەرگرێتەوە.

* خودا دەیزانی زمان ناوەستێ، بۆیە حەپسی کردو هاوشیتییە بەستێ:

– واتە زمان بەلای سەرە، بۆیە خوا لەشوێنێکی باش شاردیتەوە.

* خودا رەحیمە، بەڵام شەدیدو لعقابیشە(یادەلێن ) خوا کەریمەو کریم ترێنیشە:

– واتە بەهەردوو جۆر لەگەڵ مرۆڤ دەجولێتەوە.

* خودا عومری نوحی پێدایە:

– واتە خوا مەیلی لەسەر شتێك بیٚ دەبیٚ‌و مردن‌و کاریان لەدەست ئەودایە.

* خودا غەزەبی لەمیرو لەگرت بالی پێدا:

– واتە خوا غەزەب لەیەکێك بگریٚ، بەخۆشی نازانی چی بەسەردیٚ.

* خودا لەسوڵتان مەحمود گەورەترە:

– واتە لەکەس مەترسەوخوا دەسەڵاتی بەسەر هەمووان هەیە.

* خودا هەتاو نیشانی ماری سڕ نادات:

– واتە خۆی کاربەجیٚ یەو لەهەمووکەس بەتواناترو زیرەکترە.

* خودای گەورە نەپیٚ بەمار بدە نەشاخ بەکەر:

– ئەم لەکاتێکدایە مرۆڤێك بپارێتەوە کەکەسی شیاو بۆ شوێنی شیاوبیٚ

* خوا ئێمەی ردنگ سروشت پێداوە، رەنگی هیچ کەسی بەکەس نەداوە:

– ئەمەش نیشانەی لێهاتووی وبالا دەستی یەزدان دەسەلمێنیٚ.

* خوا ریٚ لەبەندی بەدکار بگۆڕیٚ، نابێتە سەر ریٚ تالێوی گۆڕی:

– واتە بەندی بەدکار بەسانایی چانابی، مەگەر هەرخوارو رحمی پێبکا .

* خودا غەزەبی لەبزن گرت، نانی شوانی خوارد:

– واتەیەکیٚ ئەنجەلی بی، بەخۆی لەخۆی تێك دەداو تووشی بەلای لابەلادەبی.

*** خوا بەگوناهی، گوێمی نەگرێ:**

– لەکاتێکدا بەکاردێت گوێت لەقسەیەکی گوبهاری یان تاوانکاری بوبێت بۆ یەکێکی تر باس بکەی، واتە منیش ببیستوومە وئۆبالی بەملی ئەوکەسەی کەبۆمی باس کردووە.

*** خوا پێوەی بخۆی، خواتێ‌ی گوشی:**

– بەشتێکی کەم دەوترێ، کەهەرچۆن بیری لێ بکەینەوە، بەش نەکات.

*** خوا خوایە، بزن سواری گایە:**

– لەکاتێکدا دەگوترێ کەداد پەروەری نەبێ، کەسی ناکەس بەچەونەزان شوێنی باشیان وەرگرتبێ.

*** خواشەریکی کردەیە:**

– واتە یارمەتیدەری ئەوکەسانە دەبێت کەرەنجی شانو ئارەقی ناوچەوانیان نان پەیدا دەکەن.

*** خوامال نەدا بەجوولەکە، (ئەدا بەنێرەکەر):**

– بەیەکێك دەڵێن کەشایەنی ئەوشوێنو پلەو پایەو دەوڵەمەندیە نەبێ وبێ وبێ ماندووبوون بەدەستی کەوتبێ.

–بەکابرایەکی ناتێگەیشتی دەڵێن کەئیشو کارەکانی باش بۆ بەرێوەچووبێ، بێ ماندووبوون دەوڵەمەند بووبێ.

*** خوا هەرگوتی (تیژ، تیژ):**

– واتە خوا مەبەستی هەرچیەك بێت کونفەیەکونێك جێبەجێ دەبێ

*** خوا ساترنەدا:**

– لەکاتێك دەگوترێ کەیەکێك بەلایەکی تووش بووبێ دەڵێن هەر بەلایەکی گەورەتر نێ، دڵی دەدەنەوە.

*** خوا تادەرەکی نەکاتەوە، دەرگێ پێوەنادا:**

– واتە خۆی کارزانو دەسەڵاتدارە و دەزانی چی دەکا، هەمیشە بەزەییو شارەزاییە.

# (خزم)... لە پەندی کوردیدا

لەزۆر سات و ئاندا خزم و کەس و کارەوانە دەگرێتەوە کەلەپشت و زگەوە لێت نزیك بن، خزم و کەس بەکەڵکی مرۆ دێت و دەبنە قەڵغان پشت بۆی و بەرگری لێ دەکەن، ئەوی ئێمە لێرەدا گەرەکمانە رۆشنایی بخەینە سەردەربارەی ئەم پەندە کوردیانەیە کەدەربارەی (خزم) هاتووە:

*** خزم پەرژینت نەشکێنێ، بەکەس ناشکێ:**

–واتە دەستنیشانی کارەسات لەخزمانەوە دێت.

*** خزم زۆری بەرئاگردان:**

– واتە بەکەسێك دەڵێن لەکاتی تەنگانەدا لەپشت نەمێنێتەوە.

*** خزم قیبلەیە قەت خرا نابێت:**

– خزمی باش رووگەیی کاتی تەنگانەیە.

*** خزم گۆشتیشت بخوا، ئێسکت دەشارێتەوە( ناشکێنێ ):**

– واتە خزم شتێکی تێدا دەهێڵێتەوە.

*** خزمت کێیە: هێشتا ژنم نەهێناوە:**

– خزماتی بەژن پەرە دەسێنێت

***خزمی ژنان بەرە بەرە، خزمی پیاوان دەربەدەرە:**

– واتە پیاو کەژنی هێنا زیاتر گرنگی بەخزمی وان دەدات.

*** خزمی خەزور سەپانی شێخی:**

–بەکابرایەك دەگوترێ خزمی کابرایەکی بەناو بانگەیەکیتریش دەڵێ: خزمی خەزووری سەپانی شێخی.

*** خزم خەزێنەیەو بەبێگانە مەیگۆڕەوە:**

– واتە هەر چۆنێ هەبێ خزمی پیاوی لەبیانی باشترە.

*** خزم زۆر بن، باگاو گەربن:**

– واتە ئەگەر خزم و کەس وکارت زۆر بێ، هەر باشە. جا هەر چ جۆرێك بن

*** خزم و کەس پەرو باڕی پیاوییە:**

– واتە دەبنە شورایەکی پۆڵاین بۆت، لە زۆر شت دەت پارێزن و عەیب و عارت دەرناخەن.

# ( خین / خوێن )... لە پەندی کوردیدا

جەستەی مرۆڤ پێکهاتوە لە ئیسکوخوێن، بەهۆی دەمارەکانەوە خوێن هاتوچۆدەکاتو دێتو دەچێ، لەنێو لەشماندا خوێن هێنەرو خوێنبەر رۆڵی خۆیان هەیە، هیچ گیانلەبەرێك نیە خوێنی نەبێ، چ زۆر چ کەم، گەر بێتو هەرکەسێ خوێنی لەلەشدا نەمێنێ، ئەوە دەست بەجێ گیان لەدەست دەداتو دەمرێ، کەواتە بۆ بەردەوامی ژیان ئەوا خین رۆڵێکی سەرەکیو کاریگەری هەیە بۆمانەوەمان لەسەر ئەم ئەرزەپانو بەرینە. ئەوەی من گەرەکمە ئەم جارە ئاماژەی پێبکەمو تیشکی بخەمە سەر دەربارەی ئەو پەندە کوردیانەیە کەووشەی (خوێن)ی تێدایە، بەهیوام سودی هەبێو کەس توشی نەخۆشی کەم خوێنیو پاڵەپەستۆی خوێنو هیچ نەخۆشیەکی تر نەبێ، پەندە کوردیەکانیش ئەمانەی خوارەوەن.

*** خوێن بەر چاوی گرتیە :**

– ئەم پەندە کوردیە لەکاتێکدا دەگوترێ، کەکابرایەك بیەوێت کێشەو چەرمەسەری بنێتەوە، هەردەم شەڕوشۆڕ بەردەرگای گرتبێو خۆی زۆرتوڕەبکاتو گڕبگرێو ساردنەبێتەوە.

*** خوێن لەچاوی دەبارێ:**

– ئەم پەندەش مانایەکەی بەپەندەکەی سەرەوە نزیکە، بەکابرایەکی دەسەلات داری زۆردار دەوترێ، کەلەکاتی توڕەیی ئاگای لەخۆی نەمێنێو نەتوانێ خۆی کۆنترۆل بکاتو هەروگیف بکاتو بیەوێت شەڕو ئاژاوە بنێتەوە.

*** خوێن گرتودیەتی:**

– واتە دژمن دارەو بەهۆی خوێن ڕشتنەوە نێوانیان چاك نابێتەوە.

*** خوێنێك وابەناوچەوانیەوە وەیە :**

– واتە لەڕەنگو ڕوخساری ڕادیارە کەدەیەوێت شەڕو ئاژاوەیەك بنێتەوە، خوێنەکەی نێوچەوانی بەلگەیە بۆ هەبونی ئەم کێشەیە، دەیەوێت شەڕ بفرۆشێت.

*** خوێنی بخوات ئۆخەی دانامرێت:**

بەیەکێك دەڵێن کەزۆر لەکەسێك توڕەبێ، گەرهەرچی لێبکات ناڵێ ئۆخەی، یایەکێك حەقی

لەسەر یەکێك بێت لەوکاتەدا ئەم پەندە دەگوترێ.

* **خوێن لەبەدەنی نمایە:**

– ئەم پەندە بەکابرایەك دەگوترێ، کەزۆر نەخۆشبێ، یا زۆر ترسابێ وای پێدەڵێن.

* **خوێنی کردە جامەك:**

– واتە تۆڵەی خۆی لێکردەوەو خوێنی لێگرت‌و زۆر بچوکی کردەوە.

* **خوێنی خۆت لەسەرە خۆت:**

– ئەم پەندە لەکاتێکدا دەگوترێ کەکەسێك خۆی بۆکارێکی مەترسیدار ئامادەبکات، دەست بۆ ئاگردرێژ بکات، خەریکی کارێك بێت ڕێی تێنەچێت.

* **خوێن نابێتە ئاو:**

– ئەم پەندەش لەکاتێك دەگوترێت کەخوێن لەبەینی دوو بنەماڵەو دووکەس برژێ، واتە لەمافی خۆی خۆش نابێ، بۆڵەی خۆی وەردەگرێتەوە، لەم کاتەدا ئەم پەندە دەڵێن.

* **خونچەی ئازادی، بەخوێن دەگەشێتەوە:**

– واتە هەرکەس‌و میللەتێکی ژێردەست بیەوێت ئازادو سەربەست‌و سەربەخۆبێت، دەبێت خوێن برژێنی‌و ئازار بکێشی تابەمافەکانی بگات.

* **هەر پەنجەیەك خوێنی خۆی لێدێت:**

– واتە پەنجەکانی دەست وەکو یەکترنین، لەیەکتر جیان، ئەم پەندە لەکاتێ دەگوترێ واتە ئێش‌و ئازاری خەڵك جیایەو هەریەکەیان ماف‌و داواکاری خۆی هەیەو دەبێت لەتۆڵە سەندنەوەش جیابن.

* **دڵی (خوێن)یان لێگرتیە:**

– بەیەکێکی لەڕوو لاوازو ڕەنگ زەرد دەگوترێ کەهێزو توانای نەمابێ‌و کزو داماو بێت.

# خوشك.. لە پەندی کوریدا

خوشك.. لەرەگەزی مێیە، بەوئەندامیەی خێزان دەگوترێ کەبرای هەبیو لـەدایكو باوکێك بن، ئەوەی ئێمە باسی دەکەین دەربارەی ئەوپەندە کوردیانەیە کەوشەی (خوشك)ی تێدایە:

*** خوشك وبرا شەڕیانە، لەسە ردەنکە زەنگیانە:**

- بەدووکەس دەگوترێ، کەلەسەر شتێکی بچووك و هیچ شەڕو ناکۆکی بکەن.

*** خوشکەکەت لەخۆراسان ترِی، ونانەکەت لێرەبوویەجۆ:**

- بەیەکێك دەگوترێ کەقسەی نابەجێ بکاو چاکەی بۆ خەڵك بێ خراپەی بۆ تۆ .

*** ئەوەی خوشکی جوانە، ئەتۆو ئەوبرانە:**

- واتە بەکەڵك ئەوەنایێت لەخۆتی مارە بکەیو بیهێنی.

*** داری بێ گەڵا قیمەتی نییە، خوشکی بێ برا زینەتی نییە:**

- واتە ئەگەر گەلای سێبەری نییە، خوشکی بێ براش جوانیو شایستەیی نامێنێ. مەرج نییە هەموو وابێ.

*** داری قەرەداغ پەلکی دەرمانە، خۆزگەم بەوخوشکەی برای میوانە:**

-واتە خوشك زۆر رێزی برای دەگریو چێشتی خۆشی لۆ لێدەنێ.

*** هاوارم لەبەر خوابێیەك لە( خوشك )ێ یەك لەبرایێ:**

- واتە نازانم چۆن دەربازبم لەبەر دەستیان.

*** دست برا بەتەمای دستەوخوشکی هەربێ ژنە:**

-واتە دەبێ خۆت ژن لۆخۆت بینی بەتەمای ئەم و ئەونەبێ.

*** مارێ بەخوشکێ، هێلانەی مشکێ:**

- واتەزۆر کابانن، مشکیان زۆرە.

*** خوشکی بووکێ باوەبێ، سەرمان سپی کرد، بوختان نەبێ:**

- واتەلەداخان سەرمان سپی بوو.

*** خوشك وبرایەتییە:**

- واتە دلسۆزو پاکن لەگەڵ یەکتر.

***بەحەوت خوشك برایەکیانبوو ئەویش مرد.**

- واتە لەدەستیان چوو ئەویش نماو مرد.

# خەسوو و خەزوور.. لە پەندی کوردیدا

خەسوو خەزور بەو ژنو پیاوە دەگوترێ کەکوڕیان ژنی هێنابێ، یا کچیان شووی کردبێ لەمەردووسەرەوە دەبنە(خەسوو خەزوور)، ئێمە نامانەوێت باسی لایەنەکانی ژیانی (خەسوو خەزوور) بکەین ئەوەی دەمانەوێت لیێ بدوێن دربارەی ئەو پەندە کوردییانەیە کەووشە (خەسوو) و(خەزوور)ی تێدایە:

*** خەسوو، بووکیت بەخۆتەوەنەدیوە:-**

– بەخەسووەك دەگوترێ کە بۆ بووکی خراپ بێت، واتە خۆ تۆش کاتی خۆی بووك بویت خەسووت هەبوە، ئێستا بۆچی بۆ بووك خراپی.

*** خەسووکامیان خراپ بێ، قازانجی جووتێ کەری هەیە:**

– واتە خەسوو بەقەدەر بەرهەمی کشتوکاڵی ساڵێکی جووتێ وڵاخ قازانجی بۆ زاواکەی دەبێ ئەویش لەبەر خاتری کچەکەی.

*** خەسوو ووتوویەتی: بووکم بەهاوێن منداڵێ ببێ و کچم بەزستان منداڵێ ببێ:**

– چونکە ئەوئافرەتەی کەلەهاویندا منداڵی دەبێ، زووتر دەست بەئیشکردن دەکاتە کەمتریش مەترسی نەخۆشی لێدەکرێ وەك ئەوەی کەلەزستانابێ

*** هەسانە سوور، لەمێرگەسوور، بەخۆ بووکم، پلکم خەسوو:**

– واتەچاکی لۆ هاتیە بووکی پلکیت.

*** خەسوو بەردی بن پەراسوو:**

– بەخەسوەکی خراپ دەگوترێ.

*** خەسوو لەگەڵ تۆمە، بووکێ گوێت لێ بێ:**

– لەکاتێکدا دەگوترێ کە لەگەڵ یەکێك قسە بکەی مەبەستت یەکێکی تربێ،

*** ئەخەسووم هەیە بمکوژێ ئەگولکم هەیە بمژێ :-**

-یەکێك وادەڵێ کەشووی نەکردبێ و منداڵی نەبووبێ وبێ منەتە لەهەموو کەس.

*** ئەوکاتە زانیم کارەکەی تیزە، خاتوو مەنیجە ( خەسوو ) لەهەوێزە:**

- واتە خەسووی لەماڵ نییە، بۆ کارەکەی وایە.

*** خەسووی پیرە ورچێ، ئاگرت بەربێتە پرچێ:**

- ئەو بووك لەکاتی تورەیی ئەوقسەیە دەکەن.

*** ئەخەسووی هەیە ئەخەزوور، دێتە دەرێ گورەسوور:**

واتە خەسوو و خەزووری نییەو بەکەیفی خۆی دەژی.

***زاوا کەری خەزوریە :**

- واتە: گوێ رایەڵێتی ولەقسەی دەرناچێ.

# (دونیا)... لە پەندی کوردیدا

دونیا بەو زەمین و کەونە دەگوترێ کەئێمەی ئادەمیزاد گیانلبەر تێدا دەژین و دەگوزەرێنین، ئەم دونیایە پان و بەرینە بەجوانترین شێوە بۆ مرۆڤ دروستکراوەو وەک ڕایەخێک وایە بۆ ئەوەی بەسەریدا هاتووچۆ بکەین و تێدا خۆمان پێ تاقی بکەینەوە.
پەندی کوردی بەگەلی جۆرو شێوەو شێواز دەربارەی (دونیا) هاتووە، بەچاک و خراپ و بە بەرز نزم دەڕوانییە دونیا، ئێمە لێرەدا بەهەموو جۆرەکانیەوە باس لەو پەندانە دەکەین کەدەربارەی (دونیا) گوتراوە، بەئومێدین لەدنیایەکی پڕ لەخۆشی و شادی و بەختەوەریدا بن و ئەم پەندانەش ببنە ڕێ نیشاندەرو ڕێگای دنیاتان بۆ ڕۆشەن بکات. پەندە کوردیەکانیش ئەمانەن وشەی (دونیا)یان تێدایە:

* **دونیا شامی شەریفە:**
– لەکاتێکدا بەکاردێ، کەووڵات لەئاشتی ئاسایشدا بێ کەس دەست درێژی ناکاتە سەر کەس، هەموو کەس بەئیش و کاری خۆیەوە خەریک بێت و کەس مافی کەس نەخوات و پێشێل نەکات.
* **دونیا بەئومێد خوراوە:**
– واتە دەبێ ئادەمیزاد گەش بین بێت و هیواو ئومێد بەرنەدا، هەمیشە وورەی بەرزبێت و بیر لەڕۆژو ئایندەی بکاتەوە.
* **دونیا پێنچی مێزەرێکە:**
– واە دونیا هەر دەبڕێتەوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئادەمیزاد بمێنێتەوە کردەوەی چاکە.
* **دونیا پێنج و دوو ڕۆژێکە:**
– ئەو پەندەش وەکو ئەوەی سەرەوە وایە، واتە دونیا هەر ماوەیەکەو نامێنێ.
* **دونیا زاو مەرگە:**
– واتە لەدونیا هەیە دەبێ و هەشە دەمرێ، بۆ ئەوەش بەکاردێت کەئیشێک بۆ دوا ڕۆژ بکەی.
* **دونیا دەفێکە وەک دەفی دەرویش، هەریەکە ساتێ مەژە نووش پەی ویش:**
– واتە ئەو دونیایە بێ وەفا هەر ڕۆژی بۆ یەکێکە.

*** دونیا کوێر دەبۆوە، دوو سواریش لەجەردەی دەگەڕان:**

- بەکەسانی درۆ شڕە خۆرە دەگوترێ، کەبە تەنگ لێ قەومانو ناخۆشی خەڵکەوە نین.

*** دونیا وەك تاسی حەمامە، هەر رۆژەی بەدەست یەکێکەوەیە:**

- واتە کەس بەدونیا نەنازێو وەفایی بۆ کەس نیە.

*** دونیا نموونەی قیامەتە:**

- واتە لەو دونیا چ بچینی لەدوا رۆژ ئەوە دەدوریەوە، چاکەو خراپە دێتە ڕێت.

*** دونیای بێ وەفا کاروان سەرای ڕا، نیوە بەدڵ تەنگ، نیوە بەدڵشاد:**

- واتە خۆشیو ناخۆشی لەو دونیایە هەیەو دێتە ڕێگات، دەبێ مرۆڤ بەرگەی هەردووکیان بگرێ.

*** دونیا توخمی تەماحە:**

- واتە لەو دونیا مرۆڤ چاوی تێر نابێو تەماحی دەکا.

*** دونیا دەفەنو دوفەنە:**

- واتە چاکەو خراپەی تێدایە، هەر رۆژێ بەجۆرێکە.

*** دونیا ریشەت کنیا:**

- واتە کەسانێك هەن دونیایان لەلا پیرۆزەو گرینگەو بەهەند وەریانگرتووە.

*** دونیای لەخۆی کردیە، بەکونەمشك:**

- بەکابرایەك دەگوترێن بەخەیاڵ دونیا لەخۆی تەنگ کردبێ.

*** دونیای بێ سەر بەسەرانی نابێ:**

- واتە دونیا هەموو کێشەو ململانێیە لەنێوان هێز خێرخوازو هێزی شەڕخواز.

*** دونیا هەموو بسووتێ، دەسکە پوشێکی تۆی تێدانیە:**

- بەکابرایەك دەگوترێ لەئاژاوە شەڕو شۆڕو بگەڕێو نێوان خەڵك تێکبدا، ئەوەی پێدەڵێن.

*** دونیای هەمووی دوژمنی سەری کەوە، کەویش دوژمنی سەری خۆیەتی:**

- بەڕاستی وایە زۆر میللەت هەیە خۆ خۆرن بۆ گیانی خۆیان ئازان.

*** دونیا بێتە پۆست، دوژمن نابێتە دۆست:**

- واتە دوژمن هەر دوژمنەو نابێتە دۆست، کەواتە ئەو کەسە نەزانە بەقسەی دوژمنی بکات، یا کاریان بۆ بکا.

*** دونیا بەردق، بەردقە، پێی ناوێ ئەم لەقە لەقە:**

- واتە دونیا هەورازو نشێوی تێدایە، کەواتە خۆت سەر غرەت مەکە.

* دونیا پردەو خەلکیش ڕێ گوزار:
- زۆر راستە هەر ڕۆژە یەکێکە ئەسپی خۆی تاو دەدات و خەڵك لەژێر پێی خۆی دەشێلاو بەسەریدا تێدەپەڕن.
* دونیا بەبا دروست بوەو بەباشی خراپ دەبێ:
- ئەوە لەکاتێك دەگوترێ کەبایەکی زۆر بەهێزبێت.
* دونیا ئنگوستیلەیە کەبەهەوەسی خۆی دەیسوڕێنی:
- بەیەکێك دەڵێن ریشەو جلەوی کار بەئارەزووی خۆی گورج و شۆڕ بکات.
* دونیا جوولە جوولیەتی، موختار قوونە قوونیەتی:
- واتە رۆژگار بەرەو پێشکەوتن دەڕوات، کەسانێکیش پاش کەشە دەکەن.
* دونیا چەمە، هەموو شتی تێدایە:
-واتە کۆمەڵ چاك و خراپی تێدایەو تێدا دەبێت.
* دونیا دەوران دەورانە، چەرخ و فەلەکە دەسورێ:
- واتە ئەمڕۆ بۆ تۆیە بەیانی بۆ یەکێکی تر:
* دونیا کەرە، سواری بەهەورە:
- ئەوەندی گوێ بەم رۆژگارە مەدە بەئارەزووی خۆت بکە.
* دونیا گوڵێکە هەردەم لەچەشنێکە:
- واتە هەڵس و کەوتی مرۆڤ لەگۆڕان دایە، بەگەش بینی بێت یارەش بینی.
* دونیا لۆ دونیایە:
- واتە چەندم لۆ ببیت، ئەوەندەت لۆ دەبمەوە.
* دونیا لۆیی خۆشە، بێ دەرکەیە:
- واتە مرۆڤ دەیەوێت بەئازادی بژی.
* دونیا دوو دەرکەیە، لەوەی دێ لەوەی دەچیتە دەرێ:
- واتە مردوم هەرچەندە بژی هەر هیچ لەم گێتی‌یە نازانێت.
* دونیا دەیەوێ، قیامەتیش دەیەوێ:
- واتە بەهەردوولایان کەمتەرخەم مەکە.
* دونیا بەپووش نەگیرایە:
- بەکەسێکی تەنگەتاو دوو دڵ دەگوترێ.

*** دونیا بنی زۆر قوڵە:**

- واتە دونیا دوورو درێژەو کاتی دیاری کراوی بۆ دیار نیە.

*** دونیا خەون و خەیاڵە، بەدوا کەوتنی خەون و خەیاڵیش بەتاڵە:**

واتە نابێ زۆر بەگرنگی وەریبگریێ.

*** دونیا دەوران دەروانە:**

- واتە هەر رۆژێ بەجۆرێکەو بۆ بەرژەوەندیو سودبینینی کەسانێکە.

*** دونیا هەتاسەر بۆ کەس نییە، کەچی خەڵك ئەوەندە لەدووی شەقییە:**

- واتە هێندە ناهێنێ، کە دڵی ئەم و ئەو بشکێنی خۆت لەیاد بکەی.

*** دونیا یا زاڵم دەیخوا یا بێچار:**

- واتە کەسانی دەست رۆیشتوو بەهێز سوودی لێ دەبینن.

*** دونیای بەهەردوو دەستەوە گرتییە:**

- واتە چاکەو خراپەی تێدا ئەنجام دەدا.

*** دونیای بەو رووناکییەی لێ تاریك بووە:**

- واتە رەش بینەو دڵتەنگو غەمبارە.

*** دونیا سێبەرە، دوای کەوت دەڕوا، کەڕووت وەرگێڕا ئەوت دێ لەدوا:**

- واتە هێندە ڕاکەڕاك مەکە بەدواییدا.

*** دونیا بازاڕی کڵاو دروانە:**

- واتە ئەوانە کڵاوچیو درۆزنو فێڵبازن دەبەنەوە لەم دونیایە.

*** دونیا کەرە کووی بازۆی ودە ڕوا:**

- واتە خۆت هیلاك بکەی بەئامانج دەگەی.

*** دونیا چەمە:**

- واتە چاكو خراپی تێدایە.

*دایك و كچ یەكن، كەس ناتوانی نێوانیان بكا.

*دایكی بمری گوێیشان، هیچی نەخوارد بردیشیان:

-دایكێك لەكاتی شووكردنی كچەكەی دەڵێ.

*بەختی دایك، جیجازی كچانە:

-واتە گەر دایكەكە بەختی هەبێت، كچەش وادەبێ.

*مەمكی دایكم، پڕ بەدەمم:

-واتە حەلال و بۆ ئەو باشە

*لەشیری مەمكی دایك حەلالترە:

-واتە حەڵاڵ و پاكە.

*یا لەگەڵ دایكی منداڵان، یا لەگەڵ بووكی گەورە مالان:

-واتە ئەو دووانە سوود بەخش و ئایندەیان گەش.

*برام نەبێ لەدایێ، قەت گریانم لۆ نایێ:

-واتە لە خوێن و گۆشتم نیە، زگم پێ ی ناسوتێ.

*ئەگەر دەسەڵات، نەبوو، بە دۆستی دایكی دەڵێ بابە:

*مەڕو نە خانووی بەدەوازە، دایكی بینەو كچی بخوازە.

-واتە سەیری ماڵ و سەروەت مەكە، لەدیكیەوە بڕوانە كچە.

*هەی ناز هەی ناز، دایكی بیینە دۆت بخواز:

-وەك ئەو پەندەی سەروە یە مانا كەی.

# (دڵ)... لە پەندی کوردیدا

دل یەکێکە لەئەندامە سەرەکیەکانی لەشی مرۆڤ، بە پایتەختی ئەندامو جەستەی لەشی ئادەمیزاد ناسراوە،هەر کە ترپەکانی لێدانی دڵ وەستا ئەوە مرۆڤ دەمرێو گشت لەش و جەستەی لەجوولە دەکەوێ.

دڵ گەلێ پەند ووتە و شیعری بەسەر گوتراوەو نووسراوە، ئەوەی ئێمە زیاتر باسی دەکەین دەربارەی ئەوپەندە کوردیانەیە کەلەسەر (دڵ) وتراوە.

***دڵ پیر نابێ، چاو تێرنابێ:**

– واتە مرۆڤ لەسەر پشتی ئەم زەمینە گوزەربکات، ئەوە تەمەنیشی بەرەو هەڵکشان بچێ هەست بە پیری دڵی ناکات، هەمیشەیە چاوی رۆشنەو بەوی بێت هەموو دونیا هی ئەوبێتو لەبەردەستی دابێت.

*** دڵ سفرە نیە بۆ هەمووکەس بکرێتەوە:**

– مەبەست ئەوەیە رازی دڵت نابێ لای هەمووکەس بدرکێنی ئەوەی لەدڵت دایە هەڵی رێژی.

*** دڵ مێشە لەسە رگووش دەنیشی و لەسەرگوڵیش دەنیشێ:**

– واتە ئەو پەندە بەزۆری لەوکاتەی کورێك کچێکی ناشرینی خۆش بووێو بەدڵی بێ دەگوترێ،واتە هەندێ جار شتە کەشیاویش نییە کەچی کەسەکە بەدڵیتی.

*** دڵی من سوڵتانە، کەتی ماڵێ وانە، چەند رەش و چەند جوانە:**

– واتە ئەمەش لەکاتێ دەگوتری کەئەو کەسە باش دەزانی بەرامبەرکەی عەیبو عاری هەیە، یارەکەی (رەش)یشە کەچی دڵی هەر بۆی لێدراوە.

*** ئەو جێیە خۆشە کەدل لێی خۆشە:**

– واتە مەبەست لێرەدا ئەوەیە کەگرنگ فراوانی و جوانی شوێنەکە نییە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لەشوێنی بێت بەدڵو سۆزی بێت.

*** رەحمەت لەوکەسەی دوودلان یەك دەکا، لەعنەت لەو کەسەی دوودڵان لێك دەکا:**

– واتەئەوکەسەی دووکەس بەیەك دەگێنێو ئاشتیان دەکاتەوە، ئەوە رحمەت و خێری بەردەکەوێ، بەپێچەوانەش بێت ئەوە تەوشی نەعلەتی خواو خەڵك دەبن.

* دڵی کەسلەخۆمەڕەنیشێنە، کەنیشاندت بێ ئەندیش مەبە:

- واتە: مرۆ نابێ دڵی بەرامبەرەکەی ئازار بداتو بێ ئێشێنێ، کەشتی واشی روویدا دەبێ لەبیر نەکەینو بچین لەگەڵی ئاش بینەوە.

* دڵ لەگوڵ ناسکترە:

- واتە نابێ قسە وکردارێکی وابکەین دڵی خەڵك بریندار بکەین بۆیە ئەم پەندە گوتراوە، کە(دڵ لەگوڵ ناسکترە).

* دڵی ئاوی خواردەوە:

- واتە: ئەو پەندە لەوکاتە دەگوترێ کەکاروشتێ رووبدات بەدڵی بێتو پێی ئاسوودە بێت، کۆتایی بەکێشە و کارەکە بێت.

* دڵی خوێنی لێ دەتکێ:

- ئەو پەندە لەکاتی لیقەومانو دڵئێشانی کەسێك دەگوترێ کەکارەساتو کوژرانی نزیکترین کەس بەسەردابێ.

* دڵی لەئاستیا بەردە:

- واتە: کەسانێك هەنە دل رەقنو قسەو ئامۆژگاری وەرناگرن، بەرامبەر کەسی بەرامبەرەکەی بێ دەنگە.

* دڵی هەزار رادەکات:

- واتە دوودڵە ولە دڵەراوکێ دەژی هەردەم راڕایە.

* دڵی کەسی بەخۆوە نەهێشتووە:

- واتە زۆر کەسی تۆراندوەو بەکەسیش رازی نییە.

* دڵ لەدڵ مەدە: واتە دوو دڵ مەبە، لەهیچ ئیش وکارێ:.

# دەو ( دەم ) لە پەندی کوردیدا

دەو(دەم) ئەندامێکی گرینگی لەشـە، بـاس لەوپەندانـە دەکـەین ووشـەی(دەو+ دەم) ی تێدایە..

*دەو دەخوا، چاو شەرمی دەکا.

—واتە پەیوەندییان بەیەکەترەوە هەیە.

*دەوەچیت لێ کەمە.

—واتە بۆ قسەی باش ناکەی لەچیت کەمە.

*دەوی بوو بەتەڵەی تەقیوە یا دەڵێن( دەوی بوو بە ناخی چرا ):

—واتە قسەی پێنەکرا لە شەرمەزاریندا.

*دەوی چۆتە گو و چنینەوە، یادەڵێن ( دەمی چووە بەخوری خۆیا ):

—واتە بێ دەنگو لەرو لاوازبووە

*دەوی خەلکی مشتی خۆم نیە، بێ نوقێنم:

—واتە دەوی خەڵکێ من ناگیرێ

*دەوی دا بەیەکا:

—واتە مردو بێ دەنگ بوو

*دەوی گۆناکا:

—واتە قسەی پێناکرێ

*دەوێ ناگاتی دەڵی سوێر( ترشە ):

—بەیەکێك دەوترێ دەستی ناگەتە شتێ، کەچی وانیشان بدا خۆی نایکا

*دەمو جەم:

—واتە هەموو شتێ لەکاتی خۆی

***دووی خۆی پی پیس مەکە :**

-واتە تۆ لە وەگەورەتری باشتر خۆتی لێ لادەی.

***دووی شەکری لێ دەباری :**

-بەیەکێك قسەی خۆش و رێزدار دەگوترێ

***دووی دەرگەیە، بەدەن هۆدیە :**

-واتە هەموو لەدەوە دەچێتە ژووری

***دووی دەڵێی چەقەنەی ئاشە :**

-واتە نارێکە

***دووی ژندووە :**

-واتە قسەی تێدا کردووە.

***دووی بنی، باهەڵمی نەیت :**

-بەیەکێکی نەزان دەوترێ

***دمی قەوری وەتاقە :**

-بەیەکێکی بزێوو نالەبەار دەگوترێ، بەکەسێکی قسە زلی رەزیل دەگوترێ.

# (درۆ و درۆزن)... لە پەندی کوردیدا

درۆ.. دیاردەیەکی قێزەوەنە، پەتایەکی پیسی کۆمەڵ و کۆمەڵگایە، بەهۆی (درۆ)ەوە متمانەو راستی نامینێ، بردی نێوان کەسەکان درومێ خۆشەویستیو تەبایی لەبار دەچێ، مرۆڤی درۆزنیش، هەمیشە روو رەشی لای خواو خەڵکە، من نانەوێت باسی زیانەکانی (درۆ) بکەم، ئەوەی گەرەکمە رۆشناییە بخەمە سەر دەربارەی ئەوپەندە کوردییانەیە کە ووشەی (درۆو درۆزنی) تێدایە، پەندەکانی ش ئەمانەن:

*** درۆ فەقیرە، یادەڵێ، درۆکەری فەقیرە:**

– واتە بێ پارە،هەمووکەس دەتوانێ بیکات.

*** درۆ ماوەی کورتە:**

–واتە زوو دەردەکەوێ وئاشکرادەبێ.

*** درۆ بەدڵا ناچێ:**

– واتە هەرلەپێشەوە دیاردەکەوێ، ناچێتە دڵو دەروونەوە.

*** درۆ بێ دەسەڵاتە،هەمووکەس پێدەوەستێ:**

– واتە سانایە وبەئاسانی دەکرێ،تەنها کەسی مەرد نایکات

*** درۆ دوژمنی خوایە:**

– واتە یەزدانی باڵادەست زۆر رکی لەدرۆو درۆزن دەبێـەوە سزای بۆ داناون.

*** درۆزن هەرجارێك ئاشتا دەکا:**

– واتە هەرجارێك بڕوای پێدەکرێ.

*** درۆزن کەم خۆشە:**

– واتە هێندە درۆ دەکا، ئاگای لەخۆی نامینێ.

*** درۆزن شتی لەبیر نامینێ:**

– واتە لەخۆیەوە شت هەڵدەبەستێ، بۆیە خۆشی نازانی چی دەڵێ.

*** درۆزن ئاگر لەماڵێ بەربی، کەس بڕوای پێنکا:**

- واتە: متمانەی پێ ناکرێ، چونکە درۆی کردوە.

*** درۆ لەدوای مردن دەکرێ:**

- بەیەکێك دەڵێ، کەدرۆیەکی بەدەمتەوە کردبێ، هیچ نەترسێ لەوەی کەچاوی پێدەکەوێ، درۆیەکەی ئاشکرا بێ.

*** درۆ بێ دەسەڵاتی هەمووکەس پێدەوەستێ:**

- واتە سانایە هەمووکەس دەتوانێ بیکات تەنها کەسی مەرد نایکات.

*** درۆزن ئاکامی ماڵ وێرانییە:**

- واتە لەپاشەرۆژ زیانی گەورە دەکا.

*** درۆزن چێشت دەخوا، نیوەرۆ ناخوا:**

- واتە گوریسی درۆکورتە،دوای ئاشکرا دەبێو سوود نابینی.

*** درۆزن رووەشی دونیاو قیامەتە:**

- واتە لەهەردوو دونیا زیان دەکات و رووی رەشە.

*** درۆزن ئاگری لەماڵێ بەربی، کەس بڕوای پێناکا:**

- واتە متمانەی لای خەڵك نامینی گەر رووداویشی لێ روویدات.

*** درۆیەك بکە شایەد بەدیارەوەبێ:**

- واتە کەرووداوێکی سەیرت دیت مەگێرەوە تاشایەدت دەبێ.

# ( دەســـت ) ... لە پەندی کوردیدا

لەشی مرۆڤ لە چەند ئەندامێکی سەرەکی پێك دێت، بەهۆی ئەم ئەندامانەوە ئیش‌و کارەکانی خۆی رادەپەڕێنێ، پێداویستیەکانی خۆی مەیسەر دەکات، (دەست) یش یەکێکە لەو ئەندامانەی کە بە جەستەی ئەو ئادەمیزادەوە لکاوە، بەهۆی دەستەوە دەنووسین‌و دەخوێنین‌و شتەکان دەجولێنین، گەر دەستمان لەدەستدا، ئەوە زۆر کارو کردارمان پێ جێ بەجێ ناکرێ کەواتە دەست گرینگی خۆی هەیە. ئەوەی

ئێمە گەرەکمانە لێرەدا رۆشنایی بخەینە سەر دەربارەی (دەست) لە پەندی کوردیدا، ئەم پەندانەی خوارەوە زۆربەی زۆر ئەو پەندانە لە خۆدەگرێ کە دەربارەی (دەست) گوتراوەونووسراوە:

***دەست نەنێیتە جۆ، تا گەنم پێ نەگا:**

واتە بە شتێکی کەم‌و ئاسانەوە خۆمان خەریك نەکەین، تا ئیشێکی باشترمان بۆ دەست ئەدات.

***دەست بکەی بەهەزرا کونەمارا، لەیەکێکیانا مارێك هەر پێتەوە ئەدا:**

واتە ئەوەی زۆر بجولێ، جارێك هەر تووش ئەبێ.

***دەستە پاچەی کردم:**

واتە فریوی دام، یان خەڵەتاندمی‌و هەلێکی لە کیس دام.

***دەستی بزن، بنێ کاسە:**

واتە (ئاو بێنە) چونکە جاران(لەزۆلکاوەکاندا) ئاو ئەکرایە کوندەوە، کوندەش پیستەی بزنەو دەرگا کەشی لە دەستەکانیەتی.

***دەستی دام بە کۆڵە دردوشا:**

واتە دەستی بڕیم، یان دەستە خرۆی کردم.

***دەستی دوژمن هەر بۆ ئەوە باشە کە ماری پێ بگری:**

تا پێوەی بداو لەناوی بەرێ، چونکە دوژمن‌و مار هەر دووژمنن، هەر کامێکیان ئەویتر لەناو ببات هەر قازانجە.

***دەستی دەستی پێ نەکا:**

واتە نەیخولێنێ.

***دەستی زۆر ئامانی نییە:**

واتە لە زۆردار پاڕانەوە سودی نیە، یان کە ڕۆیشت ئامانی زۆردارمەدە.

***دەستی زۆر سامانی نیە:**

واتە ئەوەی زۆردار بەدەستی دەهێنێ، نابێتە سامان بۆی، چونکە تۆڵەی هەر لێ دەکرێتەوە سامانەکەی دەست هەقدار دەکەوێتەوە.

***دەستی کەس بۆ دەمی کەس ناچێ:**

واتە هەر کەسە خۆی بەکەڵکی خۆی دێت، کەسی تر بەکەڵکی نایەت.

***دستی نایە کاسە:**

واتە بووبە مایەی خێر بۆی.

***دستی گرت بە کەمەی قنگیەوە:**

-واتە بەدەستی پەتی گەڕایەوە.

***دستی لات بەگونی موفلیس:**

-بە قەرزارێك ئەوترێ کە هیچی نەبێ، واتە خۆنایکوژێ.

***دستمان ناگاتە چمکی کەواکەت:**

-لە رووی گلەیی یەوە بەکاردێت، واتە گەورەبوویت، یان خۆت بەگەورە ئەزانی.

***دستەك ئارۆز، دستەك پیرۆز:**

-هەندێك كەس بەكەڵكو هەندێكی تر بێ كەڵك.

***دستە خوشكی بەددستەبرای، دستەبرای بە دستەخوشكی، كۆنە باستۆكێ:**

-برادەرایەتی (کچ)و (کوڕ) لەدوای دا، ئەنجامی بەیەك گەیشتنە.

***دستت هەتابە هەنگینە دەیمژێ، کە نەما دەیگەزێ:**

-واتە کەڵکت هەبێت خۆشەویستیو ڕێزت لێدەگرن، ئەگەر نابە پێچەوانەوەیە.

***دستی ئەستووری، دستی زراوی بردیە:**

-زۆردار بێ هێز لوول دەدات.

***دەستی لە هەموو پنچێکا برایە؛**
—بۆ یەکێك بەکاردێت هیچی لەدەست لەمابێت و چی پێنەکریت.
***دەست لە چۆك ومرینان هی پیاوان نیە لەکاتی لێ قەومان؛**
—واتە پیاوی پیاوانە لە رۆژی تەنگانە دەست هەڵدێنێ.
***دەستی خۆت و مستی خۆت؛**
—واتە ئەگەر دەستی خۆت کارنەکات هیچت پێ ناکرێ.
***دەستی چەپت حەوجەی دەستی راست نەبێ؛**
—واتە پیاو حەوجەی کەس و کاری خۆشی نەبێ.
***دەستی کەریمی کەس ناگێڕێتەوە؛**
—لەکاتێك دەگوترێ کەیەکێك پێوی شتێك بداتە یەکێکی تر.
***دەست خێران دەخرێتە چاوان؛**
—واتە هەر کەسێك خێرو چاکە بکات، خەڵك خۆشیان دەوێ.
***دەست ئەگەر شکا دەبێ هەڵبەتی؛**
—واتە بەرایەك هات دەبێ شوکربێ
***دەست دەستی دەناسێ؛**
—ئەمە زیاتر بۆ قەرزو ئەم جۆرە شتانە بەکاردێت واتە ئەبێ دەست بە دەست بدرێتەوە خاوەنی:
***دەستێك کە شکا وەکی خۆی لێ نایەتەوە؛**
—هەر شتێکی کە لەجێ ی خۆی لاکەت وەکی خۆی لێ نایەتەوە.
***دەستێکم کەوتە پێش، دەستێکم کەوتە پاش؛**
—بە کابرایەك دەڵێن دوو دڵ بێ لە ئیشو کاردا، ئەوەش باش نیە.
***دەستی کورتی من و دامەنی درێژی تۆ؛**
—ئەمە زیاتر بۆ پاڕانەوەیە، لەکاتێك یەکێك بێ چارە لە پیاوێکی دەستەڵاتدار بپاڕێتەوە ئەمە دەڵێ.
***دەستی زێر دەبڕێ؛**
—بە ئافرەتێك دەگوترێ کە نەخش و تەوەن و وردەکاری زۆر بزانێت واتە سوود مەندبێت.

***دەستی ماندوو، لەسەر زگی تێرە:**

-واتە دەست کاربکات، هەردەم زگی تێرە

***دەست لێ مەدە چەپە بقەیە:**

-بە یەکێك دەڵێن وەکی منداڵ ناز بکات.

***دەستێکی زاڵم ببڕی خوێن نیە:**

-چونکە تەرازوو بەلای ئەودا دەلنگیو کەس نیە بتوانێ هەقی لێ وەرگرێ.

***دەستی بتەنێ نەچتە سەر خواردنێ:**

-واتە بە تەنیا بۆ هیچ ئیشو کارمەچوون هەتا بۆ سەر خواردنیش.

***دەستی بە کلاوی خۆی گرتووە با نەیبات:**

-یەکێك ئەمە دەڵێ کە لە کارێك نائومێد بووبێ.

***دەستی خۆی دیت باوکی خۆی ناناسێ:**

-بەیەکێکی سپلەو لەخۆبایی دەگوترێ.

***دەست لەدەست قوەت لەخوا:**

-واتە ئەگەر یەکێتی و برایەتی هەبێ قوەتیش لەخودا دەبێ

# ( دەرمان و نەخۆشی ) ... لە پەندی کوردی

لەوەتەی مرۆڤ جەستەو روخساری بۆ دروستکراوەو بە پەیژەکانی ژیان سەرکەوتووە لە قۆناغەکانی تەمەنیدا تووشی نەخۆشیو دەردو بڵاو چەرمەسەریو کێشەو گرفت دەبێ، ئەوستانەی ئادامیزاد نەخۆشی دەکەوێت، زیاتر بیر لەلەشی خۆی دەکاتەوەو هەست بەماندووبوونو ئیشو ئازار دەکات، بۆیە هەموومالی دونیا بۆ لە حزەیەك خۆشیو تەندورستیەکی باشی خۆی هەڵبژێری.

پەندی کوردی ئەو لایەنەشی فەرامۆش نەکردووە، کە پەیوەستەبەنەخۆشی و داوودەرمانەکان، بۆیە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئێوە چەند پەندێکیتان دەخەینە بەرچاو بە ئومێدی سوود بینینو دووربونتان لەگشت نەخۆشیو ناخۆشیەکی ئەم ژیانە نالەبارە پەندەکانیش ئەمانەن:

* **پێشی تاینێ، بەرە بەخۆت دادە:**

– واتە: پێش ئەوەی ئیشو کارێکت بێتە پێش خۆت بۆی ئامادەبکە.

* **مندالی بەداو دەرمانان، ئاگاتە سەربانان:**

– واتە مندالێك هەر بەداو دەرمان گەورەبێ، ئەوە زۆر نازیو ناتوانێ خۆی پێبگینی.

* کورە هەتا دەمری هەر بەتەمای دووچاوی ساغە:

– واتە ئەوەی نەقوستانیەکی هەبێ، هەر چاوەڕوانە، مرۆڤیش تابژی بەهیواو ئومێدەوە دەژی.

* **مەیموون بەخۆی نەبوو سۆریکەشی لێ هاتووە:**

– واتەکارێك بەخۆی نەبێ، کەچی نالەباریشی بێتە سەروتووشی گیروگرفتێك بێت.

* **ئەگەر کەچەر ((تەبیب)) بایە تیماری سەری خۆی دەکرد:**

– واتە گەر مرۆڤ ئیشێکی پێ بکرێ ئەوە یەکەمجار سوود بەخۆی دەگەیەنێ ئینجا بۆ کەسانی تر، بەو کەسانەش دەگوترێ کەخۆیان دەسەلاتی چارەسەرکردنی کێشەی خۆیان نەبێ کەچی رێش بۆ خەڵك دابنێن.

* سەرت نایشی پەرۆی تێمە نالێنە:

- واتە کارو کێشەیەك پەیوەندی بەتۆ نەبوو خۆتی تێمە نالێنە.

* ئەگەر خوانە نیری شیفا، تەبیب هیچی پێ ناکرێ بەتەنیا:

- واتە گەر یەزدان مەیلی لەسەر نەبێ نەخۆشی چارەسەر بکات، بێ سوودە.

* خوادەردی دایەو دەرمانیشی دایە:

-واتە: مرۆڤ بەدەردو نەخۆشی لەڕولاواز دەبێ،هەر چەندە دەرمانیشی درایە.

* دەرد خەلاتی خوایە:

- واتە هەندێ جارخوا خۆشەویستی خۆی بەسەر دەکاتەوەو نەخۆشی ودەردوبەللای بەسەر دێنێو تاقیدەکاتەوە.

* سی و دوو دەردی لێیە:

-واتەبەیەکێك دەڵێن کەدەردو بەڵلای زۆر لەسەر کەڵەکە بێ.

* بەشەو دەگرێ تا، بەرۆژ بەرت دەدا ماخۆ چاوچاو چ دەرمان دەدا:

-واتە لەدەسەڵاتی خۆت داینە،هەموکەس حەزدەکات لەش ساغ بێت.

* ڕەنگ زەردی وەك مردیان چارە ناکرێ بەنووشتیان:

- واتە خراپ نەخۆش کەوتیە، چارەسەری گرانە.

# (دار)... لە پەندی کوردی

پەندی کوردی.. هیچ لایەنێکی ژیانی فەرامۆش نەکردووە، جگە لەوەوەش لەسەر هەموو کونو کەلەبەرێك و مادەیەکی سروشتی ئەم ژیان چەندین پەندی هەمەجۆرمان هەیە، بۆ ئەمجارە باسی ئەم پەندە کوردیانە دەکەین کە وشەی (دار)ی تێدایە بەئومێدم کوردستان رەنگین ورازاوەتربێت بەداری بەبەرو بەرهەمدار، پەندەکانیش ئەمانەن:

* دار هەڵبرە، سەگی دز دیارە:

واتە هەندێ کارو کردەوەی نەشیاو هەیە، زوو بەدەر دەکەون لەلای مرۆڤی خراپ و دەست پیس.

* تازە دادی، داری دەکا:

بەئیش و کارێك دەڵێین لەسەرەتا دابیّ و زۆر دواکەوتبێ لەلایەن کەسەکەوە، بۆ منداڵی تازە فێرە ببێ ئەوشە دەڵێین.

* زۆر عەداڵە، لەداری دەتاشی:

بەیەکێك دەڵێین کەزۆر تامەزرۆی شتێ بێ، بەتایبەتی بۆ لایەنی جنسی ئەم پەندە زۆر دەڵێین.

* دارێکم لەدەستە هەردووسەری پیسە:

واتە کەسێك لەدوولاوە تووشی کێشەو چەرمەسەری بیّ و یەك لەیەکیان خراپتربیّ و نەزانی چی بکات.

* دارکرمی لەخۆی نەبێ، هەزار ساڵدەژی (دار کرمی نەبی نارزی):

واتە ئەگەر گەندەڵی و خیانەت لەنێو خودی نەتەوەکە نەبێ، ئەوەهیچی بەسەر نایێ، هیچ شتێ بەبێ هۆنابێ.

* داری بێ بەر بۆ برین باشە:

واتە: ئەو مرۆڤانەی کەسوودبەخش وبەکەڵك نین بۆکۆمەڵ و کۆمەڵگا نەمانیان زۆر باشترە لەمانیان.

* نەبایی دیوە نەباران، کیشکولە چوونە داران:

واتە: بەبێ ئەزیت وئیش و ئازار، گەیشتە شوێنی مەبەست.

* ئەگەر بەخۆت باش بی، داری نادەیە دەست پیاوی:

واتە: ئەوە بەژنێك دەڵێن کەگەر خۆی خراپ نەبیو خراپەنەکا، ئەوە پیاوەکەی ناتوانی دارکاری بکاو لێی بدات.

* داری لەکونە زەنگەسووره وەرمەدە تا پێوەت نەدا:

واتە: کاری خراپو نەشیاو مەکەو دەست لەئێش خەڵکی وەرمەدە، ئەگینا تێدەکەوی.

* تەق ورەقە دەرێ دارە:

واتە: بەیەکێکی لەرولاواز دەگوترێ، کەگۆشتی بەلەشەوە نمابێ.

* چەندی دار لە پیسایی وەردەی بۆنی دێ:

واتە: کاری خراپ وباسی نەشیاو باس نەکرێودرێژەی پێنەدرێ باشە .

* داری قەرەداغ پەلکی دەرمانە، خۆزگەم بەوخوشکەی برای میوانە:

واتە: بەیەکێك دەڵێن خۆشەویستیو پشتیوانێکی مێوان بێت.

* داری لەدەست کەوتووە:

واتە: پەکی کەوتووەو هیچی پێناکرێ ئیتر لەبەرپیری بێ یان نەخۆشی.

* داری قەلان دیارە:

واتە: لەکاتی ئیشکردنا سەیری دوور بکات وئیش نەکات وای پێدەڵێن.

* داری دەمانچەی شکا:

واتە: بەیەکێك دەوترێ کەتەگەرەو کۆسپێك هاتبێتە رێیو پەکیکەوتبی.

* دار دەدەن بەدەمیەوە:

واتە: دەستی بۆشل دەکەن بۆیە بێ شەرمی دەنوێنێ.

* دار نەگرێ، سەر نەچەمێنێ:

واتە پیاوی گەورەو خزمەتگوزارو وەجاخزادە، هەمیشە خۆی بەکەم و نزم سادەدائەنێ.

* دار بەسەر باریا کراوە:

واتە لەهەژارێکی بێ دەسەلات دەوترێ، کە هەرکەسێ هەڵستێ دەستی لێ بوەە شێنێ .

* دار خرە بەرزبێتەوە، دەچەمێتەوە:

واتە: هەرکەس بەرز بڕوانێ نزم ئەدا لەزەوی، یان هەموو هەورازێك نشێوییەکی لەدوایە.

* داری ( حەد ) ئازاری نیە:

واتە: حەد هەق، یان سنووره،واتە ئادەمیزاد نابێ لەهەق لاری هەبێ.

*دارێکی لەسەر بەردێکە دانانێ:

واتە: بەکابرایەکی بێ کارو تەمبەل دەگوترێ، لەماله دانیشتبێ و هیچ ئیشیو کارنەکات.

* داری بگوشێ،ئاوی لێ دەینێ:

واتە: بەکابرایەکی بەهێزو دەسەلاتدار وتوندو تیژ دەڵێن.

* دار بەپیری ئاچەمێ:

واتە: مرۆڤیش لەکاتی منداڵو هەرزەکاری رەوشت وەردەگرێ، بەپیری و گەورەی ئاسان نیه.

* دار هەڵبدەی بەر زەوی ناکەوێت:

واتە: بۆ قەرەبالغی بەکاردێت.

* دار کەکرمی بوو شکانی مسۆگەرە:

واتە: هەرشتێ کەگەندەل بوولەناو دەچێ.

*دارکلکی لەخۆی نەبێ نابردرێ:

واتە: (بیور) ئەگەر کلکی دار نەبی ناتوانی داربڕی، واتە هەرشتێك لەناو خۆی نەبی شکانی ئاسان نییە.

* داری هەلاوی سەگی حیزبەخۆی رادەکات:

واتە: لەکاتێکدا دەگوترێ کابرایەك گومانی لێبکرێ و بەخۆشی هەندێ کاری پەرتاوان بکات.

* دار بەبەرەکەی دەناسرێ:

واتە : مرۆڤ بەپێێ بەرهەمەکەی دەناسرێت:

*دار گەندەربی، بیور تیژبی، یار لێدیاربی:

واتە: بەئێشو کارێك دەگوترێ لەهەموو لا قازانجی بێ

* دار لەجێی خۆی راقەنێ، هیشك دەبی:

واتە: کەشوێنی خۆت لەق کرد لەپەلو پۆدەکەوێت.

* دار نەبی، رەژوو لەکێ بوو:

– بۆکارێك بەکادرێت بنەڕەتەکەی نەبێت وداوای شتی تری لێ بکرێت.

* داری لەجێی گول دەژەنێ:

واتە: بەکەسێك دەڵێن یەکێك هان بدات ودڵێ بکولێنتەوە.

* دارێکم چاندبەرم لێ نەخوارد:

واتە بۆ لەرێگا یەك ماندووبون و بەرلێ نەخواردن بەکاردێت

*دار لەدەووی وەرمەدە:

واتە: قسەی لەگەڵ مەکەو وازی لێبێنە.

* دار لەگەڵ تۆمە، دیوار گوێت لێ بێ:

واتە قسە لەگەڵ یەکێك دەکەی بەیەکێکی تر دەڵێی گوێت لێبێ.

*دار ئەستوور نابێتە گۆپاڵ:

واتە هەموو شتێ لەقۆناغو سەردەمی خۆی بەسوودە

* داری بەسەربەردیدانەمایە:

واتە: تواناو هێزو کەڵکی نمایە.

* داری بن پتەو، لەبای بەهێزو دژوارناترسێ:

واتە کەسانی خاوەن باوڕو توانا لەمەم لەو ناترسێ.

* داری بێ مێوە:

واتە: سوودو کەڵکی نییە.

* دارێك لەسەر سەگ، سەد دار لەسەر ژن:

واتە: مەبەستی ئەوە چاودێری ژن زیاترەو پێویست ترە لەهی سەگە، بەڵام بەخۆم زۆر لەگەڵ

ئەو پوندانە نیمە

* داری درێژ سەر نانوێنێتەوە:

واتە کەسی سەر بەرزو سەرفراز، بۆ کەس سەرشۆرناکات.

* داری راستیش رەگی چەوتی هەیە:

واتە: هیچ مرۆڤی بێکەمو کوڕێ و هەلەنابی

* داری سوالی دایە دەستی:

واتە: ئیشەکە بەدەستی خۆی ناکاو دەیداتە دەستی یەکێکی تر.

* داری هیشك بەری نییە:

واتە: مرۆڤی رەزیل وبێ سوود کەس قازانجی لێ ناکات.

# دزو دزی لە پەندی کوردیدا

دزو دزی... دیاردەیەکی ناشیرین و قێزوەنی نێو کۆمەڵگاکەمانە، هەموو کەسێ بەم کارە ناپەسەندە هەڵناستێ، ئەوانەی دزییان کردۆتە پیشەی خۆیان رووڕەشی دونیاو دوا رۆژن، بەر نەفرەتی خواو خەڵك دەکەون، ئەوەی من لێرەدا گەرەکمە رۆشنایی بخەمە سەر ئەم پەندە کوردییانەکە کە وشەی (دزو دزی) لە خۆگرتووە، پەندەکانیش ئەمانەن:

*** دزمان گرت:**

– بەیەکێك دەوترێ کەپێی نابێ لەگوناهی خۆیو ئاشکرا بووبێ.

*** دزی نەگیراو، پاشایە:**

– چونکە هەرچییەکی دزی بێ بەشێنەیی ئەیخوا

*** دزیش بی، ویژدانت هەبێ:**

– واتە ویژدان بۆ مرۆڤ زۆر گرینگە:

*** دز بازاڕی شێواوی ئەوێ:**

– چونکە باشتر دزیی تیا دەکا.

*** دز بدوێنە، هەر باسی پەیژەت بۆ ئەکا:**

– چونکە بیری ئەوو رۆژ هەر لای دزییو پەیژەی دزییە

*** دز بەرێیکدا دەڕ، او خاوەن ماڵ بەهەزار رێدا:**

– واتە ماڵ دزراو، نازانێ سۆراخی ماڵەکەی لەکوێوە بکا.

***دز خێرابێ، تاریکە شەو زۆرە:**

– واتە مەردووم لەئیش کردن بێ وەخت زۆرە.

*** دز دز دەناسێ:**

– چونکە شارەزایی یەکن.

* **دز لەدزیی بێ، هەر تاریکە شەو زۆرە:**

- واتە کات زۆرە گەربتە، یێ ئیشێك بکەی.

* **دز لە سەگوور ناترسێ، بەڵام دەسلمێتەوە:**

-واتە باشتر خۆی بۆ گورج دەکاتەوە.

* **دزو مالخۆ ئەگەر یەك بن، گا لە کولانەوە سەر نەخەون:**

- بەدوو دز دەوتری کەرێك بکەون یەکێکیان لەماڵەوە ئەوی تریان لە دەورەوە

* **دزی خۆماڵی، دەرگا بەتاڵیی:**

- واتە دزی ناوماڵ، هەمیشە دەرگای بۆ لەسەر پشتە.

* **دزی ماڵێ ناگیرێ:**

-بەیەکێك دووتری لەدانیشتوانی ناوماڵ کەدزیی لەماڵەك بکا.

* **دز یەکێك وشك هەزار:**

- لەدزییەکدا ئەوتری،کەکەس نەزانێ دزەکە کێیە.

* **دز لەدزبیاتەوە شازو:**

-واتە زۆر زۆ رزانترو لێزانترە

* **دزی نەزان لەکاران دەدا:**

- واتە سودی لێ نابینێو نەشارەزایە

* **دزبگرن مازووی ئەنێت، یان( دز بگرن پی لێ نەکەن؟ ).**

- واتە چی خراپە وای بەسەردێنن.

* **دزو خاودن ماڵ ئەگەر یەك بن، گا لە گلاو رۆژنەوەسەرئەخەون:**

- بەدزێك دەوترێ کەپاشدزەی لە ماڵەدا هەبێ.

* **دزو ماخوماڵ یەك بن گای لە گولانکەی ئاوا دەکەن.**

- ئاوا کردن لەکوڵانکە ئیمکان نییە بەهۆی ئەوگا گەورەیە کولانەگەش بچووکە، بەڵام ئەگەر هەردووکیان یەکبوون گەورەی دەکەن وئاوای دەکەن.

* **دز لەتاریکە شەو ناترسێ:**

– واتە ئەگەر تاریکە شەو نەبێ رەنگە دز نەتوانێ بچێتە دزی، واتە دز لەهیچ ناترسێ، دزی خۆی هەردەکات.

*** دزی هەیە دزی بەبارە باریش هەیە:**

– واتە دزی دووجۆری هەیە زۆر بەنهێنیو هەشە بەئاشکرایە،بەلام ناوی دزیە ئەگەرنا ناوەکی نالانەیە.

*** دز خۆماڵ دەرگە گرتن بەتاڵە:**

– واتە ئەگەر لەناو ماڵ خۆت و دزو دەسکیش هەبێ دەرگە گرتن چ سودی نییە.

*** دایکی دزان و دوو تڕان دەکات یەك لە خۆشیان یەك لەترسان:**

– زۆر کاریواهەیە دوو لایەنەیە.

***دایکی دز یان سینگ دەخوا، یان سینگ دەکوتێ:**

– واتە باسینگی مریشك و قەلی دزراو دەخوا، یا کورەکەی لەدزیدا ئەگیرێو لەسینگی خۆی دەدا، مەبەست ئەوەیە هەرکەسێ رێگای مەترسی بگرێ هەندێ جار سەرەدەکەوێ و هەندێ جاریش تووش دەبێ.

*** دز نەوەندەی ستەمە، کەلەبر رەشکا:**

– دوای ئەوەئیتر سامی ئەشکێ، واتە هەموگوناهێك تاجاری یەکەم دەیکات سامی هەیە،دوای سامی دەشکێ.

# ڕێوی لە پەندی کوردیدا

ڕێوی ئاژەڵێکی فیڵبازو زۆرزانە پەندو، هەقایەتو بەسەرهاتی زۆر لەسەر دانراوە ئێمەش باس وپەندە کوردییانە دەکەین ووشەی (ڕێوی) تێدایە.

***ڕێوی بەفێڵ ناوەستی، مەگەر تەڵە پێ بەستێ.**

-بەیەکێك دەڵێن مەگەر بەزەروزیانو نسکۆ بگەڕێتەوە، دەنا تەمبێ نابێ.

***ڕێوی بەبێ مریشك هەڵناکا :**

-واتە لەژیاندا هەر کەس لەدوای ئاوکوفی خۆی دەگەڕێ.

***ڕێوی دەوی نەدەگەیشتە ترێ، دەگۆت ترشە :**

-بەیەکێك دەڵێن بەدڵ شتێکی بوێ، دەستی نەکەوێ، بڵێ خۆم نامەوێ.

*** ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە کڕ دەبێ.**

واتە کەسیك خیانەت لە میللەتی خۆی بکا خراپی بەسەردێ.

# ڕەزیل ... لە پەندی کوردیدا

لەسروشتی ئادەمیزاد وایە کەسانێك هەن دڵفراوانو دەست بڵاو خێرکەرن، هەشەبەپێچەوانەیە، ڕەزیلو قرچۆك دەستگرە، ئێمەلێرەدا نامانەوێت باسی هەموو سوودو زیانەکانی ئەوجۆرە مرۆڤانە بکەین، ئەوەی گەرەکمە باسی بکەم دەربارەی ئەوپەندە کوردییانەیە وشەی (ڕەزیل)ی تێدایە:

*** ڕەزیل لەدووکەری تۆپی دەگەڕێ، نالی لێ بکاتەوە:**

– واتە کاری زۆر کەم دەکەن، کەشایاوی نێو کۆمەڵو کۆمەڵگانین.

*** هەتا سەخی جارێك زەرەر دەکا، ڕەزیل دووجار:**

– ئەوانەی ڕەزیلن هەمیشە زەرمەنددەبن، نەك سەخی تەبیعەتەکان.

*** چاك وایە لەبرسان بمری نەك لەڕەزیل یلێك داوای نان بکەی:**

–واتە هیچ سوو لەرزیل نابینی، کەواتە داوای هیچی لێ مەکە.

# (زێـــڕ)... لە پەندی کوردیدا

لەسەر ئەم زەمینە پان و پۆڕەدا گەلێ شتی بەنرخ و پربەها هەیە، کەدەبێتە مایەی ئارامی و جوانی و خۆشبەختی مرۆڤ، (زێڕ)یش یەکێکە لەکایە بەنرخ و بەناوبانگەکانی دونیا، کەلە مامەڵەو سروشتی جوانی بەکاردێت، ئادەمیزاد زۆر کەیفی بەزێڕ دێت، بەتایبەت ئافرەتان کەبۆ زیاتر دەرخستنی جوانیەکەیان بەسەر خۆیانەوە دەکەن من لێرەدا نامەوێت سودو زیانەکانی زێڕ باسبکەم، وەلێ ئەوەی گەرەکە ئاماژەی پێبکەم دەربارەی ئەو (پەندە کوردیانەیە) کەووشەی (زێڕ)ی تێدایە، بەئومێدم پەندەکانیش چەشنی زێڕ سودبەخش و بەدڵتان بێت :

*** زێڕ بەقیمەتی خۆی، زیویش بەقیمەتی خۆی:**

- واتە شتی چاك و خراپ، هەریەکە بەهای خۆی هەیە، کەواتە نابێ بەیەك چاو سەیری شتەکان بکەین.

*** زێڕ دەرێ هەرمگرە، زیو دەرێ بەخۆم وەکە:**

- واتە زێڕ بۆ ڕۆژی تەنگانەو لێقەومان پارە دەکات بەکەڵك دێت واچاکە هەڵی بگری، زیویش بۆخۆ دیارخستن باشە.

*** زێڕ پاك ژەنگ هەڵناینی:**

- پاك و ڕەسەن و چاکە، هیچ شتێ کاری تێناکات.

*** زێڕی پاك لەئاگر ناترسێ یادەڵێن (زێڕی کە پاکە چ منەتی بەخاکە)؛**

- واتە بێ منەتەو لەهیچ شتێ سل ناکات و، کاریگەری هیچ شتێ بەسەریوە دیارنابێ.

*** زێڕ لەلای زێڕینگر بەقیمەتە، یادەڵێن (قەدری زێڕ لای زێڕنگرە) :**

- واتە ئەوپێوەی ماندو هیلاك دەبێت، دەزانێ چۆن دروست دەکرێ و بەکاردێت.

*** زێڕم داوە، بەڵام فرپیوە، یادەڵێن (زێڕم دا، بەڵام کڕی) :**

- واتە هیچ سوودم لێ نەدی.

*** زێڕ گچکەش دەبێ، یادەڵێن (زێڕیش گچکە)یە؛**

– واتە مەرج نیە هەرشتێ بچوك بێ، گرینگو پڕبەهابێ، بەپێچەوانەوە، زێڕ بچوکەو نرخی خۆشی هەیە.

*** زێڕ دەگرییێ لەدوکانان دەرێ دەکەومە دەستی نەزانان. یا دەڵێن (زێڕە زەردی زەمانە، دەگرییێ لەبەر دواکانا، دەرێ دەکەومە دەست قەدر نەزانا)؛**

– واتە کەسانێك هەن دەوڵەمەندنو خواپێداون نازوفیز بەزێڕ لێدەدەنو قەدری زێڕەکە ناگرن، لەوکاتەدا ئەو پەندانە دەڵێن.

*** زێڕ بوینە پولەکە، مێرد بوینە جولەکە؛**

– واتە لەوکاتەی زێڕ نرخو بەهای تەواوی خۆی نامێنێو زۆر دەبێ، کەسێتی پیاو لای هەندێ ئافرەت کزو لاواز دەبێت، ئەم پەندە دەگوترێت.

***کاسبی بازنی زێڕی دەستی مرۆڤە؛**

– واتە گەر ئیشو کاربکەیو تێبکۆشی، ئەوە خوا زێڕو ماڵو سەروەتو سامانت دەداتێ، پێویستت بەکەس نابێت.

*** بێوەژن ئەستوندەی ناومالی زێڕ بێ، خێری پێ دەشێ؛**

– واتە بێوەژن لێقەوماوەو کەسینیە کاری بۆبکات، لەوکاتەدا ئەو پەندە دەگوترێت.

*** زێڕ لەقوڕیشدابێ دیارە؛**

– بەژنی جوانی هەژار دەوترێتن، واتە هەزارجار ڕەشو ڕوت بێت جوانیەکەی هەر دیارە.

# (زمــــان)... لە پەندی کوردیدا

بەزدانی باڵادەست ئادەمیزادی بەجوانترین شێوەو شێواز دروستکردووە، ئەندامەکانی
ەشیشی بەڕێك و پێکی دابەشکردووە، هەر بەشێکیشی کارو فەرمانێکی پێسپێردراوە (زمان)یش
ەکێکە لەئەندامە سەرەکیی و کاریگەریەکانی مرۆڤ، کەبەهۆی زمانەو لێك نزیك دەبینەوەو
ەکتر تێدەگەن، لەمێژەش گوتراوە ئادەمیزاد چەند زمان بزانی هێندە مرۆڤەیە.
ەڵبەتە دەبێ ئەو راستیەش بزانین کە(زمان)یش مافی خۆی هەیە ئەویش بەوە دەبێت
ەو کەسە دووری بخاتەوەو لەقسەی خراپو بەوە ڕای بهێنێ لەسەر قسەی باش، زمان
ەڵگەو نیشانەی مێشك دادەنرێت، واتە کەسی ژیرو هۆشیارو جوانی رەفتاری بەهۆی زمانەوە
ەردەخات.
ەتەوەی کوردیش یەکێکە لەمیللەتە زیندووەکانی ناوچەکەو زمانی تایبەتی خۆی هەیە،
ەبەجۆرەها شێوەو شێواز پێ دەدوێ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا زمانێکی ستاندەرمان نییە،
ومێدین ئەم خەونەشمان بێتەدی.
ەوەی ئەم جارە دەمەوێت باسی بکەم دەربارەی ئەو پەندە کوردیانەیە کەلەسەر (زمان)
وتراوە:

* زمان بەڵای سەرە:

واتە: واتە زمان گەر نەزانێ چۆن بەکاری دێنی، ئەوە دەبێتە بەڵایەکی گەورەو تووشی
ەرمەسەری و کێشەی لابەلا دەکات. زۆر کەسمان بینیوە بەهۆی زمانیانەوە تێچوون و
اوچوون، یا تووشی هیلاکەتێك و چەرمەسەریەك بوون، کەواتە ئەم پەندە زۆر سوود بەخشە
ە ئەوانەی تائێستا لەگرنگی زمان نەگەیشتوون هەر هاوشێوەی بەم پەندە پەندێکی تری باب و
ابیرانمان هەیە کەدەڵێ:

* گەر زمان بێڵێ سەر رەحەتە:

واتە وگەر زمانەکە بێ دەنگ بێت و خۆی لەقسان هەڵ نەقوڵێنێ ئەوە دەتوانی ببێتە هۆی
ەسانەوەی مرۆڤەکە.
ەندی کوردی دەربارەی (قسەی خۆش)و (زمانی شیرین)یش فەرموویەتیان

# (زستــان)... لە پەندی کوردیدا

زستان یەکێکە لەوەرزەکانی ساڵ، کەبەوەرزێکی ساردو شووم و تووش ناسراوە، گەلێ پەندو باس و خواس دەربارەی وەرزی زستان گوتراوەو نووسراوە، من لێرەدا هەندێ لەو پەندە کوردییانە دەخەمە پێش چاو کەدەربارەی وەرزی (زستان)گوتراوە، بەئومێدم سودی هەبێت.

*** زستانان ئاگرو ئەز، بواران ئەزو پەز، هاوینان ئەزو رەز:**

– واتە: ئەوانە هەریەکە لەسەردەمو کاتی خۆی خۆشەو سوودبەخشو بەکەڵکە.

*** زستان یان سەوەشینە، یان دواوەشێنە:**

– واتە جاروایە زستان لەیەکەم جاردا سارد دەبێت، جاروایە لەدواییدا.

***زستان و بوار لەماڵی خۆتە:**

–واتە خۆشیو ناخۆشی لەماڵی خۆتە.

***زستانان خۆت گیرمەکە، بەهاران خۆت تەڕمەکە:**

– واتە مەبەست ئەوەیە بارانی زستانی درێژەی هەیەو نابێ کاری خۆت لەسەری بوەستێنی و بارانی بەهاری کێشەی نیەو پێی ناوێ خۆت تەڕ بکەیت، چونکە زوو تەواو دەبێ.

*** زستان سەر وشین بێ، ئەودە دواوەشێن:**

–چونکە خەڵك تفاقی خۆیو حالاتی دێتەکۆتایی لەدوایی زستاندا بۆیە لەسەرەتای زستان چەندی توندبێ غەم ناکات، بەڵام لەدوایی دا زیانی زۆری دەبێ.

*** زستان رێز بە، پایزبرێز مەبە:**

– واتە زستان خۆت ئامادەو توندو تۆڵکە.

*** زستان هاتو هەژارە، لای دەوڵەمەندیش بەهارە:**

– واتە هەژار توانای دابین کردنی پێویستەکانی نیە، بۆیە خەمی بۆ پەیدا دەبێ، بەڵام زستان

لای دەوڵەمەند هەروەك بەهارە.

*** زستانان پینەو پەڕۆ، هاوینان وورد وورد بڕۆ:**

- واتەزستانان هەرچۆنێ بێت خۆت گەرمو گوڕ داپۆشە تاهاوین، لە هاوین داغەم مەخۆ.

*** زستانێ تەقەل پارۆ، هاوینێ پێخواس بڕۆ:**

- واتە گرینگ زستانە کەخۆت ومالْت قەیم بکەی، هاوینان کێشەنیە گەر پێیخواسیش بیت.

***زستان خۆشە، ئەگەر بەئیرۆبێت:**

- واتەئە گەر زستانان پێداویستی و شوێنێکی گونجاوت هەبوو ئەوە خۆشەو باشە.

*** زستان هات بەرگی فەقیردڕا:**

- واتەزستان تووشەو سەرماو سۆڵەو بەرگی هەژارو فەقیر دەدرێو پێویستە خۆی نوێ بکاتەوە.

*** زستان لۆیەك رۆژبێ زستانی خۆی دەکا:**

- واتە زستان هەرچۆنێ بێت گەر بۆیەك رۆژ بێ ساردو سڕیو بارانو توندوتیژی خۆی دەر دەخات.

# زۆرو کەم.....لە پەندی کوردیدا

لەو پەندانە باسی لەوەتەی ژیان هەیە، زۆرو کەم هەبووەو هەیە، کە پێچەوانەی یەکترن دەکەین کە ووشەی (زۆرو کەم)ی تێدایە.

***زۆر بەقینج و فینجە:**

–واتە زۆر راراو دوودڵو بەقسەیە

***زۆری و بۆری:**

–واتە باش نیە، هەمووشتێ زۆربێ

*** زۆر گوتن لەزگ سۆتیە:**

–واتە ئەوەی دڵی پربێ زۆر قسە دەکاتو لە دلسۆزییەکەی دەری دەبڕێ

***زۆ هات، قەواڵە بەتاڵە:**

–واتە کە زۆر بوو تەواو کەسی خۆی بۆ ناگرێ

***زۆر جار گوتومەخەرۆ بێ گوێیە، کوتەك دەزانی قۆناغ لەکوێیە:**

–مانای یەکەیە لەخۆیدایە، واتە کەسانێك هەن بەکوتەك چادەبن..

***زۆر کەر، لە پیاوی، کەر وریاترە:**

–واتە کەر بەهۆش راوەدەوستێو تێدەگات، بەلام مرۆڤی بێ هۆش تێناگات.

***زۆر مل حیزە:**

–بەکەسێکی سەرشۆرو مل شۆر دەگۆترێ

***زۆر خواردن، پیشەی چێلە:**

–واتە زۆر خورادن بۆ ئاژەل باشە

***زۆر بەیەکان خەنی نابی، یەك بەزۆران خەنی دەبێ.**

–واتە شتی کەم بدرێ بەچەند، کەس سودی نابێ، بەلام شتی زۆر بدرێ بەیەك کەس سودێ زۆرە:

*زۆر تەیر گۆشت خۆرە کەچی هاتە هاتە هەر لەدوی کەوە....

-واتە زۆر کەس هەڵە دەکات، بەلام زیاتر هەژارەکان زەرەر دەکەن.

*زۆر سەراو دەراوی دیتیەو قاچیشی تەڕ نەبووە، یادەلێن ( زۆر سەراو دەروی دیتیە ):

-واتە زۆر دونیای دیتیەوسەری لێ دەردەچێ تووشی هیچ نابێ

*زۆر گوتن، قورئان خۆشە:

-واتە بەس قورئان بەزۆری خۆشە، چونکە هەڵەی تێدانیە.

*زۆر کاری گەورە، پیاوی بچووك دەیکا:

-واتە بچووکی مەرج نیە، ئیشکردن گرینگە

*زۆر بدە لەهەسان، منەتێ دوژمن مەزان:

-واتە خۆت کاری خۆت بکە، منەتی کەس مەزانە.

*زۆری بێنە، کەمی دەردەخا

-واتە کەسێکی زیرەکە، بەلام خۆی دەرناخا

*کەم خواردن لەبێ دەسەلاتیە:

-واتە توانای نیە بۆ یە وادەکات

*کەم خۆری، دایم خۆر بە

-واتە کەم بخۆ، بەلام خۆشت برسی مەکە.

*کەمە لۆ هاتی، لۆزۆرەی :

-بەیەکێك دەلێن، ئەویش وەلامی وادەبێ.

# (ژن)... لە پەندی کوردیدا

ئەوەی گەرەکمە رۆشنایی بخەمە سەر ئەو پەندە کوردیانەیەی کە لەسەر (ژن) گوتراون چ بەچاك چ بەخراپ، لەوانەیە هەندێکیان بۆ ئەو قۆناغو سەردەمە دەست نەدەن، بەڵام پەندی کوردی لقێکی سەرەکی فۆلکلۆرەکەمانە نابێ خۆمانی لێ بدزینەوە، بۆیە گشتیان دەخەمەڕوو.

* **ژن هەیە ژنۆکەش هەیە:**

کورد لەسەرەتاوە ژنی پۆلێن کردووە بۆ دوو جۆرو بەش، بەشێکیان هەر بەناو ژنەو هیچ رۆڵی نییە لەنێو کۆمەڵو کۆمەڵگا، بەکەڵك ماڵو خێزان نایێت، جۆرەکەی تریش پێچەوانەی ئەمەیە.

* **ژنی چاك ژیانە، ژنی خراپ ژانە:**

ئەم پەندە کوردیە وەسفێکی چاکە بۆ ئافرەت، واتە ئەگەر چاك بوو ئەوە هەموو ژیانە، خۆشترین شتەن چاکترین کەسە، بەڵام خوانەخواستە ئەگەر وانەبوو ئەوە دەبێتە ژانێك ژیانت لێ تێك دەدات.

* **ژن پیاوی دەکاتە پیاوو لە پیاوەتیشی دەخات:**

ئەم پەندەش هەر دەربارەی چاكو خراپی ژن گوتراوە، گەر ژنەکە باش بوو و پشتگیری پیاوەکەی کرد ئەوە باشە، گەر نا پیاوەکەش وەکو خۆی لێدەکات.

* **ژنی شەرمن شارەکی دەینی، پیاوی شەرمن شەیەکی نایینی:**

واتە گەر ئافرەت بەڕەوشتو داوێن پاكو بەشەرەف بوو ئەو هەموو دنیا دێنێ، پیاوەکەش دەبێ چاوکراوەو چوست بێ.

* **ژن پرسی پێبکە، بەڵام وەك ئەلقە لەگوێی مەکە:**

ژن وەك هاوبەشی پیاوو دایکی منداڵانە، پێویستە پرسی پێبکرێ، بەڵام نابێ دەوڕاستی ماڵ بێ، پیاوەکە چی لەدەست نەمێنێ.

* **ژن ئەگەر نەخشینە، ماڵی رەنگینە:**

واتە ئافرەتێك کارزانو کابان بێ، ئەوە ماڵەکەی جوانو پاكو رەنگین دەبێ.

*** ژن بەشەوێك دەبێتە مەلاژن:**

زۆر راستە كاتێ ئافرەتێكی شوو بەمەلایەك دەكات پێی دەڵێن (مەلا ژن) بێ ئەوەی هیچی خوێندبێ، زۆر كەسە هەیە بێ ئەوەی ماندوو هیلاك بن رۆڵی لێپرسراوێتیو...هتد دەبینن!!

*** ژن ژنی مێردان بێ، با لەبن بەردان بێ:**

ئەم پەندە زیاتر ئافرەت بەكاری دێنن، واتە گەر پیاوەكە پیاو بێو بەدڵی ژنەكە بێ، با شوێنەكەی ناخۆشو یا كابرا هەژار بێ، گرینگ ئەوەیە ژیانیان خۆش بێ لەگەڵ یەكتردا.

*** ژن ئەگەردایە بێ شەرمی، پێی دەڵینگی دەردێنی:**

واتە خوانە نەخواستە گەر بێ حەیایی كرد ئەوە كەس دەرەقەتی نایێ.

*** ژنێك نۆزدە مێردی كردبوو، بەژنێكی تری دەگووت هەردووكیان بیست مێردمان كردووە:**

واتە: زۆر خەڵك هەن خۆیان عەیب دارو خراپن دەیانەوێت خەڵكی تریش بهێننە ریزی خۆیان.

*** ژنی ژنانە، داینێ لەدیوەخانە:**

واتە ئەگەر ژنێ لێهاتوو بوو توانایی هەبوو ئەوە دەتوانی زۆر زیاتر لەپیاو رۆڵ ببینیو بێ ترس كاری بدەرە دەستو لێی مەترسە.

*** ژنی بێ شەرم، وەكی چێشتی بێ خوێیە:**

واتە دەبێ ئافرەت بەحەیاو بەشەرم بێ، گەر شەرمو حەیای نەما لای خەڵك سووكو بێ تام دەبێ.

*** ژن بۆ شەوو رۆژێك نییە:**

واتە ئەو كەسەی ژن دێنێ پێویستە بزانێ كێ دەكاتە هاوسەری خۆی چونكە بۆ رۆژێكو دوان نییە.

*** ژن ئاگری لەكۆشیە:**

ئەم پەندە هەموو ئافرەتێ ناگرێتەوە، بەڵام هەندێكیان شاشو بۆشن زوو بەهەڵدادەچن.

*** ژن دەڵێن وەك هەناسەیە بۆ مێرد:**

واتە پیاو زۆر پێویستە، وەك چەقۆی نێو متبەق وایە.

*** ژنی بەكۆشی دراوا، نەچێتە ماڵی باوا:**

واتە ئافرەتی بەمێرد با هەبووەش بێت بچێتەوە ماڵی باوكی نرخی جارانی نامێنێ.

* ژن بەتەنها کاروانە، دووان بێ عوربانە، بینە سێ ئاخر زەمانە:

ئافرەت زۆر دەئاخڤن کەگردی بوون ئاگایان لێك نامێنێ.

* ژن چییە! بەنەینۆك و کلدانەکی هەڵدەخەڵەتێ:

ئافرەت زوو بەهەڵە دەچن، چونکە دڵ ساف و دڵ پاك و ناسکن.

* ژن و تفەنگ و ماین، لەکن کێ بن هی وین:

ئەو سێیە مەرج نییە تا سەر لەگەڵت دابن.

* ژن هەسانی مێردیە:

واتە ژن هەیە مێرد لەخشتە دەبات و هەموو شتێکی پێ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا قەلغانی پیاوەگەریاش بێ.

* ژن بدە ژن مردیان، داینێ لەجێی حۆریان:

واتە بێ ژنیان دیتیە و نرخی دەزانن.

* ژن بدە ژن مردیان، کەر بدە کەر تۆپیان، یان دەڵێن (ژن بدە بەژن مردیان، مەڕ بدە مەڕ مردیان):

واتە ئەوانە زۆر پێویستیان دەبێ و ئەزموونێکی باشیان لەگەڵ بردۆتە سەر.

* ژن زیز بێ، کورت کزدەبێ، جوجکەت بەمالێ وەردەبێ:

واتە تا دەتوانی شیرازە و قەوارەی ماڵت تێك مەدە، ئەگینا ماڵت تێکدەچێ

* ژنی بەد ژانە، گەر خۆتی لێ دەی ماڵت وێرانە:

واتە تا دەتوانی خۆت لەئافرەتی خراپ دوور بگرە.

* ژنی بینە لەبنەماڵان، خوارزا دەچنە سەر خاڵان:

واتە ژنی لەبنەماڵان بێنە تا منداڵەکانت چاك بن، مەرج نییە هەمووش وابێ.

* ژنی پیران، وەکی میران:

چونکە نرخی ژن دەزانن و کەم کەس بەوان رازیە.

* ژنی جوان دۆستی لۆ دەبێ:

واتە ئافرەتی جوان تەنگ و چەڵەمەی بۆ پەیدا دەبێ.

* ژنی دز حیزیشە:

واتە ژن خراپەیەکی بچووك بکات هی گەورەش دەکات.

*** ژن ژنی بەسەرهات، شەرتی هەڵات:**

واتا نرخی جارانی نامێنێ.

*** ژنی سەربەخۆ میللەتێکی بێ حکومەتە:**

ئافرەتی هەیتەی بێ لێ پێچانەوە، گوێ بەتان و پۆی نەریتی کۆمەڵ نادات.

*** ژنی گەوران گرانە، حەوانەوەی ئاسانە:**

ژنی پەروەردە باش گران و بەنرخە بەڕێوەبردنی سانایە.

*** ژن بەبێ کەس هار دەبێت، پیاو بەبێ کەس هەژار دەبێت:**

واتە پێویستە لەگەڵ یەکتر بن و چاودێری یەك بکەن.

*** ژن بەزیز بوون سووك دەبێت:**

واتە ژن کەشووی کرد نابێ زیز بێ، چونکە هەر ماڵە مێردی خۆی بەکەڵکی دێت.

*** ژن بینم یان نەینم هەر پەشیمانم:**

ئەم پەندە لەکاتێ دەگوترێ کەپیاوێك دوو دڵ بێ لەژن هێنان.

*** ژن پرچی درێژە لەبیردا زۆر کورت و گێژە:**

مەرج نییە هەموو ژنێ وابێ.

***ژن سەگیش پێی ناوەڕێ:**

واتە پێویست ناکات دژایەتی ژن بکەی، قسەی پێ بڵێی.

*** ژن ستوونی ماڵە:**

واتە ماڵەکە بەئەوەوە رادەوەستێ.

*** ژن کراسی بەری پیاوە:**

واتە عەیب و عاری دادەپۆشێ و بۆ یەك باشن.

*** ژن و ماڵیان گوتووە:**

واتە دەبێ دەست رەنگین و بەخێو کەرێکی باش بێت.

*** ژن کەزیزبوو (تۆرا) گێسکی ماڵی پێی پێدەکەنێ:**

واتە نابێ زیز بێ گەرنا خەڵك فشەی پێدەکەن.

*** ژن بینە ژنانە، پێستە بکاتە هەمبانە:**

واتە گەر هەر ژن دینی با کابان و ماڵداری کەر بێ تا دەکرێ دەست رەنگین بێ.

*** ژنەك و عەشیرەتەك:**

واتە رەنگدانەوەی ئەو عەشیرەتەیە بەچاك و بەخراپ.

*** ژنی جوان دەردی بێ دەرمانن نەكوشتن نە تەلاق دان:**

واتە نابێ ژن لێی بدرێ یا تەلاقی بدەی.

*** ژنی خراپ مندالی رەسەنی لێ ناكەوێتەوە:**

بۆیە پێویستە ژنی چاك بكەیتە هاوسەری خۆت، گەر ژن خراپ بوو ئەوە پەروەردەی منداڵەكانیشی باش ناكات.

*** ژنی چاك نیعمەتەن ژنی خراپ زیللەتە:**

ئەمەش باس لەچاكیو خۆشی ژن دەكات، خراپیش بەپێچەوانەوە.

*** ژنی كەچەڵ بەمووی كچی خاڵی دەنازێ:**

واتە هەندێ ژن هەن بەماڵە باوان دەنازن.

*** ژنت زیزبی ریست لێ دەبێتە خوری:**

واتە ماڵ تێك دەچێ، گەر ژنەكەی تێدا نما.

*** ژن ژانە ژانیش سەرچاوەی ژیانە:**

واتە هەر چۆنێ بێ دەبێ لەگەڵی ئیدارە بكەی، چونكە ژیان بەوانەوە بەندە.

*** ژن داری شكەستییە:**

– واتە: ناسكە دەبی ئاگەداری بی

***ژن كەم دوویی، چەندی كار كەربی:**

–واتە: ژن پێویست كەم قسە بكا، بۆ ئەوەی كارەكانی بەرێكی بكا.

*** ژن گرنیە بەكەس ناكرێتەوە:**

–واتەكەس بەتەواوی تێیناكا.

*** ژن لە پاش سارەوەعدەكی مەتعی بكە، هەسپ لە پاش مانگەكی:**

– واتە تاشارەزایی نەبی باسی بكە.

*** ژن لەقەرجی ناكرێ:**

–واتە مامەلەیان گرانە، ژنیان بەكەڵك نایێ.

* ژن لەکۆڕێ بێتەوە، سەبەتەی نانی خۆی لەبەر ناگری:
- واتە: جوان دەبێ.
* ژن لەگەر مێردی خۆی یەك بێ، با شەو نوستنی چارۆگی خۆی بێ:
واتە: گەر دووهاوسەریەکتریان بوێ ژیانیان خۆش دەبێ.
* ژن لەگەر مێردی خۆی یەك بێ، شەو دزەی بۆ دەکا:
- واتە دەگەنە پاڵ یەکتر.
* ژن مەکران بکا پیاو دەرەقەتی نایێ:
- واتە: ژن فێڵ بازن
* ژن دووێ ژنانە، گۆشتی بخوا پێستی بکاتە هەمبانە، ژنم ناوێ ژنێژگە، گۆشتی بخوا پێستی بۆگەنی کا:
- واتە: پێویستە کابان بێ.
* ژن و جوتیار بەخاترانە نابنە مار:
- واتە: تاسەر لەگەڵت نابن.
* ژنی باش بەکەس و کارت دەکا، ژنی خراپ لەکەس و کارت دەکا:
- واتە: ژنی باش خزمی مێردی دەوێ.
* ژنی بەوە سەر خەنجەران، مەی بەوە سەر کەسەران:
- واتە: قسەی رابردووی بەبیر مەهێنەوە.
* ژنی نایێ، خۆ لەماری خەرکی دەخزێنێ:
- واتە: بەیەکێك دەگوترێ چاوی لەناموسی خەڵکی بێ ژنیش نەهێنێ.
* ژن بخوازە لەماڵان، تاکورت بچێتە سەر خاڵان:
- واتە ژن لەخێزانێکی خانەدان و ناودار بخوازە.
* ژنێك دەکەم بۆ باوکم، دارێك دەکەم بەدایکم:
- ئەوەکچێك دەڵێ لەرقی دایکی شوو بەیەکێك بکات بەسەر ژن بەژن، بۆ باوکی ژن دەکات.

# (سـەر)... لە پەندی کوردیدا

جەستەو لەشی مرۆڤ لەچەند پێکهاتەیەکی سەرەکی پێکدێت، سەریش یەکێکە لەئەندامە سەرەکیەکانی جەستەی ئادەمیزاد کەهەستی بۆنکردن‌و، بینین‌و بیستنی تیدا کۆبۆتەوە، سەرنەبێ ئەندامانی‌تر چ گرینگیەکی نامێنێ. من لێرەدا نامەوێ باسی هەموو سودو زیانەکانی (سەر)بکەم، ئەوەی گەرەکمە ڕۆشنایی بخەمەسەر دەربارەی ووشەی (سەر)ە لەپەندی کوردیدا، بەئومێدی هەموو ڕایەك سەر سەلامەت بن.

*** سەری نایەشێ پەڕۆیان لێدەبەستێ:**

– بەیەکێك دەڵێن، خۆی توشی کێشەو گیروگرفت بکات.

*** سەری لەبەر هەتاوێ سپی کردیە:**

– بەکەسێك دەڵێن سودی لەتاقیکردنەوەکانی ڕۆژگار وەرنەگرتبێت.

*** سەری گۆتە زمانی، هەتا نەتوم میوانی، خۆشیم نایەتە گیانی:**

– واتە زمانی لێناگەڕێ ئاسودەبێ وەك دەڵێن (زمان بەڵای سەرە).

*** سەری کەس نەچێتە سەر دوو بالیفان:**

– کەسێك کەتوشی کۆسپ‌و تەگەرە بو خۆشی نامێنێت.

*** سەری کەچەڵان، دەکەوێتە باغەڵان:**

– بەکەسێکی نەشیاو دەڵێن کەشێکی باشی بۆ هەڵکەتبێت.

*** سەرت فیدا کە، نەهێنیت ئاشکرامەکە:**

– واتە بەهیچ شێوەیەك نەهێنی خۆت ئاشکرامەکە.

*** سەری تینێ کاو جۆ، هەتا مردن هەر بخۆ:**

– بەکەسێك دەڵێن هەلێکی بۆ هەڵکەوتبێ.

*** سەری بێ ڕسق، لەبن گری دا:**

– هەرکەسێ بژیت، دەرامەتیشی دەبێت، زۆر نا کەم.

* سەری مەڕی، زگی گورگ:
- بەیەکێك دەڵێن خۆی باش نیشان بدات کەچی واش نەبێت.
* سەرت هەڵبڕە، شیرت دەربڕە:
- واتە دەزانیو چۆن دەتوانی بەرگری لەخۆت بکە.
* سەرەکی بێتە برین، بەکەس نایەتە کڕین:
- نرخ بۆ مێردان داناندرێتو کەلێنیان پڕنابێتەوە.
* سەر سەردیان، هاوێشتیتە سەریەك:
- بەدووکەسو لایەن دەڵێن پشتی یەکتر بگرن بۆ ئامانجێك.
* سەر لەبن بەردان بی، لەبن منەتان نەبی:
- شەرمەزاری زۆر ناخۆشە.
* سەرباری لەبن باری گرانترە:
- بەکارێك دەوترێت لەکۆتاییەکەی زۆرگران بوەستێت.
* سەرتوولو بن توول، توولەی گەمبۆری، کودەلەی بەجێهێشت پڕە چەمچۆڕی:
بەیەکێك دەڵێن منداڵی بەجیبێڵێ بۆ خراپەکاری خۆی.
* سەربەقوڕ سەربەخۆ دەرێ ئەوەتەمە:
- بەکەسێکی بێ ئەغبارو هەش بەسەر دەگوترێ.
* سەرت بچی، قسەت نەچی:
- واتە پیاو ئەوپیاوەیە لەقسەی خۆی پەشیمان نەبێتەوەو قسەی خۆی نەدۆڕێنێ.
* سەرخڕی، دۆبڕ:
- لەکاتێك دەگوترێ یەکێك سودی لێنەبیندرێ.
* سەرقوزی بن ئالۆز:
- بەکارێك دەگوترێ لەسەروە جوان خۆنیشاندا لەناوەڕۆك نەبی.
* سەرم ئاشە بنم تەڕاشە:
- لەکاتێك دەگوترێ یەکێك ئیشو کاری زۆربێت.
* سەری بێ سەودا نایێلیتەوە:
- واتە بەدەست بەتاڵی ناگەرێتەوە.

* سەری بمری سیکەی نامری:

– واتە لەپاش خۆشی ناوی هەردەمێنی.

* سەری رەحمەتە بنی زەحمەتە:

– واتە سەرەتا بەخێرو خۆشیە، بەڵام کۆتایەکەی هیلاکیە.

* سەری لەبەردی نەعەلعەد دا:

– واتە چیدەکا بابیکا، هیچ سودنابینی، زەرەرمەند دەبی.

* سەری هێران، بنی گەوران، یادەڵێن (سەری هێران، دایکی دێران):

– بەیەکێك دەوترێ، ئیشی خراپی لێ ڕوویداو خراپەکانی لەلای ئەوەوە دەست پێبکات.

* سەرمایە سەری ساحێبی دەخوات:

– واتە زەرەرو زیانێکی زۆری لێکەوتو مایەکەشی نەهاتەوەدەست.

* سەر دەداو سیر نادا:

– واتە سەری خۆی دەکا بەقوربانی نهێنی برادەرێك، بەڕاستی ئەمە بەرزترین ڕەوشتی مرۆڤە.

* سەر بۆ سەربڕین، نەك بۆ سەرزەنشت:

– واتە مرۆڤ بمرێ باشترە، لەوەی کەلەنگیەك ڕووتێبکات.

* سەر بەسەر، بێ دەردی سەر:

– بەپیاوو ژنێك دەوترێ کەهاوتای یەك بن بەبێ زیادوکەم.

* سەرت نایەشێ بۆچ پەڕۆی تێوە نە پێچیت.:

– واتە هەرچیت پێویست نەبوو بەکاری مەهێنە.

* سەرچۆپی بدەیتە دەست سەگ، بۆلای سەبەتەی نانی ڕانەکێشێ:

– بەگەورەیەکی تەماعکار دەوترێ، کەهەرچاوی لەقازانجی خۆیەوەبێ.

* سەرچۆپی بدەیت بەگامێش، لای کادان نادا بەکەس:

– هەمان مانای سەرەوەی هەیە.

* سەر دروبن دڕی جاوێکن:

– واتە هەردوو ڕوی یەکن، بەیەکێك دەوترێ کە دەرەوەو ناوەوەی وەك یەك وابێ.

* سەر دەرکە ماڵ بسپارە:

– واتە خۆت دەرکە، باماڵەکەت بڕوا، چونکە ماڵ دەبێتەوە.

* سەرسوك وعەلاوەكەم:

- واتە دەستكەوتن كەم بێو سەرم سوكبێ، باشترە لەوەی دەستكەوتت زۆربێ بەخەموخەفەتو دەردی سەریەوە.

* سەركزی دڵ ووریایە:

- بەیەكێك دەوترێ، كەبەدیمەن گێلۆكەو لەدڵا وورياو تێگەیشتووبێ.

* سەرگەرمی بەبێگاریەوە، بەبێكاری باشترە:

- واتە ئیش بكەی بۆ مەردوم، بابەبێگاریش بێ، چاكترە لەبێ ئیشی.

* سەرهەڵبڕە، خوا بناسە:

- بەیەكێك دەڵێن كەبیەوێ ستەمێك ئەنجام بدا.

* سەری بەسوجدەوە ڕۆیوە:

- بەتەوسەوە بەیەكێك دەوترێ، كەبەدرۆ خۆی بەپیاوێكی لەخواترس نیشان بدات.

* سەری بوە بەئاش، قنگی بوەبە ماش:

- بەیەكێك دەوترێ كەسەری لێتێكچوبێ.

* سەرێ بەدەستی خۆت نەیخورێنی، خۆڕوشتی ناشكێ:

- چونكە كەس وەك خۆت شارەزای دەردی تۆنیە، واتە هەموو كەس دەبێ خۆی دەرمانی دەردی خۆی بكات.

* سەری نەتاشێو ناوێنەشی نەداتە دەست:

- بەیەكێك ئەوترێ، كەكتنێكی كردبێ بەیەكێكو جاڕیش لێبدا.

* سەری دبڕێو ڕیشی بەشانە دەكا:

- بەیەكێك دەوترێ كەبەپەنهایی خراپەبكات لەگەڵ یەكێكا، كەچی بەدیمەنیش ڕێزی بگرێو قسەی خۆشی لەگەڵ بكا.

* سەری بێ دەلاك نەتاشێ یادەڵێن ( سەری بێ دەلاك مەتاشە ):

- واتە بێ پرسو ڕا ئیش دەكا.

* سەری بێ سەودا ناوەستێ:

- بەیەكێك دەوترێ كەبەبێ ئیشو كاروهەوڵو تەقەلا دانەنیشێ.

*سەری بێ کڵاو نیە لەدنیادا:
– واتە هەرکەسێك هاتە دنیاوە، خوا ڕۆژی خۆی بۆ دەنێرێ.
* سەری دونیا بە پوش نەگیراوە:
– بەیەکێك دەوترێ، کەکارێکی نابەجێبکات بەئاشکرا، واتە لەسەر هەموو شتێك پرسینەوە هەیە:
* سەری دوو بەرانان لەمەنجەڵێك ناکوڵێت:
– واتە دووپیاوی گەورە، لەیەك شوێنا هەڵناکەن.
* سەری شکاندوە، ڕیشی بەشانە دەکا:
– بەیەکێك دەوتری، کەلەدوای دەست وەشاندن لەیەکێك، ئینجا دڵ نەوایی بکات..
* سەرێکی هەیەو هەزار سەودا:
– بەیەکێك دەوترێ،کە پڕ ئیش بێ.
* سەری کوێرە ماری لادەست دەکەوێ:
– واتە هەرچی لای مردوم دەست نەکەوێ، لای ئەو دەست دەکەوێ.
* سەری شکاوەو قنچیو ڕاوی بۆماوەتەوە:
– بەیەکێك دەوترێ، کەلەکارێکا تێشکاوبێ وەبەهەموو ڕەنگ زەرەری کردبێ.
* سەرێکی گا نەکرێ، بەقنگی کەرەوە:
– واتە تێکەڵو پێکەڵ، وەکەس لەکەس ناپرسێتەوە.
* سەری گرتۆتە خەنە، ئەچێ بۆڕاوە گەنە:
– بەژنیکی داوێن پیس دەوترێ، کەبەشوێن داوێن پیسیدا بسوڕێتەوە.
* سەرێك لەناو سەرانا نەبێ بۆ بڕین باشە:
– واتە هەرکەسێ دوورە پەرێزبێ لەخزمەتکردنی گەڵو نیشتمانی، بۆنەمان باشە.
* سەری گرتوە کۆمە، لەخۆی گرتوە لۆمە:
– بەیەکێك دەوترێ، کەلەسەر کردەوەیەك لۆمەبکرێ، ئەوگوێ نەداتێ، وەلەسەر کردەوەکەی خۆی هەربەردەوامبێت.
* سەری لەگوێ قەبر دەلەرزێ:
– واتە زۆر پێرە کاتی مردنی هاتوە.

* سەری نایەوە:
- واتە بەداخەوە مرد.
* سەری لێدەخورێ:
- واتە ئارەزووی لەو شتەیە کەقسەی لێدەکەن.
* سەربەقورین، دەهێنێتە پێکەنین:
- واتە گاڵتە چیەو قسە خۆشە.
* سەرسپی ئاوسك ڕەش:
- بەیەکێك دەڵێن بەدیمەن خاوێن‌و جوانبێ، لەناخیشەوە ڕق‌و قینەی لەدڵدابێ.
* سەروپێیە پێ خۆش ناکرێ:
- واتە هیچ بەدەست نیە، دەست‌و پێ سپیە.
* سەری کەچەڵ هەرلەتورەکەدابێ باشترە:
- واتە هەرقسە یان کارێکی ناشیرن‌و زیانەبخش، هەرنەوترێ‌و نەکرێ، باشترە.
* سەرێکە هێناومەو نایگێڕمەوە:
- واتە واز لەو ئیشە ناهێنم، ئەگەر سەریشمی تێدا بچێت.
* سەرێکی هەیەو هەزار زمان:
واتە دوو زمانە.
* سەر هەڵبڕی، کڵاوت لەسەر دەکەوێ:
- واتە بەرزە.
* سەر قوزی بن ئالوز:
- واتەناوو ناوەڕۆکی یەکنیە.
* سەری هارو ماری تێدایە:
- بۆ شتێك دەگوترێ کەزۆر شتی سەیرو نەگونجاو لەگەڵ یەك پێکەوە لەجێگایەك هەبێ.
* سەرتاشین بێ تیف تیفە نابێ:
- واتە پیاو ئەگەر خۆی هاویشتە ناوکۆسپ‌و تەگەران دەبێ خۆی لەبەر هەندێ ناخۆشی بگرێ.
* سەرزندی پاشەڵ مردی:
- بەکابرایەك دەوترێ لەڤونەوە هەموو قسەیەکی دەکات‌و بەلام بەکردەوەش هیچی لەدەست

نابیٚ و لەجێگای خۆی ناتوانیٚ بجولێتەوە.

* **سەرئاو دەراوی زۆر دیوە:**

– واتە دونیا دیتەیە.

* **سەر بەقوربانی زگ:**

– واتە تەماعکارە.

* **سەر بیٚ ئەجەل ناچێتە ژێر گلٚ:**

– واتە هەموو گیانلەبەرێك دەمریٚ.

* **سەرچاوەی پیسە:**

– بەکارێك دەوریٚ کەلەسەرەتاوە نەشیاوبیٚ.

* سەرو دلٚی خۆش سکی برسی تێر ئەکات.

– واتە لەژیانێکی خەندە ئامێزبی خۆشگوزەران دەژی.

* **سەری بچی نوێژی ناچی:**

– واتە ئیماندارو لەخواترس و نوێژکەرە.

* **سەری لەژێر بگری هەرئەو کوڕەیە:**

– واتە هەر چاکەو پیاوەتیەکی لەگەلٚ بکەی، منەتی پێنیە.

* **سەری دەگاتە عەرشی فەلەك:**

– واتە بالازو سەربەرزە

* **سەری سەی بەدیاری هێنایە:**

– واتە شتەکە زەرەری زیاترە لەقازانج، دیاریەکەی بیٚنرخە.

* **سەری دوژمن بە پەمۆ ببڕە:**

– واتە بەهەر شێوەیەك لەناوی ببە. یابەشێوەیەکیتر خەلٚك ئەزیەت مەدە، تەنها دوژمنیش بێت.

* **سەریشم چوو، مالٚیشم چوو:**

– بەیەکێك دەوتریٚ کەخۆی و مالٚی لەسەر شتیٚ دانابیٚ.

* **سەری هەزار هەزار پێکەوە دەبڕی:**

– بەیەکێکی ستەمکارو زالٚم دەوتریٚ کەخوێنی خەلٚك بڕێژیٚ.

# ژمارە ( سەد ) لە پەندی کوردیدا

ژمارەکان مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، ژمارە(سەد) یش یەکێکە لە ژمارەکان، ئەو پەندانەی خوارەوە(ژمارە سەدی) تێدایە:

*سەد بەرتیل، قەرزێك نابژێرێتەوە، یادەیلێن( سەد پیرە، هەر کۆنە بەگیرە ):

-واتە کە قەرزار بوویت، بەرتیل مەدە بۆ نەدانەوەی قەرزەکە، ئەوەی دەیدەیتە بەرتیل بیدەررەوە قەردەکە باشترە.

*سەد جەردە، لاتێك رووت ناکا:

-واتە چونکە هیچ پێنیە.

*سەد حەکیم بەقەدەر دەردە دارێك نازانێ:

-چونکە ئەو بەهۆیەکەوە شارەزابووە، بەلام ئەو ئێش و ئازارەکانی لەخۆیتی.

*سەد رەحمەت لە کفن دزی پێشوو:

-واتە ئەوەی پێشتر باشتربوو لەهی ئێستا.

*سەد ساڵ بەچۆڵی، رۆژێ بە ئاوەدانی:

-واتە شوێنێك سەد ساڵ چۆڵ بێ، لە ئازیز، هەر کە رۆژێ ئاوەدانبوو هەموی لەبیر دەچێتەوە.

*سەد فیکم بە فیکێکی:

-واتە زۆر فیلبازو زۆرزانە.

*سەد قەل و بەردێك:

-بە لەشکرێکی زۆر بێ هێز دەگوترێ، بەرگەی هیچ نەگرێ.

*سەد گۆزە دروست دەکات و دەستە لەیەکێکیان نابێ:

-واتە شارەزایی یە لەکارەکەی.

*سەد داری لێدەی، تۆزێ لێ هەڵناستی:

-واتە هێندە هەژارە، چی لەماڵدا نیە.

*سەد گندۆرە، هۆ هۆیەکی نایێنێ:

-واتە کردەوە هەوە نەك قسە.

*سەد شوژن، گاسنێکی تیانابێ:

-واتە سەد شتێ نیوەچل، جێ ی شتێکی پوختەو تەواوناگرێتەوە.

*سەد چکەکوچ و یەك سەندان:

-واتە کابرایەکی کەللە رەقو هیشکە.

*سەد ئیش تەوکلی، یەکێکی خراپ دەبی:

-واتە ئیشی بێ بەرنامە هەراو دەبی.

*سەد گوڵمە زێوان بەفێری گولە گە نمێك ئاو دەخواتەوە:

-واتە لەپێناوی شتێکی باش، خراپەکانیش سود مەند دەبن.

*سەد رۆژێك لە چاك، یەك رۆژ گەرەك:

-واتە لەبۆیەك رۆژ زۆر پێویستە کە بەکاری بێنی لە گەڵ دوژمن.

*سەد رەحمەت لەو دایکەی شیری پێداوی:

-واتە باش پەروەدەی کردووە.

# (شـــەڕ)... لە پەندی کوردیدا

شەڕ هەمیشە بەرۆکی مرۆڤی گرتووە، واتە ئەم ژیانە نالـەبارە بریتـی لەکێشەو چەرمەسـەری شەڕو ئاشووبوناسۆرە، شەڕ دژی ئاشتیەو مایەی زەرەروزیانە، بـەهۆی شـەرەوە کێشەکا قوڵترو زامەکان بەسۆتر دەبن، شەڕ کوشت و کوشتارو لەناوچوون و کاولکاری لەگەڵخۆی دێنێت مایەی بێزاری و پەستی و ناخۆشیە.من لێرەدا نامەوێ باسی هەموو زیانەکانی شەڕوشۆڕ بکە ئەوە گەرەکمە ئەمجارە ڕۆشنایی بخەمەسەر دەربارەی ووشـەی((شـەڕ))ە لەپەنـدی کوردید بەئومێدم شەڕ دووربێت لەهەمووکەس و ناوچەیەك پەندەکانیش ئەمانەن:.

*** شەڕ بەچەك و مامەڵ بە پارە:**

– واتە هەر شتێ بەشتی خۆی بەکاردێت، چەکیش بۆ شەرەو پارەش بۆ مامەڵەیە.

***شەڕ بەکەونە، دەکرێ:**

– واتە ئەوانەی ڕق و کینەیان لەدڵە، هەمیشە هەوڵ دەدەن شەڕو ئاژاوە بنێنـەوە لەشـەڕ بێز نابن.

*** شەڕ دوایی بەشەڕ نادات:**

– واتە شەڕ هیچ سوودی نیەو هیچ شتێ بەشەڕ کۆتایی نایەت، کۆتایی هەر پەشیمانیە.

*** شەڕ قەلاَی مەردانە( شەو قەلاَی مەردانە ):**

– واتە شەڕو شەو کەسی مەردوو جوامێری دەوێت، خۆی لەبەر ناخۆشیەکانی بگرێت.

*** شەڕ لەبەتاڵی باشترە:**

– واتە پیاو نابێ بێ ئیش و کار لێدابنیشێ، دەبێ ئیش و کاربکات بەهەر شێوەیەك بێت.

*** شەڕ لەبادینان تۆز لەبەر دەرکەی مەیە:**

– ئەم پەندە کوردیە لەکاتێکدا دەگوترێت کە شەڕو ئاژاوەیە هیچ پەیوەندی بەوکەسە نەبێ تێدا گلابێ، واتە ئەم شوێن و کەسە لەم مەسەلەیە دوورە.

*** شەڕ لەشۆ، نەك لەتۆ:**

– واتە هەموو شتێ لەسەرەتادا ڕوون بکرێتەوەو بـەدیار بخرێ، نـەك لەدواییدا کێشەو گرفت لێبکەوێتەوە.

* شەڕکەر، ئاشتیت لەبیر بێ؛
- واتە گەر شەڕیشت کرد بابی ئەوەندەی تێدا بێڵەوە کەدوایی ئاشت بیتەوە.
* شەڕی خۆترێن مەکە زەرەتە؛
- واتە گەر زانیت لەکاروو کردەوەو شەڕێك سەرکەوتوونابیت مەیکەو خۆشت بەهیلاك مەبە.
* شەڕو تر بەدەست پیاو نییە؛
- واتە ئەم دوانە بەدەست خۆت نیە، گەلێ جار یەقەی پیاو دەگرێ.
* شەڕ دوایی دێت قسە دوایی نایێ؛
- واتە پاش هەموو شەڕێ بۆڵەبۆڵو قسەو قسەلۆك هەر دەمێنێ.
* شەڕی هێسترو بارگینان، کەروگا تێدەچن؛
- واتە شەڕی نێوان بەهێزەکان بێ هێزو هەژارەکان تێدەچنو دەبنە سووتەمەنی.
* شەڕ مەکە بێێ دەعواش دامەنیشە؛
- واتە کێشەو شەڕ مەنێوە، بەلاّم لەمافی خۆشت خۆش مەبە.
* شەڕ بووبە شەڕ ناوبژیکەر، سەری دەشکێ؛
- واتە شەڕ کەرەکان بۆ یەك دێن ئەو بەردەکەوێ.
* شەڕ لەشەڕگە خۆشە؛
- واتە هەمووشتێ، گەر شەڕیش بێ لەکاتو شوێنی گونجاویخۆی باشە.
* شەڕی دایكو کیژان، ڕۆژی پایزان؛
واتە شەڕە ماوەیەکی کەم دەخایەنێ لەنێوان ئەم دووانە، وەك ڕۆژی پایزان کورتە.
* شەڕ چووە، خێری مایە؛
- بەکارێك دەگوترێت ناخۆشیو نەهامەتییەکانی بەکۆتا هاتبێو بەرو خێرو چاکە هەنگاو بنێت.
* شەڕە دار خوار زار خا، شەڕە شیروتیر، نەتەوەی بابو باپیر؛
- واتە شەڕی نیوان خزمو یەك نەتەوە ئاساییە بەکۆتادێت، بەلاّم شەڕی نێوان نەتەوەکان بەسانایی بەکۆتانایەت.
*شەڕێك کلکی کەری کولی تیا دەبڕێ؛
- ئەم پەندە لەشەڕی چەند مرۆڤێکی نەزانو نەشارەزا دەگوترێت، کەهیچ سوودی نەبێو کەس لەیەکتر حاڵی بەبێ.
لەدوماهیدا هێڤی خوازین شەڕوشۆڕ لەولاتەکەمان دوور بکەوێتەوەو بەئازادیو ئاشتی بژین.

# شین و شایی ... لە پەند کوردیدا

مرۆڤ لەژیاندا بەخۆشیو ناخۆشی دەگوزەرێنێ، گە رخۆش بەخت بوو لەئاهەنگو بۆنە شایی دەبێ، گەر نابەپێچەوانە دەبێ، لێرەدا باس ئەو پەندە کوردیانەدەکەین، کەووشەی(شاییو شینی) تێدایە.

*شایی شایی کەرانو خودی دارو پییان:

-بەیەکێك دەگوترێ کە یەکێکی دەیکە کەوتبێتە خۆشەیەکەوە، کەچی ئەو هەڵپەڕی

*شایی لۆ دووانە، گڕ لەهەمووانە:

-لەکاتی شایی بووكو زاو یەیەك دەگەن، کەچی خەڵکی تر ماندوودەبێ لەشاییدا.

*شایی مامە قەبێلە، ترش بە گونو گوچیلە:

-بۆ کەسێك بەکاردێت کە کاری نابەجێ دەکات.

*شین و شایی دەستەوایی:

-وانە لەخۆشیوناخۆشی هاوبەش دەبێ

*شین و شایی بەقەرزە:

-وانە گەر هاوکاری، دەستەواین کرد، دێتەوەرێت.

*ئەیتانی شین و شایی، سەری کلی، دولایی، حەیف هەمووی لەم ژنو ئاوایی:

-وانە پەشیمانی دەردەبڕی کە لەکارێك نەوەشێتەوە.

*شایی نەدزانی، دەیگۆ عەرد خوارە:

-بەیەکێك دەگوترێ کارێك نەزانێ ئەنجام بدا. کەچی بهانە بیینێتەوە عەیبی خۆ داپۆشم

# شێر لە پەندی کوردیدا

شێر..لە هەموو ئاژەڵێك بەهێزترە بەسامترە، بە شای درندەکان ناسراوە، باس لەپەند کوردیانە دەکەین ووشەی شێری تێدایە.

*شێر ئەگەر بتخوا، پەنا بۆ ریوێ مەبە، یا دەڵێن(شێر بمشکێنی، نەك رێو بمخوا.)

–واتە ئەگەر مرۆڤ بشکوژرێ بەدەستی مەرد باشترە نەبەدەستی ترسنۆك‌و نامەرد.

*شێر بەگوێ دەگرێ:

–بەکەسێکی ئازاو چاونەترس دەگوترێ.

*شێر کە پیربوو، رێوی دەمی تێدەژەنێ:

–واتە کە پیر بوو کەسێك، کەسانی خوار خۆی گاڵتەی پێ دکەن.

*شێر کە لە بێشە دەرپەڕی، چ نێر چ مێ:

–واتە کە ئازا بوو جیاوازی نیە لەنێوان نێرو مێ.

*شێر لەدەنگی کەلەشێر دەترسێ:

–چونکە کە لەشێر نیشانەی ئاوەدانیە، شێریش لە ئادەمیزادو ئاوەدانی دەترسێ

*شێرە بەفرینە کەس لێ ناترسێ:

–شێرە بەفرینە، لەوێنەی شێرێ گەورە دەچێ‌و کەلەبەفر دروست دەکرێ، بەفریش دەتاوێتەوە

*شێری ماڵەوەیە، رێوی دەرەوەیە:

–بەکەسێك دەگوترێ لەماڵەوە ئازابێ لەدەرێش بەپێچەوانە بێ .

*شێر لەبێشان خلاس نابێ:

–واتە کەس ئازاو چاونەترس تا دونیا مابێ هەر دەمێنێ.

*شێر رەش حەوت کولێرە خۆرە:

–واتە مەردومی بەهێز لەخواردن‌و جولەیی دیارە.

*شێریکی لەجێگایەك هێنا، رێویەکیشی لەجێگایەکی دیکە:

–واتە قەسەی بێ سەروبەرو نارێکە ویەك ناگرێتەوە بۆ شاردنەوەی کارەکەی.

# (شەو و رۆژ)... لە پەندی کوردیدا

سەعاتەکانی ژیان بریتییە لەبیست چوار کاتژمێری شەو و رۆژ، هەریەکەیان کۆتایی بەوەی تردێنێت؛ کەچی سەر لەنوێ سەرهەڵدەدەتەوە، بەوەرزەکانی ساڵ کورتو درێژی شەوو رۆژ دەگۆردرێت، جگە لەوەش هەر وولات و ناوچەیەك بەجۆرێك دابەشکراوە، بەهەرحاڵ ئەوەی ئێمە گەرەکمانە دەربارەی ئەو پەندە کوردییانەیە کە ووشەی (شەوو رۆژ)ی تێدایە، پەندەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

* شەو قەڵای، مێرانە:

- واتە شەو بۆ پیاوی ئازاو تۆلەسێنەوەباشە و جوامێری بەدیاردەکەوێ.

* شەو ستاری بەنەیە:

- شەو بۆ پێشوودانو نوستن هاتیە.

* شەو گوێندارە:

- واتە خەلك گوێ دەگری، پێویستە لەسەرخۆ قسە بکەی تاکەس لەقسەکانت نەگات.

* شەوهات و مەرگ هات:

- یەکێکی نەخۆش ئەم پەندە دەڵێ کە کاتی لێ نەڕوا.

* شەوگاری شووم، لەئێوارەوەدیارە:

- واتە هەموو ناخۆشی وکارێك لەسەرەتاوە دیارە.

* شەوی خۆشی لەئەنگۆرەوە دیارە:

- واتە هەمووکاری لەپێشەکیەکەیدا بەدیار دەکەوێ

* شەو دەنوێ بەجلی گایە، بەرۆژ دەڵێ قوچ وپاشایە:

- بەیەکێك دەڵێن لەماڵی چی نەبێ، بەڵام لەلای خەلك واخۆی نیشان بدە کە هەبوونە.

* شەوی جەژن، فەقیریش دەوڵەمەندە:

- واتە بۆ جەژن هەژارو دەوڵەمەند خۆیان بۆ ئامادە دەکەن، چێشتی خۆش لێ دەنێن.

* **شەو یەك و دز هەزار:**
– بەچەند كەسێك دەوترێ كەهەموولەیەك شت دزی بكەن، هیچیان ئاگایان لەیەكتر نەبێ.
* **شەو و رۆژ دێ و دەڕوا بەلای خودا خلاس نابێ:**
– واتە كێشەوبەلا بەدەست خوایەو لەبەندە نزیكە و زۆرە.
* **شەو لۆچاوانە، رۆژلۆ دلانە:**
– واتە هەرشتێ لەكاتی خۆی خۆش‌و پێویستە.
* **شەوی تاریك، رۆژی رووناكی لەدوا دێ:**
– واتە پاش هەرناخۆشیەك، خۆشیەك هەیە، پێویستە مرۆڤ گەشبین بێت
***بەرۆژ دەروێشە، بەشەو دەروێش مەبە:**
–واتە بەرۆژ كاروكاسبی بكە، بەشەو پشوو بدە.
* **رۆژان، رۆژیان لەشوێنە:**
– بەیەكێك دەڵێن بیر لەپاشە رۆژ نەكاتەوە، وامەست بكات هەرلەخۆشی دەژی.
* **رۆژ بووە بەساڵ، ساڵ بووە جەواڵ:**
– واتە رۆژگار درێژ بووە، مەردوم هەربەوە رادەگات كەنان بخوات.
* **رۆژی نەفسی نەفسییە، كەس ئاگایی لەكەس نییە:**
– بەرۆژێكی ناخۆش‌و پڕ لەچەلمە دەگوترێ كەكەس بەكەس نەبێ.
* **رۆژی بارانان قورە:**
– دەبینی رووداوێك روودەدات، لەم پێناوەدا هەندێ شت روودەدات كەنەدەبوایە بكرێ.
* **رۆژ دەڕوا قەزاو بەلای دونیا نارەوا:**
– واتە كارەساتی سامناك و چاوەنوار نەكراوە هەموو دەم لێتەوە نزیكە .
* **رۆژ لەرۆژئاوا هەلات:**
– بەكارێكی پێچەوانە دەڵێن.
* **رۆژ هەرات، ئاوادەبێ:**
– واتە هەمووكاروشتێ كۆتایی هەیە.
* **رۆژ لەكەرخەك ئاوانابێ:**
– واتە هەمووشتێ قابیلی گۆڕانە.

* ڕۆژی بمری حەفت زاوا، کوڕم نابی ساوا:

- واتە زاوا نابێتە شوێنەوارو بەنەمانی ماڵت لێتکناچێت.

* ڕۆژی لەجێگیایەکی خراپ لێ ئاوابوو:

- واتە خراپی لێ قەوما.

* ڕۆژ لەکام لا هەراتیە:

- بەکارێك دەگوترێ کەکەسێك بیکات، پێشتر ئەم کارەچاکەی نەکردبێ

* ڕۆژ بە پە نجەی دەست دەژمێری:

- بەیەکێك دەڵێن چاوەڕوانی شتێك بێت.

* ڕۆژ دیارە پە نجەی ناوێ:

- بەشتێك دەڵێن ڕوون و ئاشکرابێ، پێویست بەبەڵگەناکات.

* ڕۆژ هەلات، هەموو ورات:

- واتە خراپە هەموولایەك دەگرێتەوە.

* ڕۆژێك بەکەلە شێری، نەك هەزار ڕۆژ بەمریشکی، یادەلێن ڕۆژێك بە سەربەرزی، نەك سەدساڵ بەژێردەستی:

- واتە پیاو مەردبی و بەسەربەرزی بژی، لەژێر باڵی کەس نەبێ.

* ڕۆژی هەلە هەلێ، بەرخ دەچێتەوە بەرمەڕێ:

- واتە لەکاتی شەڕو تەنگاوەدا خزم پشتی یەکتر دەگرن.

# فەقیر.... لە پەندی کوردیدا

لەوەتەی ژیان هەیە....فەقیرو دەوڵەمەند هەرهەبووە، هەریەکە ژیانیان بەجۆرێ دەگوزەرێنن، فەقیریو هەژاری عەیبی تێدانیە، ئەوەی ئێمەباسی دەکەین دەربارەی ئەوپەندە کوردییانەیە کەووشەی(فەقیری)تێدایە:

***فەقیری شامێ تێر کە، کراسی لۆمەکەی مەکە:**

—واتە مال‌و منداڵی خۆت رازی کە، ماڵی خۆت بەدەوی خەڵکی مەکە.

***فەقیر دەهیلی لەئاش بێتەوە، دەوڵەمەند ئاهیلی لەسێر بێتەوە:**

—واتە فەقیرەکە بەسوودترو باشترە بۆ ئەو حاڵەتە.

***فەقیر سێبەریشی رەزای گرانە یادەڵێن (فەقیر سێبەریشی گرانە):**

—ئەم پەند پەیوەندی بە بەرژوەندی خوازانە.

***فەقیر لە دخوێنی، : دەوڵەمەند لە جۆخینێ:**

—واتە ئەو لە جنسی دەوڵەمەندە، ئەو ترشیان لەماڵ پەیداکردن.

***فەقیر چەند تێلگەی گران بێ نەوەند لای ئاغاو ئاغازەن بەقەدرە:**

—واتە هەژار چەندی خۆی بۆ دەوڵەمەند ماندوو بکا ئەوەندە رێزی دەبێ لای.

***فەقیر تێرە، نوستنی خێرە:**

—واتەبێ داڵغەو دوودڵە

***فەقیر بەدارو ئاویش هەر فەقیرە:**

—واتە بێ دەسەڵاتەو توانای هیچی نیە.

***فەقیر گوددکا، چیلکەی دەچێ، بەقینگا:**

—واتە بێ بەختەو لەهەموو لایەك خراپەی بۆ دێ.

***(فەقیری بەتەنیا خۆشە، فەقیری و قۆڕی ناخۆشە):**

—واتە میلاکی لەدوایە.

فەقیری توانای هەیە، ماوەی نیە.

***واتە هێزی هەیە، بەلام بەختوماوەی نیە.**

# ( قســـــه )... لە پەندی کوردیدا

دەمیزاد لەوەتەی کەوتۆتە سەرکۆشی ئەم دونیایە پانو بەرینەو زمانی پێوەلکاوە ئەوە توانی ەو دەربڕینی هەبووەو هەیە، تاکە گیانلەبەریشە بەهۆی قسەو گفتارو ئاخافتنەوە لەیەکتری ائی دەبنو بیرورا دەگۆڕنەوە، هەر نەتەوەو میللەتی بەزمانو جۆری ئاخافت دەکاتو دەدوێ، وردیش وەك نەتەوەیەکی زیندووی ناوچەکە خودان دابو نەریتو زمانی تایبەتی خۆیەتی.
ەڵبەتە ئێستا لەسەرتاپای جیهان زیاتر لەدوو هەزار زمانی جیا جیا هەیە کەخەڵکان قسەی یدەکەن، ئێمە لێرەدا ئامانەوێ باسی سوودو زیانەکانی (زمانو قسەکردن) بکەین، بەڵکو ەوەی گەرەکمانە لێی بدوێین دەربارەی قسەیە لەپەندی کوردیدا.
زۆربەی زۆری ئەم پەندە کوردیانە دەخەینە ڕوو کەچاكو خراپ باسیان لەقسە کردووە، هئومێدین سوودی بۆ هەموو لایەك هەبێت.

* قسە هەزارە، دووانی بەکارە/ یان دەڵێن (قسە بیستو چوارە، دوانی بەکارە):-
- واتە: لەزۆر قسەکردندا چەند قسەیەکی بەسوودو بەکەلك دەکرێ، دەبێ مرۆڤ لەگوێی خۆی گرێو بچێتە ناو مێشکیو بەکاری بهێنێ
* قسەی زۆر هی پیاوی بێ دەسەلاتە:-
- واتە: پیاوی دەسەلاتدار کارکردە، زۆر قسە ناکات، بڕوای بەکارکردن زیاترە، واتە زۆر گوتن باش نییە.
* قسەی مەزنان، نەقشە لەبەردان:-
- واتە: هەر پیاوێکی مەزنو گەورەو پڕ ئەزموونو بەسەرهات، زۆر شت دەزانێ وەك نەخش لەبەردیەو پێویستە گوێی لێبگریو پەیرەو بکرێ.
* قسە لەتژی دێت:-
- واتە: بەیەکێك دەڵێن کەقسەی زل بکاتو فیزی زلبێت، لەبەرزان نواڕیو ئاگای لەدەردی خەلکی نەبێت.

* قسەیەك كەلەسیو دوو ددانە چووە دەرەوە، سیو دوكەس پێی ئەزانن:-
– واتە: ئەگەر ئەو سیو دوو كەسەش هەریەك بۆ یەكێكی تری بكرێتەوەو ئەوانیش دوای كەون ئەوا بڵاودەبێتەوەو هەموو كەس دەیزانێ.
* قسە كەوتە زارێكی كەوتە شارێكی:-
– واتە: دەبێ مرۆڤ زۆر بایەخ بەنهێنی خۆیی‌و ئەو نهێنیانەی كەپەیوەندی بەبواری گشتی میللی‌و نیشتمانی هەیە بپارێزێ.
* قسە گەوهەرە، عەقڵیش جەوهەرە:-
– واتە: قسە وەك دانەی گەوهەر وایە، نابێ بەفرۆی دەیت‌و بەكەمی بزانی، وەهاژیریش جوانی‌و دیمەنێك بەئادەمیزاد دەبەخشێ.
* قسەی خۆش لەبەهەشت هاتووە:-
– واتە: قسەی خۆش پێوست‌و باشە، مەبەست ئەوەیە گەر هیچت پێنەكرا قسەی خۆش بكە لەگەڵ دەوروبەرت.
* قسەیەك دەكەم بەمانا ئەگەر ژیریت (شێت نەبیت) بزانە:-
– واتە: ئەوەی كەزاناو وریاو تێگەیشتوو دەبێت، بەنیشانەیەكی كەم، یان چاوهەڵتەكانێك تێدەگا، ئەو كەسەش كەنەزان‌و گێژو دەبەنگ بێت بەشەقیش تێناگات.
* قسە بە پارە بوایە، هەندێ كەس دەوڵەمەند دەبوون:-
– واتە: بەكەسی زۆر ڕەو زۆر بڵێ ئەو پەندە دەڵێن.
* قسەی پیاوان یەكەو نابێ بەدوو:-
– واتە: مرۆڤی پیاوانە لەقسەی خۆی پەشیمان نابێتەوە، كەبەڵێنی دا سەریشی لەسەر دانی پەشیمان نابێتەوە.
* قسەی بەر ئاگردانی‌و ئانی مام ڕەحمانی:-
– واتە: گوتنی بەر ئاگردان‌و جێگای خۆشی‌و تێرو پڕی جیایە لەگەڵ ڕۆژی خۆشی‌و تەنگانەدا.
* قسەی خەراپ نازانی‌و قسەی خەرا پیش دستەكانی ماچ دەكا:-
– واتە: بەیەكێك دەڵێن كەقسەی باش نەكات، قسەی خەراپ زۆربكا.
* ئەگەر قسەی خەراپ نازانی، قسەی خەراپ هەرمەكە:-
– واتە: هەمیشە قسەی باش بكە، واز لەقسەی خەراپ‌و بێ مانا بێنە.

*** قسەی باوکان بۆ کوڕان سەنەدە:-**

- واتە: یانی پێویستە منالّ بەقسەی باوکی بکاتو لەقسەی دەرنەچێ.

*** قسەی دلّی خۆت لەلای ژنی خۆت مەکە:-**

- واتە: هەندێ نهێنی هەیە پیاو دەبێ لەلای ژنی خۆی نەیلێ، چونکە بلاّودەبێتەوە.

*** قسەی خۆت لۆ یار مەکە، یاریش یاری هەیە:-**

- واتە: قسەی خۆت بۆ کەس مەکە، هەر دۆستێک دۆستی هەیە.

*** قسەی بەر ئاگردانیو هۆنە هۆنی بەرازی زۆر لێک دوورە:-**

- واتە: قسە کاتی شینەییو کاتی تەنگانە زۆر لێک دوورە.

*** قسەی دروست، کارسست:-**

- واتە: بەیەکێک دەلّێن لەقسان پالّەوان بێو لەئیشیش هیچ.

*** قسەی وادەکات، بۆنی خوێنی لێدێ:-**

- واتە: بەیەکێک دەلّێن کەقسەکانی باش نەبێتو بیەوێت بەینی خەلّك تێکبدات.

*** قسەی شەوێ دەڕوا لەگەلّ خەوێ:-**

- واتە: هەندێ قسە هەیە بەشەو دەکرێ، لەگەلّ خەو دەڕوات، کەبوە بەیانی خاوەنی لەبیر نەماوە.

*** قسە یان لەشێتان یان لەمندالاّن:-**

- واتە: (شێتو مندالّ) هی ئەوەنین قسەیان لابکرێ، چونکە لایان گیرنابێ.

*** قسە بکولێنە، ئەوجا دەرپەڕێنە:-**

- واتە: دەبێ مرۆڤ قسەی خۆی هەموو بەحیسان بێ.

*** قسەی دوژمن هەزار جار بەرك ...:-**

- واتە: قسەی دوژمن حیسابی بۆ نییە.

*** قسە زیو بێت، بێدەنگی زێڕە:-**

- واتە: زۆر ڕاستە (بێدەنگی) لەزۆر کاتدا لەزێڕ باشترە، هەندێ کاتیش گوتن زێڕە.

*** قسە هەند بخودانە، هەندی بن ددانە:-**

- واتە: کەقسە لەدەی خاوەن دەرچوو هی خۆی نییە.

* قسە بەهەزار دیناری بێ، هەر دێتە سەر فلسەکێ:-
- واتە: قسە هەرچەندە بەنرخیش بێت هەر زوو بڵاودەبێتەوە.
* قسە لەزاری دێتە دەرێ:-
- واتە: قسەی خۆت بناسە چونکە لێپێچانەوە هەیە.
* قسەی پیاوان لەسەنەد گەورەترە:-
- واتە: پیاو دەڵێت بەڵێنی هەتا سەر بێت.
* قسەی کورت و درێژ مەکە، ڕێگەی نزیک دوور مەکە:-
- واتە: لەکورتی بیبڕەوە، پێکی بینە.
* قسە لەسوردتی، خۆت گەورەتر مەکە:-
- واتە: ئەگەر ناتووشی زیان دەبیت، چونکە بەری خۆت پێ لەناوی ڕزگار ناکرێ.
* قسە تانەی بێژی، نەیرێژی:-
- واتە: قسە بیری لێبکەوە، ئینجا بیکە.
* قسە فەقیرە هەموو کەس پێی دەدوێری:-
- واتە: قسە بەپارە نییەو هەموو کەس دەتوانێ بیکات، مەرج کردارە.
* قسە قسە ڕادەکێشی:-
- واتە: قسە لەدوای قسە دێت.
* قسە لەدوای حەفت کێو نەگاتە بەخێو:-
- واتە: کەواتە قسەو زەمی کەس مەکە، چونکە دوایی دەیگاتەوە پێی.
* قسەی حەق ڕەقە:-
- واتە: گەلێ جار قسەی ڕاست و دروست و حەق، بەرامبەرەکەت تووڕە دەکات.
* قسەی خۆش بەرد نەرم دەکا:-
- واتە: قسەی شیرین و خۆش بەرامبەرەکەت ڕازی دەکا، کەواتە باهەر قسەمان خۆشبێ.
* قسەی وادەکا لەقوتوی عەتاردا نییە:-
- واتە: واتە ئەم قسەیە بێماناو کەس نەبیستووە.
* قسەی گەورە بەهەودنتە ناکرێ:-
- واتە: ئەگەر یەکێك لەخۆی ڕانەبینێ قسەی گەورە ناکات.

*** قسە لەقافیەدا خۆشە:-**

- واتە: قسە لەکاتو ساتی خۆیدا زیاتر مانا دەبەخشێ.

*** قسە ناچێتە گیرفانەوە:-**

- واتە: قسە لەدەم دەردێ، بەگوێ گوێی لێدەگیرێ کەواتە پێویستی بەبیرکردنەوەیە.

*** قسەی خەراپ پۆستەچی زۆرە:-**

- واتە: گەر قسەی خەراپ بکەی خەڵك بۆ خاوەنی دەگێڕنەوە، بەڵام هی باش وانییە گەر مەتحی یەکێکت کرد.

*** قسەی خۆت مەکە تەنها بۆ ئەوەی گوێت لێڕابگیرێ:-**

- واتە: ئامۆژگاری کەسێك مەکە گەر بەگوێت نەکاو گوێت لێنەگرێ.

*** قسەی شڕم بڕم مەکە:-**

- واتە: قسەی بێماناو بێ سەروبەر مەکە.

*** قسە نەکردن بەدەست خۆتە، بیدرکێنی دەکەویە ناوی:-**

- واتە: دەتوانی زیاتر بێدەنگ بی نەك قسە بکەی.

*** قسە هەرچەندە بیجویت تفت دەبی:-**

- واتە: زۆر لەسەر مەسەلەیەك نەڕۆیتو قسە دووبارە نەکەیتەوە.

*** قسەی کۆدو لێبۆوە:-**

- واتە: بەیەکێك دەڵێن کەقسەی پڕ بەپێستی خۆی نەبێ، هیچ مانا نەدات.

*** قسەیەك بکە سەربگرێت، ڕیەیەك پڕکە جێ بگرێت:-**

- واتە: قسەیەکی وابکە کەگوێت بۆ بگیرێو بەقسەت بکرێ.

# (کوڕ و کچ)... لە پەندی کوردیدا

کوڕو کچ ... ئەندامی سەرەکی خێزان پێك دێنن، کە لە ئەنجامی پرۆسەی هاوسەرگیری بەیەك گەیشتنی ژن و مێرد پەیدادەبن، بەڵێ کوڕو کچ درێژ پێدەری ڕێچکەی ژیانن لەنێو هەر کۆمەڵگایەکیش بەجۆری لەم دوو رەگەزە جیاوازە دەروانن، هەیە کوڕی پێ باشترو پەسەندترە هەشە بە پێچەوانەوە بیردەکاتەوە.

ئێمە نامانەوەێ باسی سوودو زیانەکانی (کوڕو کچ) بکەین بەڵکو ئەوەی گەرەکمانە رۆشنایی بخەینە سەر دەربارەی ئەو پەندە کوردی یانە کە "کوڕو کچ" ی تێدایە، بەهیواین ئەم جیاوازیە لەنێو هیچ میلەتێك نەمێنێ بەتایبەتی میللەتی کوردی بەهیواین بەیەك چاو سەیری رەگەزی نێرو مێ بکرێ سوودی گشتی هەبێت.

*کوڕەکەمان با داربێت با چاوی باوکی دەربێنێ:

واتە: گەر کور نازابێ هچی لێ ی چاو نیە، ئەمە لەکاتێکدا دەگوترێ کە یەکێك واپیشان دەدات زۆر شت بکات، بەلام ماوەی نیە ئەویش وای پێدەرێ.

*کوری کەس نابێ بەهی کەس:

واتە: لەو کاتەدا گوتراوە، کە کەسانی هەبوو منداڵی دزراوییان بە خێو دەکردوو، یا منداڵی خەلکی تریان لابووە کەچی دوای بەجێ ی هێشتوون.

*کور هەبێ، تاریکە شەو زۆرە:

واتە: لەم کاتەدا دەگوترێ یەکێ مەنعی خۆی بکا، ئەوانیش ئەم پەندەی پێدەلێن.

*کەس نە پرێك، نەبووە بەکورێك:

واتە: هەلکەوتن و نازایی و زانایی و گەورەبوون و خەبات و تێکۆشانی دەوێت.

*کوری باوکی خۆت بە، لە رێ ی شیری برۆ:

واتە: گەر مرۆڤی لەماڵ خۆی گەورەبێ رزانی باوکی خۆی بخوات نۆکەری کەس نابێ دەتوانێ

لەڕێ شێر بڕوات و کەس دەرەقەتی نایێ.

***کوڕت نەبێ لە کۆشێ نەبێ و نانیش لە کاسەی خۆ:**

واتە: ئەگەر کوڕی لە کۆشی خۆی نەبێ، نانیش لەکاسەی خۆی نەبێ ئەوە پیاوە بۆ مردن باشەو ئەو منداڵەش نابێ بەمنداڵی ئەو چونکە پەروەردەی خەڵکی وەردەگرێ.

***کوڕی ئەو بابەیە:**

واتە: ڕێگەی بابی گرتیەو یەك مووی لانەداوە.

***کوڕی خۆم نانخۆری خەڵکی. :**

واتە: لە باوکی دوورکەوێتەوەو لە لای خەڵك دایە.

***کوڕی سەیەو گورگ دەخنکێنێ:**

واتە: لە باوکی خراپترەو کاری نابەجێ دەکا.

***کوڕی ئەو پیاوەی نەمری کچەش عیلاجی خۆ دەکا:**

واتە: کاری گرینگی بکرێ، هی ناگرینگ بە سانی پێك دێت.

***کوڕی خۆی سونەت دەکا، منەتی لەسەر خەڵکی دەکا:**

واتە: ئیش بۆ خۆی دەکا، منەت لەسەر خەڵکی دەکا

***کیژی بەدایك، مەنجەڵی سەرپۆشە:**

واتە: دایك کەم و کوڕی کچی دادەپۆشی.

**کیژی داك پەسنێ، سەری دەچتەوە سەر گاسنێ:**

واتە: کەسێك پەروەردەو ڕەگەز باشی بێت، کەلکی لێ دەبینێت.

**کیژی گەورە گندۆرەیە، ماوە دەڕزێ:**

واتە: کچ بمینێتەوە زوو تێکدەچێ و بێ نرخ دەبێت، مەرج نیە هەموو کچێك وابێ، واتە: لەکاتی خۆی بەشووبدرێ باشە.

**کوڕی دایکی، نەبوویتە هی بابی:**

واتە: زیاتر لای دایکی بووەو گوێ رایەڵی ئەوە نەك بابی

**کوڕی لەوێ بابێ، وەفای لۆمن نابێ:**

واتە: کوڕی باوکی باش نەبووە، قەت چانابێ و سوودی لۆئەونابێ.

***کوڕی حەمەدەمەلا دەزانی مار بکوژێ:**

واتە: بە یەکێکی شارەزاو چالاك دەگوترێ کە لە ئیشێك سەری لێ دەربچێ.

***کوڕی لە مەیدان سەرکەوتن دێنی، کیژ لەماری سێو دەنەخشێنێ، نامەرد بەینیان دەپسێنێ:**

واتە: کەسانی ناحەزبەینی دووعاشقان لێك دەکا.

***کوڕ مرکە، کیژ ناو مارك:**

واتە: کوڕ هەردەم دەمێنێ، کچە شوودەکا

***کوڕم بەمرە مرم، قیژەی کیژان دەبرم:**

واتە: کوڕێکی تەواو بێ عەیبو عارو بەرچاوم.

***کوڕی خۆم لەدامەنێ خۆم:**

واتە: دەبێ نەوەکان بە بابیان بچن جا چ لە رووی پیشە یاخود لەرووی هەڵسوکەوتو ئەخلاقیان بێ دەبێ چاو لە باوکی خۆی بکا تاکوو لەدوا رۆژ شانازی پێ بکا.

***کوڕی مامان زۆرن، شەم بەرووان تەنکە:**

واتە: کوڕی خەڵکی زۆرن بەلام بەمن چی کە سوودی بۆمنو تۆ نەبێ کە لەکاتی پێویست دا یارمەتیمان نەدەن، جا با کوڕی خەڵکی هەرزۆربن بەڵام چی لێ بکەین.

***کیژەکم بوو، هەونیەکم بوو:**

واتە: هەندێ کچ هەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دایکیان زۆر خراپە وا هەست دەکەن لەگەڵ بچووکێك قسە دەکا یا مامەڵەیان خراپە یاخود کیژەش هەندێ جار کێ برکێ ی دایکی دەکا.

***کیژ بیە زوو گەورە دەبێ:**

واتە: کیژ زوو پێدەگا کچ هەر لۆخۆی هەڵدەچێو جاحێر دەبێ.

***کیژ تەشی دایکی دەرێسێ:**

واتە: دایك هەر کارێك بکا کچەی تەماشای دەکا تاوەکو رێچکەی ئەو بگرێ لەدوارۆژ سوودی لێ وەرگرێت دایك چۆن بێ ئەویش وا دەبێ.

***کچ تەشی دەرێسێت، کورکڤانی بابی دەژەنێت:**

کچ کردەوەی دایکیو کوڕ هی باوکی فێردەبێت، بۆیە دەبێ چاودێرییان بکرێ لە لایەن هەر دووکیان.

*کچ دەم لە قووچ:

واتە: زۆر گوتن لۆ کیژان ناشیرینە، کارێکی ناشایستەیە.

*کچە نیمە بەتەنە، لەبەرخۆی دێت قووتنە، لیّ ی پەیدا بوو فتنە:

واتە: بە کەسێك دەلێن دووربێ، یاخود بەکەسێکی تر دەلێن پلە یەك بگورێتو خراپ بکا.

*کچە هەیتمی گەلالان، بۆینە کابانیّ مالان:

واتە: بەکەسێك دەگوترێ کەشارەزایی لەهیچ شتێك نەبێ یاخود بەیەکێك دەلێن شتێکی لیّ ناوەشێتەوە، وە جیّ ی خۆش بگرێت.

*کچی خۆت بە قوربانی کوڕی خەلکی مەکە:

واتە: کوڕی خەلکی بەتۆ چی کەهیچ سوودو خێری نەبێو کیژی خۆت بۆ تۆیەو بەکەلکت دیّ، سوودی بۆت دەبیّ لەهەمان بەهەموو شێوەیەك بەرژەندی خۆتو نەکەیتە قوربانییان.

*کچی گوێدار، چاکترە لە کوڕی نازادار:

واتە: ئەگەر هەردەم کچ گوێڕایەلترە من نالێم بەگشتی بەلام تاڕادەیەك باشن لەگەلمان یاخود گەر کچێك بەگوێت بکات ئەوا زۆر باشترە لە کوڕێکی جوان.

*کچی ئەو دایکەیە:

واتە: گەر دایکی خراپ بیّ ئەویش خراپ دەبیّ گەر دایکەکەش باش ڕێكو پێك بیّ ئەوا کچەی وەکو ئەوە دەبیّ یان هەروەکو ئەوە.

*کیژی قەرەج و خاتوونیان نەگوتیە.

واتە: بەیەکێك دەلێن کە نەزانیّ کارێك بکات یان کارێکی لیّ نەوەشێتەوە یان لیّ ی نیّو ئەوا تێك پێکی دەدات.

*کوڕت ساوانەبیّ، دەغلت تەرەکار نەبیّ:

واتە: گەر مندالی ساوابیّو بابە پیربیّو بمریّ،یان هەتیوو دەبیّ، بیّ چارە دەبیّ، دەغلیش ئەگەر تەرە کارو لە ئاخیری پایزو زستانی بکریّ، واتە پاش پەرە ئەو دەغلە بەکەلك نایێ.

*کیژ هەتا کچە مێردی دەویّ، کە مێردی کرد هەموو شتی دەویّ:

واتە: کچ گرینگ ئەوەیە شوویکات، پاش شووکردنی کۆمەلە داواکاری زیاتر دەبیّ تموحی زۆد دەبیّ جا دەبیّ ئەم داوایانەی بۆ جیّ بەجیّ بکریّ، ئەگینان هاوار بەمالی دەبیّ.

**کیژ دار گیزە هەرچی بەکنی دا تێپەڕێ، پەلاری خۆی تێ دەگرێ:**

واتە: هەموو کەسێك سەیری کچ دەکات کچیشیان بە نیوە کۆمەڵ داناوە هەموو کەس لێ دەپێچێتەوە حەز بە سەیرکردنی دەکات.

**کیژ مالی خەلکینە، کور گۆی زێرینە:**

واتە: کچ لەماڵی باوکی وەکو میوان وایە هەردەبێ بڕواتە ڕێگاو شوێنی خۆی واتە کچ هەر دەڕوا بەلام کوڕەکە ناڕوات و دەمێنێتەوە لەماڵی باوکی گەر خێزانیشی پێك هێنا هەر ئەوا کوڕی ئەو ماڵەیە بەپێچەوانە کچەکە دەبێ:

**کیژ هەستاوە، بەیانی فەرشی هەرگرت لۆ نانی:**

واتە: ئافرەتی کابان خانوومان لەکاتی خۆی ئێشەکانی خۆی رادەپەڕێنێ ناهێڵێ کاتیان بەسەر دا بڕوات و بۆدوای بێ نەخێر هەر لەهەمان کاتدا ئیش دەکا چ بەیانی بێ یان هەرکاتێکی دیاری کراوبێ.

**کیژ مێردیان دەکرد، بێوەژنان سەمای دەکرد:**

واتە: کەسانێك هەن پەیوەندی بەوانەوە نیە کە چی خۆیان لەخەڵکی هەڵدەقولێنێت

# (کــــەر)... لە پەندی کوردیدا

کەر... کەگوێدرێژیشی پێدەڵێن.. گیانلەبەرێکی گوێڕایەڵ و لەسەر خۆیە، مرۆڤ کاتی خۆی زۆر سودی لێبینیوە، بۆ بارهەڵگرتن و گەڕان و سوڕان، لەجیاتی ئۆتۆمبێلی ئێستا بوە.
کەر ناخۆشترین دەنگی هەیە، ڕووخساریشی زۆر بەرچاونیە، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی خۆی دەناسێ، گوێڕایەڵی دەبێ، من نامەوێ باسی سوودو زیانەکانی (کەر) بکەم، ئەوەی گەرەکمە دەبارەی ئەو پەندە کوردیانەیە کە ووشەی(کەر)ی تێدایە.

*** کەرەکەی من لەهەسپی ماری میری باشترە:**

- واتەماڵی خۆت زۆر لەهی خەڵك باشترە هەرچۆنێ بێت وەك دەڵێن سواری خەڵك پێدەیە.

*** کەر بەترینێ لەدەست گاوانی ڕزگارنابێ:**

- واتە بەشتێکی ئاسایی لەبن دەستی ڕزگارنابێ.

*** کەرتێر بخوا، لوشکان داوێت:**

- واتە کەسانێك هەن کەتێرو دەوڵەمەند بوون هەڵە دەکەن و فیزیان زل دەبێت.

*** کەرم نیە، کام لۆچیە:**

- واتە ئەگەر پێویستت بەشتێك نەبوو بانەت بێت باشترە.

*** کەر نازانی بۆنی بیی چیە:**

- واتە کەسانی نەزان چاك و خراپ لێك ناکاتەوە.

*** کەری خەساش بایی خۆی کاردەکات:**

- واتە هەرچۆنێبێ دەبێ لەوژیانە هەوڵبدەی و کاربکەی، ئەگینا بۆت ناچێتە سەر.

*** کەری خۆم لەهۆشەی دەناسمەوە:**

- واتە یەکێ خاوەنی شتێ بێت تەنها بەقسەیەك دەیناستەوە.

*** کەری قەرس، بەسوژنێ بازۆ:**

- واتە هەرشتێ بەشتی خۆی دێتە ڕێ.

***کەری لەکن ڕەوسەی جۆی ببەستیەوە، سنگی هەردەقەنی؛**

– واتە چاوی لێدەبێ‌و خۆی پێناگیرێ، بۆیە تاو دەداتێ.

*** کەرێ هەر لوشەلوشە، نەکاما نەپوشە؛**

– واتە ئەوەی برسی‌و بێجاربی، چاوی تێرنابی بەهیچ شتێ.

*** کەری مەلای لەناوکەران بەهێستر حیسابە؛**

– واتە کەسی زاناو نەزان کەرەکەشی جیایە لە کەسانێتر.

*** کەرەکەمان لەسەرتاوە کلکی نەبوو؛**

– بەکارێك دەوترێت کەلەسەرەتاوە تەواو نەبێت.

*** کەری چاك لەدەست گڵ فرۆشە؛**

– واتە هەندێ شتی باش دەکەوێتە دەستی نەزان‌و نازانێ ڕێزی بگرێ.

*** کەر بباتە سەرکانی کورتانی دەهێنێتەوە بەشانی؛**

– بەرۆژێکی زۆر ساردی زستان دەوترێت.

*** کەر بەکەردە، خرمی خرمی زێدە؛**

– بەیەکێك دەوترێت، کەلەجێی یەکێکیتر دانرابێت، بەڵام لەو خراپتر بێت.

*** کەری لەکن کرێ ببەستیەوە، یان خەسرەتی دەگری یان ڕەنگی دەگری؛**

– واتە خو وڕوشتیان وەکو یەك لێدێ.

*** کەرەکەوەی کەرگەل لەگورگ وەڕ؛**

– بەیەکێك دەوترێت کەسەری زۆر کەسی نابێتە چاڵ.

*** کەری کەوتوو، بارێنیە؛**

– واتای بێ هێزی‌و توانایی ئەگەیەنێ.

*** کەر بەفیتەفیت تێر ئاونابێت؛**

– واتە مرۆڤ بەقسان تێر ناخوا.

*** کەر بزەڕێ سەگ پشتی دێشێ؛**

– چونکە سەگ چاوەڕوانی کەر دەکات کەبتۆپێ تابیخوات، وەکی بزەڕێ ئەوەدەگەیەنێ کەوا هێشتا لەهێزو تواناداییە و پێی ناخۆشە.

*** کەر بەباری سوکەوە نازانێ ڕێ بکات؛**

– بەنەزانێکی مەینەتبار دەوترێت کە کەتبێتە حەسانەوەیەکەوەو نەزانێ هەڵس‌و کەوتی

تیابکات.

*** کەر بەلاباران ناگاتە هەواران:**

- بەیەکێ دەوترێت کەدەستی دابێتە کارێکی گرانەوەو پەکی کەوتبێت.

*** کەر بەنەقیزە، ژن بەترپێزە:**

- واتە کەر بەنەقیزە دەڕوات، ژنیش بەقسەی خۆش‌و گرینگی‌دان پێی دەڕوات.

*** کەر تری‌و ماڵ وێران:**

- لەکاتێك بەکاردێت کەنەزانێك ئیشێکی لێتێکدابێت.

*** کەر کوڵ‌و بارسەبەتە، ماڵی کەبیخوا ئەوەتە:**

- واتە هیچی لەبار نماوە.

*** کەر کە زەڕاندی، گورگ بۆخۆی پەیدادەکات:**

- واتە پیاوی نەزان بەقسەی خۆی تێدەکەوێ.

*** کەرو بارت بەخێر بێتەوە:**

- لەڕووی گاڵتەوە بەیەکێکی ئەڵێین کە ئیشێکی ناپوختەی کردبێت.

*** کەر ئەوکەرە، کورتانەکەی گۆڕاوە:**

- بەشتێك دەوترێت کەدیمەنەکەی گۆڕبێ، بەلاَم شتەکە هەروەك خۆی وابێ.

*** کەر ئەوەیە لەکاروانسەرادا بزەڕێ:**

- کەر لەسەفەر بگەڕێتەوە، زۆرماندووە، وەڕودەکاتە کاروانسەرا، کە(تەوێڵەیە) ئینجا ئەگەر لەوێ زەڕی، ئەوە نیشانەی بەدەقی‌و بەهێزیەتی، واتە ئازا ئەوەتا لەڕۆژی بارەبەریدا ئازابێت.

*** کەر بترێ کۆشی بۆ ئەگرێتەوە:**

- بەیەکێکی زۆر هەژار دەوترێت.

*** کەربکەوێ، ددانی دەشکێ:**

- بەشوێنی بێ لەوەڕ دەوترێ.

*** کەر بارەکەی تفەنگیش بێت، گورگ هەردەیخوات:**

- واتە نازانێ بەکاری بێنی، بەیەکێك یابە گەلێك دەوترێت کەجەنگاوەر نەبێت، وەنەزانێ چەك جەنگی بەکار بێنێ.

* **کەر بۆنی زەعفەران نازانێ:**

– واتە مەردومی تێنەگەیشتوو لەشتی ورد ناگات.

* **کەر بە پەیخام ئاو ناخواتەوە:**

– واتە کەر بەبێ ووتن ئاو ناخواتەوە، ئەیەکێك دەوترێ کە ئامۆژگاری کاری تێنەکات.

* **کەر بەجۆ بمرێ شەهیدە:**

– بەیەکێکی نەوسنی چلێس دەوترێ، کەلە زۆر خواردنەوە نەخۆش کەوتبێ.

* **کەر بەحەج نابێ بەحاجی:**

– چونکە چۆن دەچێ، هەرواش دێتەوە.

* **کەر بەدەنکە جۆیەك ئەزمرێ:**

– بەیەکێك ئەوترێ کەزوو لەخۆی بگۆڕێو یاخی بێ.

* **کەر بەستە خاوەن ڕەستە، یادەڵێن (کەر بەستە، لەخەم ڕەستە):**

– بەیەکێك دەوترێت کە کەرخۆی بەستبێتەوە، واتە ئیشی خۆی بنج بەستکردبێ، وەبێ غەم دانیشتبێ.

* **کەر بەکاروان قەڵەونابێ:**

– بەهەژارێك دەوترێ، کەبەڕێکەوت لەلایەکەوە خواردنێکی دەیست کەوتبێ.

* **کەر بەنەقیزە نەبێ، ناڕوا بەڕێوە:**

– بەمەردومی تێنەگەیشتوو دەگوترێ، کەبۆ هەموو شتێك دەبێ پێی بوترێ.

* **کەر بێ کورتان نابێ:**

– واتە هەموو گیانلەبەرێك بەجلی خۆیەوە دەبێ.

* **کەر لەکاروان بەجێ بمێنێ، کلك و گوێی دەکەن:**

– واتە هیچ کەسێك نابێ لەدەستەی خۆی دوابکەوێت.

* **کەر لەکاروان بەجێما گورگ دەیخوات:**

– واتە تادەتوانی لەگەڵی خۆت بڕ مەبەو لامەدە.

* **کەر لەکاروان گڵ ددداتەوە.:**

– بەخاوەن قەرزی بێ ئینساف دەوترێ.

* **کەر لەکێ کەوتوە، کوندە لەکێ دڕاوە:**

– بۆ قسە دەوترێ کەپەیوەندیان بەیەکترەوە نەبێ.

* کەرم دا و هورم دا، خۆم بۆگوریس بەلێدان دا:

- بەیەکێك دەوترێ کەدەست لەشتی گرینگ هەڵبگرێ، کەچی لەسەر شتی بێکەڵك زۆ چەقەچەق بکا.

* کەر مردگ، خاوەن نارازی:

- بەیەکێك دەوترێ کەهیچ دریغی نەکردبێ لەوکارەی کەپێی سپێردرابوە،کەچی خاوەن کارەکە لێی نارازیبێ.

* کەرو جاشك قلیان قاوەلتیەتی:

- واتە ئیجگار زۆر خۆرە.

* کەرو خۆلە مێش:

- بەدووکەسی هیچو پوچ دەوترێ، کەهەمیشە پێکەوەبن.

* کەرو ماجومیان نەوتووە:

- بەیەکێك دەوترێ کەلەگەڵ کارێکا خەریك بێ، هیچیشی لێنەزانێ.

* کەر لەقورا نەگێت:

- بەیەکێك دەوترێ کەیەکێکیتر بگرێ بەپرسیارلێکردنی، یابەداوالێکردنی شتێك لێی لەکاتێکی ەنگو چەڵەمەدا.

کەرە مەمرە بەهارهات کورتانت لۆ لەشارهات:

بەیەکێك دەوترێ کەبێ هیوابێت، دەڵێن بێ هیوا مەبە.

کەری بەتاڵ خێرا دەڕوا:

لەڕووی سوکیەوە بەیەکێك دەوترێ.

کەری خۆت بەستۆتەوە:

بەیەکێك دەوترێ ئیشی خۆی بەتەواوی جێبەجێکردبێ.

کەر تا دەتۆپی لەلەقەوەشاندن ناکەوی:

بەیەکێکی خراپ دەوترێ کەتا مردن دەست لەکاری خراپ هەڵناگرێ.

کەر تۆپیودو شایی سەگە:

بەیەکێکی دەوڵەمەندی بێ ژیر دەوترێ کەبمرێ، وە کەلەپورەکەی بمێنێتەوە بۆ چەند خزم سێکی خراپ.

*** کەر جۆی دەوێ، جۆش ناو؛**

– واتە هەر شتێك پێویستی بەشتێك هەیە.

*** کەر چیەتی لەنوقل و نەبات، مشتێ جۆو کونجی ربات یا دەڵێن( کەر قەدری نوقڵ نازانێ )؛**

– واتە هەموو شتێك شایستەی هەموو کەسێك نیە.

*** کەر دوو ریال، کورتان سێ قران؛**

– بەیەکێك دەوترێ کەجلّو بەرگێکی لەبەردابێ لەئەندازەی خۆی زیاتربێت.

*** کەر زاوە کوری بوە؛**

– لەڕووی گاڵتەکردنەوە بەکوڕی یەکێك دەوترێ.

*** کەر قەڵەویش بێت گۆشتی ناخورێت؛**

– بەیەکێکی دەوڵەمەندی رژد دەوترێ کەبەدرێژایی ساڵ پولێکی لەدەست نەبێتەوە.

*** کەر کوڵ و بارسووك؛**

– بەیەکێك دەوترێ کەسەڵت و قوڵت بێ و باری سوك بێ.

*** کەر کەبەبارەوە کەوت بەکلکی ڕاست دەکرێتەوە؛**

– واتە هەرکەسێك یاهەر گەلێك کە کەوت، کاتێك ڕاست دەبێتەوە، بەیارمەتی یەکێکیتر کەخۆی مایەی ڕاست بونەوەی تیابێت.

*** کەر کەتۆپی قەل لە پێشا چاوی کوێردەکا؛**

– واتە داگیرکەر کەهاتە سەر گەلێکی دواکەوتو، پێشەکی بیروباوەڕی ئایینی و نیشتمانی لەناو دڵ و دەرونیان ئەروخێنی، چونکە نیشانەی ژیانیانە.

*** کەر کەجۆی دی، کا ناخوا؛**

– بەیەکێك دەڵێن لەڕووی سوکیەوە کەخواردنی لەبەردەمابوو لەخۆشەکە بخوا لەناخۆشەکە نەخوا.

*** کەر کەنۆی برد دەش دەبا؛**

– یەکێك دەیلێ کەخۆی باری ژیانی قورس و گران بێ، کەچی سەرەڕایی ئەوە سەربارێکیتری لەسەردارنرێ.

*** کەری بێخاوەن، بارکێشی گاوانی؛**

– بەشتێکی بێخاوەن دەوترێ، کەیەکێك بەکاری بهێنێ و بەهرەی لێوەرگرێ.

* کەری پیرو هەوساری تۆ، زەرە زەرێتی لەدەوری‌جۆ:
- بەپیاوێکی پیر دەوترێ، کەخۆی هەڵپاچیبیو بەرگی تازەی لەبەرکردبێ، لەدەوری ژنێکی تازەبێ مارەی بکات.
* کەری خۆمە گوێی ناڵ دەکەم:
- بەکێك نەیڵێ کەکارێك بکات، پێی بڵێن وامەکە، واتە من بەئارەزووی خۆم دەکەم.
* کەری دێزە حەز بەتۆپینی خۆیو زەڕینی خاوەنەکەی دەکات:
- بەیەکێك دەوترێت کەزیان بەخۆی بگەیەنێ بۆئەوەی زیان لەیەکێك بدات.
* کەریشی پێدەگێو شایە تمانیشی پێدێنێ:
- بەیەکێك دەوترێ کەدووشتی پێچەوانەت پێبکات.
* کەرێك بەپارەی بەفر بکڕێ لەئاوا دەخنکێ:
- واتە هەرچی بەپارەی خزم کڕا، خێرناداتەوە.
* کەرێ کەببەیتەسەربان، دەبێ بشیهێنیە خوارەوە:
- واتە هەرکەسێ ئیشی بێجێ بکا دەبێ ڕاستیشی بکاتەوە.
* کەرێکم دا بەکەرێ، سنگان لەبن گوێی دەرێ:
- بەیەکێك دەڵێن، ئاڵوگۆڕیەك بکات بێ ئەوەی سودی هەبێ.
* کەری ناوجۆگەیە، لەهەردوولا دەخوات:
- بەیەکێك دەڵێن لەبەینی دوو کەس بێتو بچێ سودیان لێببینێ.
* کەری ماندوو، بەتەمای وەشەیە:
- بەیەکێکی سووك دەوترێ، کەلەکارێکا ماندوو بووبێ.
* کەری کێ تۆپیوە:
- بەیەکێك دەڵێن کەکارێکی باش بکاتو لێی نەوەشێتەوە.
* کەرەکت بوو، غمەکت بوو:
- واتە هەرشتێکت زیاد بوو، ماندووبونو غەمی دەوێ.

# ( میوان )... لە پەندی کوردیدا

لەنێو هەموو نەتەوەو کۆمەڵو کۆمەڵگەیەك، میوانو میوانداری هەبووەو هەیە هەریەکەیان بەجۆرو شێوەو شێوازێك پەیڕەوی دەکەن، کوردیش لەدێر زەمانەوە سەردانو میوانو میوانداریتی تێدا بوبووەو زۆر رێزی میوانی گرتووە، دەبێ ئەو راستیە بڵێین کەمیوان لای ئێمە لەسەرووی خانە خۆی دادەنیشێو بەتامترینو خۆشترین چێشتی بۆ لێدەنرێ رایەخی نەرمی لەبن دەبێ، لێفەی گەرمی پێدادەدرێ، کەواتە رێزێکی باشی لێدەندرێ، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کەجاران زێتر رێز لەمیوان دەگیرا نەك ئێستا، بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا گەرەکمانە رۆشنایی بخەینە سەر ئەو پەندە کوردییانەی دەربارەی میوان گوتراوە:

*** میوان خەڵاتی خوایە:**

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کەخواش میوانی خۆش دەوێ وەکو دیارییێکیش پێشکەش بەوماڵەی دەکات کەپەسەندی دەکات، دەبێ باش بزانین دیاریو خەڵات لەهیچ کاتو سەردەمێك رەتنەکراوەتەوە بەڵکو پەسند کراوە، بەتایبەتی ئەگەر لەلای یەزدانەوە بێ.

*** میوان خۆشەویستی خوایە، خێروبەرەکەتی لەگەڵدایە:**

واتە نابێ لەوە بترسین کەمیوان هات زەرو زیانی (ماد)یمان لێ دەدات، بەڵکو بەپێچەوانەوە میوان (خێروبەرەکەت) دەخاتە ماڵەکەتەوەو ئاوەدانی دەکاتەوە. کەواتە با رێز لەمیوان بگرینو پێی سەرگران نەبین، ماڵەکانمان پڕ بێت لەمیوان ئینجە خۆشە.

*** کشە کشە مریشکە رەشە، میوان جارێكو دووان خۆشە :-**

واتە پێویستە میوان رەزای خۆی گران نەکا هەر بێو بچێ بڵێ (سلامو علیك) هەر لەماڵی خەڵکدا نان بخواو نان نەداتە خەڵکی، بەمجۆرە میوان گوتراوە ئەو پەندەی سەرەوە. (میوانو ماسی لەسێ رۆژ زیاتر بمێننەوە، بۆگەنی دەبن ئەم پەندەش هاوشێوەی پەندی سەرەوەیە، واتە نابێ هێندە زۆر بمێنێتەوە کەخاوەن ماڵ لەئیشو کار بکاتو گوێی نەداتێو، لێی پاڵ داتەوە.

*** میوان بەدیارییەوە جوانە :**

هەڵبەتە دیاری خۆشەویستی بەتین تر دەکات لەنێوان دۆستو ناسیاواندا، گەر بێتو لەمیوانداری دابووی، واچاکە دیارییەکەش لەگەڵ خۆت ببەی بۆ خاوەن ماڵ، بۆ ئەوەی هەست بەبوونی خۆی بکات، لەپەندێکی تردا هاتووە (دیاری میوان سەلامە).

*** میوانی جەژنی خانە خوێیە :**

واتە گەر ماڵێك میوانی هات ئەوە دەبێتە جەژن لەو ماڵە، چێشتو خواردنی خۆشو باش دەخۆن بەهۆی میوانەکەوە.

*** میوان لەمیوان دەگرێ سەراسوێ، خانەخوێ لەهەردووکیان :**

وەك ئەوەیە میوان رکی لەمیوانەو خانەخوێ لەهەردووکیان، بەڵێ، پەندێکی تر گوتراوە (میوان کەیفی بەمیوان نایێ) مەرج نیە هەموو میوانێ وابێ، ئەم جۆرە میوانانە وا دەزانن میوانەکەی تر، بەشیان دەخوات.

*** میوانی ناوەخت نانی لەسەرەخوێتی :**

واتە گە رکاتەکە گونجاو نەبێو کاتی جەمو خواردن نەبێ، ئەوە خانەخوێ گەر (شیوو چێشتی) پێ ئامادەنەکرا ئاساییە، نابێ میوان وا تێبگات فەرامۆشکراوە، بۆیە ئەم پەندەی سەرەوە گوتراوە.

*** میوانی رۆژەکی جاسووسی سالەکی :**

لەم پەندەدا ئەوە بەدەردەکەوێ کەئەوەی میوانداری بێتە ماڵت، لەزۆر شت دەزانێ بۆیە دەبێ وریابی لەهەڵسو کەوتو ڕەفتار تا لەماڵ دەردەچی.

# مــەڕ.....لە پەندی کوردیدا

مەڕ.... یەکێکە لە ئاژەلە سودبەخشەکان، باس لەو پەندەکوردیانە دەکەین کە ووشەی (مەڕ)ی تێدایە.

*مەر بە پێ ی خۆی و بزن بە پێ ی خۆی:
–واتە هەرکەس بەئیش و کاری خۆی

*مەڕ بەرێگای خۆی دادەڕواو گورگ بەرێگای خۆی:
–واتە چاکەو خراپە دێتەو سەر رێگات.

*مەر دوورکەوێتەوە گورگ دەیخوا:
–واتە مرۆڤ نابێ لەگەڵ خۆی جیابێتەوە، دەنا زەرەری لێ دەکات:.

*مەرو بزن روون دەکەن، ژنن خوێ رادەژێنێ:
–بەیەکێك دەوتری کەبەهەرەو بەروبوومی، رەنجی خەلقە ئەو خۆی هەڵدەکێشێ، بیداتە پاڵ خۆی، یا هەندێ ئیش و تەواوکەری هەیە.

*مەڕو گورگ پێکەوە ئاوە دەخۆنەو:
–واتە دونیا شامی شەریفە.

*مەڕی لەڕ، خزمەتی بۆ گۆشتی چەورە:
–واتە بۆ بەرژەوەندی خۆت باشە.

*مەڕ پێ لەبەرخی خۆی نانێ:
–واتە کەس زەرووزیانی رۆڵەو کەس خۆی ناوێ.

*مەڕ بێ شوان، گورگ دەیخوا:
–واتە میللەت بێ سەرکردە هەبوو لەناو دەچێ.

*مەر شوانی مەڕی، ساحیبیشم بمری، بی شوان نابم:
–واتە شتی سوودی هەبێ، بێ خاوەن نامێنێتەوە.

*مەڕەکەرە دووجار دەردوێتەوە، جارەك لەگەڵ مەڕان جارەکی دیکە کەزانی گورگ هات:
–واتە کەسی نەزان دوو جار زەرەور زیانی پێدەگات.

# (منداڵ)... لە پەندی کوردی

منداڵ ئەوەبوونەوەرە پاکەیە کەخۆشی بەخاو خێزان دەهێنی، درێژە پێدەری ژیانە، گەلی پەندی کوردی لەسەر(منداڵ—مندار) هەیە، کەواتە لەکەلتوری کوردی گرینگی بەمنداڵ دراوە، پەندەکانیش ئەمانە:

**منداڵ بەبابان هێتیم دەبی، بەدایکان سێوی دەبی:**

واتە دایك گرینگترە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ

**منداڵی بێ باب، شەیتان دەبیات بەرێوە:**

واتە کەبەخێوکەرو پەروەردەکاریان نما تووشی زۆر کێشەوگرفت دەبن.

**منالی وتی هوو: تێری نەخوارد لەگوو:**

واتە: بەهەژارێك دەوترێ کەمناڵێ ووردی زۆربێ‌و دەسکەوتی کەم بێ، بەهیچ جۆرێك پێیانەگات

**منداڵ نەرێ بەسەری بابم، بانەش رێ بەگۆری بابم:**

واتە گەر بەزیندوویتی سوودی نەبوو، کەخزمەت دایك و باوکی بکات، بابە مردووتیش بگرنەبێ وهیچ سوودی نییە.

**منداڵ ریخەرۆك کێشە:**

واتە هەندێ جار منداڵی خراپ تووشی غەم و پەژارەی زۆرت دەکات.

**منداڵی سێزدە لەنێوچەوانی نوسرایە:**

بەمنداڵێکی چەتوون‌و هار ها ج دەگوترێ.

**منداڵە هەولێری کەکیشکەی لەدەست بەربوو، دەڵێ خێری شێخەڵلایێ:**

واتە کەسانێك هەن کەشتێکیان لێ قەوما بەسە رخۆیان ناهێنن، دەڵێت هەر خۆم دەموسیت بکەم.

* منالْ لەمنالییەوە دیار؛
– واتە نیشانەی زیرەكی یا تەمبەڵی هەر لەتەمەنی منالّییەوە دیارە، واتـە لەسـەرەتای قۆناغی ژیانیدا بەدیار دەكەوێ.
* منداڵی بەدەرمانان، ناگاتەسەربانان؛
– بەمنداڵێكی خۆشەویستی دایەو بابە دەگوترێ، كەچاویان لێیبیو هەمیشە دەرمانی بدەنێ تازوو گەورەبێو پێبگا.
* منداڵ نەژی، لەگووی رادیارە یادەڵێ، منالێ نەخۆش لەگوویڕا دیارە؛
– واتە هەموو كارێكی خراپ نیشانەیەكی هەیە، یا هەمووشتی دیاردەیەگی هەیە.
* منداڵ گوجیلەیە، هەرچۆنی پەروەردەی بكەی وادەبێ؛
– واتە منداڵ پەرێكی سپییە، یاهەویرە چونت بوێت وادەردەچێ، كەواتـە پـەروەردەكردنی زۆر گرینگە.
* منداڵ تانەگری شیری (مەمكی) نادەنێ)؛
– واتە هەشتێ تاداواو پێویست نەبوو نایتە ئەنجام.
* منداڵی خۆت بەقوربانی، منداڵێ خەلكی مەكە؛
– واتە: خزمو كەس، بەبێگانەمەدە، بەتایبەتی منداڵێ خۆت.
* منداڵی چاك، زینەتی دونیایە؛
– واتە گەرمنداڵی باش بوو لەپاشەرۆژ سوودی بۆدایك باوكو كۆمەڵگاش دەبێ.

# نان ....لە پەندی کوردیدا

نان..پێویستیەکی رۆژانەی ژیانە، بێ نان مرۆڤ ناتوانێ بژێ، لەگەڵ هەموو خواردنێک دەخوری، باس لە پەندەکوردیانە دەکەین کە ووشەی (نان)یان تێدایە.

***نان خوری بادینان،کارەکەری شەمزینان:**

-بەیەکێك دەگوترێ کە یەکێك بەخێو بکات و خزمەتی یەکێکی تر بکات.

***نان وەرگێر رووی نانکەری سپی کە:**

-واتە شاگردی باش کەمو کوڕی وەستاکەی دادەپۆشی.

***نانت لەخوانە، خزمە لەشوان( دەوران ):**

-واتە تا دەوڵەمەندی خزمتت زۆرەو لەدەوررتن و لێت دەخۆن.

***نانت نەبێ لە تەشتێ خۆ کورت نەبێ لە کۆشێ خۆ، تەماتەت نەبێ، بەبرای خۆ:**

-واتە سامان و منداڵی کەس نابێتە هی خۆت.

***نان لۆ خۆم، جلك لۆژنەکەم، جۆلۆ بۆ کەرەکەم:**

-بەکەسێك دەڵێن هەر بەرژەوەندی خۆ بوی.

***نانێکی خورداوە بەرونەوە، هەموو رۆژێ دێ بەشونیەوە:**

-واتە کەسانێك هەن کەڵك لە شوێنی دەبینێت هەر بەدوای دادەچی.

***نانی بدە نانەوا، با نیوەی بستوتێنێ:**

-واتە کارێك کارزان بیکا هەر قازانجە.

***نان بەتێوڵە، نەك بەسێولە:**

-واتە نان بەخت و ناوچەوانە.

***نان بەرووی خاوەن ماڵ دەخۆی:**

-واتە دەبێ لە لاراست میوان رووخۆش بی.

*نان كە هاتە روو، نامێنی شەرم و شوو؛
–واتە كە نان داندرا شەرم مەكەو تێر بخۆ.
*نان لەیەكی بخواز، كە باوكی نان دەربووبێ؛
–واتە لە كەسی چرۆك داوای شت مەكە، بەڵكو لەخەڵكی چاوتێر و ناندەر داوا بكە.
*نان و ماسی هەر سەرفراسی، نان و پیاز نیعمەتی خاس؛
–واتە سابیرو شوكرو رازی بە بەشی خۆت.
*نانی وەردە، لە بانی مەرد؛
–واتە كە وەردت بوو، با رەق و خراپیش بێ، نانت هەر دەبێ.
*نانێكی داوە لەرێ خوادا؛
–بەیەكێك دەڵێن كە لەبەلایەك رزگار بووبێ، وتە چاكەیەكی هەر هەبوو، بۆ یە لەو بەڵایە رزگاری بووە.
*نانی میردان، لەبن بەردان؛
–واتە پیاوی ئازا، لەهیچ پەكی ناكەوێ.
*نانی خۆتە هاتۆتە رێگات؛
–واتە چاكەو پیاوەتی خۆتە هاتووتەوەرێت.
*نانی تەرخۆربەو تازەسور؛
–واتە دەست پێدەكرێت هەموو ئیشێك لەسەرەتادا باشە.
*نانەخۆرە پێتە بەرە؛
–بەكەسێكی سپلە دەوترێ.
*نانی توور، پووری دوور؛
–واتە لەكاتی دووری و برسیتی هەرچیەك بی هەرخۆشە.
*نان هات بوویە نان و دۆ، نان و دۆش، بەخەڵك جۆ.
–واتە ئەگەر نانیش جۆ بوو، خولقت خۆش بێ.
*نان بەتەمای چەلاوی خەڵكی لەقاپ مەكوشە؛
–واتە بە تەمای هیچ كەسێك كارمەكە بەخۆت هەوڵدەو پشت بەخۆت ببەستە.

-نانی رەق و وتی، کێ هەیە من بخوسیینی؟ شۆربا گوتی من، گوتی لەگەڵ لەتۆم نیە چاوزەرد......

-بەیەکێك دەڵێن خۆی هەڵکشا، یەکێك لەوی بن لەو بەتوانا تر بێ.

*نان کەبووە کەرتك، وەك خۆی لێنایتەوە:

-واتە هەر کەسێك دڵی رەنجا وەکی خۆی لێ نابیتەوە، یا ناوی زراچانابی

*نان، نانی گەنم و دین و دینی محەمەدا:

-واتە هەرشت بەشت خۆی جوانە.

*نانی بێ خۆیی دەخوا و تری سۆێر دەکاتن:

-بەیەکێك دەوترێ کەزۆر لات بێ، بەلاَم قسەی زڵ بێ.

*نان کەهاتە روو، نایەوێ خولکو خوو:

-واتە شەرمی ناوێ.

*نان ناچێە سەر رێگا:

-واتە بۆ پەیداکردنی نان ماندووبوونی دەوێ.

*نان لەسەر سێرێ نەسووتایە:

-واتە چ پەلەیەتی.

*نانی مێوانێ هوزێکی سەرخوان:

-واتە دەبێ بەرێو جێ بێ.

*نانی هەرزن، بەدۆی بزن، لە پێش مەزن:

-بەکارێکی رێو جێ دەگوترێ.

*نان لۆ خۆم، جلك لۆ ژنەکەم، جۆل لۆ کەرەکەم:

-بەکەسێك دەڵێن هەر بەرژەوەندی خۆی بوێ

*نان نەو نانە، نەڕۆ لەخوانە:

-واتە لەکاتو سەردەمەی تێدایی زۆر گرینگە

*نان بدە بەسەگ، مەیدە بە سپلە:

-واتە سەگ بەوەفاترە لە مرۆڤی سپڵە

*نانت جۆین، خولقت گەنمبێ؛
–واتە گەر خواردنەکەشت باش نەبوو، خولقت خۆشبێ‌و زەمانت شیرین بێت
*نان خۆرەی سفرە درە؛
– بەمرۆڤی سپڵە دەگوترێ، کە زەرەرت پێبگیەنێ،، کە تۆ چاکەشی لەگەڵ دەکەی.
*نان‌و ئیمان؛
–واتە گەر نان‌و ماڵت زۆر بێ خێرو چاکەت پێدەکرێ ئیمانیش بەنسب دەبێ.
*نان خۆری جێگر؛
–بە کەسێکی بێ سوود دەگوترێ.
*نان لەسێر بێتە خوارێ یەکتر ناگرێتەوە؛
–واتە کەسێك لەدڵی رەنجاو وەکی خۆی لێ نایەتەوە.
*نان‌و دۆ یەکتر ناگرن؛
–واتە جیاوازن لەیەکتر
*نان رەفیقی رێ یە:
–واتە نان زۆر باشە لەگەڵت دابێ لە رێگادا
*نان بەهیشکی، قوەتی مشکی؛
–واتە بەتەنیا سوودی زۆر نیە گەر خواردنەکەی لەگەڵ نەبێ.
*نانی تیری، ماڵی فەقیری؛
–واتە فەقیر بەنانی تریش رازیە گەر هیچیشی نەبێ
*نان‌و ماست، چێشت بواست، نان‌و دۆ چێشت بەدرۆ؛
–واتە گەر دەیکەی شتێکی بەتەواوی بکە لەگەڵ یەکتر بگونجێ
*نانی خەرکی برژایە
–واتە بێ سوودە
*نانی شۆپێ، لۆ دیوەخانێ؛
–واتە لۆشەوێ باشە.

**نانی شەوێت نەبێ، دەستە جلکەت بەدڵی خۆت هە بێ:**

-واتە پێویستە پۆشتەو پەرداخ بی.

**نانی جۆ دەخوا، بەسابوون دەست دەشوا:**

-واتە پاك‌و تەمیزە

**نانی جۆ، بێ زەحمەت دەست ناکەوێ:**

-واتە هەموو شت ماندووبوونی دەوێ

**نانی جۆ دۆی ترش، دەخۆی بخۆ، ناخۆی چش:**

-لەکاتی بیمنەتی دەگوترێ

**نانی رۆم دەخوا، خەرج بەعەجەم دەدا:**

-واتە بەنانی یەکێك دەژی، خزمەتی یەکێکی تر دەکا.

**نانی کەوتۆتە رۆنەوە:**

-واتە لە شوێنێکی باشدایە

**نانی مەرد لەسکی نامەرد نامێنێ:**

-واتە پیاوی نامەردو سپلە منەتی بەخزمەتکردن نامینی، نانەکە لەبیر دەکا.

**نانی مەردان لەمێردان قەرزە:**

-واتە پیاوی پیاوانە چاکە لە بیرناکا.

**نانی نانی یە:**

-واتە هەر کەس بۆ خۆی هەوڵ دەدا.

**نانی نیە بەناو کولاوە:**

-واتە چ سودی نیە، هێندە – هەژارە

# (ژمارە هەزار)... لە پەندی کوردیدا

(ژمارە)کان لەپەندی کوردیدا پانتایەکی باشیان داگیرکردووەن بۆ ئەم جارە باسی ژمارە (هەزار) دەکەین.

لەم نموونانە (هەزار) لەپێشەوەی رستەی پەندە کوردیەکان هاتووە.

*** هەزار دۆستت هەبێ کەمە، یەك دوژمنت هەبێ خەمە:**

– هەزار دۆستت هەبێ کەمە، یەك دوژمنت هەبێ خەمە واتە پیاو دوژمنی هەبێ ناخۆشە.

*** هەزار گۆزە دروست بکاتن یەکێکی دەستوی نییە:**

– واتە: شارەزایی نیە لەکارەکە

*** هەزار فاتیحە، بەمووچەیەك حەلوا:**

– واتە بۆ خواردنەکەیە خۆی هیلاك دەکات

*** هەزار ئەحمەدو مەحموود دەکات:**

– واتە ڕاڕایە

*** هەزار قوڕو چلپاوی بەقنگا هەڵووە:**

– واتە: کێشەو ناخۆشی زۆر دیتووە

*** هەزار فاکت بەفیکێکی:**

– واتە: هەزار قسە کردوەیەك ناهێنی

– لەم پەندانەشدا پتی(لە)ی لەپێشدا هاتووە:

*** لەهەزار ئاشی ئەکات، ئاش ئامانێتەوە.:**

– واتە: کارێك دەکات بێ سوودە

*** لەهەزار ئاوی داوە، قولە پێی تەڕ نەبووە:**

– واتە: لیزانانە کارەکان دەبات بەڕێوە

لەم دوو پەندەشدا لەناوەڕاستی پەندەکە هاتووە.

***تا پیرێك دەمری، هەزارجوان دەمری:**

– واتە: مردن بەتەمەن نییە.

*** دار کرمی لەخۆی نەبی هەزار ساڵ دەژی:**

– واتە هەرمیللەتی خیانەت لەخودی خۆی، نەبێ سەردەکەوێو زەفەری پێنابردرێ

*** قسە هەزار دووانی بەکارە:**

– زۆر گوتن سوودی نییە

*** پیریو هەزار عەیب:**

– واتە پیاو کەپیر بوو تووشی هەزار نەخۆشیو عەیب و عار دەبێت.

# هێلکە.... لە پەندی کوردیدا

هێلکە ...خواردنێکی سوود بەخش و پڕ ڤیتامینە، کە هەندێ لەبالدارو پەلەوەر ڕۆژانە، یاچەند ڕۆژ جارێکی دەیانبێت، باس لەو پەندە کوردیانە دەکەین کە وشەی (هێلکەی) تێدایە.

***هێلکە لۆ کراس ڕەش، جیقنە لۆ سەربەهشێ:**

-بۆ ماندبوونی کەسێك، بەکاردێت، یەکێکی تر سوودی لێ وەردەگرێت و جیاوازی بکرێت.

***هێلکە روونی بەناوێ یە:**

-واتە ڕەزیلە

***هێلکە لەقەل دەدزێ:**

-بەیەکێکی زۆرزان دەگوترێ.

***هێلکە و روون و دروستکە، بۆ کەر گوێچکەی تێدەنێ:**

-واتە لەچاکەو خراپەی خۆی لێك جیاناکاتەوە، منەتی پێ نیە.

***هێلکە دز دەبێتە حوشتر دز:**

-واتە لەشتی بچووکەوە فێری دزی گەورەتر دەبێ.

***هێلکەو جیقنە بران:**

-واتە یەك شت پەیدادەبن

***هێلکە بەبن باخەل( هەنگل ) دەبرژێنێ یا دەلێن( هێلکە لەبن کەش دەکولێ ):**

-واتە خوێن گەرم و بەهێزە

***هێلکە نەی برژێنێت پیس دەبێ:**

-واتە هەموو شت لەکاتی خۆی بێ، گەر ناتێك دەچێ.

***هێلکەو روونی سەر کلاو ڕۆژانەیە:**

-واتە جوان و دیارە

***هێلکەی بێ زەردێنە دەفرۆشێ:**

-واتە زۆرزان و فێل بازە.

***هێلکەی شکاوە پینە دەکا:**

-واتە وستاو کارامەیە

***مریشك هێلکە دەکاو جیقنەش دەکات:**

-واتە کەسانێك هەن چاکە و خراپە دەکەن.

# هەوێ لە پەندی کوریدا

هەوێ .. بەو ئافرەت دەگوترێ کەشووبەپیاوێك بکات کەژنێك یا زیاتری هەبێ، واتە هەردووکیان لای پیاوەکەبن هـەوێو هـەوێ داری گـەلی کێشەوچەرمەسەری ناوەتـەوە ناوکۆمـەڵو خێزانـی کـوردەواری، بـەڵام ئـەوەی ئێمـە مەبەسـتمانە دەربـارەی ئەوپەندەکوردییانەیـە کـە وشـەی (هەوێ)ی تێدایە:

*** هەوێ ببێتە کەوێ، قەت نامەوێ:**

– واتە هەرگیز ژن حەز ناکات ژنی بەسەربێ بۆیە ئەم قسەیە دەکات.

*** هەوێ لەرکی هەوێ، دەخوا یەك عەربەی خۆی:**

– واتە لای هیچ نییە لەدژی یەکتر کاری خراپ و نالەبار ئەنجام بدەن.

*** هەوێ هەوێ جوان دەکا، بێوەژن ژن بێوەژن خێرا دەکا:**

– واتە لەرکی یەکتر خۆیان جوانو پۆشتە دەکەن.

*** ناوی ( هەوێ )یان دەڕوا، هی هەوگیانان ناڕوا:**

– واتە هەوێ هێشتا باشترە نەك هەوگیانت لەگەڵ بێ.

*** بخۆ خۆڵەکەی، شوومەکە سەربەهەوێ:**

– واتەگەر هەرچۆنێ بژی باشترە لەوەی سەربەهەوێ شووبکەی، چونکە پەشیمانی لەدوایییە.

# ژمارە ( یەك ) لە پەندی کوردیدا

ژمارەکان لەسەردەمی زووەوە بونیان هەیەو کە بۆ جیا کردنەوەی یەکتر بەکاردێن، هەیە تاکە، هەیە جووت، ژمارەیە(کیش) کە ژمارەی سەرەتایەو کە جگەلەوەش خوای مەزن تاکو تەنیایە، بۆیە دەلێت(خوا یەکەو نابێ بەدوو) یا دەلێت(خوای تاکو تەنیا) ئەم پەندانەی خوارەوەش گشتیان ژمارەیەکیان لەخۆ گرتووە، پەندەکانیش ئەمانەن:

***یەك بەزۆران دەبێ خەنی، زۆر بەیەکان نابن خەنی:**

-خەنی: تێرو دلّخۆش، واتە کۆمەلێك دەتوانێت یەکێك بەرێوە ببەن، بەپێچەوانەوە تاکێك ناتوانێ.

**-*یەك بەیەکی دەگوت وەرە خەنیت کەم، دیگۆ ئەو رۆ نا سبەی:**

-بۆ کەسێکی گێل، بەکاردێت،قازانجی خۆی نەزانێت.

***یەك چاوشایە، لەناو کوّران:**

-واتە لەناو نەبوونان، شتێکی کەم زۆرە.

***یەك دەمرێ، یەك داری تێدەژنێ:**

-واتە یەکێك کارەساتێکی بەسەر هاتووە، یەکێکی تر لەسەر بەزمی خۆیەتی.

***یەك لەبن هەفت کەسان بوو، دەیگۆی خولامی ئاغەی خۆم پێدەلێن:**

-بۆ کەسێکی بێ دەسەلات زمان درێژ دگوترێو بەکاردێت.

***یەکێ شایی(سەما ) ی نەدەزانی دەیگۆ عەرد خوارە:**

-بۆ کەسێك بەکاردێ شتێك نەزانێت بەبیانویەك دای پۆشێ.

***یەك لەسەر هەفت رەزان بوو، کانی بە پەسیرە دەدا:**

-بۆ کەسێك بە کاردێت بیەوێت شتێك بکات.

***یەك لەهەموو کەس ناشیرنتر بوو، بەخەلکی دەگۆت، هووش نەمخۆی:**

-واتە کەسێك کەمو کوڕی خۆی نایەتە بەرچاو.

***یەك کەوش لەبیابان نیعمەتە:**

-لەکاتی نەبوونی و لێقەوام، هەندێ شتی کەم لات زۆرو پێویستە.

*یەك منەتی بەکەمە نەبێ، بە زۆرەش نابێ:
–واتە کەسی منەتی بەپیاوەتیەکی بچووك نەبێ، بەهی گەورەش نابێ.
*یەك تەنگاوبکرێ، لۆر بەخێیان دەخوا:
–واتە لەکاتی تەنگانە، سەرت لێ دەشێوێ، ناچاری زۆریشت بکەی.
*یەکێکی دێت بەناو کرێ، ئەویش ناو ڕێژنەی:
–بەکارێکی ناپەسند دەگوترێ.
*یەك کەزیلەی نییەو دووکەزیلەشی ناوێ:
–واتە ئافرەتی بەدڵی خۆی دەست ناکەوێ، هەر ترشی ناوێ.
*یەك و بڕ و قۆدی پڕ:
–واتە کە لۆت هاتوپڕی کرد، خەزینەکەت پڕدەبێ.
*یەك و دوو لێ نەکرد:
–واتە یەکسەر دەستی بەکارەکەی کرد.
*یەکێك مالی سووتابوو، کەچی یەکێکی تر دەستەواژە گرێ لێ دەبرد:
–یەکێك دەوترێ: کە هاوبەشیو ئێشو ئازاری خەڵکی نەکاو تەنها خۆی مەبەستیابێ.
*یەکێ کەمە، دووخەمە، سێ سەرجەمە:
–بەکارێك دەگوترێ یەك نەگرێتەوە.
*یەکێ دەمرێ یەکێکی تر پێ دەگرێ:
–واتە دونیا پەکی ناکەوێ، یەك دەڕوا، بەشێکی تر دێتە شوێن.
*یەکێ گەورەی چوار مالێ بێ، دەبێ ئەوە ندەی هەموو دانیشتوان عەقڵ هەبێ:
–واتە پیاوی گەورەو دەسەلات دەبێ ڕێزو دانابێ ئینجا سەرکردایەتی خەڵك بکات.
*یەکەم دەست، هی کافرانە:
–واتە خراپە سەرەتاکەی .
*یەکێ دەیگوت نای گونم، یەکێکیش دەیگوت لەتۆ بەدتر منم.:
–واتە هەرکەس بە دەردی گرفتارە.
*یەکێ لێی بگۆڕێ: ڕەشماڵی لەسەر بەفرێ نابینێ:
–واتە لێ شێوان مێشك تێکدەداو ڕەشو سپی لێك ناکاتەوە.
*یەك چووبووە حەجێ باوەڕیان پێنەدەکرد، باوەڕیان بەیەکێ دەکرد کە خەونی پێوە دیبوو:
–واتە هەیە، بڕوای بەشتی راستەقینە نیە، کەچی دەکەوێتە دوای شتی نابەجێ.

*یەکیان نەدەهێشت بیچێتە ژوورەوە، پێڵاوی دەبردەسەرەوە:
-بۆ کەسێکی خۆنەناس بەکاردێ، کە خۆی پێ گرینگ بێت‌و کەسیش حیسابی بۆ نەکا.
*یەکێك ناوی نەبوو لەناو ناوان، سەرچاوەی شێلوو دەکرد:
-بەکەسێك دەگووترێ بەبێ هۆش‌و کاری خراپ دەکات تا ناوی بچێتە ناو ناوان.
*یەك سەری هەیەو هەزار سەودا:
-واتە زۆر پرئیش‌و سەرقاڵە.
*یەك لەمردن بوو یەکێش لە تێوەکردن بوو:
-بۆ کەسانی هیچ‌و پووچ‌و تروهات بەکاردێ، کەکاری نارێك بکەن‌و لەکاتی نەشیاو.
*یەك بەیەکێ نەدەوێرا، دەیگۆت سێ سێم لۆم وەرنەدەری:
-بەیەکێکی ترسنۆك دەڵێن، قسەی لەخۆ گەورەتر بکات.
*یەکێك نەوەت‌ونۆ دەردی لێ بوو، پۆزیشی دەرهات، گوتی یاخوا بەخێربێ سورە گوڵی باخان:
-کەسێك گیروگرفتی زۆر بێ‌و نەخۆش بێ، کەچی تووش گرفتی تریش بێ‌و لەوان خراپتر بێ.
*یەك شێت بێ دەبیەن بۆ ئۆمەر مەندا، ئۆمەرمەندان شێت بێ دەبیەنە کێ:
-واتە کەسێك هەن گیروگرفتی خەڵك بەناو چارەسەر دەکەن، کەچی خۆشی خراپترە لەوان.
*یەك بە ئۆیان نەدەچووە ناو شایی، لەدواییدا بەدەیان نەدەهاتە دەرەوە:
-بەیەکێك دەگوترێ بۆ کارێ خۆی گران بکات، کەچی زۆریش حەزی لێ بێ‌و کە چوش لێ ی تێر نابێت.
*یەك دەکات یەك دەخوات:
-واتە یەکێك ماندوو دەبێ و یەکێکی دێتە سەر حازرەکی.
*یەکێك پەل پەلی کرد، دەرپێ خۆی لەبیر کرد:
-واتە پەلەیی خراپەو باش نیە.
*یەکێك باسی رۆستەمیان بۆ دەکرد، دەیگو رۆستەم نێر بوو یان مێ بوو:
-بەکەسێکی کەلەپوت دەگوترێ کە لە ئیش تێنەگات.
*یەکێك نەگەر گوتی، بەیانی وادەکەم، لێ بپرسە کە دوێنێ چی کردووە:
-واتە سەیر رابردووی بکە، بەقسەی بڕوامەکە.

# هۆشیار نوری لەك



- لەدایك بووی سالی ١٩٧٢.
- لەدوای راپەڕینەوە لەبواری راگەیاندن و هونەر و وەرزش کاردەکات.
- چوار پێشانگای کردۆتەوە، تایبەت بە ( فۆلکلۆر ) و ( پۆستەر و بلاوکراوەکان ).
- سەرۆکی سەنتەری رۆشنبیری ( بەهرە )یە.
- خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری ( نوالەی نوێ ) و ( نوالەی وەرزشی )یە.
- سەرنووسەری گۆڤاری ( هونەرستان )ە.
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.
- ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە.
- ئەندامی بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخوازە.
- لەرادیۆ و TV یەکان راستەوخۆ بەرنامەی فۆلکلۆری پێشکەش دەکات.
- کارمەندە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر.

## * ئەم کتێبانەی بەچاپ گەیاندووە :

- مەتەڵی کوردەواری ( نۆ بەرگ ) و ( سێزدە جار چاپ کراوە ).
- فەرهەنگی گە نجینەی کەلە پوور.
- هەگبەی مێژوو .
- ڕەنگاو ڕەنگ .
- گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی.
- دوور لە دەسەڵات.
- فەرهەنگی کوردەواری.
- هەگبەی دێرین .
- دەنگە رەسەنەکان .
- چەند دەستنووسێکی تری ئامادەیە بۆ چاپ.

بڵاوکراوەی کتێبخانەی

حاجی قادری کۆیی

بۆ فرۆشتن و چاپکردن و بڵاوکردنەوە

٠٦٦ ٢٢٣٣٨٦٨

عێراق - کوردستان - هەولێر